# ژیان
# لە نێوان خەون و واقیـعدا

## بیرەوەرییەکانی عەلی ئیلنجاغی



ئامادەکردنی

د. هۆشمەند عەلی مەحموود

ژیان لە نێوان خەون و واقیع دا

د. هۆشمەند عەلی مەحموود

شەڕی نـاوخۆیی هێزە کـوردستانییەکان
بـەڵایەکی زۆر گـەورە بوو، کە بـەرۆکی
بـزوتنەوەی ئـازادیخوازانەی کـوردستانی
گـرتبوو، لــەم شەڕانەدا هـەرگیز بـراوە و
دۆڕاو نەبووە و نـاشبێت!
سـەرکەتوو و ژێرکـەوتووش نییە، چونکە
ئەگەر لایەنێکیش باڵادەست بێت سوودی
چییە و چی دەست دەکەوێت؟

عەلی ئیلنجاغی

بەرگ: ئەنجام انور

# ژیان لە نێوان خەون و واقیعدا

## بیرەوەرییەکانی عەلی ئیلنجاغی

ئامادەکردن و پێداچونەوەی

پ. ی. د. هۆشمەند عەلی مەحموود

٢٠٢٢

**ناسنامەی کتێب**

ناوی کتێب: ژیان لە نێوان خەون و واقیعدا (بیرەوەرییەکانی عەلی ئیلنجاغی)

نووسەر: عەلی ئیلنجاغی

ئامادەکردن و پێداچوونەوە: پ. ی. د. هۆشمەند عەلی مەحموود

بابەت: بیرەوەری

پێداچوونەوەی زمانەوانی: د. بڕوا ڕەسووڵ

نەخشەسازی بەرگ: ئەنجام ئەنوەر

نەخشەسازی ناوەوە: زامدار ئەحمەد

چاپی یەکەم: ٢٠٢٢

تیراژ: ٥٠٠ دانە

چاپخانەی تاران

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردن (      )ی ساڵی (٢٠٢٢)ی پێدراوە.

بێ پرس و ئاگاداری نووسەر، هەموو جۆرە چاپ

و لەبەرگرتنەوە و بڵاوکردنەوەیەکی ڕێگە پێ نەدراوە.

ئەم بەرهەمە پێشکەشە بە:

- ❖ ڕۆحـــی پـــاکی دایـــك و بـــاوکم، کە پەروەردەکـــار و مامۆستای یەکەمم بوونە لە ژیان.
- ❖ گیـــانی پـــاکی هەمـــوو ئەوانەی لە ڕێگـــای ئـــازادی و سەرفرازی گەل، گیانی خۆیان بەختکرد.

# ناوەڕۆک


پێشەکی........................................................................................ ١١
ژیانی منداڵی................................................................................. ١٥
خوێندنی سەرەتایی لە ئیلنجاغی گەورە ١٩٦٠-١٩٦٧........................... ٢٣
خوێندنی ناوەندی لە شاری کۆیە ١٩٦٧-١٩٧٢.................................... ٢٥
خوێندنی ئامادەیی کشتوکاڵ لە شاری کەربەلا ١٩٧٣-١٩٧٦ ................ ٢٦
پوختە بەراوردێکی خوێندنی ئەوسا و ئێستا ......................................... ٣٩
چوون بۆ سەربازی ١٩٧٧-١٩٧٨ ..................................................... ٤٣
کاری فەرمانبەری ١٩٧٩-١٩٨٢........................................................ ٥٩
چوونەوە بۆ سەربازی بە یەدەگ ١٩٧٩-١٩٨٠...................................... ٦١
خەباتی ڕێکخراوەیی.......................................................................... ٦٢
کردنەوەی بارەگای (ی. ق. ک) لە گوندی ئیلنجاغی گەورە ..................... ٦٦
کاری ڕێکخراوەیی و پارتایەتی لە کەربەلا............................................ ٦٧
کاری ڕێکخستنی نهێنی...................................................................... ٧٠
چەند چالاکییەک لە کاری ڕێکخستنی نهێنی.......................................... ٧٤
پێشمەرگایەتی ................................................................................ ٧٥
پەیوەندیکردن بە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر............................................ ٧٨
بەرەو سەرکردایەتی و خڕی ناوزەنگ .................................................. ٨٠
کەرتی بەندیخانە ............................................................................ ١٠٢
گەڕانەوە بۆ تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر ............................................... ١٠٧
هاتنی منداڵەکان و ماڵ دانان لە گوندی ئیلنجاغ................................. ١١٤
شەهیدبونی وشیار و هاوڕێکانی و شەڕی ئۆمەرگومبەت................ ١١٨
ماڵ گواستنەوە بۆ سێگرتکان و شەهیدبونی بەکر ڕەشاش و کاکەی
هاوڕێی.......................................................................................... ١٢١

چوون بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان (هێزی پشتیوان) ١٩٨٢ ................ ١٢٣
بەرەو قـوڵایی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و کـۆمەڵەی زەحمەتکێشـانی کوردستانی ئێران .......................................................... ١٢٩
گەڕانەوە بۆ سەرکردایەتی و درێژەدان بە خەباتی پێشمەرگایەتی... ١٤٠
هەڵبژاردنی ئەنجومەنی گوندەکان و چەند ڕوداوێک.................... ١٤٧
شەڕی نەگریسی ناوخۆی هێزە کوردستانییەکان ........................ ١٥١
یەکەم: شەڕی نێرەگین:............................................................ ١٦٠
دووەم: شەڕی سماقە: ............................................................. ١٦٢
سێیەم: شەهیدبوونی (شەماڵ) و (سەرباز) و شەڕی بالیسان ......... ١٦٤
چوارەم: شەڕی پۆڕیجە:............................................................ ١٦٨
ڕوبەڕوبونەوەی ڕژێم و شەڕی گردەسۆر ١٩٨٣ ............................ ١٧١
لە کەرتـی یەکەوە بـۆ کەرتـی ڕێکخسـتن و بـوون بە ئەنـدامی پـۆلی دێدەوان........................................................................... ١٧٧
کاری ڕێکخستن، تورەبوونی مام جەلال و چوون بۆ بالیسان.......... ١٧٧
هەواڵی شەهیدبوونی مام وسو.................................................... ١٨٠
شەڕی بێتواتە ١٩٨٣ ................................................................ ١٨١
شەهیدبوونی هاوڕێ کاوە........................................................... ١٨٧
هەڵبژاردنی کەرتی ڕێکخستن، لێپرسراویەتی پۆلی دێدەوان............ ١٨٧
گفتوگۆی نێوان ی. ن. ک- ڕژێمی عێراق و چەند ڕووداوێک........... ١٩٠
ماڵ گواستنەوە بۆ گوندی بێستانەی گەورە و دیاردەی دیل کوشتن١٩٥
جەولەی دووەمی گفتوگۆ، دیداری نەوشیروان مستەفا.................. ٢٠١
دیداری مام جەلال لە سورداش................................................... ٢٠٤
بەشداریکردن لە خولی کادیرانی کۆمەڵە لە کانی توو ١٩٨٤............ ٢٠٦
گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی خۆمان.................................................... ٢١١
ماڵ دانان لە گوندی گۆپتەپە....................................................... ٢١٢

هێرشی قاسم ئاغا بۆ سەرمان لە گوندی گۆپتەپە ............................ ٢١٤
پێشمەرگایەتی و تراکتۆری زیتۆر.................................................... ٢١٧
چڕبونەوەی هێرشەکانی ڕژێم بۆ سەر دێهاتەکان ............................ ٢١٨
گۆڕانی فکریی و پەیوەندی بە بەرەی ڕزگاری زەحمەتکێشان (بەرزە)
........................................................................................ ٢٢٠
دووجار ماڵ سوتان ........................................................................ ٢٢٦
شالاوەکانی ئەنفال و ژیان لە کونە شاخەکان ................................. ٢٢٨
وەستانی جەنگی عێراق- ئێران و کاریگەرییەکانی، دیداری کاک
کۆسرەت............................................................................................ ٢٣١
تەسلیمبوونەوە بە ڕژێمی عێراق ....................................................... ٢٣٧
چوونەوە بۆ سەربازی......................................................................... ٢٣٨
شوفێری تاکسی................................................................................ ٢٤٠
گرتنی کوێت و چوونەوە بۆ سەربازی.................................................. ٢٤١
هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەر عێراق و ڕاکردن لە سەربازی............ ٢٤٣
ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ی باشوری کوردستان................................... ٢٤٦
ئازادکردنی شاری هەولێر .................................................................. ٢٤٧
بەشداریکردن لە ئازادکردنی شاری کەرکوک...................................... ٢٤٩
هەوڵی ئازادکردنی گوێڕ، شەڕی دیبەگە- مەخموور و پاشەکشە بۆ
هەولێر............................................................................................. ٢٥١
کۆڕەو، بەرگریکردن و پاشەکشە لە هەولێر ...................................... ٢٥٤
بەجێهێشتنی کۆیە و گیرسانەوەمان لە شەقڵاوە ............................... ٢٥٩
تێهەڵچونەوە لە پێشمەرگایەتی........................................................ ٢٦٢
جارێکی دیکە کاری ڕێکخستن و بەرپرسیارییەتی لە کەرتی ڕێکخستنی
بنەسڵاوە........................................................................................ ٢٦٥
دامەزران لە ئاسایشی گشتی هەرێم .................................................. ٢٧١

بەشداریکردن لە خولی یەکەمی پێگەیاندنی ئەفسەرانی ئاسایش لە قەلاچوالان ........................................ ٢٧٣
ڕوداوی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ و ڕۆژانی دواتر.......................................... ٢٧٦
ئاوارەیی و ماڵ دانان لە قەلادزێ........................................................ ٢٧٨
وەرگرتنی پۆستی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پشدەر....... ٢٨٣
چەند ڕووداو و بەسەرهاتێک لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پشدەر......٢٩٥
سەرپەرشتیکردنی بنکەی بەرگری شارستانی قەلادزێ ................... ٣٠٣
بەجێهێشتنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پشدەر.................................... ٣٠٤
تەواوکردنی کۆلێژی یاسا..................................................................... ٣٠٦
وەرگرتنی پۆستی یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامەی هەرێم........................................................... ٣٠٨
خانەنشین بوون........................................................................... ٣١٣
لیزگەی ناوەکان (ئیندێکس) ...............................................................٣١٥
پاشکۆی بەڵگەکان ..........................................................................٣٣٥
پاشکۆی وێنەکان ............................................................................٣٧٠

## پێشەکی

ساڵانێکە هانی باوکم دەدەم ژیان و بیرەوەرییەکانی پێشمەرگایەتی بنوسێتەوە، بەڵام نەک بەو مانایەی خۆی ئەو بیرۆکەیەی نەبوبێت، چونکە وەک خۆشی لە ناوەڕۆکی ئەم کتێبەدا ئاماژەی پێکردووە، لە ساڵانی پێشمەرگایەتی و پێش ئەوەش دەفتەری یاداشت و تۆماری شوێن بە شوێن و ڕۆژانەی هەبووە، کە بەداخەوە ئەویش وەک زۆر شتی دیکە لە هەوراز و نشێوییەکانی ژیاندا لەبەینچوون و سووتاوە. بۆیە ئێستاش درەنگ نەبووە، تا یادەوەرییەکان پتر لەبەیننەچوون، کەوتە گێڕانەوەیی و منیش بەوپەڕی شانازییەوە کەوتمە نوسینەوە و ڕێکخستنیان.

بێگومان خزمەتکردنی باوکم بە گەورەترین بەخشش لە ژیاندا دەزانم، کە هێشتا نابێتە بارتەقای ئەو هەمووە هەوڵ و تەقەلا و ماندوێتییەی، کە بە من و خوشک و براکانمەوە دیویەتی.

ئەو، کە ڕۆژگارێک بە هاندان و سووربوونی باوکی، (باپیرم مەحموود)، باپیرم سەرباری ئەو هەژاری و نەدارییەی ئەوسای ژیانی لادێ، کە هەر لە منداڵیەوە بە کاری بەرخەوانی، شوانی، توتنەوانی، تێکڕای کاری کشتیاریی و کەمتریش سەپانی تا ڕۆژی دامەزراندنی لە فەرمانگەی ڕێگاوبانی هەولێر ساڵی ١٩٧٤. باوکم بە کولەمەرگی قۆناخەکانی خوێندنی سەرەتایی لە گوندی ئیلنجاغ و ناوەندی لە شاری کۆیە و ئامادەیی کشتوکاڵی لە شاری کەربەلا تەواو کردووە. باوکیشم بۆ من و منداڵەکانی دیکەش هەر وا بوو لە سوربوونی بەردەوامیمان لە قۆناخەکانی خوێندن و گەیشتن بە دواپلەی خوێندن، ڕاستە باوکم لە ساڵانی دەیەی نەوەدی سەدەی ڕابردوودا، باروودۆخی دارایی تا ڕادەیەک مامناوەند و باش بوو، بەڵام ئەو ساڵانەی کە لەگەڵ دایکم لە

خەباتی پێشمەرگایەتی و شۆڕشی شاخ و ژیانی لادێدا بوون، باشم بیرە منی ڕادەستی نەنە خەجیج (دایکی باوکم) و باپیرە مەحموود و مامە وەلی کرد، تا لە شاری هەولێر بمخەنە بەر خوێندن و لە ژیانی شار و قۆناخەکانی خوێندن بێبەش نەبم، نەک هەر تەنیا من، بەڵکو مامۆستا ئەڵوەندی براشم هەمان دۆخی منی هەبوو، بەڵام خۆشبەختانە لە سایەی نەنکم خەدیج و باپیرم مەحمود و بەتایبەتی مامم وەلی، کە ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە پێ خوێندن و پەروەردەکردنمان.

سالانی کۆتایی جەنگی عێراق- ئێران ١٩٨٨ و تا دوو ساڵیش دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ی باشوری کوردستان، بارودۆخی دارایی باوکم و ماڵەوەمان زۆر خراپ و لە هەژاریدا بووین، کە بە گشتی ئەو قۆناخە سالانی نەبوونی و گرانی و بێپارەیی بوو بۆ ئێمەمانان، ئەو بە تەکسییە شرەکەیی و پاشان مووچەیەکی کەمی پاسەوانی و پاداشتی کاری ڕێکخستن و حیزبایەتی، درێژەی پێ بە خوێندن داین، کە من خۆم لە پاڵ خوێندن، دەستگێڕی و نۆکاوفرۆشی لە شیرنە خەوی بەیانیان و عارەبانە و وردەواڵە فرۆشتنی منداڵان و بەنزین بەجلیکان و جگەرە فرۆشتنی سەر شەقامی شەست مەتری هەولێر و ... هتدم کردووە.

بەهەرحاڵ، بیرەوەرییەکانی باوکم، ژیان لە نێوان خەون و واقیعدا، حاڵی بەشێکی زۆری ئەو پێشمەرگە قارەمانانەیە، کە ڕۆژگارێک کوردایەتی و حیزبایەتی و چەکی پیرۆزی پێشمەرگایەتییان پێ لە هەموو شتێک و تەنانەت خێزان و منداڵ و کەسوکاریش لە پێشتر بووە. بۆیە هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە ئەوە لە خۆ دەگرێت، کە ژیان بەشێکی وەک خەون وایە و دێ و تێدەپەڕێت و بەشێکیشی هەرگیزاوهەرگیز نایەتەدی و بەڵکو هەر لە خەون و خەیاڵی مرۆڤدا دەمێنێتەوە، بەشێکی

دیکەی ژیانیش واقیعە و زۆر جاری وایە بێ ویستی مرۆڤ لە ژیانیدا ڕوودەدەن.

ئەم کتێبە لە شێوەی ڕۆمانەمێژوو ڕێکخراوە و بە ژیانی منداڵی دەستپێدەکات و بە خانەنشین بوون کۆتایی پێهاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵمانداوە سەرجەمی ئەو کەسایەتییانەی، بەتایبەتی ئەوانەی چوونەتە کاروانی نەمران و شەهید بووینە لە پەراوێزدا بیانناسێنین، جگە لەوەش هەندێک لە ناوی ئەو شوێن و گوند و ناوچانەی باسکراون و زۆر نەناسراون، هەوڵدراوە ڕوونکردنەوەیەکی کورتی لە بارەوە بخەینە ڕوو، سەرباری ئەوانەش بۆ هەندێک لە ڕووداوە مێژووییەکان بەپێی پێویست سەرچاوەی مێژووییمان ئاماژە پێکردووە. بۆ ئاسانکاری پتری خوێنەریش، لیزگەی ناوەکان (ئیندێکس) وەک: ناوی کەسایەتییەکان، شار و گوند و ناوچە جیاوازەکان و ئەو پارت و ڕێکخراوە سیاسیانەشی، کە ناویان هاتووە، دیاریکراون. بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی ئەم کتێبە، هەندێک بەڵگەنامە و وێنەمان لە پاشکۆکاندا خستۆتە ڕوو.

بۆیە خوێنەری هێژا، بە خوێندنەوەی ئەو کتێبە، زۆر لایەنی جیاوازی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسیی و پێشمەرگایەتی قۆناخەکانی شۆڕش و کوردایەتی بەدیدەکەن، ژیانێک لێوان لێو لە قوربانی، خەباتی پیرۆز و کوردایەتی، حیزبایەتی و پێشمەرگایەتی ڕۆژانی خەباتی شاخ و شەڕی براکوژی کورد کوژی، تا دەگات بە ئەزموونی حوکمڕانی خۆماڵی کوردی، بە لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانیەوە، کە بەشێکە لە مێژووی هاوچەرخی کورد، مێژووییەک بۆ هەندێک شانازی و بۆ هەندێکی تر پڕ لە شەرمەزارییە.

شانازییە بۆ ئەوانەی لە پاڵ براکانیان شەڕی دوژمنانی کورد و کوردستانیان کردووە و شەرمەزارییە بۆ ئەوانەشی خۆشکەری ئاگری شەڕی براکوژی و هاوکار و هاوپەیمانی دوژمنانی کورد بوونە. هەرچەندە ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ بیر و باوەڕی خوێنەر و ڕاستی ڕووداوە مێژووییەکان بە دونیابینی و باوەڕی خۆیەوە هەڵدەسەنگێنێ، کە کامە لایەن جێی شانازی و کامە لایەن جێی شەرمەزارییە.

نووسینەوە و تۆماری بیرەوەری بەدەر نییە لە کەموکوڕی، بەتایبەتی کە لە کاتی خۆیدا کات و ساتی ڕووداوەکان و چۆنیەتی ڕوودانیان تۆمار نەکرابێ، یاخود گێڕەرەوە زیادەڕۆیی و پێداهەڵدان و شێواندنی ڕووداوەکانی پێوە دیار بێ و کەمترین ڕەخنەگرتن و کەموکوڕییەکانی لەسەر خۆی بێت، کە هەوڵمداوە ئەوە لەم کتێبەدا نەبێت، یا لایەنی کەم زۆر بە کەمی ئەوە ڕووبدات، هەرچەندە من زۆر سووربوومە لەسەر ئەوەی دەبێت باسەکان وەک چۆن بوونە ئاوا بنوسرێنەوە و لەگەڵ باوکیشم ئەوەم بەڕاشکاوی باس کردووە، بەڵام ئەوەش ناشارمەوە، کە ئەو هەندێک لە ڕووداوەکان و کاراکتەر و هۆکارەکانی خۆ بواردووە، ئەوەش نەک بەمەبەست، بەڵکو بە هۆی ئەوەی نەبێتە کێشەی کۆمەڵایەتی و حیزبی و سیاسیی.

لە کۆتاییدا بەو هیوایەم توانیبێتمان بەشێک لەو کەموکوڕی و ڕووداوانەی هەبوون، لە چوارچێوەی ژیانی تایبەتی باوکم (عەلی ئیلنجاغی)، وەک خۆیان و بێ شێواندنی ڕاستییەکان بۆ ئێستا و داهاتوو بخەینە ڕوو.

پ. ی. د. هۆشمەند عەلی مەحموود

یەکی تەمموزی ٢٠٢٢

کۆیە

## ژیانی منداڵی

عەلــی مەحمــوود حەمەد ڕەســووڵ، لە نــاو هێــزی پێشــمەرگە و ڕێکخســتنەکانی یەکێتــی نیشــتیمانی کوردســتان ی. ن. ک، ناســراوم بە عەلــی ئیلنجــاغی. بەپێــی پێناســی بــاری شارســتانی لە (١٩٥٤/٧/١) و لە گونــدی (ئیلنجــاغی گەورە[١])ی ســەر بە نــاحیەی تەقــتەق، قەزای کــۆیە، پارێزگای هەولێر لەدایکبویمە، بەڵام بەپێی قسەی دایکم، کە زۆر باسـی دەکرد و هەندێک ڕووداو و بەڵگەی دەکردنە پێوەر، پێدەچێت بەهـاری ١٩٥٥ ساڵی لەدایکبونم بێت.

لە (هـۆزی شـێخانی[٢])م، کە ناسـراوە بە شـێخانی بـن داسـنی و بە بنەچە ئێزیدی. لەنێو بنەمـاڵەیەکی هەژار لەدایکبـویمە، هەژار بە پێـوەری ئەو وەختی ژیانی لادێ، کەسێک زەوی نەبێت ڕەنێوی بێنێ و جوتیاری

(١) ئیلنجــاغی گەورە: ســەر بە نــاحیەی تەقــتەق- قەزای کــۆیەیە، دەکەوێــتە خــوارووی ڕۆژئـاوای کۆیە و سـەرووی خۆرئـاوای تەقتەق و لە ڕۆژئـاوای ڕێگـای سـەرەکی کۆیە- تەقــتەق هەڵکەوتــووە و نــزیکەی ٦ بــۆ ٧کــم لەم ڕێگــا ســەرەکییەوە دوورە و زۆربەی هەرەزۆری دانیشتوانەکەی لە هۆزی شێخانین و هەندێک هۆزی تریشی تێدایە وەک پاڵانی، شوان و خۆشناو.

(٢) هۆزی شێخانی: یەکێکە لە هۆزە دێرینەکانی باشووری کوردستان و ناوچەی کۆیە، ئەم هـۆزە بە شـێخانی بـن داسـنی ناسـراوە و ڕەچەڵەکیـان بـۆ سـەر کـوردانی ئێزیـدی و داسـنییەکان دەگەڕێـتەوە. کـۆیە مەڵبەنـدی سـەرهەڵدان و دروسـتبوونی شـێخانییەکانە، هەروەهـا هەمـوو ئەو شـێخانییانەی ئێسـتا لە دەشـتی هەولێـر و شـەمامک و گوێڕ دەژیـن سەرەتا لە دەڤەری کۆیە ژیاون، کۆیە و کۆیسنجاق مەڵبەندی کوردانی ئێزیدی بووە. هـاتن و پەیدابوونی شێخانییەکان بە سێ قۆناخی مێژوویی بووە، یەکەم: قۆنـاخی حوسـێن بەگـی داسـنی (١٥٣٤-١٥٣٦)، دووەم: قۆنـاخی سـاڵانی (١٦٥٠-١٧٠٠)، سـێیەمیش قۆنـاخی عەلـی بەگی داسـنی (١٨٣٢-١٨٣٦). (شـکۆ حەمەد: شـێخانی بن داسـنی، مێـژووی سـەرهەڵدان و دروستبوونی هۆزی شێخانی لە دەڤەری کۆیە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧٧٤٧)، ٢١-٢٠١٨/١٢/٢٢، ل٢-٤).

تێدابکات، یاخود مەڕومالاتی نەبێت هەژارە، باوکیشم (مەحموودی عیسمەتیێ/ ١٩٢٦-١٩٩٤) ئەوانەی هیچ نەبووە، بەڵکو لە زەوی کەسانی تر بەنیوەیی توتنەوانی کردووە، ئەوەندەی بە بیرم بێت، چەند ساڵێک لە زەوی باپیرم (باوکی دایکم) و دواتریش لە زەوی (مام کوێخا وەسمان[1])ی ئامۆزای باوکی توتنەوانی کردووە.

لەبەرئەوەی باوکی باوکم (باپیرم) زوو کۆچی دوایی کردووە، بۆیە بەناوی دایکییەوە بانگکراوە و پێی گوتراوە (مەحموودی عیسمەتیێ). هەر لە تەمەنی چوار پێنچ ساڵییەوە کەوتۆتە بەر زەحمەتی ژیان و کارکردن، کە ئەو کات لە ژیانی لادێدا بەرخەوانی و کارەوانی و شوانی باوبووە. وەک خۆی دەیگێڕایەوە لە زۆر شوێن شوانی کردووە، وەک زێدی باب و باپیری گوندی ئیلنجاغی گەورە و گوندی (مەرزانی خواریێ[2]) و (تاڵەبانی گەورە[1]) و گوندی (مورتکەی گەورە[2]) و گوندی

(١) کوێخا وەسمان: وەسمان یوسف مەلاک ئیلنجاغی لەدایکبووی ساڵی ١٨٩٢ لە گوندی (ئیلنجاغی گەورەی شێخانیانی) وراتی کۆیە. کەسایەتی و ڕیشسپی نێو شێخانییەکانی وراتی کۆیە بووە. خاوەن دیوەخان بووە و هەمیشە میواندۆست و دیوەخانی قەرەباڵغ بووە لەسەر بنەمای خزمایەتی هۆزی شێخانی یارمەتی گەلێک کەسی داوە کە شێخانی ناوچەکانی تری کوردستان بووینە. کوێخا وەسمان لەسەر ئاستی وراتی کۆیێ کەسایەتی و پیاوماقوڵ بووە و دەرگای ماڵەکەی کراوە بووە بۆ هەموو چین و توێژەکان کە ڕێیان کەوتبێتە لای ئەو بە ڕوویەکی خۆشەوە میوانداری کردوون و بەڕێزەوە بەڕێی کردون. ڕێککەوتی ١٩٨٥/٤/٢٠ کۆچی دوایی کردووە و لە شاری (کۆیە)، گۆڕستانی شەهیدان بەخاکسپێردراوە.

(٢) مەرزانی خواریێ: هەردوو گوندی مەرزانی سەریێ و خواریێ نێوانیان نزیکەی دووسەد مەتر دەبێت، لە هۆزی مەرزانن، بۆیە گوندەکانیان بەم ناوە ناونراون، بەهەمان شێوەی گوندی ئیلنجاغی گەورە دەکەونە خوارووی ڕۆژئاوای کۆیە و سەرووی ڕۆژئاوای تەقتەق و سەر بە ناحیەی تەقتەق نو لە ڕۆژئاوای ڕێگای سەرەکی کۆیە-تەقتەق بە نزیکەی ٥ بۆ ٦کم لێیەوە دوورن.

(نەبیاوای ساڵەیی[٣]). لە گوندی مورتکەی گەورە شوان بووە، لەوێ تووشی (نەخۆشی خوریکە[٤]) بووە، وەک خۆی باسی دەکرد نەخۆشییەکەی زۆر توند بووە و بەنەخۆشی هێناویانەتەوە بۆ گوندی ئیلنجاغی گەورە و ماوەیەک لە ناو جێگادا کەوتووە، تا کۆچی دوایی کرد شوێنەواری ئەم نەخۆشیە بەسەر جەستەیەوە دیاربوو. هەرچەندە باوکم بە شێرپەنجەی دەنگە ژێیەکانی کۆچی دوایی کرد، بەڵام لە تەمەنی لاویی و تا پێش نەخۆشکەوتنیشی، بە دەنگە خۆشەکەی لاوک و حەیرانی خۆشی دەچڕی[٥].

---

(١) تاڵەبانی گەورە: سەر بە ناحیەی تەقتەق و دەکەوێتە سەرووی ڕۆژئاوایی و خواروویی شاری کۆیە و لە ڕۆژئاوای ڕێگای سەرەکی کۆیە-تەقتەق بە دووری ٣کم لێیەوە، دانیشتوانەکەی پێکهاتووە لە هۆزەکانی خۆشناو، پاڵانی، سەید، باجەلان و...هتد.

(٢) مورتکەی گەورە: دەکەوێتە ناوچەی پشتڕێ نزیک ڕێگای سەرەکی هەولێر-کەرکوک، جاران سەر بە ناحیەی قوشتەپە بوو، ئێستا بەهۆی ڕێگای سەرەکی هەولێر-کەرکوک و ڕێگای بیستانەوە بۆتە دوو بەش، بەشێکی سەر بە ناحیەی قوشتەپە ماوەتەوە و بەشەکەی تری سەر بە ناحیەی دارەتووە، دانیشتوانەکەی لەچەندین هۆز پێکهاتووە، وەک: بلْباس، سنجاوی، کەلهوڕ، مەنتک و ... هتد. ئەم زانیارییانە لە بەڕێز (حاجی پیرداود حەمەدئەمین) وەرگیراوە.

(٣) نەبیاوای ساڵەیی: یەکێکە لە گوندەکانی ناوچەی ساڵەیی، دەکەوێتە سەر ڕێگای سەرەکی پردێ (ئاڵتون کۆپری) کەرکوک و نزیکەی ١٠ خولەک لە پردێوە دوورە و دانیشتوانەکەی زۆربەی ساڵەین. ئەم زانیارییانە لە بەڕێز (جەلال شوشە) وەرگیراوە.

(٤) نەخۆشی خوریکە: ئەم نەخۆشییە لە کۆندا زۆر باو و بڵاوبووە، نەخۆشییەکی بکوژ و کوشندە بووە، یەکێک بووە لە نەخۆشییە گواستراوەکان لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر، بەڵام بەهۆی دۆزینەوەی ڤاکسین و کوتانی منداڵان ئێستا ئەم نەخۆشیە نەماوە.

(٥) دەربارەی ژیان و لاوک و حەیرانەکانی مام مەحموود، بڕوانە: (پ.ی.د.هۆشمەند عەلی مەحموود، مەحموود حەمەد شێخانی، دەنگێکی ڕەسەنی ون ١٩٢٦-١٩٩٤، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٩).

دایکم (خەجیج حەمەدەمین) لە ساڵی ١٩٣٤ لە گوندی ئیلنجاغی گەورە لە دایک بووە. بە هۆی لەدایک بوونی منەوە توشی نەخۆشییەکی کوشندە بوو، ئەم نەخۆشیە پێی دەگوترێ (روماتیزم الحاد)، بە کوردی بای سوور یان بای هاری پێ دەگوترێ، ئەم نەخۆشییە زۆر کاری تێ کردبوو، دەست و پەنجەکانی و قاچەکانی خواروخێچ بووبوون، پێیەکانی ئەستور بووبوون، ئەم نەخۆشییە وای لێکردبوو لە کارکردن زۆر لەسەرخۆبێت و کارکردنی زۆر بە زەحمەت بێ، جگە لەمەش ناوە ناوە دەکەوتە نەخۆشخانە. ساڵی ١٩٩٢ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد.

لەبەرئەوەی باپیرم (باوکی دایکم)، لە خێزانی یەکەمی تەنیا دایکم و سێ کچی تری هەبوو کوڕی نەبوو، دایکیشم کچی گەورەی بوو، منیش یەکەم منداڵی دایکم بووم (نۆبەرەبووم)، بۆیە نەنک و پلکەکانم و نەنکەکەی تریشم (ژنی دووەمی باپیرم)، زۆریان خۆشدەویستم و زۆریان گرنگی پێدەدام و نازێکی زۆریان هەڵدەگرتم، بۆیە داواکاری سەیرم لێدەکردن، بۆ نمونە: ئەوەندەیان هەڵدەگرتم بە باوەش، فێربوبوم پێم دەگوتن: خەدمێ بە پێوە، واتە: دەخەوم بە پێوە!.

لەبیرمە کە جارێکیان لەگەڵ نەنکم مریەم و پلکم خەزاڵ و پلکم فاتم، دەچوین بۆ گوندی داربەسەری گەورە، بۆ سەردانی پلکم عەیشێ، لە ڕێگا نەنکم مریەم لە پشتی کردبوم و پلکم خەزاڵیش فەتاحی کوڕی لە باوەش بوو، تەنیا پلکم فاتم دەستی بەتاڵ بوو، بە نەنکم مریەمی دەگوت خۆت فێرتکردووە و دەبی هەرخۆشت هەڵیگری، بۆیە نەنکم ناچاربو ناوەناوە دامبنێ تا پشوەک بدات، بەڵام من لەبری پێشڕەوی بۆ دواوە دەگەڕامەوە و ناچار لە پشتی دەکردمەوە.

فەیمەی خوشکم، هەرچەندە زۆر دەمساردبوو لە خواردن، کەچی نەنکم مریەم بەدزی ئەو، هێلکە و سەرتوی شیر و بنکڕی شیری پێم دەدا و دەیگوت ئێستا کچەکە ئاگای لێبی هەموی لێدەخوات!.

جارێکیان باوکم و پلکم خەزاڵ لێک زیزبوبون، هەموو هەڕەشەکەی باوکم لێی ئەوەبو، کە ناهێڵم جارێکی تر عەلی هەڵبگری یان ماچی بکەی!، بۆیە کە باوکم خافڵ دەبوو خێرا ماچێکی لێدەکردم.

بە بیرم دێ نەنکم حەفسەت و پلکەکانم لەکاتی کۆرکردن (خۆ شۆرین و جل شۆرین) لە (کانی وەلی[1])، منیشیان دەبرد و دەیانشوشتم، دیارە هەندێک لە گەنجەکان بانگیانکردوم و لێیان پرسیوم کە چت دیت و چۆن بوون؟!، منیش قسەی نەشیاوم گێڕاوەتەوە، بۆیە باپیرم نەیهێشتووە چیتر لەگەڵ خۆیان بمبەن بۆ شوشتن. بەڕاستی زۆر قەرزاری هەردوو نەنکم و پورەکانمم.

لەسەردەمی منداڵیم لەگەڵ ماڵی مام قادر دراوسێ بوین، کە ناوبراو لەگەڵ باوکم باوکیان ئامۆزا بوو، دایکیشیان خوشک بوو، خۆشەویستی یەکتر بوون، هەڵسان و دانیشتنیان زۆر بەیەکەوە بوو، شەوانە زۆرجار دەچوینە لای یەکتری،ساڵێکیان مام قادر لە پردێ تەنەکەیەک (سەیلات)ی کڕی بوو، سەیلات لە دۆشاو خەسترە و ڕەنگیشی کاڵتربوو، کە دەچوینە ماڵیان یەکسەر دەمگوت برسیمە!، دەیانگوت داندۆکی بۆ بێنن!، دەمگوت ناخۆم، هەرچی پێیان دەگوتم، دەمگوت ناخۆم، تادەگەیشتە سەیلاتەکە و دەمگوت دەخۆم!، زۆربەی ئێواران ئەوەم دوبارە دەکردەوە!.

---

(١) کانی وەلی: کانیاوێک بوو لە خوارووی ڕۆژئاوای گوندی ئیلنجاغی گەورە، کە خاوەندارێتی بۆ حەمەدەمین ئەحمەدی باپیرم (باوکی دایکم) دەگەڕێتەوە، بەداخەوە ئێستا وشک و بێئاوە.

خەڵکی جاران خۆشەویستی و ڕێزی زۆریان بۆ یەکتری هەبوو، باوکم و مام قادر، کە باوکیان ئامۆزا بوو، دایکیشیان خوشک بوو، زۆر یەکتریان خۆشدەویست. مام قادر ماینێکی باشی هەبوو، جارێکیان لەگەڵ باوکم بەیەکەوە دەچونە تەقتەق، پێمگوتن منیش دێم و لای گوندی تاڵەبان لە ماڵی پلکم خەزاڵ دەبم، بەڕێکەوتین و منیان سواری ماینەکە کرد و خۆشیان لەبەر یەکتری کەسیان سوار نەبون!.

مرۆڤی ئێستا زۆر گۆڕاوە لە ڕووی هۆشیاری و زانیارییەوە، منداڵی ئێستا زۆر زیرەک و هۆشیارن، من بە بیرم دێ کە مامۆژنم حەمدیە کەریمی خێزانی حاجی فەتاح بە سەرهەدی کوڕی حامیلە بوو، کەچی نەمدەزانی حامیلەبوون چییە و لە حاجی فەتاحم پرسی ئەوە مامۆژنم زگی بۆ وا گەورەیە؟، ئەویش گوتی ئەوە شوتی زۆر خواردووە!.

خواردنی جاران هەر نیسک و ساوار و بڕوێش بوو، من بڕوێشم زۆر پێناخۆش بوو، نانم بەتەنیا و بەبێ پێخۆر دەخوارد، بڕوێشەکەم نەدەخوارد!. ڕۆژێکیان باوکم و چەند خزمێکی تر لە (دایماو[1]) ئیشیان بۆ ماڵی مام کوێخا وەسمان دەکرد، منیش منداڵ بوم و لەگەڵیان دەچووم، ئێوارە بۆ نانخواردن دەچوینەوە ماڵی کوێخا وەسمان، چەند سینیەک بڕوێشیان هێنا، منیش کە لە خوارەوە و لای دەرگا دانیشتبوم،

---

(١) دایماو: ئاو و بەراوێکە کەوتۆتە باکوری ڕۆژئاوای گوندی ئیلنجاغی گەورە، لە نێوان گوندی ئیلنجاغ و داربەسەری بچوکە، خاوەنداریێتی ئەم ئاو و بەراوە بۆ چەند کەسێک دەگەڕێتەوە، کە لە هەردوو گوند دادەنیشن. ڕوبار و کارێز و کانیاوێک بوو، کە جاران هەمیشە ئاوێکی باشی پێدا دەڕۆیشت، بۆیە ساڵانە چەندین خێزان توتن و بەروبوومی کێڵگەییان لەم شوێنە دەکرد، هەروەها چەمێکی چڕو پڕ داروباری هەبوو، بەداخەوە ئێستا وشک و بێئاو و بێداروبارە.

تەنیا نانەکەم دەخوارد و برویشەکەم نەدەخوارد، مام کویخا وەسمان چەند جاریک پیی گوتم بخۆ دەڵیی ڕەحەتەلقومە (هەڵقوم)!، لەناکاو جووینیکم بە برویش داو ڕامکرد و تا ماڵەوە گیر نەبووم!.

حاجی فەتاح، زۆری حەز لە دۆ خواردنەوە بوو، بەهاران کە چەند ماڵیک لە دایماو توتنیان دەکرد، ماڵی مام کویخا وەسمان تازیلەیەک، کە لە پیستی گیسک و کار دروستدەکرا، دۆیان دەهینا و لەسەر کوندەران لە تەنیشت کوندە ئاویان دادەنا، نیوەڕۆیان بۆ نانخواردن کە کۆدەبوینەوە، (مام محەمەدی کویخا وەسمان[1]) دۆیەکەی بەسەردا دابەشدەکردین و نانمان پیی دەخوارد. ڕەنگە پەنجا جاریش زیاتر، کە من منداڵ بوم و لە لای خانووەکان (بنەگە) دەمامەوە و ئیشم پێ نەدەکرا و خەڵکیش بەکارکردنەوە سەرقاڵ بون، حاجی فەتاح دەهاتە لام و پیی دەگوتم عەلی بەگ بۆ فرە دۆیەک سۆمایم دادێ!، تۆ لیرە چاودیر بەو دەچم قومیک دۆ دەخۆمەوە، گەر کەس هات بکۆخە! دەچوو یەک جامە دۆی دەخواردەوە و جامیک ئاوی لە شوینی تیدەکردەوە!، مام محەمەد نیوەڕۆیان لیپرسینەوەی لەگەڵ خیزانەکەی دەکرد، کە ئەو دۆیە بۆ بیتامە!، دوای چەندین جار من بابەتەکەم ئاشکراکرد، کە ئەوە کاری حاجی فەتاحییە!.

---

(١) محەممەد وەسمان وسو: ساڵی ١٩٣٩ لە گوندی ئیلنجاغی گەورە لەدایکبووە، تاکو پۆلی شەشەمی سەرەتایی خویندووە، ساڵی ١٩٦٠ بۆتە سەرباز لە ڕیزی سوپای عیراق و هەر ئەوکاتەش پەیوەندی بە ڕیکخستنەکانی پ. د. ک کردووە، ساڵی ١٩٦٢ بۆتە پیشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلول، دوای بەیانی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ بە پلەی جیگری ئەفسەر گەڕاوەتەوە ڕیزەکانی سوپای عیراق، ساڵی ١٩٧٢ پەیوەندی بە هیزی پیشمەرگە کردۆتەوە و چۆتە بەشی دارایی مەکتەبی سەربازی و تاکو هەرەسی شۆڕشی ئەیلول بەردەوام بووە، لە ٢٠١٩/٦/١٢ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی کەکۆنی شاری کۆیە بە خاک سپیردراوە. ئەم زانیارییانە لە بەڕیز (کارزان محەممەد) وەرگیراوە.

حاجی فەتاح نەیدەزانی مەکینەی ئاو کار پێبکات، ئەوکات من کە منداڵیش بوم، دەمتوانی کاری پێبکەم، حاجی فەتاح کە ماڵی لە دایماو بوو، شەوێکیان نۆبە ئاوی ئەو بوو، پێی گوتم عەلی بەگ نابی بچیتەوە و دەبی مەکینەم بۆ کارپێبکەی، منیش مامەوە و مەکینەم بۆ کارپێکرد، وەختی خەوتن من خەوتم و شەو زۆر درەنگ بانگیکردم و گوتی ئاو نایە، منیش لەگەڵی چومە لای مەکینەکە و هەندێک دەستم تێوەردا، کە هیچیشم لێی نەدەزانی!، لەخۆمەوە گوتم: (پەکن[1])ی نەماوە و تا بەیانی چاک نابێتەوە!، حاجی فەتاح ڕەش داهەڵگەڕاو ئارەقەی کردو توند سینگی گرتم و گوتی شەش ڕۆژە لە بەختی (وسو[2])ی مەکینە

(١) پەکن: ماددەکە لە ئەزبێز دروست دەکرا، بۆ ئەوەی گەرمی کاریتێنەکات، لە ناو غەنزیلەی مەکینەی ئاو دادەنرا بۆ ئەوەی هاوکاری بۆربەرینەکەی بکات لە زوو داخوران و نەبوونی بۆشایی، بۆ ئەوەی ئاو و هەوا نەدات، ئەگەر ئەو پەکنە دانەنرابوایە، مەکینەکە ئاوی هەڵنەدەکێشا. ئەم زانیارییانە لە بەڕێز (مەولود فەتاح) وەرگیراوە.

(٢) مام وسو: وسو وەسمان وسو، ناسراو بە مام وسوی کوێخا وەسمان، لەساڵی ١٩٣٣ لەگوندی ئیلنجاغی گەورە لەدایک بووە، لە ١١/ ١٠/ ١٩٨٣ لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکەی (مام بایزو عەلی برنۆ/ کەخەڵکی گوندی کونە گورگی نزیک هەولێر بوون)، لە نزیک گوندی شیواشۆکی سەروو کەوتنە بەر دەستڕێژی هەلیکۆپتەرەکانی ڕژێمی عێراق و شەهید بوون. هەر لە منداڵییەوە کەسێکی بزێو و وریا و خۆشەویست بووە، بۆیە پێشگری (مام)ی لێنراوە. لە هیچ قوتابخانەیەک نەیخوێندووە، بەڵام لە ئەنجامی هەوڵ و کۆششەکانی بەچاکی فێری خوێندنەوە و نووسین بووە. یەکێک بووە لە کەسایەتییە دیارەکانی بنەماڵە و گوند و ناوچەکەی، نیشتمانپەروەر و دڵسۆزبووە و لە سەرەتای لاوێتیدا پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (پ.د.ک) کردووە و خزمەتێکی زۆری شۆڕش و بزوتنەوەی کوردایەتی کردووە. کەسایەتی و پیاوماقوڵ بووە، هەر بۆیەش کاتێک ساڵی ١٩٦٢ خوالێخۆشبوو (مەلا مستەفا بارزانی) بۆ ئەوەی نوێنەری خۆی لەناوچەکە دیاری بکات، بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژاردن لە گوندەکانی (قەزای کۆیە) و (ناحیەی تەقتەق) کرا زیاتر لە (٢٢) گوند، بەتایبەتی ئەو گوندانەی سەر بە ناحیەی (تەقتەق) بوون و کەوتوونەتە بەری ڕۆژئاوای ڕێگای گشتی (کۆیە – تەقتەق) بە تێکڕای دەنگ (مام وسو)یان وەکو نوێنەری بارزانی هەڵبژارد، هەرچەندە ئەم دواتر ئەم نوێنەرایەتییەی بۆ شێخ کاکە سوری ئامۆزای مام جەلال ڕەتکردەوە.

کەموکوڕی نییە! ئەوشۆ لە بەختی فەتاحی بۆ تێکچوو!، تۆ شاهێد بە، من جو و دیانم، تەنیا ئیسلام نیم!، لەگەڵ قسەکانیشی ڕای دەتەکاندم و دەترسام بمخاتە ناو بیری ئاوەکەوە، بۆیە لەترسان گوتم بەرمدە و شاهێدم!. بەیانی زوو مام وسو هاتوو چومە لایی و پێمگوت: هەندێک قسەی خۆشت بۆ دەگێڕمەوە، بەو مەرجەی ئەوڕۆ ئاوەکە بدەیە حاجی فەتاح، مام وسو گوتی بڵێ بزانم چی بووە؟!، منیش ڕوداوەکەی شەوم بە وردی بۆ گێڕاوە و مام وسوش زۆر پێکەنی، بۆیە مەکینەکەیان چاککردەوە و ئاوەکەیان دا بە حاجی فەتاح.

## خوێندنی سەرەتایی لە ئیلنجاغی گەورە ١٩٦٠-١٩٦٧

ساڵی ١٩٤٧ لە گوندی ئیلنجاغی گەورە قوتابخانە کراوەتەوە، واتە ساڵی خوێندنی ١٩٤٧--١٩٤٨ خوێندن دەستپێکردووە و لە خانووی خاڵم ڕەوف بووە (ڕەوف حاجی مەلا فەتاح) لە ناوەڕاستی گوند، پاشان گواستراوەتەوە خانووی شێخی (شێخ نەسرەدین). من پۆلی یەکی سەرەتاییم لە خانووی شێخی خوێندووە. بینای قوتابخانە (بینای حکومی) لە هاوینی ١٩٦١ تەواوبووە، بینایەکی زۆرباش و گەورە بوو، ساڵی ١٩٦١-١٩٦٢ خوێندن تیایدا دەستپێکردووە و من پۆلی دوو بووم. بەم شێوەیە تا پۆلی شەشی سەرەتاییم ساڵی ١٩٦٦-١٩٦٧ لەم قوتابخانەیە تەواوکردووە.

خوێندکارێکی خراپ نەبووم، هەمیشە مامۆستاکانم خۆشیان ویستووم، چونکە هەم لەوانەکان باش بووم، هەمیش پابەندی ڕێنمایی و ئامۆژگاریەکانیان بووم و سەرپێچی ڕێوشوێنەکانی قوتابخانەم نەدەکرد و منداڵێکی هارو شەڕانیش نەبووم.

لە قوتابخـانەی سـەرەتایی ئەم مامۆسـتایە بەڕێـزانە لە قۆنـاغە جیاجیاکان دەرسیان پێگوتووم:

مامۆسـتا سـابیر، مامۆسـتا خورشـید بەگ، مامۆسـتا تەهـا بەگ، مامۆستا محەممەد فتح الله، مامۆستا خالید نەجار، مامۆستا ئیبراهیم حاجی مستەفا، مامۆستا وشیار کەریم حمە مەلا، کە هەمویان کۆیی بوون. هەروەها (مامۆستا زاهیر کوێخا وەسمان ئیلنجاغی[1])، مامۆستا مەلا عبدالرحمن مەلا قادر سێگرتکانی، ئەوانیش مامۆستام بوون.

ئەو خوێندکارانەی لە سەرەتایی و لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن بەیەکەوەبووین، ناوەکانی کە لەیادم ماون:

جاسـم بـایز، محەمـمەد مەلا سـدیق، عەبـدولقادر ئەحـمەد، بەکـر ئۆمەر، عەبدوڵلا محیدین، عبدالرحمن حمد، فاروق عەلی مەولود، سەباح قادر، عەبدوڵلا عەباس، عومەر عوسمان، ئەحمەد ساڵح (ئەحمەد بێقۆڵ)، عوسـمان ئەحـمەد. لەگەڵ هەنـدێک لەو بـرادەرانە لە ناوەنـدیش بەیەکەوەبووین.

---

(١) مامۆستا زاهیر: زاهیر عوسمان یوسف، لە ساڵی ١٩٤٠ لە گوندی ئیلنجاغی گەورە لە دایک بووە، لە ٢٠٠٢/٦/١ لەشاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی کەکۆنی شاری کۆیە نێژراوە. کوڕی کوێخا وەسمانی ئیلنجاغی گەورەیە و دەرچووی خانەی مامۆستایان بوو، پیاوێکی کورد پەروەر و نەتەوەیی و دڵسۆزی نیشتیمان و پیشەکەی بوو، ڕاستگۆ و حەق گۆبوو. وەرگیراوە لە: (پ.ی.د.هۆشمەند عەلی مەحموود: مەحموود حەمەد شێخانی، دەنگێکی ڕەسەنی ون ١٩٢٦-١٩٩٤، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠).

## خوێندنی ناوەندی لە شاری کۆیە ١٩٦٧-١٩٧٢

ســاڵی ١٩٦٧ بــۆ خوێنــدنی ناوەنــدی، چــوومە شــاری کــۆیە، لەبەرئەوەی گونــدی ئیلنجــاغ قوتابخــانەی ناوەنــدی لــێ نەبــوو، لە دواناوەندی کۆیەی کوڕان دەستم بە خوێندن کرد.

خوێنـدن لە کـۆیە بـۆ مـن زۆر سـەخت بـوو، دەبـوایە هەرچەنـد خوێنـدکارێک ژورێـک لە ماڵێـک بەکـرێ بگـرین و پێداویسـتی ژیـان لە ماڵەوە لەگەڵ خۆمـان بهێنـین، کە ئەوکـاتە بە زۆری نیسـک و سـاوار و هەندێک خواردنی سەرەتایی بوو، هەروەها دەبوایە نانیش هەفتانە زیاتر لە گوندەوە بیکەن و بۆمان بهێنن، خۆمان دەبوو خواردن ئامادە بکەین. بــۆیە بەڕاســتی ژیانمــان زۆر ســەخت بــوو، ئەو ســەردەم گەرمەی شۆڕشی ئەیلول بوو، زۆرجار هەبوو چەند ڕۆژێک هـاتوچۆ لە کۆیەوە بۆ گوندەکان و بە پێچەوانەشەوە قەدەغە (منع التجول) دەکرا. بۆیە نـان و پێداویسـتیمان بەدەسـت ناگەیشـت، بـۆ خۆشـبەختیمان دەڵـێم: ئەگەر چەنـد خـزم و دۆسـتێکی خوێنـدکاری ئـاینی (فەقێ)یـایەتی نەبونـایە، کە ئەوان لە مزگەوت دەیانخوێند و شوێنی حەوانەوەشیان هەبوو، ئەرکی ژیــان و گوزەرانیــان لەســەر دانیشــتوانی ئەو گەڕەکە بــوو، کە لە مـزگەوتەکەی دەیانخوێنـد، ڕەنـگە نەمتوانیبـوایە درێـژە بە خوێنـدنەکەم بـدەم، لەبەرنەبـونی و برسـێتی، بەڵام سـەرەڕای ئەو ژیـانە سـەختە و هەژاریەی هەمانبوو، باوکم هاندەرێکی زۆر بە هێزبوو بۆ بەردەوامیدان بە خوێنـدنەکەم و گەیشـتن بە قۆناخێـک، لەگەڵ ئەوەی پیـاوێکی هەژار بوو، سوور بوو لەسەر ئەوەی بخوێنم، هەمـوو جارێک دەیگوت ئەگەر تورەکەی سواڵکردن هەڵبگرم و مـاڵ بە مـاڵ و دێ بە دێ سـواڵ بکەم، نابێت منداڵەکانم واز لە خوێندن بهێنن و لە خوێندن دابـبڕێن. بەم جۆرە قۆناخەکانی خوێندنی یەک و دوو و سێی ناوەندیم لە کۆیە تەواوکرد.

## خوێندنی ئامادەیی کشتوکاڵ لە شاری کەربەلا ١٩٧٣-١٩٧٦

ئەوکاتە ئامادەیی کشتوکاڵی هەبوو، حکومەتی عێراقی بەحیسابی خۆی زۆر گرنگی بە کشتوکاڵ دەدا، دروشمێکی هەڵگرتبوو (کشتوکاڵ نەوتی هەمیشەییە/ الزراعه نفط دائم)، بەو مانایەی کە عێراق خاوەنی یەدەگێکی زۆری نەوتە، بەڵام ڕەنگە لە ئەنجامی بەردەوام دەرهێنانیدا نەوت کۆتایی پێ بێت، بەڵام کشتوکاڵ لەگەڵ ژیان بەردەوام دەبێ، لەهەمان کاتیشدا عێراق خاوەنی زەوی بەپیت و سەرچاوەی ئاوی پێویستە، بۆیە چەندین ئامادەیی کشتوکاڵی لە زۆربەی پارێزگاکانی عێراق کردبۆوە، بۆ پێگەیاندنی کادیری مامناوەندی کشتوکاڵی، ئەم ئامادەییانە بەشی ناوخۆییان هەبوو، شوێنی خەوتن و حەوانەوەو سێ ژەم نانخواردن و جارجار شتێک پارەشیان بۆ جل و بەرگ و پێداویستی دەدایە خوێندکاران، بۆیە مامەڵەم پێشکەش بە ئامادەیی کشتوکاڵی ئاسکی کەڵەک کرد، لە هەولێر، بەڵام وەرنەگیرام. دیارە لە هەموو سەردەمێکدا واسیتە و واسیتەکاری ڕۆڵی باڵای هەبووە، بۆ ئێمەی بێ واسیتە و کوڕە هەژارو بێ ئاگا لەوەی، کە دەوروبەرمان خەریکی واسیتە کردنن بۆ وەرگرتن لەو ئامادەییانە، چونکە خەڵکێکی زۆر ڕوویان تێدەکرد، کە هەمووشیان وەرنەدەگیران. ئێمە ناومان دەرنەچوو وەرنەگیراین، چونکە هیچ پێوەرێکی زانستی بۆ وەرگرتن نەبوو، بەڵکو تاکە پێوەر واسیتەو پشتیوانی بوو. ئەو ساڵە وازم لە خوێندن هێناو لە گوندی مامەوە.

ساڵی دواتر بەهەمان شێوە مامەڵەم پێشکەشی ئامادەیی کشتوکاڵی کەڵەک کردەوە، بەڵام دیسان وەریاننەگرتم، بەبیانووی ئەوەی کە دەرچووی ساڵی پێشووم، بەڵام پێیانڕاگەیاندین ئامادەیی کشتوکاڵی

پارێزگای کەربەلا بیست خوێندکاری دەوێت، بڕیاردراوە دە خوێندکار لە ئامادەیی بەکرەجۆوە، واتە، پارێزگای سلێمانی و دە خوێندکاریش لە ئامادەیی کشتوکاڵی ئاسکی کەڵەکی پارێزگای هەولێر بنێردرێت بۆ ئەویّ، بۆیە وتیان ئەگەر دەچیت بۆ ئەوێت دەنێرین، منیش بڕیارم دا بچم، لەگەڵ مام جاسم و هەشت خوێندکاری تری پارێزگای هەولێر چووین بۆ کەربەلا.

پەیوەندیم بە ئامادەیی کشتوکاڵی کەربەلاوە کرد، کە دە خوێندکاری سنوری پارێزگای هەولێر و دە خوێندکاری سنوری پارێزگای سلێمانی بووین. ئەوەی ئامادەیی کشتوکاڵی کەربەلامان بەیەکەوە تەواو کرد، جاسم بایز بوو، لەو کوردانەی لەگەڵیشمان بوون لە خەڵکی سنوری پارێزگای هەولێر: سەدرەدین عەلی، ئیبراهیم عەلی (لە ژیاندا نەماوە)، مۆفەق شاکر، جەمال ئەحمەد، جەمال حوسێن، کەمال عومەر، زوهێر گۆرگیس. لە هاوڕێیانی پارێزگای سلێمانیش، کە لەگەڵمان بوون: شێخ ڕەحمان شێخ حسێن، هەمزە باپیر، ئەحمەد عەلی پیرۆت (لە ژیاندا نەماوە)، محەمەد عەبدوڵلا، محەمەد ئیبراهیم ڕۆستم، جەلال ئەحمەد، محەمەد ئەحمد، سەلاح فەتاح خورماڵی، محەممەد ڕەحیم و کوڕێکی تری خەڵکی سلێمانی ناوی سیروان بوو.

ئامادەییەکە لە ناحیەی حسێنیەی ناوچەی عەطێشی بوو، سێ ساڵ لەو ئامادەییە دەوامم کرد، تا بڕوانامەی ئامادەیی کشتوکاڵیم لە ساڵی خوێندنی ١٩٧٥-١٩٧٦ بە پلەی یەکەم بەدەستهێنا. بەم بۆنەشەوە مامۆستا (حەسەن گەرمیانی[1])، کە ئەو ساڵە هێنابویانە ئامادەییەکەمان،

---

(١) حەسەن گەرمیانی: ناوی حەسەن عەبدوڵلا محەممەد ئاغایەو لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٥ی شارەدێی قادرکەرەمە، هەر لەوێش پۆلەکانی خوێندنی تەواو کردوەو ئامادەیی کشتوکاڵی لە ساڵی ١٩٦٥-١٩٦٦ لە سلێمانی تەواو کردوە. لەساڵی ١٩٧٠دا بوەتە ئەندامی تیپی

وەک دوورخـــراوەیەک لە دوای هەرەســـی شۆڕشـــی ئەیلـول، چــونکە ئەویــش پەیوەنــدی بەشۆڕشــەوە کردبــوو، کە پێیانــدەگوتن: گەڕاوە (عائـدون)، وەک دیـاری یەکەم بـوونم، کراسـێکی بـۆ کـڕیم و ئێسـتاش سوپاسگوزاریمە، چونکە زۆر پێی دڵخۆشبووم.

لەڕاسـتیدا سـاڵانی خوێنـدنم هەروا بە سـانایی تـێ نەپەڕی، چـونکە ساڵی ١٩٧٤ لە نێوان ڕژێمی عێراق و سـەرکردایەتی شۆڕشـی ئەیلـول، دوای چوار ساڵ لە گفتوگۆی بێ ئەنجام، شـەڕ دەستی پێکـردەوە، ئێمە ئەوکــات لە کەربەلا بــووین، خوێنــدکاری قۆنــاخی یەکەمــی ئامــادەیی کشـتوکاڵی بـووین، بـۆ پشـووی هـاوینە، بەمەبەسـتی گەڕانەوە هـاتینە کەرکوک، هیچ زانیاریەکمان لەسـەر بارودۆخی سیاسـی و سـەربازی و چـۆنیەتی هـاتوچۆ و گـوزەرانی خەڵـکەکە نەبـوو. مـاڵە خزمێکمــان لە گەڕەکی ڕەحیمـاوە بـوو، بەنـاوی (سـەید بەکـر[١]) خـوالێی خـۆش بێـت، شەو لەوێ ماینەوە و پرسیاری بارودۆخ و شـێوازی هاتوچۆمـان کـرد، گوتیان یەک ئۆتۆمبیلی جیّب هاتوچۆی تەقتەق دەکات، ئەویش بەیانیـان لەگەڵ کاروانی سـەربازی دەڕوات و لەگەڵ ئەوانیش دەگەڕێتەوە، بۆیە دەبێ هەوڵدەن بەیانی زوو بەو جیّبە ڕابگەن و شـوێن بۆخۆتـان بگـرن، بەیانی وامانکرد و بە جیّب گەیشتینە تەقتەق.

---

مۆســـیقای ســـلێمانی، کە زۆربەی بەرهەمەکانیشـــی هەر لەو تیـــپەدا ئەنجامـــداوە. سـاڵی ١٩٩٧ ئـاوارەی هەنـدەران بـووە، ئێسـتاش هەر بەردەوامە لە خزمەتکردنـی هـونەری ڕەسەنی کوردی. لە 0 1shorturl.at/BEP وەرگیراوە.

(١) سـەید بەکـر: ئەبـوبەکر محەمـمەد خـدر، سـاڵی ١٩٤٣ لە گونـدی ئـۆمەراوەی هەولێـر لەدایکبـووە، پاشـان ماڵیـان چـۆتە شـاری کەرکـوک، گەڕەکـی ڕەحیمـاوە، خوێنـدەوارییەکی کەمـی هەبـووە، پیشـەی وەسـتای پایسـکل بـوو لە کەرکـوک، دوای ڕاپەڕینـی ١٩٩١ مـاڵی هێناوەتەوە هەولێر، پیاوێکی باوەڕدار و خواپەرست و خزم دۆستبوو، لە ٢٠٠٨/١/١ کۆچی دوایی کردووە، لە گۆڕستانی گردەڕەشـەی هەولێـر بە خـاک سـپێردراوە. ئەم زانیارییـانە لە بەڕێز (بێکەس سەید بەکر) وەرگیراوە.

لەبەر دەستپێکردنەوەی شەڕی نێوان شۆڕشی کورد و ڕژێمی عێراق، تەقتەق چۆڵکرابوو، تازە بەتازە ماڵەکان تاک تاکە دەگەڕانەوە. چایخانەیەک لە تەقتەق بەناوی (خدر و قادر) هەبوو، کە دوو برابوون بە هەردوکیان بەڕێوەیان دەبردو کەوتبووە ناوەڕاستی شارۆچکەی تەقتەق و لەسەر شەقامی سەرەکی بوو. ئەو ڕۆژە کە تازە کرابۆوە، چوینە چایخانەکە و دووسێ کەسی تریش پەیدابوون و کەوتینە قسەو باس، کە زانیان ئێمە کێین و لەکوێ دێین و بۆکوێ دەچین، گوتیان: بڕۆنە کۆیە باشترە و لەوانەیە کاروان و شت شەو لەوێ هەبێت لەگەڵیان بڕۆنەوە بۆ گوندی ئیلنجاغ، چونکە ئێستا لێرەوە بەم هەڵەت و چۆلەوانیەدا بکەونە ڕێ، لەوانەیە ڕەبایەکان تەقەتان لێبکەن، چونکە تائێستا ئەم ڕێگایانە ئاوەدانیان بە خۆیانەوە نەبینیوە. ئێمەش دانیشتین لە چاوەڕوانی تاکو لۆریەک هات، کە ماڵێکی گەڕاوەی هێنابۆوە. (مەلا تەلۆب[1])یش، کە ئەوکاتە خۆی لە تەقتەق بوو، ماڵەکەی لە کۆیە بوو، هەر لەوێ لۆریەکەی بەکرێ گرت، بۆئەوەی ماڵەکەی لە کۆیەوە پێ بهێنێتەوە بۆ تەق تەق. هەرسێکمان لەپێشەوە سواربووین، من و جاسم پانتۆڵی شارلستۆن و کراسی پشت مل پان و پێڵاوی پاژنە بەرز، بەتایبەتیش من پرچم زۆر درێژبوو، لەسەر شانم بوو، بسک (خەنافس)م زۆر بوو، چاویلکەکم لە چاویدا بوو کەوتینە ڕێ، مەلا تەلۆب یەک قسەی ناکرد، لە ڕێگا لە نزیک پردی ڕوباری کۆیە، گوتم:

---

(١) مەلا تەلۆب: ناوی تەواوی (طلوب جاسم حمدامین)ە، ساڵی ١٩٠٥ لەدایکبووە، خوێندنی فەقێیەتی خوێندووە و کاری بازرگانی کردووە، بەم هۆیەشەوە پێیوتراوە مەلا تەلۆب، هەروەها حەجیشی کردووە و بە حاجی تەلۆبیش بانگکراوە. بنەماڵەکەی لە بنەڕەتدا خەڵکی شاری تکریت نوو لە ساڵی ١٨٥٠ هاتونەتە تەق تەق. مەلا تەلۆب خاوەن دیوەخان بووە و ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لە ئاشتی کۆمەڵایەتی، لە ١٩٩١/٨/٢٥ کۆچی دواییکردوە.

مامۆستا فەیسەڵ چۆنە؟ مۆڕەیەکی لێکردم و گوتی: فەیسەڵ کێ؟ گوتم: فەیسەڵی کوڕت، گوتی: چۆن فەیسەڵ دەناسی؟ تۆ کێی؟ منیش خۆمانم ناساند، کە خەڵکی گوندی ئیلنجاغی گەورەین، من کوڕی فلان و جاسم کوڕی فلانە، یەکسەر گوتی: دەک ماڵی باوکتان کوێر بێتەوە، وەڵاهی وامزانی ئەمنی عەرەبن!!! بۆیە نەمدەوێرا یەک قسە بکەم، بۆوا خۆتان کردوە بە مەیمون!!!؟ ئەوەبوو گەیشتینە کۆیە.

لە کۆیە چوینە ماڵی مامۆستا زاهیر، نیوەڕۆ نانمان خوارد و لەگەڵمان هات بۆ بازاڕ. کاروانەکی خەڵکی گوندی شیواشۆکی خوارو لەوێ بوون، داوای لێکردن لەگەڵ خۆیان بمانبەنەوە، هەرچەندە پێیانخۆشنەبوو، بەڵام لەبەر خاتری مامۆستا زاهیر، گوتیان باشە و لەگەڵ ئەوان بەڕێکەوتین بۆ گوندی شیواشۆک و لەوێشەوە هەردووکمان من و جاسم چوینەوە بۆ گوندی ئیلنجاغی گەورە.

ساڵێکیان کە خوێندکار بووم لە ئامادەیی کشتوکاڵی کەربەلا، لەگەڵ جاسم لە خولی هاوینە دەگەڕاینەوە، گەیشتینە هەولێر و چوینە ماڵی مام مستەفا، کە مامی باوکم بوو. ئێوارە باوکیشم لەکار گەڕایەوە و هات بۆ ئەوێ. خولی هاوینە لە ئامادەییە کشتوکاڵیەکان سێ مانگ بوو، کە یەکێک بوو لەمەرجەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی ئامادەیی کشتوکاڵی، بە دوو ساڵ خوێندکار ئەنجامی دەدا و لە هەر خولێکی هاوینەدا ٤٥ ڕۆژ خولمان دەبینی، ئامادەییەکانیش پشوی هاوینیان دەکرد بە دوو بەشەوەو لیستی خوێندکارانیشیان دەکرد بە دوو بەشەوە، ئەو ساڵە من و جاسم لە پۆستەی دووەم بووین، پێش ئەوەی بۆ خولی هاوینە بگەڕێینەوە، خوای گەورە برایەکی پێ بەخشین لە ئابی ١٩٧٤، کە خۆم ناوم لێ نا ئاسۆ و بەلەدایکبوونی زۆر دڵخۆشبووم، چونکە تەنیا یەک

بــراو خوشــکێکم هەبــوو، هەروەهــا یــانزە ســاڵ تێپەڕیبــوو بەســەر لەدایکبوونی وەلی برام و زۆر شادومان بووم بە هاتنی ئەم برایەم، کە بۆ شاری کەربەلا گەڕامەوە بە دایکم و خوشکم گوت زۆر ئاگاداری ئەم منداڵەبن، ئەوەندە مەیخەنە بەردەستی خەڵک، چونکە وەک بڵێی خزم و دۆستانی ئاوایی پێیان شتێکی سەیردەبێت، بەتایبەتی ژنان و کچان دەهاتن سەیریاندەکرد، لەبەرئەوەی دایکم تەمەنێکی هەبوو، وەک پێشتریش باسمکرد نزیکەی یانزە ساڵ بوو منداڵی نەبوو بوو، بۆیە هەمووان بەلایانەوە سەیر بوو.

لەکاتی خولی هاوینە، شەوێک خەونێکم بینی، لەخەوەکەمدا سێ ددانــم کەوتبــوو زۆرم پێناخۆشــبوو، بەیــانی خەونەکەم بــۆ کــوڕێکی عەرەب بەنــاوی (صــبحی عــودە)، کە لەســاداتی شــیعە بــوو گێــڕایەوە، ئەویش گوتی ئەم خەونە مەگێڕەوە و بیری لێ مەکەوە. ئەو ڕۆژەی کە مــن و جاســم لەگەڵ بــاوکم لە مــاڵی مــام مســتەفا، لە هەولێــر بەیەک گەیشتین، یەکسەر دەنگوباسی ئاسۆم لە باوکم پرسی، باوکیشم زۆر بە ئاسایی گوتی ڕەنگە مردبێ، منیش گوتم چۆن و لەبەرچی؟ باوکیشــم گوتی شەش حەوت ڕۆژ لەمەوبەر مۆڵەتم وەرگرت بچم ماڵ بێنم بۆ هەولێــر، بەڵام ئاســۆ زۆر نەخۆشــبوو بــۆیە منــیش گەڕامەوە، زۆر لە باوکم تووڕەبووم، گوتم باشە چۆن توانیت ڕێگا بگری و بەم نەخۆشیە جێیبهێڵی بۆ نەتبرد بۆ دکتۆر و چارەسەری بکەی؟ باوکم زۆر بەهێمنی و ئەعصــابی ســاردەوە گــوتی کــوا دکتــۆر؟! جــگە لەمەش مــن مــۆڵەتم تەواودەبوو دەبوایە بگەڕێمەوە بۆ سەر کارەکەم لە هەولێر. ئەم هەواڵە و بۆچوونی باوکم بەم شێوەیە زۆر بێتاقەتیکردم. بەیانی لەگەڵ جاســم گەڕایــنەوە بــۆ گونــدی ئیلنجــاغ و کە گەیشــتمەوە مــاڵەوە یەکســەر

پرسیاری ئاسۆم لە دایکم کرد و قسەکانی باوکمم بۆ گێڕایەوە، دایکم گریاو گوتی باوکت زۆر بێ بەزەیی و قایمە خۆ ئەو لە مالان ئاودیو نەبووبوو منداڵەکە گیانی سپارد. باوکم پیاوێکی باوەڕداربوو، بە بۆچوونی ئەو مردنی ئاسۆ کارێکی خودایی بووە.

دوای یەک دوو ڕۆژ باوکیشم مۆڵەتی وەرگرت و گەڕایەوە بۆ گوندی ئیلنجاغ. لە هەمان کاتدا هەواڵی شەهیدبوونی (جەوهەری مام مستەفا[١])ی ئامۆزام پێ گەیشت، (ئەنوەر[٢]) و عوسمانی برای هاتن و هەواڵەکەیان پشتڕاستکردەوە. شەهید جەوهەر لە شاخی شیشار لە نزیک بێتواتە لە شەڕێکی سەختدا و لە بەرەنگارییەکی کەم وێنەی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا شەهیدبووبوو. لەهەمانکاتدا هەواڵی بەبرینداری گیرانی (شەریف عەبدولڕەحمان[٣]) گەیشت، کە شەهید

(١) شەهید جەوهەر: جەوهەر مستەفا ڕەسووڵ، لە ساڵی ١٩٤٨ لە گوندی پالانیان سەر بە شارەدێی قوشتەپە لەدایکبووە، دوو سێ ساڵێک لە قوتابخانەی مورتکەی گەورە خوێندویەتی، بەلام لەبەر هەژاری و نەداری نەیتوانیوە لە خوێندن بەردەوام بێت، ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردوە و بۆتە پێشمەرگە لە هێزی سەفین، لە شەڕێکی دژوار و سەختدا و لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی ڕژێم لە چیای شیشاری ناوچەی بێتواتە لە ١٩٧٤/٩/١٦ شەهیدبووە.

(٢) شەهید ئەنوەر: ئەنوەر مستەفا ڕەسووڵ، لە ساڵی ١٩٥٢ لە گوندی پالانیان سەر بە شارەدێی قوشتەپە لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی گوندی مورتکەی گەورە خوێندووە، لەبەر هەژاری وازی لە خوێندن هێناوە و دەستیکردووە بە کاسبی، پاشان بۆتە پۆلیس لە شاری هەولێر، دواتر لە ساڵی ١٩٧٤دا پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردووە، لەگەڵ جەوهەری برا گەورەی پێشمەرگە بووە لە هێزی سەفین تاکو ئاشبەتاڵ، لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شۆڕشی نوێ بە ڕابەرایەتی (ی. ن. ک) پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، لە ساڵی ١٩٨٢ بویتە پێشمەرگە لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، لە داستانە پڕ سەروەریەکەی گوندی گردەسۆر، کە بە خوێنی ئەو تۆمارکرا لە ١٩٨٣/٦/٥ شەهیدبووە.

(٣) شەهید شەریف: شەریف عەبدولڕەحمان بایز ساڵی ١٩٥٠ لە گوندی ئیلنجاغی گەورە لەدایکبووە، کوڕێکی پاک و باش و خۆنەویست بوو، ساڵی ١٩٧٤ بویتە پێشمەرگە لە

شەریف لە شاخی ئاوەگرد دوای شەڕێکی قارەمانانە و بەرگریکردن لە هێرشـــەکانی ڕژێمـــی عێـــراق بە بریـنـــداری دیلکـــراوە و پاشـــان لە بەنـدینخانەی موسـڵ لە سـێدارەدرا. بەڕاسـتی ئەم هەواڵانە هەرسـێک دڵتەزێن و ناخ هەژێن بوون بۆم، وەڵامەکەی صبحی عودەیان سـەلماند، کە گوتی خەونەکە باش نییە و باسی مەکە و بیری لێ مەکەوە، کەوتنی سێ ددان لەخەوەکەم، سێ خزم و پشتیوانم لەدەستدا. دوو سێ ڕۆژ لەگەڵ ئەنوەر و عوسمان لەماڵەوە دانیشتین و خزمان دەهاتنە لامان و سەرەخۆشیان لێدەکردین.

پێویستە ئاماژە بە ڕوداوێکی سیاسیی گرنگی ئەو سـەردەمە بدەم، لە ١٩٧٣/٧/١٧ لەیادی کودەتای شومی ١٧ی تەمموز، بەهاندانی یەکێتی سۆڤیەت، حیزبی شیوعی عێراق ح. ش. ع لەگەڵ حیزبی بەعس چووە نـاو بەرەیەکەوە، بەنـاوی: بەرەی نیشـتیمانی پێشـکەوتنخواز (الجبهـة الوطنیـة التقدمیـة). لەڕاسـتیدا تەنیـا زەلیلکردنـی ح. ش. ع بـوو، لە کۆتاییشدا لە ئەنجامی ئەم بەرەیە زیانێکی گەورەی ماددی و مەعنەوی بەرکەوت. لقی کوردستانی ح. ش. ع، بەنهێنی چەکێکی زۆری جۆری پەڕەشوتی لە ڕژێم وەرگرتبوو، لەسەر ئەندامان و لایەنگرانی خۆی دابەشیکردبوو، کە پ. د. ک پێیزانی شاڵاوێکی توند و بە زەبری کردە سـەر ئەو دێهاتانەی ئەو چەکانەی لێ دابەشـکرابوو، لە ئەنجامی ئەو هێرش و پەلامارە توندە هەندێک کەس کوژران و هەندێکی تر ئەزیەت و ئەشـکەنجەی زۆردران و پـارتی زۆربەی چەکەکـانی کـۆکردەوە و

---

شۆڕشی ئەیلول لە لقی عەلی مەولود داربەسەری، لە شەڕێکی سەخت و دژواردا لە شاخی ئـاوەگرد لە ڕێککەوتـی ١٩٧٤/٦/١ بە برینـداری دەسـتگیرکراوە و ڕەوانەی بەنـدینخانەی موسڵ کراوە، لە ڕێککەوتی ١٩٧٥/٥/٢٩ تەرمەکەی ڕادەستی بنەماڵەکەی کراوەتەوە و لە گۆڕستانی گوندی ئیلنجاغی گەورە بەخاک سپێردراوە.

دەستی بە سەرداگرتن. دەتوانم بڵێم هەندێک کەس لە ڕێکخستنەکانی ح. ش. ع یشـــدا نەبـــوون، بەڵام بە هـــۆی ئەوەی چەکیـــان پێـــدرابوو بەر ئەشکەنجە و لێدان کەوتن، لەهەمان کاتدا هەندێکی تر لایەنگری ح. ش. ع بوون یاخود پێشتر ئەندام و لایەنگر بون و وازیانهێنابوو بە هۆی گومانکردنەوە چەکیشیان وەرنەگرتبوو کەوتنە بەر ئەو شاڵاوە.

ئەوانەی بەر شاڵاوەکە نەکەوتبون و دەربازبووبوون ڕایانکرد بۆ ژێر دەسەڵاتی ڕژێم و لە ئازاری ١٩٧٤ کە شەڕی پارتی و بەعس دەستپێکردەوە بارەگایان لە شارەکانی کوردستان بۆ ح. ش. ع کردەوەو چەکداربوون و شەڕی پارتیان دەکرد.

ئەوەی لەوکاتدا بۆ من جێگەی سەرنج و تێڕامانبوو، ح. ش. ع چەکدار بوو شان بەشانی هێزەکانی ڕژێم شەڕی پێشمەرگەیان دەکرد، کەچی لە شارەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراق، بەتایبەت من لە پارێزگای کەربەلا ئاگاداربووم، ئەندامەکانیان بانگدەکران و لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکراو ئەشکەنجەدەدران و بێبەریبون (بەرائە) یان لە ح. ش. ع پێ دەنووسین، ئامادەییەکەی ئێمە کۆمەڵێک خوێندکاری ئەندامی ح. ش. ع ی لێ بوو باش دەماننناسین، بەتایبەت هەندێکیان کە خەڵکی موسەیەب و بەغدا و حلله و ... هتد بوون، یەکە یەکە بانگکران و ئەشکەنجەدران و بێ بەری بوونیان پێ نووسین و کران بە بەعسی، تەنیا دوو خوێندکار نەبێت، کە ناوەکانیانم لەیاد نەماوە، نەبوون بە بەعسی و بەناچاری بەشی ناوخۆییان بەجێهێشت.

تەنانەت خوێندکارێکی ئەندامی ح. ش. ع بەناوی مزەفەر خەڵکی موسەیەب بوو بە ئەشکەنجە و لێدان کردیان بە بەعسی، ساڵی دووەمی خوێندن، لە ئامادەییەکەی خۆمان بوو بە لێپرسراوی یەکێتی نیشتیمانی قوتابیانی عێراق (الاتحاد الوطني للطلبة العراق).

ئەوکات زۆربەمان پارتی بووین، لایەنگری بەهێزی شۆڕشی ئەیلول و سەرکردایەتیەکەی بووین. ساڵی ١٩٧٤ شەڕ دەستیپێکردەوە و بەردەوامبوو، ڕۆژێکیان لەوانەی پراکتیکی (دەرسی عملی) لە کێڵگە کارمان دەکرد و بەداس وێنجەمان دەدوریەوە، لەو کاتیشدا باسی گەشتی ساڵانەی ئامادەییەکەمان گەرم بوو، کە ساڵانە لە بەهاردا بووبوو بەنەریت و گەشتێگی یەک هەفتەیی بۆ ناوچەیەک لەناوچەکانی عێراق ئەنجامدەدرا. بەدەم کارکردنەوە ئەم گفتوگۆیانەمان دەکرد و هەریەکەو پێشنیارێکی هەبوو بۆی، لەهەمان کاتیشدا ڕژێمی عێراق پڕوپاگەندەی هێرشێکی گەورەی بۆ سەر کوردستان دەکرد. خوێندکارێکی عەرەب هەڵیدایە و گوتی: گەشتی ئەم بەهارە گەشتێکی گەورە و خۆش دەبێت و بەرەو کوردستان دەبێت، یەکسەر جاسم گوتی: ئەم گەشتەی تۆ باسی دەکەی شکست دێنێ و نیوەی ناگەڕێتەوە، عەرەبەکەش گوتی: دیارە تۆ تێکدەری و لەگەڵ بارزانیی، بوو بەدەمە قاڵییان و جاسم هەڵی کوتایە سەری و داسی لەسەر ملی داناو گوتی: بجوڵێ تاکو سەرت ببڕم، کەوتمە نێوان و دۆخەکەم هێورکردەوە و بەعەرەبەکەم گوت: تۆ زۆر هەڵەی و ئێمە ئەگەر لەگەڵ بارزانیی بوینایە لێرە نابوین و کەسیش ڕێگەی لێنەگرتووین بڕۆین، بەڵام قسەکەی تۆ بەئەنقەست ڕوو لە ئێمەیە، تۆ ئەو قسەیەت لەگەڵ ئێمە بوو، چونکە نە بارزانی و نەهیچ لایەنگرێکی بارزانی لێرەنیە، ئەوە بوو ئاشتمانکردنەوە و پاشانیش بە جاسمم گوت: تۆش زیاد لەپێویست هەڵچووی.

هەر لە ساڵی یەکەمی خوێندنی ئامادەیی کشتوکاڵی کەربەلا بووم، شەڕی بزووتنەوەی کورد و ڕژێمی عێراق دەستیپێکردەوە و بەپێی ئەو

دەنگوباسانەی پێماندەگەیشت، شەڕەکە زۆر گەرم و دژوار بوو، بەڵام هیچ زانیاریمان لەسەر ناوچەکەی خۆمان نەبوو، چونکە ئەوکاتە ئامرازەکانی پەیوەندیکردن نەبوو. ڕۆژێک چاودێری بەشی ناوخۆیی لە دوای ناردم بچم بۆ ژوورەکەی، کە چووم یەکێک لە لای دانیشتبوو، گوتی من سەربازم ئەرکمان لە نزیک گوندەکەی ئێوەیە و باوکت ئەو نامەیەی بۆ ناردووی، کە ئەو قسەیەی کرد هەموو لەشم لەرزی و دڵم ڕاچەنی و سەرم سوڕا، هەواڵی نزیکبوونی مۆڵگە و ڕەبایەی سەربازی لە نزیک گوندی ئیلنجاغی گەورە زۆر دڵتەزێن بوو، چونکە هەر لە سەرەتای شەڕی کورد و ڕژێمەوە تاکو دەستپێکردنی گفتوگۆ، هیچ بنکەیەکی ڕژێم لە نزیکی نەبووە، ئەم هەواڵە وایکرد بیرم بۆ ئەوە بچێت کە ڕژێم زۆربەی هەرە زۆری کوردستانی داگیرکردووە. بەڵام کە نامەکەی باوکمم کردەوە و خوێندمەوە، باوکم دەڵێ من و مامت و چەند کەسێکی تر هاتووین لە سنوری گوندی تاڵەبانی بچوک دروێنە بۆ مام ڕەسووڵ حەمە صادق دەکەین، ئەم سەربازانە ڕۆژانە بە زرێپۆشێکەوە دێنە نزیک ئێمە و تاکو ئێوارە دەمێننەوە و وەک پارێزەری ڕێگای تەقتەق – کۆیە، منیش کەوتومە گفتوگۆ لەگەڵیان و بۆ بەرژەوەندی مام ڕەسووڵ و دورینەوەی دەغڵەکەی، ڕۆژانە لە ماڵی مام ڕەسووڵ ماستیان بۆ دەبەم و بووین بە دۆست، ئەم ساڵح ناوە (ئەو سەربازەی کە نامەکەی هێنابوو) گوتی: من خەڵکی کەربەلام، منیش گوتم: کوڕێکم خوێندکارە لە ئامادەیی کشتوکاڵی کەربەلا، ئەویش گوتی: لەم ڕۆژانە مۆڵەت وەردەگرم و نامەی بۆ بنووسە بۆی دەبەم، منیش گوتم زەرف و کاغەزم لانیە و خوێندەواریشم نیە، ڕۆژی دوایی خۆی زەرف و کاغەزی هێنا و من قسەم کرد و ئەویش نوسیویەتی.

باوکم عەرەبی زانینەکەی خراپ نەبوو، کە کاتی خۆی لە سەربازی فێرببوو. نامەکە سەلام و هەواڵ پرسین و ساغ و سەلامەتی بوو. دڵم گوشاد بوو هێوربوومەوە. کە ساڵح ڕۆیی چاودێری بەشی ناوخۆیی گوتی: ئەم کوڕە هاتوو پرسیاری تۆی کرد، منیش گوتم بۆ لێی دەپرسی؟ گوتی: خزممە. قسەکەیم زۆر پێ نامۆبوو، ئەو عەرەب و تۆ کورد، ترسام ئەوانە لە کوردستان خەڵکیان لێ کوژرابێت و زانیارییان هەبێت کە ئێوە کوردن و لێرەن، بیەوێ تۆڵە لە ئێوە بکاتەوە، بۆیە لای خۆم داناو لە دوای تۆم نارد.

دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول، ڕۆژێک یەکێک لە خوێندکارە کوردەکانی خۆمان، خەڵکی ڕەواندز بوو چاودێری بەشی ناوخۆیی بوو. چاودێر بەیانیان لەگەڵ بەرپرسێکی چێشتخانە دەچونە بازاڕ و کەرەستەی چێشتیان دەکڕی و ڕۆژنامەشیان لەگەڵ خۆیان دەهێنا، دیارە لە ڕۆژنامەی ئەو ڕۆژەدا هاتبوو، کە ڕۆژنامەیەکی لوبنانی نوسیویەتی بارزانی مردووە. ئەو خوێندکارە کوردەش کەسێکی باش نەبوو، بەعسی بوو. ئێمە بەرەو بەشی ناوخۆیی لەکێڵگەوە دەگەڕاینەوە، ئەو خوێندکارە کوردە بەرەوڕومان هاتوو بەخۆشییەوە هەواڵەکەی پێڕاگەیاندین، خاکەناس (بێڵ)مان پێبوو، دیسان جاسم ویستی بە خاکەناس لێی بدات، خوێندکارەکەش ڕایکردوو گوتی: لە لیژنەی اتحاد تەڵەبە سکاڵات لەسەر تۆماردەکەم، هەرچۆنێک بێت هێورمکردەوە و نەمهێشت بچێتە ژوری بەعسیەکان و سکاڵا تۆماربکات.

قسەیەکی کوردی هەیە دەڵێن: عەرەب زۆر خوا زۆکە، یان جاران دەیانگوت ڕەنگ نیە بە عەرەبی بلێی مەرحەبا، باوەڕم وایە ئەو قسەیە زۆر ڕاستە، قۆڵۆنیایەکم لە کەربەلا کڕیبوو، هەر دەرگای دۆلابەکەم

بکرابـــووایەوە دوو ســـێیەک لە خوێنـــدکارە عەرەبەکـــان دەهـــاتن و قۆڵۆنیاکەیـــان دەردێنـــا و لەدەســـت و دەم و چـــاوی خۆیـــان دەدا و دەیانگوت: (الله شلون ڕیحه مال الشمال)، واتە: خودایە چۆن بۆنێکە هی باکورە، دەمگوت: (واللـه یابـه مـن کـربلاء) واتە: بەخـوا هـی کەربەلایە. سودی نەبوو تاکو تەواو نەبوو وازیاننەهێنا.

دوو خوێندکاری تر هەبوون پێموایە ناویان (حافظ و عبدالخالق) بوو، ڕۆژێ دوو سێ جار یەکیان دەهاتە لای یەکێک لە ئێمەی کورد و دەیگوت: (انطيني جگارتين واحد الى واحد لصاحبه)، واتە: دوو جگەرەم بدێ یەک بۆخۆم یەک بۆ برادەرەکەم، تاکو ڕۆژێک من و سەدرەدین لە لای بەشـــی نـــاوخۆیی بـــۆلای بـــازاڕ و چایخـــانە دەچـــووین، ئەوانـــیش هەردوکیان بەپێچەوانەی ئێمە دەهاتنەوە و دوای چاک و چۆنی یەکسەر یەکیان ڕووی لە سەدرەدین کردو گوتی: دوو جگەرەمان بدێ، ئەویش گوتی: پێم نیە، یەکسەر دەستی بۆ گیرفانی کراسـەکەی سـەدرەدین برد و گوتی: ئەدی ئەوە پاکەت نیە؟! چونکە پاکەتەکە دیاربوو، سـەدرەدین ٧٥ فلوسی دەرهێنا و گوتی: بڕۆن پاکەتێک و شقارتەیەکی پێ بکڕن، ئەوانیش گوتیان (لالاعدنا فلس)، واتە نانا پارەمان پێیە. سـەدرەدین گوتی: مادام پارەتان پێیە شـەرم ناکەن وا لەبازاڕدێنەوە ڕۆژێک ودوو نیە ئەو خەسڵەتە دووبارە دەکەنەوە؟ باش بوو لەو ڕۆژەوە وازیانهێنا.

دوای تەواوکردنی خوێندنم لە ئامادەیی کشتوکاڵی کەربەلا، وێڕای ئەوەشی کە پلەی یەکەمم بەدەستهێنا و مافی ئەوەم هەبوو لە زانکۆ و کۆلێجی کشتوکاڵی بخوێنم، بەڵام بە هۆی هەژاری و نالەباری دۆخی دارایـی، درێـژەم بەخوێنـدن نەدا. بـۆیە سـاڵی دەرچـونم لە ئامـادەیی کشـتوکاڵی بە پـلەی یەکەم، تووڕەبـوونی بەڕێـوەبەری ئامـادەییەکەمی

لێکەوتەوە، بەڕاستی ئەو پیاوێکی زۆر بەڕێز و خاوەن کەسایەتی بوو، کوڕی شێخی ناوچەکە بوو، ناوی (سەباح سعود السمرمد) بوو، زۆری خۆشدەویستم و ڕێزی لێدەگرتم، بەهۆی ئەوەی لە وانەکانم زیرەک بووم و هیچ کێشەیەکیشم نەبوو. کاتێک بڕوانامەی ئامادەییم وەرگرتەوە و بە یەکەم دەرچووبووم، ئەوکات یەکەمەکانی ئامادەیی کشتوکاڵی لە کۆلێجی کشتوکاڵ وەردەگیرانەوە، بۆیە بەڕێوەبەر هات و بەخۆشحاڵییەوە پیرۆزبایی لێکردم و وتی: دووجار پیرۆزە!!، دەچیتە کۆلێج و دڵنیاشم بەسەرکەوتوویی تەواوی دەکەیت. گوتم: مامەڵە پیشکەشناکەم و ناچم بۆ کۆلێج، کە ئەمەی گوێ لێبوو بەڕاستی زۆر زۆری پێناخۆشبوو، زۆر توڕەش بوو، وتی: تۆ لە دنیا ناگەیی و شایانی ئەم یەکەم بونە نیت و پلەکەت خەسارکردووە و ... هتد. مامۆستا سەباح ئاگاداری بارودۆخ و گوزەرانی من و ماڵەوەمان نەبوو، نەیدەزانی لە بنەڕەتدا چوونم بۆ ئەم ئامادەییە و پاریزگای کەربەلاش بە ئارەزوو نەبووە، بەڵکو بۆ زوو تەواوکردنی خوێندن و وەک کورد دەڵێت: گەیشتن بە نانێک (مووچە)یەک بووە. ناهەقی نەبوو ئەم لە کوێ ئاگاداری بارو گوزەرانی ئێمە بوو.

## پوختە بەراوردێکی خوێندنی ئەوسا و ئێستا

پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن و خوێندنی باڵا بە سیستەم بەڕێوەدەچێت، کە دەزگا پەیوەندیدارەکانی ئەم بوارانە بەرنامە و پلانی بۆ دادەنێن. سیستەمی پەروەردە و فێرکردن و خوێندن بەگشتی بەشێکە لە کۆی سیستمی حوکمڕانی وڵات.

من مەبەستمە پوختە بەراوردێک لەنێوان دۆخ و ئاستی پەروەردە و فێرکردن و خوێندن بە گشتی لە ئێستادا لەگەڵ ئەو سەردەمەی کە من خوێندکار بووم لە ساڵانی شەست و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بکەم.

ئەوسا لە زۆربەی هەرەزۆری گوندەکان قوتابخانە و خوێندنگایان نەبوو، شار و شارۆچکەکان ژمارەی قوتابخانە و خوێندنگایان وەک ئێستا زۆر نەبوو، مامۆستایان ژمارەیان کەم بوو. لە هەموو عێراق ٣-٤ زانکۆ هەبوو، لە کوردستان یەک زانکۆ لە ساڵی ١٩٦٨ کرایەوە، زانکۆی سلێمانی بوو، کە پاشان کردیانە سەلاحەدین و گواستیانەوە بۆ هەولێر، ژمارەی هەڵگرانی بڕوانامەی بەرز (ماستەر - دکتۆرا) بە پەنجەی دەست دەژمێردران. کوردستان لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە بەڕێوە دەبرا، کەچی بە بۆچوونی من ئاستی پەروەردە و فێرکردن و خوێندن بە گشتی زۆر لە ئێستا پێشکەوتوتربوو.

ئێستا هەموو گوندەکان قوتابخانە و خوێندنگایان هەیە، ژمارەی قوتابخانە و خوێندنگاکان لە شار و شارۆچکەکان زۆر زیادی کردووە، مامۆستایان سوپایەکی لە ژمارە نەهاتوون، ژمارەیەکی یەکجار زۆر هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا پەیدابوون، ئەی هۆکاری ئەو دابەزینەی ئاستی پەروەردە و فێرکردن و زانست چییە؟ بە بڕوای من کێشەی گەورە سیستەمی پەروەردە و فێرکردنە، کە بەشێکە لە کۆی سیستەمی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان، هەرچەندە لە سەردەمی ئێستادا جگە لەوەی وەک ئاماژەمپێدا، ژمارەی قوتابخانە و خوێندنگا و زانکۆی حکومی زۆرن، هاوکات ژمارەیەکی زۆری قوتابخانە و خوێندنگا و زانکۆی تایبەتیش هەیە. ناوە ناوەش گوێمان لێدەبێت گوایە پەیڕەوی سیستەمی پەروەردەی وڵاتانی ئەورووپی دەکەن، وەک سویدی و ... هتد.

سەرەڕای هەمــوو ئەوانە، وەک تێبینیمکــردووە لە ئەنجــامی هەڵسەنگاندنی منداڵانی کوڕەکانم و کچەکەم و خزم و دراوسێکان، ساڵ بە ســاڵ ئاســتی پەروەردە و فێرکــردن و زانســت لە دابەزیــنە، بە بۆچوونی من لەبەرئەم هۆکارانەیە:-

١- کــۆی سیســتەمی بەڕێــوەبردنی وڵات، سیســتمێکی شکستخواردووە، کە پەروەردە و خوێندنی باڵاش بەشێکن لەو سیستەمە.

٢- گــوێنەگرتن لە کەســانی پســپۆڕ و شــارەزای ئەو بــوارانە و وەرنەگرتنی ئامۆژگاری و پێشنیارەکانیان.

٣- دانەنــانی کەســی شــارەزا و پســپۆڕ لە شــوێنە هەســتیار و گرنگەکانی دەزگاکانی پەیوەندیدار.

٤- بە حیزبیکردنی نەک هەر دام و دەزگاکانی هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا، بەڵکو دابەزینی دەستی حیزب بۆ ناو قوتابخانە و خوێندنگا و پۆلەکانی خوێندنیش، بەڕێوەر و یاریدەدەری بەڕێوەبەری قوتابخانە و خوێندنگایەک نیە حیزبی نەبێت، چونکە تەنها حیزبیەکان پۆستیان دەدرێتێ.

٥- لە ئەنجامی سیستمی خراپ و خراپی گوزەرانی مامۆستایان و ئەم دەستخستنە ناوەوەی حیزبە، وایکردووە مامۆستایان وەک پێویست هەوڵ نادەن پەیامی پیرۆزی خۆیان بگەیەنن، ئەگەر چەند مامۆستایەکیش بیانەوێ ئەرکی خۆیان وەک پێویست جێبەجێبکەن، ڕەنگە ڕێگریان لێبکرێت و کێشە و گرفتیان بۆ دروستبکرێت.

٦- لە ئەنجامی ئەم بارودۆخە شێواوە سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ... هتد بیە، قوتابیان و خوێندکارانیش بایەخی تەواو بە خوێندن نادەن و هەوڵ و کۆششی جدی نادەن.

٧- سەرپەرشتیارانی قوتابیان و خوێندکارانیش (باوک، دایک و ... هتد)، گرنگی بە خوێندن و ئاستیان نادەن و وەک پێویست چاودێری و بەدواداچوونیان بۆناکەن.

ئەمە کورتە و پوختەی هۆکارە سەرەکیەکانە و هۆکاری تریش هەیە.

من لە سەرەتای ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردوو، کە بۆ خوێندنی ئامادەیی کشتوکاڵی نەک بۆ خوێندنی بەرز، چوومە شاری کەربەلا، مەبەستم خوێندن بوو، بۆیە هەموو هەوڵ و کۆششی خۆم خستبووە گەڕ تاکو بڕوانامە بە زانیاری باشەوە بەدەستبهێنم، بەڕاستیش ئەنجامی باشم بەدەستهێنا و لە ساڵی کۆتایی خوێندن، کە تاقیکردنەوەی گشتی بوو لەسەر ئاستی هەموو عێراق و یەک جۆرە پرسیار بوو پێیاندەگوت تاقیکردنەوەی وەزاری، پلەی یەکەمم بەدەستهێنا، کە یەکەمیش بووم تێکڕای نمرەکانم نزیکەی ٧٠% بوو، کەچی ئێستا دەرچوانی ئامادەیی نمرەی ٩٩% و ١٠٠% بەدەستدەهێنن! من هیچ بڕوام بەو نمرانە نیە و پێموایە ئەوانە نمرەی ڕاستەقینەی ئاستی زانستی خاوەنەکانیان نین!

زانکۆکانی هەرێم، خەریکە بەقەد ژمارەی قوتابخانە و خوێندنگاکانی جارانی لێ بێت، من چوار ساڵ لە زانکۆ بووم لەسەردەمی نوێ نەک (عەهدی باید)، بەداخەوە ئاستی خوێندکارانم

زۆر بە نزمی دەدیت، سیستەمی خوێندن و شێوازەکانی دڵنیام ئامانجی خۆیـان نەپێکـاوە و نـاپێکن. هەروەهـا بـوونی مەلـزەمە بە هۆکـاری سەرەکی و بنەڕەتی دەزانم لە دابەزینی ئاستی زانیاری شان بە شانی هۆکارەکانی تری کە ئاماژەم پێیاندا. بۆیە گەر بەرپرسان بە گشتی و بەرپرســانی پەروەردە و خوێنــدنی بــاڵا بەتــایبەتی، لە خەوی قــوڵ ڕانەپەڕن و دەســتنەکەن بە چاکســازی بنەڕەتــی، ســاڵانە ناوەنـدەکانی خوێنـدن و زانکۆکـان سـوپایەک بڕوانـامەداری بێ زانسـت و زانیـاری دەخەنە نـاو کۆمەڵگـا و ئەوەش کۆمەڵگـا بەرەو شکسـت و داڕوخـانی یەکجاری دەبات.

## چوون بۆ سەربازی ١٩٧٧-١٩٧٨

دوای ئەوەی ئامادەیی کشتوکاڵیم تەواوکرد، ئەوکات وابوو دەبوایە بەڵگەنـامەی دەرچـوون (وثـیقە التخـرج) بـۆ فەرمـانگەی سـەربازگیری (دائره التجنید) ببەی، منیش هەر وامکرد و بەڵگەنامەکەم بۆ فەرمانگەی سـەربازگیری کـۆیە بـرد و لە دەفتەری ڕاژەی سـەربازیم، کە ئێسـتاش ماومە، نوسیان: (یحضر للسوق لاداء الخدمه العسکریه الالـزامیه البـالغه ٢١ شــهرا)، واتە: ئامــادە دەبێـت بـۆ نـاردنی بـۆ خزمەتـی سـەربازی سەپێندراو کە ٢١ مانگە.

زۆر بــاش لە یــادمە لە ڕۆژی ١٩٧٧/١/١٥ لە هەولێـرەوە چــومە شاری کۆیە، چونکە ئێمە لە ساڵی ١٩٧٤ەوە ماڵمان چوو بووە هەولێر، شــەوەکەی لە کـۆیە لەمـاڵی خوالێخۆشـبوو مامۆسـتا زاهیـر عوسـمان بـووین، کە ئەوکـات هەمـوو خـانوەکەی ڕەهنکردبـوو، تەنیـا ژورێکـی ســـەرەوەیان بەدەســـتەوەبوو، هەموومـــان، واتە: خـــۆی، خێزانـــی،

منداڵەکانی، جاسم و منیش هەر لەو ژوورە خەوتین. شەوێکی یەکجار سارد بوو، پێشتر بەفرێکی زۆر باریبوو، شەو کردی بەساماڵ و یەک پارچە سەهۆڵبەندان بوو، بەیانی کە لەخەو هەستاین بۆڕی ئاو هەمووی بەستابووی، ئاو نەبوو دەم و چاومانی پێ بشۆین، پریمزیان لەبن بۆڕی ئاو هەڵکرد تاکو کەمێک ئاو پەیدابوو بۆ دەم و چاو شوشتن و چالێنان و ... هتد.

مامۆستا زاهیر بەیانیەکەی ڕووی لە جاسم کردو گوتی: کاک جاسم ئەم شەو هەستام بینیم لێف و بەتانی و پێخەفەکانت لوول داوە و لەپشت سەرت لە لای پەنجەرەکەت داناوە، تۆزێک بەدیارتەوە وەستام گوتم لەوانەیە ئەم پەنجەرە هەوای دابێت، پەنجەرەی ئەوکاتە ئاسن بوو، دوایی بیرم کردەوە گوتم بەو سەرمایە هیچ ڕاست نیە ئەم پێخەفانەی بە پەنجەرەوە نابێت بۆیە پێخەفەکانم پێدادایەوە، جاسم وەڵامی دایەوەو گوتی ئاگاداری هیچ نەبویمە. جاسم زۆر خراپ دەخەوت.

بەیانی کاتی دەوام چوین بۆ فەرمانگەی سەربازگیری کۆیە، کە هاوکات هەموو دەرچوانی ئامادەییە پیشەییەکانی، کە سەر بە فەرمانگەی سەربازگیری کۆیە بوون، وەکو ئێمە لەوێ ئامادەبوون و دەفتەری ڕاژەی سەربازیەکەیان لێوەرگرتین، دیاربوو بڕیارێکی تازەیان بۆ هاتبوو، دوو مانگ ڕاژەی سەربازی ئێمەیان زیادکردبوو، بۆیە یەکسەر ٢١مانگەکەیان کرد بە ٢٣ مانگ. نوسراویان بۆ کردین و چەند ئۆتۆمبێلێکی گەورەیان هێناو بەڕێیانکردین بۆ بنکەی مەشق و ڕاهێنانی پیادەی موسڵ لە سەربازگەی غەزلانی و شەو گەیشتین و یەکسەر دەستکرا بە پەیڕەوکردنی فەرمانە سەربازییەکان بەسەرماندا، نزیکەی

چوار مانگ لەم سەربازگەیە ماینەوە، بە مەشق و ڕاهێنان زۆر ماندو هیلاکیان دەکردین، سەرباری ئەوەش زۆرجار کاریشیان پێدەکردین، بۆنموونە: دەیانبردین بۆ بارودخانە واتە کۆگای فیشەک و تەقەمەنی، گولە تۆپیان پێ باردەکردین، کە لە ناو صندوق بوون، صندوقەکانیش زۆر قورس بوون، ئەگەر بەزۆر نەبوایە و بە خۆشی خۆمان بوایە، بە پارەش نەمان دەکرد و پێشماننەدەکرا.

ڕۆژێکیان ٧ی نیسان بوو ١٩٧٧، ڕۆژی دامەزراندنی حیزبی بەعسی فاشی بوو، جێگر ئەفسەرێک هات داوای چەند سەربازێکی کرد لەگەڵی بچین، تا یاریگای سەربازگەی غەزلانی پاکبکەنەوە و ڕێکی بخەین، چونکە دوای نیوەڕۆکەی ئاهەنگێکی گەورەی تێدا سازدەکرا. لەوکاتەشدا لە سەربازگەی ئێمەش ئاهەنگ هەبوو، چوارخەتی یەکە (رئیس عرفاء الوحده) ناوی (٣٠)ی کەسمانی نوسی و جیای کردینەوە و لەگەڵ ئەم جێگر ئەفسەرە ناردینی. گەیشتینە ناو یاریگا و جێگر ئەفسەرەکە گوتی: لێرە دانیشن ئێستا دێمەوە، ڕۆیی و کاتێکی زۆری پێچوو نەهاتەوە، ئێمەش بەڕێککەوتنی هەر هەمووومان گەڕاینەوە شوێنی خۆمان، بێئاگا لەوەی دوای ئێمە جێگر ئەفسەر دێت و دەڵێت: ئەوانە ڕایانکردووە و کارەکەیان بەجێهێشتووە، (٣٠)ی کەسی تر لە شوێنی ئێمە ڕەوان دەکەن، بۆ بەیانی چوار خەتی یەکە، کە ناوەکانی ئێمەی لەلابوو، لە گۆڕەپانی مەشق دوای تەواو بوونی مەراسیمی پێشکەشکردنی ئامادەبوون (تقديم الموجود)، لیستەکەی دەرهێنا و ناوەکانی خوێندەوە و پێشکەشی فەرماندەی یەکەی کردین و ئەویش یەکسەر گوتی: یەک کاتژمێر فێرکردنی زیادە (ساعه تعليم اضافي)، هەرئەوەندەمان خۆش بوو، کارێکیان پێکردین با بە دەواری شەڕی

نەکردبێ. ناتوانم بیگێڕمەوە و بڵێم چیان پێکردین، هەر لە سوڕخواردن و غلۆلانێ و غاردان و تەقلە و ... هتد. دوو هەفتە دوای ئەمەش هەموو جەستەم ڕەق ببوو، ئێش و ئازارم هەبوو، کە بیرم دێتەوە، خەریکە بڵێم ئێستاش ئازاری ئەو ڕۆژەم لە جەستەدا ماوە، هەرچەندە نیو کاتژمێر تێپەڕی، هاتن داوای سەربازیان کرد بۆ کاری بارودخانە، هەروەک پێشتر ئاماژەم پێدا کاری بارودخانە زۆر زۆر قورس بوو، لەگەڵ ئەوەشدا کە گوتیان کێ دەچێت، پێش هەموان دەستم بەرزکردەوە.

ئەوانەی کە مەشقیان پێدەکردین و سەردەستەمان بوون (أمرحضیرة) هەر سەربازی ئاسایی بوون، بەڵام کۆن بون و مەشق و شێوازەکانیان باش دەزانی، بۆیە پێیاندەگوترا مامۆستای مەشق (معلم تدریب)، هەروەها پێیاندەگوترا پاڵێوراو (مرشح)، ئێمە ئەم چەند مانگەی لە بنکەی مەشق ماینەوە مۆڵەتمان نەبوو، تەنیا پێنچ شەممە و هەینییان پێدەداین، واتە چوارشەم پاش نیوەڕۆ دەهاتینەوە و ئێوارەی هەینی واتە شەوی شەممە دەبوایە لە سەربازگە بین، بۆ ئەم مەبەستەش کرابووین بە چەند پۆستەیەک. من لە نۆرەی خۆم مۆڵەتەکەم وەرگرتبوو. لە دەرەوەی سەربازگە چەند دوکان و چایخانە و چێشتخانەیەکی لێ بوو، ڕۆژێکیان پاش نیوەڕۆ لەگەڵ چەند برادەرێک چوینە چایخانە و یەکێک لە مامۆستاکانی مەشقمان، کە ناوی حسن بوو، هاتە چایخانەکە و منیش پارەی چایەکەم بۆدا، چوارشەممە داهات ئەوانەی نۆرەی مۆڵەتیان بوو خۆیان گۆڕیبوو لە هۆڵی حەوانەوەمان چاوەڕێی مۆڵەتەکانیان دەکرد بۆیان بێنن، لە پڕێکدا حسن هاتە ژورەوە و ڕووی لەمن کردو گوتی: (علی لیش مامبدل؟) واتە بۆ خۆت نەگۆڕیووە؟ منیش گوتم: (أمرحضیرتی أنا أسبوع الماضی کنت مجاز)،

واتە: سەردەستەم من هەفتەی پێشوو مۆڵەت بووم، گوتی: (گوم بدل)، واتە: هەستە خۆت بگۆڕە، منیش بە ترس و سەرسوڕمانەوە خۆم گۆڕی، لە دڵەڕاوکێشدابووم، چونکە نۆرەی مۆڵەتم نەبوو، وەختێک مۆڵەتەکانیان هێنا و ناو خوێندرایەوە ناوم تێدابوو، تێگەیشتم پارەی چایەکەی ئەو ڕۆژە بۆم بووە بە مۆڵەت، بۆیە بڕیارمدا کە هاتمەوە نان و کەبابێکی بۆ بکڕم و بەڕاستیش بۆم کڕیی و پێموایە تاکو لە بنکەی مەشق بوین، هەموو پێنج شەممە و هەینیەک من مۆڵەت دەدرام. لێرەدا بەسەرهاتێکی سەربازی باوکمم هاتەوە یاد، کە دەیگێڕایەوە، ئەو کاتەی سەرباز بوو لە بنکەی مەشقی سەربازی هەولێر، ڕۆژێک پاکەتێک جگەرەی بۆ فەرماندەی دەستەکەیان، کە سێ خەت (عەریف) ێکی کورد بووە، کڕیوە و لە ژێر سەرینەکەی بۆی داناوە، کە سێ خەتەکەش چاوی لێ بووە، ڕۆژی دوایی لە مەیدانی مەشق بە دەنگێکی بەرز بانگ دەکات مەحموود برۆ دایکت هاتووە، باوکم بەم هەواڵە سەرسام دەبێت، چونکە دەزانێ هەرگیز دایکی ناگاتە هەولێر، بەڵام دواتر بیردەکاتەوە ئەوە پاکەتە جگەرەکەیە بویتە دایکی و مەبەستی لەوەیە بچێت بۆخۆی پشوو بدات!

دوای ئەوە لەگەڵ کۆمەڵێکی تر گواسترایینەوە بۆ فێرگەی شەڕ (مدرسە القتال) لە پارێزگای دیوانیە، بەداخەوە شەڕ و ململانێی ناوەخۆی کوردان تەنیا لە نێوان پارتە سیاسیەکاندا نەبووە، بەڵکو ئەو شەڕو ناکۆکیانە کەلتورێکی کۆنی کۆمەڵگەی دواکەوتووە، کە هۆز و خێڵ و ناوچە و شارەکانیشی لە شێوازی شەڕە گەڕەک گرتۆتەوە، ئێمە کە لە موسڵ بە شەمەندەفەر بەڕێکراین بۆ بەغدا، لە وێستگەی شەمەندەفەری بەغدا دابەزین بەیانی زوو بوو، لە ئێوارەوە و بەدرێژایی

شەو بەڕێگاوە بووین لە ناو شەمەندەفەر برسی و هیلاک بووین، کە لەوێستگە دابەزین دوکانێکی لەفە فرۆش لەوێ بوو، سرەمان گرت بۆ کڕینی لەفە، لەکاتی وەرگرتنی لەفە کوڕێکی کۆیی و یەکێکی خەڵکی سلێمانی لێیان بوو بە شەڕ و شەڕەکە گەورە کرا و بووە شەڕی کۆیی و سلێمانی و لە ئەنجامدا انضباتی سەربازی هاتنە ناوەوە و شەڕەکەیان دامرکاندەوە، بەڵام لە ناو شەمەندەفەر و بە درێژایی ڕێگای ئاسنینی نێوان بەغدا و دیوانیە شەڕە دەندوک هەر هەبوو، کە لە وێستگەی شەمەندەفەری دیوانیە دابەزین، بە ئۆتۆمبیلی سەربازی دەیانگواستینەوە بۆ سەربازگە. دەبوایە ئۆتۆمبیلەکە چەند کاروانێک بکات، چونکە زۆر بووین و بەیەکجار نەدەگواستراینەوە، ئێمە کۆییەکان هەموومان بەیەک کاروان بەڕێکەوتین، لەگەڵ ڕۆیشتنی ئۆتۆمبێلەکە، سلێمانیەکان کەوتنە جوێندان و قسەی ناشیرینیان کرد، کە کاروانی دوایی ئەوانیش هاتن لە ناو سەربازگە شەڕ دەستیپێکردەوە، بەرپرسانی سەربازگەکە هاتنە ناوەوە و کێشەکەیان چارەسەرکرد.

مانگێک لە فێرگەی شەڕ ماینەوە، بەهەمان شێوەی بنکەی مەشق ڕۆژانە مەشق و ڕاهێنانیان پێدەکردین، عەریفێکی کوردی خەڵکی کەرکوکی لێ بوو، شیوعی بوو، کە لە شەستەکان پێشمەرگەی ئەوان بووە، هەندێک لە خزمەکانی ئێمەی پێشمەرگەی (ح. ش. ع)ی دەناسی، وەک: (مام هیدایەت[1]) و خدر سمایل و ... هتد، ناوی مەحموود بوو، کە

---

(١) هیدایەت خضر سمایل، لە ساڵی ١٩٣٤ لەدایکبووە، لە ڕێککەوتی ٢٠٠٤/٥/٢٠ کۆچی دوایی کردوە و لە گوندی ئیلنجاغی گەورە نێژراوە. مام هیدایەت خزمێکی باش بوو، کادیرێکی دێرین و ڕێبوارێکی ماندونەناسی ڕێبازی (ح. ش. ع) بوو، تێکۆشەرێکی دڵسۆز و سەر ڕاستی ئەم ڕێبازە بوو، چەندین ساڵ لە ڕێکخستنەکانی (ح. ش. ع) وەک کادیری ئەم

گفتوگۆمان کرد و ناوی ئەوانەی هێنا، یەکسەر گوتم ئەوانە ئامۆزای باوکمن، هەرخۆی منی خۆش دەویست، بۆیە دواندمی و بەم قسەیەش زیاتر خۆشیویستم، پاش نیوەڕۆیان کە دەریدەکردین بۆ مەشق یان کارکردن یان خاوێنکردنەوەی سەربازگە... هتد، چاوێکی لێدادەگرتم و دەیگوت: عەلی تۆ ئاگاداری هۆڵەکەبە، واتە ژووری حەوانەوەمان، یەکسەر من تێدەگەیشتم، کە مەبەستی ئەوەیە من بۆخۆم پشوو بدەم، هەموو جارێک جاسم دەیگوت: باشە منیش ئامۆزای مام هیدایەت نیم؟ دەمگوت: ئەوەی یەکەمجار دەخوات تازە سوودی نیە، یادی بەخێر دەنگی عەریف مەحموود شێوازێکی زۆر تایبەتی هەبوو، کاتێک لە مەشقدا ئیعازی دەدا، یاخود لەکاتی ڕێ ڕۆیشتنی سەربازی ئەگەر یەکێک یان زیاتر قسەیان بکردبوایە دووسێ جار بەشێوازە عەرەبییەکەی خۆی دەیگوت: (لاتحكى)، واتە: قسە مەکە، ئەگەر دووبارە ببوایەوە، چونکە هەموومان کورد بووین، بە کوردی دەیگوت: "گو مەخۆ!"

دوای ئەوە بەشێکمان گواستراینەوە بۆ بەشی تۆپخانە و نارداین بۆ کەتیبەی یەکی تۆپی مەیدان (الكتيبه الاولى لمدفعيه الميدان) هەر لە دیوانیە مەشقی ژمارە سێی سەر تۆپیان پێکردین، واتە ئەم سەربازە لێزانەی، کە لەسەر ئاڕاستەکەرەکەی تۆپ (موجه المدفع)، کە ئەم بەشەی تۆپە یاخود ئەم کەرەستەیەیە، کە زانیارییەکانی لە ئەفسەری بەرپرسەوە (ضابط الموضع) (بەداخەوە بە کوردی نازانم بەتەواوی چی پێدەڵێن) دێت وەردەگرێت و تۆماریدەکات، خولی فێرکردنەکە چل و

---

حیزبە لە ناو جوتیاران کاریکردووە. وەرگیراوە لە: (پ.ی.د.هۆشمەند عەلی مەحموود: مەحموود حەمەد شێخانی، دەنگێکی ڕەسەنی ون ١٩٢٦-١٩٩٤، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦).

پێنچ ڕۆژ بوو، دوای ئەوە دابەشیانکردین. من و چەند کەسێک ڕەوانەی کەتیبەی هەشتی تۆپی مەیدان کراین، کە بارەگاکەی لە عەممارە بوو، بەڵام ئەو کاتە بارەگای کەتیبە چوو بووە عەربەت، پەیوەندیمان بە کەتیبەوە کرد، ئەوانیش دابەشیانکردین بەسەر بەتەریەکاندا، من بەر بەتەریەی یەک کەوتم کە ئەوکاتە لە نێوان چوارقوڕنە و ڕانیە لە ئەرکدابوو، لەبەرامبەر بارەگای فرقەی ئێستا چادریان هەڵدابوو، کە ئەو دەم ڕووبەرێکی زۆر لە چوارقوڕنەوە تا کلکەی کۆڵێن هەمووی چۆڵەوانی بوو.

سەرەتای دەستپێکردنەوەی شۆڕشی نوێ بوو، دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥، ئەم کەتیبەیە بۆیە جوڵەی پێکرابوو لە عەممارەوە هێنابویانە کوردستان و هەرسێ بەتەریەکەی هەریەکە بۆ شوێنێک ناردرابوون، چونکە پێشمەرگەش ئەوکاتە زۆر کەم بوو، مەفرەزەی بچوک بچوک بوون، لە هەرشوێنێک سیخوڕێک هەواڵی بدایە، کە چەکدار لە فلانە شوێن بیندراون، یەکسەر بەتەریەکەمان تۆپەکانی دەپێچایەوە و بەرەو ئەم شوێنە دەکەوتە ڕێ، تاکو دەگەیشتین و تۆپەکان دەکرانەوە و دادەمەزرێندران و زانیارییەکان تۆماردەکران، چەکدارەکان ون دەبوون و ئێمەش دووبارە تۆپەکانمان دەپێچایەوە و دەگەڕاینەوە شوێنی خۆمان، چەند جارێک جوڵەی لەم شێوەیەمان پێکرا بۆ پشتی سەنگەسەر و ژاراوە و لای هیزۆپ و ... هتد. چوارخەتێکمان هەبوو بەناوی عەزیز شەریف، یادی بەخێر کورد بوو، خەڵکی کەرکوک بوو، پیاوێکی زۆر نەتەوەیی و سادە بوو، بەڵام سەربازییەکی زۆر توندو وشک بوو، هەم ڕەئیس عورەفای فەسیلمان بوو (فەسیلی یەک)، هەم فەرماندەی دەستەی یەک بوو، کە من لەم

دەستەیە بووم، من زۆر ڕێزم دەگرت و هەرچی دەیگوت جێبەجێمدەکرد، منی زۆر خۆشدەویست، بەڵام لەگەڵ جاسم زۆر دژ بوون، هەرچەندە جاسم لە دەستەی دوو بوو، بەڵام لە هەمان فەسیل بوو، عەبدولقادر ئەحمەدیش لەگەڵمان لەهەمان فەسیل بوو لە دەستەی سێ بوو.

عەزیز شەریف هەموو جارێک زۆر لە جاسم توورەدەبوو، دەیگوت: پێم بڵێ ئەمە چۆن ئامۆزای تۆیە؟ خۆزگە ئامۆزات نەبوایە. لەو ساڵەدا بوو کە ڕژێمی عێراق گوندەکانی سەرسنوری دەگواستەوە بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێکان، خانوو و ڕەز و باغ و کێڵگەکانی دەسوتاندن و کانی و کارێزەکانی دەتەقاندەوە، ئێوارەیەکیان لە پشتی سەنگەسەر بووین، عەزیز شەریف کە زۆر ئاینپەروەر بوو، لەسەر بەرماڵ نوێژی شێوانی دەکرد، ئاگر لە گوندەکانی سەرسنوور بەرزدەبۆوە، یەکسەر دوای نوێژەکەی دەستی بۆ ئاسمان بەرزکردەوە و بەدەنگی بەرز و بە زمانی عەرەبی هاواریکرد: خوایە گیان بۆ ئەم زوڵمە قبوڵدەکەی! هیتلەر وای نەکردووە، ئیسرائیل واناکات، عەریفێکی عەرەبی هەواڵگری، کە ناوی مەحموود بوو خەڵکی پارێزگای دیالە بوو، یەکسەر بەڕاکردن هات و توند دەمی گرت و پێیگوت: ماڵ وێران لەسێدارەت دەدەن، تۆ خەریکی چی و چی دەڵێی شێت بووی؟ گوتی: لێمگەڕێ لە سێدارە بدرێم زۆر باشترە، هەرچۆنێک بێت هێوریانکردەوە. ئەمە بوو حاڵی کورد، سەربازی ڕژێم بوو، هەموو ئەرکە سەربازییەکانی بەزیادەوە جێبەجێدەکرد و لەگەڵ ئێمەمانان، کە لەژێر فەرماندەیی ئەودابووین زۆر توندبوو، کەچی هەست و سۆزە نەتەوەییەکە کاری تێکردبوو، خەریک بوو مەرگی خۆی تۆماربکات.

بۆ زستان هەموو کەتیبەکە لە کەرکوک و لە پشت وێستگەی تەلەفزیۆن کۆبوینەوە و چادرمان هەڵدا. یەکێکمان لەگەڵدابوو زۆر لە ئێمە گەورەتربوو، ناوی ڕەشید بوو، خەڵکی گوندی حاجی قەڵای ڕۆژهەڵاتی کۆیە بوو، لەکاتی خۆیدا نەچوو بوو بۆ سەربازی و دواکەوتبوو، بەلێبوردن گەڕابۆوە و پەیوەندی بە سەربازییەوە کردبوو، لەکەش و هەوا زۆر شارەزابوو، جار هەبوو شەوە و باران بوو، سەرێکی دەبردە دەرەوە و سەیرێکی ئاسمانی دەکرد و دەیگوت: ڕیشتان بتاشن، پۆستاڵ بۆیاخ بکەن، سبەینێ ساماڵە و مەشقدەکرێت، یاخود بەپێچەوانەوە، کە دنیا ساماڵ بوو دەیگوت: ڕیش مەتاشن، پۆستاڵ بۆیاخ مەکەن، دەرچوون و گۆرەپانی مەشق نابێت، چونکە بەیانی بارانە!

ئەو ماوەیەی کە لە کەرکوک بووین، زۆر جاران ئەگەر پێنج شەممە و هەینی ئەرکی پاسەوانیمان نەبوایە مۆڵەتمان لە عەریفی ئێشکگر وەردەگرت، کە شەو غائبمان نەدات و دادەبەزین. دەچووینەوە هەولێر و ئێوارەی هەینی، واتە بۆ شەوی شەممە دەگەڕاینەوە و ئامادەی بەسەرکردنەوە (تعداد) کردن دەبووین، واباوبوو شەوی هەینی بەسەرکردنەوە نەدەکرا یان ئەفسەری ئێشکگر خۆی نەدەهات و عەریفی ئێشکگری تخویلدەکرد بۆ ئەنجامدانی بەسەرکردنەوە، ڕۆژێکی پێنج شەممە، مۆڵەتم لە عەریفی ئێشکگر وەرگرت و ڕۆیشتم بۆ هەولێر، کەچی ئەو شەوە ئەفسەری ئێشکگر خۆی چووبوو سەربازەکانی بەسەرکردبۆوە، ئەوەی ئامادە نەبوو بوو غائبی دابوو، ڕۆژی شەممە ڕەئیس عورەفای یەکە وەک خەتاکار بردینی بۆ بەردەمی فەرماندەی کەتیبە، ئەویش یەکسەر بڕیاریدا بە سێ ڕۆژ بەندکردن، بەڵام

لەبەرئەوەی شوێنی بەندکردنمان نەبوو، تەنیا تۆماردەکراو دەبوایە کە ماوەی سەربازی تەواوبوو، ئەم سێ ڕۆژە زیاد خزمەت بکەین، بەڕێککەوت نەخۆش کەوتم، عیادە (نۆرینگە)م نووسی و بردم بۆلای ڕەئیس عورەفای یەکە، گوتی: نابێت، چونکە تۆ بەندکراویت، منیش گەڕامەوە و بەنەخۆشی لە ژێر چادرەکە دانیشتم. لیستی ئەرکەکانی ئەو ڕۆژە دەرچوو، بە پاسەوان داندرابووم، منیش یەکسەر چومە لای ڕەئیس عورەفای یەکە و گوتم: من ئەم ئەرکە نابینم، چونکە بەندکراوم و یاسایی نیە من پاسەوان بم، زانی قسەکەم یاساییە و کاردانەوەی قسەکەی خۆیەتی، کەواژۆی سەر نۆرینگەی بۆ نەکردبووم، گوتی: زۆر باشە و ئینزیباتی یەکەی بانگکرد و پێیگوت قازمەکی بدەرێ و لەدیاری ڕاوەستە با چاڵێک لێبدا. ڕۆیشتم و دەستمکرد بە چاڵ لێدان، دوای ماوەیەک دووجار ئینزیباتەکەی نارد، کە وازبێنم لە ئیشکردن، ئەوەندە خەمم لە بارودۆخەکە خواردبوو ڕقم هەڵسابوو، بێ وچان و یەک پشوو قازمەم ڕادەوەشاند و وازمناهێنا، کاتێک خۆی هاتو توند دەستی گرتم و گوتی: (صدگ کوردی)، واتە: بە ڕاستی کوردی و پێیگوتم ئەم ئینکارییە چیە؟ کێ زەرەر دەکات؟ تەنیا خۆت ماندوو دەبی و دەستی بەرنەدا و وازی پێ لە چاڵ لێدان هێنام.

شتێکی تری زۆر ناخۆش لەوماوەیەدا، ئەوە بوو کە بڕیارێک هات ئەوەی نەخوێندەوارە دەبێ بچێتە قوتابخانە و فێری خوێندنەوە و نووسین بێت، بۆ ئەم مەبەستەش قوتابخانەیەکیان تەرخانکرد، کەتیبەکەی ئێمە زۆربەی هەرە زۆری نەخوێندەوار بوو، ئێمە هەژدە کەس دەرچووی ئامادەییەکان بووین، کە بەیەکەوە ناردرابووین، لەگەڵ چەند کەسێکی تری کەم خوێندەواربوون، ئەوەی تر هەموویان دەبردن

بـۆ قوتابخـانە، پێمـوایە لەبەر خوێنـدنەکەیان دوو پۆسـتە مۆڵەتیـان ڕاوەسـتا و مۆڵەتیـان پـێ نەدان، ڕۆژێـک فەرمانـدەی لیـوا هـات دوای بەسەرکردنەوە، هەندێک قسـەی بۆ کردین، دوای قسـەکانی گوتی: کێ پرسیارێک، شتێکی هەیە دەرگا ئاوەڵایە؟ ئەوانەی مۆڵەتیان ڕاوەستابوو سـکالایان کـرد، کە مـاوەیەکی زۆرە لەبەر خوێنـدن هـیچ مۆڵەتیـان وەرنەگرتووە، ئەویش یەکسەر بڕیاریدا هەر هەموویان و بەیەک پۆستە دە ڕۆژ مۆڵەت بدرێن، بەهـۆی ئەم مۆڵەتەوە سـەربازگە مەیلەو چۆل بوو، ئێمە ئەو چەند خوێندەوارەماینەوە و هەربۆیەش هەموو ماوەکەی تـا ئەوان هـاتنەوە هەمووومـان لە ئەرک دابـووین، بەهـۆی ئەرک و سـەرمای شـەو تووشـی نەخۆشـی سـکچوون بـووم، زۆر بـێ هێـز و توانای کردبووم. شـەوێکیان پاسـەوان بـووم، هیچ ئاگام لەخۆم نەبوو، لەناکاو ئەفسەری ئێشکگر پەلاماری دام و ویستی تفەنگەکەم لێبستێنێ، بەخت یاوەرم بوو، قایشی تفەنگەکە لە قۆڵم ئـالا و خۆشـم توند داری چادرەکەم گرت، ماوەیەک هەوڵیدا نەی تـوانی تفەنگەکەم لێبسـتێنێ، لەم یەکتـر ڕاکێشـانە بـێ ئاگـابووم لەوەی کە کلێـتەکەم لەسـەر کەوتبـووە خوارەوە، کەوازی لێهینام چەکم خستە سەرشـانم و سـڵاوی سـەربازیم بۆکرد، گوتی: (ولک هیچی تاخذ تحیە)، واتە: کوڕە واسـڵاو دەکەی. پێم وابوو سـڵاوەکەم بە هێزنیە، بۆیە زۆر بەهێز دووبارەمکردەوە، گوتی: (ولک انت حاسی رأس)، واتە: سـەرکۆتی، ئینجا کڵاوەکەم هەڵگرتەوە و خستمەوە سـەر سەرم و سـڵاوم بۆکرد، گوتی: نـاوت چیە؟ بەشـێوازی سەربازی خۆم ناساند: (انـی الـرقم... جنـدی مکلـف قداح علـی مەحمـوود حمد المنسـوب الـی بطریە الاولـی کتیبە مـدفعیە المیدان الثـامنە سـیدی)، واتە: من ژمارە... سـەربازی مکلفی تۆپچی عەلی مەحموود حەمەد سـەر

بە بەتەریەی یەک کەتیبەی تۆپی دوورهاویژی هەشت، گەورەم. گوتی: سەرۆک پاسەوانتان ناوی چیە؟ گوتم: سەربازی یەک عبدالستار. گوتی: ناساندن ئاوایە؟! گوتم: گەورەم تازە لە بەندیخانە گەڕاوەتەوە و یەکەمجارە بیبینم تەنیا ئەوەندەی لێدەزانم. عبدالستار مطوع بوو، پیاوێکی زۆر ناسەربازی و ناڕێک بوو، چەند جارێک ڕایکردبوو، هەموو ژیانی سەرپێچی بوو، هاوەڵەکانی پلەیان گەیشتبووە جێگری ئەفسەر، کەچی ئەو هەر سەربازی یەک بوو، چوار ساڵ حوکمدرابوو تازە ئازادکرابوو. گوتی: بڕۆ بانگی بکە! بەپێی ڕێنمایی سەربازی دەبوایە وەک سەرۆک پاسەوان لە لای ئێمە بخەوێت، کەچی ئەو هەر لەشوێنی خۆی خەوتبوو، چووم بانگمکرد، بەچاوی بەخەوەوە دەیگوت: چیت دەوێ؟ خۆی دەخافڵاند و دەیویست هەڵنەستێت، گوتم: ئەفسەری ئێشکگر بانگت دەکات، دەیگوت: ئەفسەر چی لەمن دەوێت؟ بەهەرحاڵ هەڵمساند و بیجامەی لەبەردا بوو، نەعلی لەپێ بوو، لە چادرەکەی هاتە دەرەوە، کە ئەفسەری ئێشکگر بەم شێوەیە بینی، دەست و سەری بادا و گوتی: (خوش امر حرس)، واتە: سەرۆک پاسەوانێکی باشە! گوتی: سەرۆک پاسەوان ئاوابێت پاسەوان باشیشە، ناوەکانی نوسی و ڕۆیشت، ترسام و گوتم: دیسان سێ چوار ڕۆژ بەندکردنی پێوەیە، بەڵام ئەفسەرێکی زۆر نەرم و نیان بوو، ناوی ملازم عبد بوو، خەڵکی تکریت بوو، ناوەکانی نەدابوو، داوای سزای نەکردبوو.

دوای ئەوە گەڕاینەوە بارەگای سەرەکیمان لە پارێزگای میسان و دوای چەند ڕۆژێکی کەم بۆ مەشقی گشتگیر (تدریب اجمالي)، ڕۆیشتین بۆ بیابانی (شەنافیە)، لە نێوان پارێزگای نەجەف و دیوانیە، دوومانگ ماینەوە، سەرەڕای ماندوو بوون و هیلاکی گەردەلوولی لمی بیابان

بێزاری کردبووین و لەبارودۆخێکی زۆر خراپ دابووین، دوای ئەوەش ڕۆیشتین بۆ نزیک دەریاچەی (ڕەزازە)، لە پارێزگای کەربەلا، بۆ ڕەمی کردنی سالانە (الرمی السنوی)، ئەوێش هەربیابان و لماوی و ناخۆش بوو.

ژیانی سەربازی زۆر سەخت بوو، فەرمانەکان زۆر بوون و دەبوایە پابەندیش بین پێیانەوە، بەڕاستی زۆر هیلاک بووین، هەست کردنمان بە هیلاک بوون، دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە خزمەتی ڕژێمێکمان دەکرد، ڕۆژانە هاولاتیانی لێدەکوشتین، دەربەدەریدەکردن، سەرەتاییترین مافی نەتەوەیی پێڕەوا نەدەبینین، ئەم سەربازییە کارێکی زۆر پڕ ئێش و بە ئازاربوو، هەمیشە کە شەوان پاسەوان دەبووم، بیرم دەکردەوە من بۆ لێرەم؟ لە پێناوی چی؟ خزمەتی کێ دەکەم؟ دەیان پرسیاری تر. ژیانێکی ئەوپەڕی ناخۆش و پڕئازاربوو، دەرچووی ئامادەییەکان پۆستە (وەجبە)کانی پێش ئێمە ماوەی ڕاژەیان بیست و یەک مانگ بوو، لە پۆستەی ئێمە ڕۆژی بەڕێکردنمان لە دەفتەری ڕاژەمان کردیان بە بیست و سێ مانگ، جگە لەمەش پۆستەی پێش ئێمە دەمانگ زیادەیان پێکردن، ئەمە بۆ ئێمە هەواڵێکی پڕسفت و سۆبوو، بەلام لەناکاو بڕیارێک بە نوسراوی فەرمی لە وەزارەتی بەرگرییەوە هات، کە دەرچوانی ئامادەییە پیشەییەکان دەبێ لە وەختی خۆیان (تسریح) بکرێن و نابێت یەک ڕۆژ زیادەیان پێ بکرێت. برادەرێکمان هەبوو خەڵکی فەلوجە بوو بەناوی عبدالجبار پۆستەبەری کەتیبە بوو، هەر لەگەڵ هێنانی ئەم نوسراوە، دانەیەکی لێ کۆپیکردبوو بۆیهێنام، خستمە ناوباخەڵم و هەرکاتێک دڵتەنگ و بێزاردەبووم، دەرمدەهێنا و دەمخوێندەوە ئاسودە دەبووم. برادەرێکی ترم لەگەڵ بوو ئەویش

خەڵکی فەلوجە بوو، ناوی عەلی مەحموود جوری بوو، واتە تەنیا ناوی باپیرمان جیاوازبوو، زۆر برادەربووین و هەمیشە بەیەکەوە بووین، زۆر متمانەی بە من هەبوو، تا ئەو ڕادەیەی کە داوایان لێکردبوو ببێتە بەعسی، هات پرسی پێکردم، گوتم: نەکەی شتی وابکەی! لەسەر قسەی من نەبوو بە بەعسی، چەند ڕۆژێکی کەمم مابوو تسریح بم، مۆڵەت بووم لەگەڕانەوە جلی مەدەنی و پێڵاوێکی پاژنە بەرز، کە ئەوکاتە بۆ گەنجان مۆدێل بوو لەگەڵ خۆم بردمن.

ڕۆژێکی پێنج شەممە لەگەڵ عەلی برادەرم دابەزین بۆ شاری (عەمارە)، ئەم شارە پێشتر هیچ ئینزیباتی سەربازی لێ نەبوو، منیش پێڵاوە پاژنە بەرزەکەم لەگەڵ جلی سەربازی لەپێکردو، ڕۆیشتین، بەڵام کاتێک گەیشتینە ناو شار، بینیمان ئەو ڕۆژە یەک سریە ئینزیباتیان هێناوە لە بازاڕ و جادە و کۆڵانەکان بڵاوەیان پێکردوون، هەر سەربازێکی دابەزیوو سادەترین سەرپێچی هەبێت یەکسەر دەیگرن، کە چاویان بە ئێمە کەوت و من پێڵاوی پاژنە بەرزم لەپێدایە، کەوتنە دوامان، ویستمان ڕاکەین، دەرنەچووین و گیراین. عەلی هاوڕێم هیچ سەرپێچیەکی نەبوو، کەچی پێیانگوت بگەڕێوە، نەگەڕایەوە و گوتی: مادام هاوڕێکەم دەگرن منیش لەگەڵ ئەودەبم، زۆرم هەوڵ لەگەڵدا، گوتی: شتی وانابێت تۆ ئازاد نەکەن منیش ناڕۆم، بۆیە هەردوکمانیان برد بۆ بەندیخانەی مەوقع، کە تەماشامانکرد سەربازی تری سەربازگەکانی تریشیان زۆر گرتووە، ئەم شەوە لەژورێکی پیس ماینەوە، زۆر ناخۆش بوو، بۆنەکەی گێژی دەکردین، تاکو بەیانی نەخەوتین، بەیانی عبدالجباری پۆستەبەری کەتیبە هاتە لامان، گوتمان: ئەگەر چارەیەکمان نەکەی ئەمڕۆ و شەوی داهاتووش دەمانهێڵنەوە و

شەممە بەبەندکراوی دەمانئنێرنەوە بۆ کەتیبەی خۆمان، ڕەنگە لەوێش فەرمانـدەی کەتیـبە سـزای بەنـدکردنمان بـۆ چەنـد ڕۆژێـک بەسـەردا بسـەپێنێ. عبـدالجبار ڕۆیشـت، چووبـوو پرسـیاری نـاوی ئەفسـەری ئێشکگری مەوقعی کردبوو، خۆش بەختانە ملازمێکی دوو ئەستێرە بوو، ئەفسـەری ئێشـکگری کەتیـبەی ئـێمەش ڕائیـدێک بـوو بەنـاوی عـادل، عبدالجبار چووبووە لای ڕائید عادل و پێیدەڵێت: گەورەم لەم کەتیبەی ئـێمە لەم دوو عەلـیەی باشـتر و بـێ کێشـەتری تێـدانیە، ئینزیبـاتی سەرسەری گێچەڵیان پێکردوون و وا لە بەندیخانەی مەوقعن، ئەفسەری ئێشکگری مەوقیعیش ملازمی یەک فلانە، ئەویش (رائد عادل) گوتبووی: برۆ تەلەفۆنی بۆ بکە و بڵێ من ڕائید عادلم هەرئێستا دەبێ ئەم دوو سەربازەی ئێمە ئازادبکەی، ئەویش فەرمانەکەی جێبەجێکردبوو، دوای تەلەفـۆنەکەش چوبـووە لای ئەفسـەری ئێشـکگری مەوقیـع، بەقسـەش پێیگوتبوو: ڕائید عادل منی ناردووە بۆ ئازادکردنی ئەم دوو سەربازە، بەهەوڵ و هیممەتـی عبـدالجبار ئـازادکراین، یادیـان بەخێـر عەلـی و عبدالجبار هەردووکیان مرۆڤی زۆر باش و دڵپاک بوون، لە هاوڕێیەتیدا دڵسۆزو بەوەفا بوون.

لە ڕۆژی ١٩٧٨/١٢/٢٧ تسـریح بـووم، هەسـتێکم لەناخـدا بـوو، کە وامدەزانی ڕۆژی لەدایکبونمە، ئەوەندە ئاسودە و دڵخۆشبووم.

## کاری فەرمانبەری ١٩٧٩-١٩٨٢

دوای تسریح بونم لە سەربازی بەچەند مانگێک، لە ١٩٧٩/٤/٤ بەهۆی نادر ساڵح شێخانی خزممان، لە تاقیگەی بیناسازی هەولێر، کە ئەوکاتە ناوبراو سەرۆکی فەرمانگەی تاقیگەی بیناسازی ناوچەی باکور بوو، واتە هەر پێنچ پارێزگای: هەولێر، دهۆک، سلێمانی، کەرکوک و موسڵ، سەرەتا بە کرێکاری هونەری (فنی) بەکاتی دامەزرام، یەکسەریش مامەڵەی دامەزراندنی فەرمیشی بۆکردم و ناردی بۆ مەڵبەندی نەتەوەیی تاقیگە بیناسازیەکان لە بەغدا (المرکز القومی للمختبرات الانشائیه- بغداد). ئەوەبوو فەرمانی دامەزراندنم بە یاریدەدەری تاقیگە (مساعد مختبر) هاتەوە و لە ڕۆژی ١٩٧٩/٦/١٧ پێش نیوەڕۆ لە کرێکاری دەستلەکارترازانم بۆکرا و پاش نیوەڕۆش دەستبەکاربوونم وەک فەرمانبەر بۆ نوسرا.

هەر لەو ساڵەشدا بوو لەڕێککەوتی (١٩٧٩/١١/١٠) هاوسەرگیریم لەگەڵ زولێخا وسوی خزممداکرد و بەرهەمی ئەو هاوسەرگیریەشمان پێنچ منداڵە، چوار کوڕ و کچێک:

١-هۆشمەند لەدایکبووی ١٩٨٠/٨/١٥، دکتۆرای هەیە لە زانستی مێژوو، مامۆستایە لە زانکۆی کۆیە، بەشی مێژوو.

٢-ئەڵوەند لەدایکبووی ١٩٨١/٩/١٨، بکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی کوردی هەیە و مامۆستایە لە شاری ڕانیە.

٣-کۆچەر لەدایکبووی ١٩٨٣/١٠/١١، ماستەر لە تەندروستی کۆمەڵ، مامۆستایە لە کۆلێجی پزیشکی گشتی زانکۆی کۆیە. خوێندکاری دکتۆرایە لە زانکۆی هەولێری پزیشکی.

٤- ڕێـژین لەدایکبـووی ١٩٨٧/٥/١٩، بکالۆریۆسـی هەیە لە زمـان و ئەدەبی ئینگلیزی، مامۆستایە لە شاری کۆیە.

٥-بـڕوا لەدایکبـووی ١٩٨٩/١١/١٦، بکالۆریۆسـی هەیە لە زانسـتی جوگرافیا و دانەمەزراوە.

زولێخـای هاوسـەرم، بەدرێژایـی ئەو سـاڵانەی پێشـمەرگایەتی و ژیان لە گوند و شاخەکان، زۆر هیلاک و ماندوو بووە لەگەڵمدا، هەم بە منداڵەکان کە لە نەبوونی منیشـدا دایک و هەمیش وەک بـاوک وابـووە بۆیـان، جـگە لەوەش زۆربەی کـات وابـووە کە بەتەنیـا بـووە لەگەڵ منداڵەکان بە هـۆی ئەوەی مـن لە جەولەی پێشـمەرگایەتی و سـەرقاڵی کـاری حیزبـی و ڕێکخسـتن دابـوومە. تەنـانەت لەسـەرەتاکانی ژیـانی هاوسـەریماندا و لە شـەوی بوکێنیدا (شـەوی ١٠-١٩٧٩/١١/١١)، مـن بە هۆی ئەنجامدانی چالاکیەکی ڕێکخستن لە ناو شاری هەولێردا بۆ چەند کاتژمێرێـک بەتەنیـا جـێم هێشـت. هەروەهـا هەمـوو ئەو مـاوانەی کە لە دەرەوەی شـــار و لە پێشـــمەرگایەتی و ژیـــانی گونـــد و ئـــاوارەیی و دەربەدەری و ماڵ گواستنەوە، لەو گوند بۆ ئەو گوند و دەیان ناخۆشـی و سەختیەکانی ژیانی وەک من و بگرە زیاتریش چەشتووە. جاری واش هەبـووە هاوکـاری باشـی کـردووم لە کـاری ڕێکخسـتن، وەک هێنـان و بردنـی نـامەی نهێنـی و دوو جـاریش لە شـارەوە تـاقم و فیشـەکدانی بـۆ هێنـاوم، کە یەکەمیـان لە هەولێـرەوە هێنـای بەنـاو سـەرجەم بازگەکـانی هەولێـر-کـۆیە، تـا دەگـاتە سـێگرتکان، دووەمیشـیان بەهەمـان شـێوە لە کۆیەوە هێنای بۆ گوندی ئیلنجـاغی گەورە. بۆیە بەڕاسـتی زولێخـا هەم دڵسۆز و خەمخۆری من و منداڵەکان بـوو، هەمیش زۆر بە جـورئەت و ئازا و لە خۆبردوو بوو. هەمیشە پاڵپشت و یارمەتیدەرم بووە.

## چوونەوە بۆ سەربازی بە یەدەگ ١٩٧٩-١٩٨٠

جارێکی تر لە ڕێککەوتی (١٩٧٩/١٢/٢٥)، واتە نزیکەی مانگ و نیوێک دوای هاوسەرگیری، دووبارە بانگکرامەوە بۆ ڕاژەی سەربازی یەدەگ، کە ڕەوانکرام بۆ کەتیبەی مەشقی تۆپی دوورهاوێژ، لە پارێزگای بابل، یەکسەر جلوبەرگ و پێداویستی سەربازیان پێداین و ڕەوانەی هەولێریان کردین و لەوێش دابەشیانکردین و منیان نارد بۆ بەتەریەی سوکی پانزە (هاوەنی ٦٠ ملم)، کە ئەوکات لەتەنیشت نەخۆشخانەی ڕزگاری هەولێری ئێستا بوو، (تازە ئەو نەخۆشخانەیە دروست دەکرا)، لە قەڵەمی بەتەریەیان دانام و ڕۆژانە دوای دەوام دادەبەزیم تەنیا ئەو ڕۆژانە نەبێت، کە ئەرکی شەوانەیان بۆ دادەنام، سەرەتای پەیوەندیکردنم بەو سەربازگەیەوە زستان بوو، وەختی ڕۆیشتنی پاسی ئامانەی هەولێر- کۆیە گونجاوبوو بۆمن، بۆیە لەگەڵ پاسەکە دەڕۆیشتم، بەڵام کە بەهار هات، وەختی دەوامی ئێمە گۆڕا و پاسەکەش هەروەکو خۆی بوو، گرتنی تاکسیش ڕۆژانە پارەی زۆر دەویست. دوو برادەرم لەگەڵ بوو، ئەوان بە پایسکیل هاتوچۆیان دەکرد، من پایسکلسواریم نەدەزانی، لەگەڵ ئەوەش چووم پایسکلێکم کڕی، چەند ڕۆژێک مەشقمکرد، ئیتر بەیانیان پایسکیلەکەیان بۆ دەگرتم و سواردەبووم و پاڵەکیان پێوەدەنا و دەڕۆیشتم بۆ سەربازگە، لەهاتنەوەش یەکێک لەبرادەرەکانم پایسکلەکەی بۆ دەگرتم و سواردەبوم و پاڵەکی پێوەدەنام، هەروەها یەکێک لە برادەرەکان لەپێشم دەڕۆیشت، ئەوەی تر لەپشتمەوە بوو بۆئەوەی نەشێوێم و خۆم بەئۆتۆمبێل دانەدەم، یاخود بە پێچەوانەوە، تاکو سەربازیم تەواوکرد، فێرنەبووم بۆخۆم سواری پایسکیل بم، هەر دەبوایە بۆم بگرن. ئەوکات

ئۆتۆمبێل زۆر زۆر کەم بوو ئەگەر وەک ئێستا بوایە بەدڵنیاییەوە بەژێر ئۆتـۆمبیلێکەوە دەبـووم. بەم جـۆرە دوای شـەش مانـگ، لە ڕێککەوتـی (١٩٨٠/٦/٢٩) بۆ جاری دووەم لە سەربازی یەدەگ تەسریح بووم.

## خەباتی ڕێکخراوەیی

بنەمـــاڵەی ئـــێمە، واتە بـــاوکم و بەشـــێک لە خزمەکـــان لەگەڵ پەیـدابوونی ڕێکخسـتنەکانی پـارتی لەنـاوچەکە پەیوەنـدیان بەپـارتیەوە کردبوو، هەرچەندە بەپێی بنەمای چینایەتی، دەبوایە باوکم پەیوەندی بە (ح. ش. ع)ەوە بکـــردایە، بەڵام لەگەڵ دوولەتبـــوونی پـــارتی، بەهـــۆی تێکەڵاوی و خزمایەتی لەگەڵ شێخەکانی تاڵەبانی و خۆشەویستیمان بۆ مـام جەلال، مەیـل و لایەنگیـری خزمەکـانی ئـێمە بەلای بـاڵی مەکتەبـی سیاسـی دابـوو، منـیش ئەوانـم خۆشـتر دەویسـت، بەبـێ ئەوەی هـیچ پەیوەندییەکی حیزبیم هەبێت.

لە ســـاڵی ١٩٦٨و لەتەمەنـــی چـــواردە ســـاڵیدا، لە قوتابخـــانەی دواناوەنـدی کـۆیە پـۆلی یەکـی ناوەنـدی بـووم، لە ڕێگـای ئەکـرەم عەبدولواحیـدەوە، کە خەڵکی کۆیەیە و ئێسـتاش لە کـۆیە دادەنیشـێ و کـاری پـارێزەری دەکـات، پەیوەنـدیم بە یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان (ی.ق.ک) کرد، دوایەش بە پارتی دیموکراتی کوردستان (پ.د.ک).

لەیـــادمە یەکەم کۆبونەوەمـــان لە ســـەرچاوەی حەمـــامۆک لەبـــن دارەکەی کەندەکوخ بوو، ئەوانەی لە کۆبونەوەکە بەشداربوون و لەیادم مابێت جگە لەمن و ئەکرەم، پێشڕەوی سەید برایم، کە خەڵکی کۆیەیە و بە (حـاکم پێشـڕەو) ناسـراوە و ئێسـتا لە وڵاتـی ئەڵمانیـا دەژی، خالیدی مام ئەحمەد، کە ئەویش هەر خەڵکی کۆیەیە و ئێستاش خانەنشینە و لە کۆیە دەژی، بەشداربوون، هەمومان بەیەکەوە خوێندکار بووین.

لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٠، لەیادم نیە بەبۆنەی جەژنەوە بوو یان نیوەی ساڵ بوو، بەڵام دەزانم کە پشوو بوو، گەڕامەوە بۆ گوندی ئیلنجاغی گەورە و گەیشتمە ماڵەوە دوای خۆشوشتن و پشووییەک، چومە ماڵی مام قادر. دانیشتبووین کاتێکم زانی چەند پێشمەرگەیەک هاتن و گوتیان: عەلی مەحموود لێرەیە؟ منیش گوتم: بەڵێ، یەکسەر گوتیان: پێشمان کەوە و منیان برد بۆ گوندی گۆمەشین، کە بارەگای سابیر دۆڵەبەکرەیی لێ بوو، کە پێیاندەگوت سابیرئاغا و لە پاراستنی پارتی بوو، دواتر ناوبراو لە دوای ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئازار، لە لایەن ڕژێمەوە ڕفێندراو لەکۆشکی کۆتایی (القصر النهائی) فەوتاندیان.

لەڕێگا من لەگەڵ پێشمەرگەیەکیان دەڕۆیشتم ناوی (سلێمان) بوو، خۆی پێناساندم و گوتی: ئەوەی دادگایت دەکات سابیرئاغا برای منە و هیچ لێی مەترسێ و شەرمی لێ مەکە و وەڵامی پرسیارەکانی بدەرەوە، منیش گوتم: من هیچ شتێکم نیە و هیچم نەکردووە، تاکو بترسێم، ئەویش گوتی: بزانە کێیە دژایەتیتان دەکات و ڕاپۆرتی خراپی لەسەر نوسیووی. ئێوارە گەیشتینە بارەگای سابیرئاغا لە گوندی گۆمەشین، نانی ئێوارەمان خوارد، بارەگاکە ژورێکی زۆر بچوک بوو خەڵک و میوانیشی زۆر لێبوو، بۆیە سلێمان دووجار بە سابیرئاغای گوت: من عەلی دەبەمە ماڵی مام فارس با بۆخۆی لەوێ بخەوێ و پشوو بدات، هەردوو جاری یەکەم دەیگوت: نا ئیشم پێیەتی، جاری سێیەم گوتی: باشە بیبە.

من لەگەڵ سلێمان چوومە ماڵی مام فارس، درەنگانی شەو سابیرئاغا لەگەڵ پێشمەرگەیەکی تر هاتوو بردمیە حەوشەکە و دەستیکرد بە پرسیار و هەڕەشەکردن، گوایە من ڕێکخستن و کادیری باڵی مەکتەبی سیاسی و سەرپەرشتی کۆمەڵێک لە ڕێکخستنەکانی

ئەوان دەکەم، بێگومان قسەکانی هیچی وانەبوو، منیش بۆم نەسەلماند و هەڕەشەیەکی زۆری لێمکرد، لەوکاتەشدا باوکم و مام وسو و مامۆستا زاهیر لە هیران بەندبوون لە بەندیخانەی (پ. د. ک)[1] ، بۆیە هەڕەشەی دەکرد کە ئەگەر ددان بە قسەکانی دانەنێم ڕەوانەی لای باوکم و ئەوانم دەکات، هەندێک جار دەیگوت: دەتکوژم، ئیتر لەم جۆرە هەڕەشانە، کەزانی سوودی نیە، ئینجا دەیگوت: پارەت دەدەمێ پێمبڵێ لە ئیلنجاغ و گوندەکانی دەوروبەری کێ جەلالیە؟ دیسان وەڵامم دایەوە کە من هیچ نازانم و پارەش وەرناگرم.

بۆ بەیانی ماڵی مام فارس، سابیرئاغاشیان بۆ نانخواردنی بەیانی بانگکرد و ناوسێریان کردبوو، بەیەکەوە نانمانخوارد و گوتی: هەڵسە بابڕۆین، دیسان لە حەوشە هەندێک لە پرسیارەکان و هەڕەشەکانی شەوی دووبارە کردەوە، چونکە من هیچ شتێک لەمانەم نەبوو، بۆیە نەچوومە ژێرباری هەڕەشەکانی، ئینجا گوتی: ئەم شەو کاتژمێر یەکی شەو (ئۆمەر فەقێ عەولا[2]) و (مامۆستا مەلا صدیق[3]) نامەیان

(١) بۆ زانیاری دەربارەی زیندانیکردنی باپیرم مەحموود، بڕواننە: (پ.ی.د.هۆشمەند عەلی مەحموود: مەحموود حەمەد شێخانی، دەنگێکی ڕەسەنی ون ١٩٢٦-١٩٩٤، ل٣٥-٤٠).

(٢) ئۆمەر فەقێ عەولا: عومەر عەبدوڵلا ئۆمەر لە ڕێککەوتی ١٩٤٨/٧/١ لە گوندی ئیلنجاغی گەورە لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە ئیلنجاغ خوێندووە، ساڵی ١٩٦٥ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووە، لە هێزی دەشتی هەولێر، پێشمەرگەیەکی ئازاو چالاک بووە، هەر زوو پلەکانی فەرماندەیی بڕیوە و دوا پلەی سەرلق بووە، چوار جاریش بریندار بووە، دوای ساڵی ١٩٩١ لە لای کۆسرەت ڕەسووڵ بووەتە سەرتیپی تیپی تایبەت و بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنوری هەولێری کردووە، پاشان خانەنشین بووە و لە ڕێککەوتی ٢٠١٨/٨/١٩ بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی شەهیدانی کۆیە بەخاک سپێردراوە. ئەم زانیارییانە لە بەڕێز (مامۆستا بەندی ئۆمەر) وەرگیراوە.

(٣) مەلا صدیق: صدیق عوسمان مەحموود ساڵی ١٩٢٦ لە گوندی داربەسەری گچکە لەدایکبووە، بە هۆی مردنی دایکیەوە لە گوندی بایزئاغا لای خاڵەکانی ژیاوە، هەر لە

ناردووە، لەبەرخاتری داواکاری ئەوان ئازادت دەکەم، کە چوینە بارەگا سەیرم کرد ڕەحمان جەوهەر پیرداود خەڵکی گوندی تاڵەبانی گەورە، کە پێشمەرگە بوو لای ئۆمەری فەقێ عەولا، و محەمەد خورشید مستەفا هاوڵاتی گوندی ئیلنجاغی گەورە لەوێ بوون، دوای بەخێرهاتنیان و چاک و چۆنی گوتیان ئێمە کاتژمێر دەی شەو لە لایەن ئۆمەری فەقێ عەولا و مامۆستا مەلا صدیق نێردراوین بە نامەیەکەوە. کاتژمێر یەکی شەو گەیشتوینەتە ئێرە، لەگەڵ ئەوان بەڕێکەوتین و گەڕاینەوە گوندی ئیلنجاغی گەورە. پاشان زانیم برادەرێک، هەرچەندە نێوانمان زۆر خۆش بوو، هیچ شتێکمان لە نێواندا نەبوو، کەچی ئەو ڕاپۆرتی لەسەر من و جاسم نوسیبوو، کە گوایە ئێمە جەلالی و ڕێکخستنین و کادیری پێشکەوتوین و ... هتد. ئەگەر جاسم ئەم ڕۆژە لەگەڵ من لە کۆیەوە بگەڕابوایەوە بۆ ئیلنجاغ، بێگومان ئەویش دەستگیردەکرا، بەڵام ئەو دەوامی پاشنیوەڕۆی هەبوو، بۆیە نەیتوانی لەگەڵ من بگەڕێتەوە و لەم دەستگیرکردنە ڕزگاری بوو.

---

منداڵییەوە چۆتە حوجرەی فەقێیان بە مەبەستی خوێندن، چەندین گوند و شار بەدوای خوێندن گەڕاوە، لە ساڵی ١٩٤٦ لە ڕێگای (بەهائەدین نوری) پەیوەندی بە (ح. ش. ع) کردووە. ساڵی ١٩٤٧ حەفتا فەقێ لە گردی سەیوانی شاری سلێمانی کۆدەبنەوە و یەکێتی فەقێکانی کۆمۆنیست دروستدەکەن، کە ئەویش یەکێک بووە لەوان، ساڵی ١٩٥٠ بڕوانامەی مەلایەتی وەرگرتووە، لە گوندەکەی خۆی (ئیلنجاغی گەورە) بۆتە مەلا، دوای ساڵی ١٩٥٨ کۆمەڵەی جوتیارانی لە گوندی ئیلنجاغ دروست کردووە و خۆی بویتە سەرۆکی، ساڵی ١٩٧٢ گواستراوەتەوە مزگەوتی گوندی سێگرتکان و پاشانیش بۆ مزگەوتی سەلاحەدینی شاری هەولێر و تاکو خانەنشینبوونی لە مەلایەتی بەردەوام بووە، ساڵی ٢٠١٨ کۆچی دوایی کردووە. ئەم زانیارییانە لە بەڕێز (محەممەد مەلا سدیق) وەرگیراوە.

## کردنەوەی بارەگای (ی. ق. ک) لە گوندی ئیلنجاغی گەورە

هەرلەماوەی خوێندنم لە قوتابخانەی ناوەندی کۆیە لە ساڵی ١٩٧٢، بۆ هاوینان کە دەگەڕامەوە گوندی ئیلنجاغی گەورە، بارەگایەکمان کردبۆوە بەناوی بارەگای (ی.ق.ک) لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تر، ئەوانەی کە لەبیرم مابن: جاسم، (عەبدوڵڵا عەزیز[١])، (یونس حاجی حەمەدەمین[٢])، گوشاد عبدالرحمن، نەجمەدین مولود، (بەکر سلێمان[٣]) و بەکر ئۆمەر و... هتد، کە من وەک لێپرسراوی یەکەمیان بووم. شایانی باسە مامۆستا زاهیر عوسمان زۆر هاوکار و یارمەتی دەرمان

---

(١) عەبدوڵڵا عەزیز حەمەدەمین: ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی ئیلنجاغی گەورە لە دایک بووە، دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵی هەولێرە لە ئاسکی کەڵەک، بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە لە ساڵی ١٩٧٤ تا هەرەسی شۆڕش، فەرمانبەر بووە لە سایلۆی هەولێر تاکو خانەنشین بوونی، دوای ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی لە ٢٠٢٠/٨/٢١ کۆچی کردووە و لە گوندی ئیلنجاغی گەورە بەخاک سپێردراوە.

(٢) یونس حەمەدەمین خدر: ساڵی ١٩٥١ لە گوندی ئیلنجاغی گەورە لە دایک بووە، دەرچووی پۆلی شەشی سەرەتاییە، کورد پەروەر و دڵسۆز بووە، بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە، پیشەی بەرگدروو بووە، لە ٢٠١٦/٩/٢٩ کۆچی دوایی کردووە و لە گوندی ئیلنجاغی گەورە بەخاک سپێردراوە.

(٣) شەهید بەکر ڕەشاش: ناوی تەواوی بەکر سلێمان فەتحوڵایە، ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی ئیلنجاغی گەورە لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتای لە ئیلنجاغ تەواو کردوە و بۆ ناوەندی چۆتە شارۆچکەی تەق تەق، ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردووەو لە تۆپخانەی شۆڕش بۆتە پێشمەرگە تاکو ئاش بەتاڵ، پاشان گەڕاوەتەوە سەر خوێندن و گەنجێکی چالاک بووە، بۆیە لە لایەن دەزگاکانی ڕژێم چاودێری کراوەو نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکات، لە پایزی ١٩٨٠ بویتە پێشمەرگەو لەبەر ئازایەتی و بوێری هەر زوو کراوەتە فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی دووی تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر. لە ڕێککەوتی ١٩٨٢/٩/٢٢ لە دوای ئەنجامدانی چالاکیەک و ڕوو بە ڕوو بوونەوەی هێرشی ڕژێمی عێراق لەبەری شێخ بزێنی، لە سنوری گوندەکانی شەوگێڕ و کاولە سوار، شەو لە کاتی پەڕینەوەیان لەگەڵ کاکەی هاوڕێی لە زێی بچوک خنکان و گەیشتنە کاروانی نەمران.

بوو، ڕێنماییکارو ڕێنیشاندەرمان بوو، چۆن لە قوتابخانە مامۆستامان بوو، لە کاری ڕێکخراوەیی و پەروەردەی حیزبیش بەهەمان شێوە مامۆستا و ڕابەرمان بوو.

سەرەڕای ئەوەی کە لە وەرزی هاوین دەگەڕاینەوە گوند، دەبوایە هاوکار و یارمەتیدەری خێزانەکانمان بین لە کاری کشتوکاڵی و کاروباری لادێ، بەڵام هەر هەلێکمان بۆ بڕەخسابوایە، لەم بارەگایە کۆدەبوینەوە و بەپێی بڵاوکراوە و نامیلکە و بەیاننامەکانی، کە ئەوکات بەردەست بوون، وەک: پەیڕەو و پڕۆگرامی پارتی، گۆڤاری کادیر، ڕۆژنامەی برایەتی و ... هتد، دەکەوتینە خوێندنەوەیان و گفتوگۆکردن لەسەریان، وەک پێشتریش ئاماژەم پێدا، مامۆستا زاهیریش بەردەوام ئامۆژگاری و ڕێنمایی و بابەتی گرنگی لەسەر کوردایەتی و حیزبایەتی بۆ باسدەکردین. هەر لەو بارەگایەشدا دوو ئاهەنگی بچوکمان سازکرد، کە تیایدا وتار و گۆرانی و شانۆگەریمان پێشکەشدەکرد.

## کاری ڕێکخراوەیی و پارتایەتی لە کەربەلا

لەگەڵ ئەوەی لە کوردستان لە ئامادەیی کشتوکاڵی کەڵەک بە غەدر وەرنەگیراین، کە ئەوکاتە شەڕی نێوان کورد و دەوڵەتی عێراق وەستابوو، گفتوگۆی نێوان پارتی و ڕژێم بەردەوام بوو، حیزبی دەستڕۆیشتوو بەڕێوەبەری کارەکانی کوردستان پارتی بوو، بەڵام کە گەیشتینە ئامادەیی کشتوکاڵی کەربەلا، هەندێک خوێندکاری کورد ساڵی خوێندنی پێش ئێمە ١٩٧٢-١٩٧٣، لە ئامادەیی کشتوکاڵی پارێزگای بابل وەرگیرابوون.

(ئاودێر[١])، کە خەڵکی کۆیە بوو، لەنێو ئەو کۆمەڵە خوێندکارە بوو، کە زانیبووی ئێمەش گەیشتووینەتە ئامادەیی کشتوکاڵی کەربەلا، نازانم کێ باسی منی بۆ کردبوو، چونکە من نەمدەناسی، یەکسەر هاتە سەردانمان و منی جیاکردەوە و گوتی: لە شاری حیللە ناوچەیەکی پارتی هەیە بەناوی: (ناوچەی فوراتی ناوەڕاستی پارتی دیموکراتی کوردستان/ اللجنة المحلية للحزب الديموقراطى الكوردستانى في الفرات الاوسط)، وابزانم ئەوە سنوری پارێزگاکانی (بابل، کەربەلا، نەجەف و دیوانیە)ی دەگرتەوە. پیاوێک بەرپرسی ئەم ناوچەیە بوو بەناوی (فتحی معسوم/ ابو کاوە)، کە خەڵکی ناوچەی ئاکرێ بوو، خزمی عەزیز ئاکرەیی بوو، نازانم بۆچی ماڵەکەیی و ئەرکەکەی لە حیللە بوو.

ئاودێر گوتی: تۆ دەبێ ئەو خوێندکارانەی خۆتان ڕێکبخەی، منیش گوتم: ئێمە نیوە هەولێرین و نیوە سلێمانی، ڕەنگە ئەوانەی سلێمانی هەندێک بۆمن زەحمەت بێ و نەگونجێ، بەڵام محەممەد ئەحمەد کە لەگەڵمانە و خەڵکی پارێزگای سلێمانی/ پێنجوێن-ە، کوڕێکی وریا و باشە، ئەویش بانگدەکەم بۆ ئەوەی هەردووکمان پێکەوە ئەرکەکە ئەنجامبدەین.

---

(١) شەهید ئاودێر: ناوی تەواوی ئاودێر عەبدوڵلا ساڵح حەسەن، ناسراو بە شەیدا، ساڵی ١٩٥٢ لە کۆیە لەدایکبووە، دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵی حلـلە یە، لە ساڵی ١٩٧٤ پێشمەرگە بووە لە شۆڕشی ئەیلول تاکو هەرەس، ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، ساڵی ١٩٧٨ بوەتە پێشمەرگەی شۆڕی نوێ، دوا پلەی ڕابەری سیاسی قوەی کۆسرەت بووە، بەشداری چەندین چالاکی پێشمەرگانەی کردوە و لە ڕێککەوتی ١٩٧٩/٨/١١ لە قورەبەرازەی دەشتی کۆیە شەهیدبووە. ئەم زانیارییانە لە بەڕێز (کوردە خان) وەرگیراوە.

مـن و محەمـمەد پێنجـوێنی، ئەو کـۆمەڵە خوێنـدکارەی لەگەڵمـان بــوون، قســـەمان لەگەڵ کــردن و لە ڕیزەکـــانی یەکێتـــی قوتابیـــانی کوردستان و پارتی ڕێکمانخستن، تەنیا سێ کەسیان نەبێ کە بووبوونە بەعسـی و نەمـانتوانی قسـەیان لەگەڵدا بکەیـن، کە دووانیـان هەولێـری بوون و ئەوی تریشیان سلێمانی.

پەیوەنــدیمان لەگەڵ ئـــاودێر بەردەوامبـــوو، ئەو دەهـــات، ئـــێمە دەچووین، تاکو شەڕی پارتی و ڕژێـم دەسـتیپێکردەوە. ئاودێر هەندێک نـامیلکە و بڵاوکـراوەی بۆ هێنـابووین، دەمانخوێندەوە و دابەشـی سـەر برادەرانمان کردبوو، کە شەڕ دەستی پێکردەوە، هەمویانم کۆکردەوە و بە بۆچوونی خۆم من باشتریان هەڵدەگرم و دەیانشـارمەوە، جانتـایەکم هەبوو لای ژێرەوەی دوو بەرگ بوو، پێموابـوو شـوێنێکی زۆر باشـە و بۆیە هەمویانم خستە نێوانی دوو بەرگەکەوە.

دیارە (یەکێتـی نیشـتیمانی قوتابیـانی عێراق/ الاتحـاد الـوطني للطلبـة العـراق)ی ســەر بە ڕژێـم، هەر لە ســەرەتاوە چاودێریـان کردبـووین و ئاگــاداری جـوڵە و هەڵســوکەوتمان بــوونە، بـۆیە شــەوێک لە بەشــی ناوخۆیی لە ناکاو بە ژووریَ کەوتـن و گوتیـان هەمووتـان دۆڵابەکانتـان بــکەنەوە و لێیــان دوورکەونەوە، دوو ســێ دۆڵاب گەڕان و یەکســـەر چوونە سەر دۆڵابەکەی من، جانتاکەیان دەرهێنا و تۆزێک نـاوی گەڕان و دەسـتیان بردە نێوان هەردوو بەرگەکە و نـامیلکە و بڵاوکراوەکانیـان دەرهێنـا. لەگەڵ ئەوەی بـاش دەیـانزانی دۆڵابـی مـنە، بەڵام پرسـیان ئەم دۆڵابە هی کێیە؟ وەڵاممدانەوە، کە هی مـنە، ناوەکەمیـان نوسـی و دوای کاتژمێرێک بانگیـانکردم، گوتیـان ئەم بڵاوکـراوە و نامیلکـانە باسـی چـی دەکەن و بــۆ لەلاتـــن؟ بـــاش بـــوو پـــێش دەســـتپێکردنەوەی شــــەڕ،

خوێنــدکارانی ئامــادەیی کشــتوکاڵی کەڵەک بە گەشــتێک هــاتبوونە ئامـادەییەکەی ئـێمە و دوو شـەو مـانەوە، یەکێتـی قوتابیـانی سـەر بە بەعس لە ئامـادەیی کشـتوکاڵی کەربەلا ئاهەنگێکیـان بـۆ سـازکردن، لە یـادمە مـن لە ئـاهەنگەکە جـۆش و خرۆشـی کـوردایەتی گرتمـی، ئەو کــاتەش بارزانیمــان خۆشدەویســت و بە ڕابەر و بــاوکی گەورەی کوردمان دەزانی، بۆیە ئەم دروشمانەم گوتەوە:

(اسد على جبال كوردستان واقف وبيده علم كوردستان ترف ڕف هـذا هـو بـارزانی کـل عـالم يعرفـه)، واتە: شـێرێک لەسـەر چیاکـانی کوردسـتان وەسـتاوە و ئـاڵای کوردسـتانی بە دەسـتەوەیە و بـای دەدا ئەوە بــارزانییە و هەمــوو جیهــان دەیناســێ. بــۆیە لە وەڵامــی پرسـیارەکەیان، گـوتم: ئەوکـاتەی خوێنـدکارانی ئامـادەیی کشـتوکاڵی کەڵەک هاتنە ئێرە، ئەوان ئەو نامیلکە و شتانەیان دامێ، پێم جوان نەبوو لێیان وەرنەگرم، بەڵام نەمخوێندونەوە و نـازانم هـی کێیە و باسـی چـی دەکەن! دڵنیـام ڕاسـتییەکانیان بـاش دەزانـی، بەڵام پـێم سـەیر بـوو هـیچ کاردانەوە و لێپرسینەوەیەکی تریان لەبەرامبەرمدا ئەنجامنەدا.

## کاری ڕێکخستنی نهێنی

لە هــاوینی ســاڵی ١٩٧٣ لەگونــدی ئیلنجــاغی گەورە بــووم، ئەو ســاڵەبوو کە لە خوێنــدنی ئامــادەیی کشــتوکاڵی کەڵەک وەک پێشــتر باســمکرد وەرنەگیرابــووم و بــۆیە لەمــاڵەوە بــووم، (نــامیق کەریــم تاڵەبانی[1])، کە زۆر دۆست و هـاوڕێی خۆشەویستم بـوو، پـێش بەیـانی

---

(١) شەهید نامق کەریم سمایل مەولود، ناسراو بە نـامق تاڵەبانی، سـاڵی ١٩٥٤ لە گوندی تاڵەبـانی گەورەی نـاحیەی تەقـتەق لەدایکبـووە، سـاڵی ١٩٧٣ پەیوەنـدی بە ڕێکخـراوی

١١ی ئازار چەکداربوو، پارتی بوو لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی بوو، لە گوندی تاڵەبانەوە بەسەردان هاتبووە ئیلنجاغ، پیاسەیەکمان کردوو بۆی باسکردم کە ڕێکخستنێکی نوێ دروستبووە و ئەو پەیوەندی پێیانەوە کردووە و داوای لەمنیش کرد کە ئیشیان لەگەڵدا بکەم، ناوی ڕێکخستنەکەش کۆمەڵەی مارکسی لینینی بوو، ئەوەی ڕاستی بێت ئەوکاتە من هیچ زانیاریەکم لەبارەی تیۆر و فەلسەفەی مارکسیزم-لینینزم نەبوو، لاشم خۆشەویست و جێگەی ڕەزامەندی نەبوو، چونکە ئێمە پارتی بوین و پارتیشمان بە حیزبێکی نەتەوەیی دەزانی، ح. ش. ع مارکسی بوون و حیزبێکی کۆمۆنیستی نێونەتەوەیی بوون، ئێمە ئەم دوو حیزبەمان بە دوو ئایدۆلۆژیای دژ بەیەک دەزانی و هەمیشە دژی بیروبۆچونەکانی ح. ش. ع بووین، بەڵام ئەوەی کە هاندەرم بوو بەڵێن بە نامیق بدەم کە کاریان لەگەڵ بکەم، ئەوەبوو پێشتر ئەو چەکداری باڵی مەکتەبی سیاسی بوو، منیش خۆم بە دۆست و لایەنگری باڵی مەکتەبی سیاسی دەزانی، بەو نیازەی کە ئەم ڕێکخستنە نوێیە ژیاندنەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی بێت و لە ئەندام و ڕێکخستنە کۆنەکانی ئەوان پێکبێت، ئەوە پاڵنەر بوو کە بڵێم باشە و کارتان لەگەڵ دەکەم، بەڵام تەنیا دووجار لەگەڵ نامیق یەکترمان بینی، بەهۆی ئەوەی ماڵمان چووە هەولێر و منیش بۆ خوێندن چومە پارێزگای کەربەلا و پاشان نامیقیش بووە پێشمەرگە و شەهیدبوو.

---

کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٧٦ لەسەر داوای سەرکردایەتی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە. لە ١٩٧٧/١٢/١٢ لە گوندی کانی سووری دەشتی کۆیە شەهیدکراوە. (حەیدەر مەنتک: ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی (ی.ن.ک) لە هەولێر، ب١، ٢٠١٨، ل ٨١٧).

کۆتایی ساڵی ١٩٧٧ بەفەرمی لەڕێگەی گوشاد عەبدولڕەحمانەوە، کە لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوو لە بەغدا، پەیوەندیم بە کۆمەڵەی مارکسی – لینینی کوردستانەوە کرد. کۆمەڵە لەسەر بنەمای مارکسیزم – لینینزم/ تیزی ماوتسی تۆنگ دامەزرابوو، کە پاشان ناوەکەی گۆڕاو بوو بە: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، بەڵام لەبەرئەوەی من کار و ژیانم لە هەولێر بوو، دوای سێ مانگ پەیوەندی ڕێکخستنم گواسترایەوە بۆ ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە هەولێر. بەڵام ئەمجارەیان دوای خوێندنەوەی چەند سەرچاوەیەکی پەیوەندیدار بە فەلسەفە و هزر و تیۆرەکانی مارکسیزم–لینینزم، وەک: سەرمایەی کارل مارکس، داندراوەکانی لینین و خوێندنەوەی شۆڕشەکانی جیهان و هەندێک نامیلکە و گۆڤار، بەتایبەتی گۆڤارێکی بەرەی میللی ڕزگاریخوازی فەڵەستین هەبوو، ئەگەر بەهەڵەدانەچوبم ناوی (الهدف) بوو، بەکورتی هەندێک شارەزایم لەم بوارەدا پەیداکرد و بیرۆکەیەک لەناخمدا چەکەرەی کرد.

کاری ڕێکخستن ئەوکات زۆر دژوار بوو، ڕژێمی عێراق دوای هەرەسپێهێنانی شۆڕشی ئەیلول خۆی بەسەرکەوتوو دەزانی و هەر بەڕاستیش لە کوردستان هەرەسی بە شۆڕش و کاری ڕێکخراوەیی هێنابوو. بستێک لەخاکی کوردستان نەمابوو بە ڕەبایە و سەربازگە و مۆڵگەی ڕژێم نەتەنرابێ، ڕێکخراوەکانی حیزبی بەعس سنوری کارکردنیان لەشارەکانی کوردستان تێپەڕاندبوو بۆناو گوندەکان و خەڵکێکی زۆریان ڕێکخستبوو، ئینجا چی ئەوەی لەترسان بوو، یاخود هەندێکیان بە ئیمتیاز و هەندێکی تریان بەڕاستی بووبوون بە دڵسۆزی حیزبی بەعس. بەمەش تۆڕێکی جاسوسی گەورەیان دروستکردبوو.

لەهەر گوندێک جاسوسێکیان دانابوو بەناوی موختار، لەڕاستیدا کاری جاسوسی و هەواڵگەیاندنی بۆ ڕژێم دەکرد. بارودۆخەکە وای لێهاتبوو هیچ کەسێک جێگای بڕوا و متمانە نەمابوو، تەنانەت خەڵک لە ناو خێزانەکەی خۆشیدا نەیدەوێرا دژی ڕژێم قسەبکات، دەگوترا دیوار بەگوێیە.

بۆیە کاری ڕێکخستن زۆر سەخت بوو، لەبەرئەوەش بوو کە پەیکەری ڕێکخستن هێشوویی (عەنقودی) بوو، یەکێک یەکێکی تری دەدیت و نەدەبوو لەیەک کەس زیاتر بەیەکەوە ببینێت و نەدەبوو خەڵکێکی زۆر یەکتر بناسن، لەپێناو پاراستنی گیانیان. من ئەوکاتەی گوشاد عەبدولڕەحمان پەیوەندی پێوەکردم، ئەو لە ڕێکخستنەکانی بەغدا بوو، پێمگوت: بەمەرجێک دەبمە ڕێکخستن، هەر لە لای ئێوە دەمێنمەوە لەبەر پاراستنی خۆم، چونکە ڕێکخستن زۆر نهێنی بوو، بەڕاستی متمانەش زۆر کەم بوو، هەرچەندە ئەو بەڵێنیشی پێمدا، کەچی دوایی گوتیان نابێت لەسەر ڕێکخستنی بەغدا بیت و دەبێ بگوازرێیتەوە بۆ سەر ڕێکخراوی هەولێر.

کاتێک گواسترامەوە بۆ سەر ڕێکخراوی هەولێر، یەکەمجار مامۆستا سەید برایم پەیوەندی پێوەکردم. دوای ئەویش مامۆستا سەیفەدین بوو، کە ئەویش بوو بە پێشمەرگە، (زیادی گچکە[1]) پەیوەندی پێوەکردم، دواتر ئەویش ناوی هات بۆ سەربازی و نەچوو خۆی شاردەوە، بۆیە شوان قادر، کە ئێستا پزیشکە لە هەولێر و

---

(١) شەهید زیاد: کاکە زیاد عومەر تەها، ناسراو بە کاکە زیادی گچکە و کاکە زیادی کۆمیتە، ساڵی ١٩٥٦ لە شاری هەولێر لەدایکبووە، کۆلێژی یاسای زانکۆی سلێمانی ساڵی ٢٠٠٢ تەواوکردووە، لە مانگی ئازاری ٢٠٠٣ شەهیدبووە. ئەم زانیارییانە لە بەڕێز (شەماڵ عەبدوڵڵا) وەرگیراوە.

پســـپۆڕی چارەســـەری سروشـــتیە لە ئێســـقان و دەمـــار، ئەوکـــات خوێنـدکاری کـولێژی پزیشـکی بـوو لە زانکـۆی موسـڵ، پەیوەنـدی پێـوەکردم، بەڵام لەگەڵ شـوان مـاوەکی کەم مـامەوە و هەر یەک دوو جار یەکتریمان دیت و منیش بووم بە پێشمەرگە.

لەماوەی کارکردنم لە ڕێکخستنی نهێنیدا لە ناو شاری هەولێر، ئەو هاوڕێیـانەی کە پێشـتر باسـمکردن یەک لەدوای یەک بەرپرسـم بـوون، منیش مامۆستا حسێن و مام جاسمم دەبینی هەریەک بەجیا، ئەوانیش خەڵکـی تریـان دەبینـی، کە مـن نەمدەناسـین، هەر بـۆیەش پەیـکەری ڕێکخستنی ئەوکات وەک وتم پێیدەگوترا شێوەی هێشوویی.

## چەند چالاکییەک لە کاری ڕێکخستنی نهێنی

ئەو مـاوەیە تـاکو بـومە پێشـمەرگە، جـگە لەخوێنـدنەوە و خـۆ پەروەردەکـردن و کـاری ڕێکخسـتن، چەنـد جـارێکیش چـالاکی جۆراوجۆری، وەک بڵاوکردنەوەی بەیاننـامە و دروشـمەکانی کۆمەڵە و یەکێتی، کە لەسەروی خۆمانەوە بۆمان دەهـات ئەنجامـدەدا. بەیاننـامە و دروشمەکان بە گشتی دەربارەی سیاسەتی شۆڤێنیانەی ڕژێمی بە عس و ڕوبەڕوبوونەوەیـان بـوو، هەروەهـا بـۆ هانـدانی خەڵـک دژی ڕژێـم و بەرزکردنەوەی ورەیان بوو.

لەو چالاکیانەی کە لە یادم ماوە، ئەو دوو نمونەیەی خوارەوە باس دەکەم:

شـەوێک چەنـد بەیاننـامە و دروشـمیان بـۆ هێنـام، کە لە گەڕەکـی سەیداوە و ناوچەیماڵی خۆمان لە دیواریان بدەم، بە تەنیا بووم، بۆیە وەلی برام لەگەڵم هات، شەوێکی زۆر نـاخۆش بـوو، پێمـوایە دەزگاکـانی

ڕژێم هەستیان بە چالاکی ئەو شەوەی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە شاری هەولێر کردبوو، ئۆتۆمبێلێکی پۆلیسی فریاکەوتن (نجدە) ناوچەکەی ئێمە و دەوروبەرمانی بەرنەدەدا، تاکو چالاکیەکەمان تەواوکرد مەترسی زۆرمان لەسەربوو، بەڕێککەوت نەگیراین و نەکوژراین. بۆ بەیانیەکەی زانیمان یەکێک لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لەکاتی ئەنجامدانی چالاکی، لەهەمان شێوەی چالاکیەکەی ئێمەدا، لە گەڕەکی کوران شەهیدکرابوو.

شەوێکی دیکە، کە شەوی هاوسەرگیریشم بوو ١٠-١٩٧٩/١١/١١، وەک پێشتریش ئاماژەمپێیدا، چالاکیەکی لەهەمان شێوەی چالاکی پێشویان پێسپاردم، ئەوجارە دەبوو لە گەڕەکی تەیراوە و دەوروبەری تجنیدی کۆن ئەنجامیبدەم، ڕۆیشتم و چالاکیەکەم ئەنجامدا و شەو درەنگ کە گەڕامەوە، باوکم لە تورەییان پشکی دەیناو چەند جوێنێکی مزریشی پێدام. خۆناهەقیشی نەبوو، ئاخر من زاوابووم و بوکم لەماڵەوە جێهێشتبوو، بەڵام کاری ڕێکخستن و بەجێگەیاندنی ئەرکەکەم لەپێش هەموو شتێکەوە بوو. بۆیە بەڕاستی کاری ڕێکخستنی ناوشار و کاری پڕ نهێنی و سەخت و دژواربوو. هەر بەوجۆرە بەردەوام بووم تا ڕۆیشتم بۆ پێشمەرگایەتی.

## پێشمەرگایەتی

لە مانگی ئازاری ١٩٨٢، جارێکی تر لە گەرمەی شەڕی ئێران-عێراق، موالیدەکەم (١٩٥٤)، بۆ جاری سێیەم بۆ سەربازی جاری دووەمی یەدەگ، بانگکرایەوە بۆ ڕاژەی سەربازی. بڕیارمدا نەچم بۆ سەربازی و پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بکەم، بۆ ئەم مەبەستە کورتەک و شەرواڵی خاکی و پێڵاوی شەوڕۆ و جەمەدانیم

کڕی، دوای وەرگرتنی تەزکیەی ڕێکخستن، لە ڕێککەوتی ١٩٨٢/٣/٢٥ لەگەڵ مام وسو، کە لە نێوان کۆیە - هەولێر هاتوچۆی دەکرد، بەرەو کۆیە بەڕێکەوتم.

جاسم، کە لە ڕێکخستن پەیوەندی بەمنەوە هەبوو، پێش ئەوەی من بڕۆم، سەربازی یەدەگ بوو، ڕۆژێکیان کە مۆڵەت بوو هات و گوتی: "ناچمەوە سەربازی و تەزکیەی ڕێکخستنم بۆ وەرگرە و پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکەم". منیش تەزکیەم بۆ وەرگرت و ماڵئاواییمان لەیەکتر کرد، کەچی ئەو چووبوو لە گوندی کێلەسپی لە ماڵی حەمەڕەئوفی پورزای مابۆوە، چونکە بە تەنیا ڕێگای بۆهیچ لایەک دەرنەکردبوو، کە زانیبووی منیش بڕیارمداوە پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بکەم و هاتوومەتە کۆیە، وەڵامی بۆناردم بچم بۆ گوندی کێلەسپی و لەوێوە بەیەکەوە بڕۆین.

ڕۆژی دوایی (١٩٨٢/٣/٢٦) حەمە ڕەئوفی مام شێخ محەممەد، کە جاسم لە ماڵیان بوو، تراکتۆری هەبوو، ڕۆژانە هاتوچۆی کۆیەی دەکرد، هاتو گوتی: "بابڕۆین". ئەو ڕۆژەش دوا مۆڵەتی موالیدەکەی ئێمەبوو، کە بچینە فەرمانگەی سەربازگیری و ڕەوانەمان بکەن بۆ سەربازی. لەگەڵی سواری تراکتۆر بووم و ڕۆیشتین سەیرمانکرد کۆستەرەکانی هاوڕێکانی ئێمەیان پێ ڕەوانەدەکردن لەپێش ئێمەوە دەڕۆیشتن، نزیک بازگەی تۆپزاوا بووینەوە، بازگەکە قەرەباڵغی و شڵەژانێکی پێوە دیاربوو، حەمە ڕەئوف ڕەنگی تێکچوو، گوتم ئەوە چیە؟ گوتی: "جەماعەتی بازگە گۆڕدراون، ئەوانەی تر هەمویان منیان دەناسی و هەرگیز ڕایان نەدەگرتم". گوتم: "گوێ مەدەیە و خۆت تێکمەدە، ئەمڕۆ دوا مۆڵەتە، واتە ئەمڕۆشمان ماوە، ئەگەر قسەیان کرد

دەڵێم دەفتەری ڕاژەی سەربازیم لەبیرچووە دەچم دەیهێنم". ڕۆیشتین باش بوو ڕایان نەگرتین و گەیشتینە گوندی کێلەسپی. (وشیار[١])، کە لە سەرکردایەتی و لە چاپخانەی شەهید جەعفەر پێشمەرگە بوو، مۆڵەت بوو، ئەویش هاتبووە گوندی کێلەسپی و لای جاسم بوو. دووسێ ڕۆژ لە ماڵی حەمەڕەئوف ماینەوە، ئینجا شۆڕبوینەوە بەرەو ئیلنجاغ و سماقە و ئۆمەرگومبەت و ... هتد، بۆ دۆزینەوەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، تاوەکو پەیوەندیان پێوەبکەین وەک پێشمەرگە.

وەک پێشتر ئاماژەمپێیدا، جاسم سێ مانگێک دەبوو تەزکیەم بۆ وەرگرتبوو، لەسەر داوای خۆی، کە ببێتە پێشمەرگە، لە شار دەرچووبوو، بەڵام لە گوندی کێلەسپی مابۆوە، کەچی بۆیان گێڕامەوە مام عەبدوڵڵا فەتحوڵا، کە ئامۆزای جاسم بوو، گوتبووی: ئەم کوڕە فەقیرە "واتە جاسم" بۆخۆی لە گوندی دانیشتبوو، ئەم کوڕەی مەحموودی (عەلیە، عەلیۆکەیە کێیە) گەیشتێ و هەڵی فڕاند و بردی!!! یادی بەخێر و خودا لێیخۆش بێت، بەڕاستی مام عەبدوڵڵا پیاوێکی دڵپاک و قسەخۆش و خزم دۆستبوو.

---

(١) شەهید وشیار عەبدولڕەحمان بایز کاوێس، ناسراو بە وشیار ئیلنجاغی، ساڵی ١٩٦٠ لە گوندی ئیلنجاغی گەورە لە خێزانێکی کورد پەروەر لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی ئیلنجاغ و ناوەندیش لە شارۆچکەی تەق تەق تەواوکردووە، دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵی کەڵەکە، ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. شەهید وشیار گەنجێکی پڕ جۆش و خرۆش و نیشتیمانپەروەر بوو، لەگەڵ ئەوەی گەنجێکی قۆز بوو، دەنگیشی خۆش بوو بۆ گوتنی سرودی نیشتیمانی و هەروەها ئامێری کەمانیشی دەژەنی، ساڵی ١٩٨١ بووە بە پێشمەرگە و سەرەتا لە چاپخانەی شەهید جەعفەر بووە و پاشان گواستراوەتەوە بۆ تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر، لە ڕێککەوتی ١٩٨٢/٨/٨ دوای شەڕێکی قارەمانانە و کەم وێنە لەگەڵ هاوڕێیانی (وریا و ڕێباز) لە چڵکنەی بەستی شەرغە شەهیدبووە.

## پەیوەندیکردن بە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر

گوندی ئیلنجاغی گەورە لەگەڵ هەشت گوندی تری سنورەکە، لە ساڵی ١٩٨٠ەوە بەبیانووی بونی نەوت لەناوچەکە ڕاگوێزرابوون، گوندەکە چۆڵبوو، تەنیا دووسێ ماڵی مەڕدار بە قاچاغ بنەگە و مەڕیان هێنابۆوە ئەوێ، وەک خانوبەرەش زۆربەی هەرەزۆریان وێران بووبوون، بینایەی قوتابخانەکە مابوو، بۆیە هەمویان لەوێدا دەژیان.

بۆیە گوندی ئیلنجاغ کەڵکی مانەوەی ئێمەی نەبوو، چونکە وەک چۆلەوانی وابوو، لەبەرئەوە چوینە گوندی سماقە و هەندێک ماڵە خزمی لێ بوو، کە پێشمەرگە بوون، دواتر چوینە گوندی ئۆمەرگومبەت، کە هەندێک ماڵە ناسیاوی لێ بوو، ئەو ماوەیەش تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لەسەرکردایەتی بوون و دەنگ و گۆی ئەوە هەبوو بەمنزیکانە دەگەڕێنەوە و ئێمەش لەچاوەڕوانیاندابووین.

ڕۆژێکیان چوینەوە گوندی ئیلنجاغ، لەهەمان کاتدا جەلال ئیلنجاغی، عوسمان بانیمارانی و حەسەن خدر، کە ئەوانیش هەمان موالیدی من بوون، هەروەها (محەمەدی ئامۆزام[1]) و لەتیف عەبدولڕەحمان و یونس حەمەدەمین و مەحموود حسێن و ستار فەتاح لە سەربازی ڕایانکردبوو، کە هەموومان لە ئیلنجاغ یەکمانگرتەوە، دانیشتین و دەستکرا بە قسەکردن و ڕاگۆڕینەوە، من و جاسم گوتمان ئێمە

---

(١) محەمەد ئەحمەد حەمەد: ناسراو بە محەمەد ئیلنجاغی یان حەمە چاوشین، ساڵی ١٩٥١ لە گوندی ئیلنجاغی گەورە لەدایکبووە و بەشداری هەردوو شۆڕشی ئەیلول و نوێی کردووە و فەرماندەیەکی ئازاو قارەمان بووە، لەدەیان شەڕو چالاکی بەشداریکردووە و لەهەندێکیان سەرپەرشتیار بووە. دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ بەڕێوەبەری پۆلیسی نەوت و گازی هەرێم بووە، لەڕێککەوتی ٢٠١٦/٧/٢٩ بەنەخۆشی شێرپەنجە لە نەخۆشخانەی پار-شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە و لە گوندی ئیلنجاغی گەورە نێژراوە.

ڕێکخستنی کۆمەڵەین و بۆ پێشمەرگایەتی هاتووین، لەگەڵ ئێمە جەلال و محەممەد و عوسمانیش گوتیان ئێمەش دەبینە پێشمەرگە، ئەوانی تریش گوتیان ئێمە لێرە خانویەک چاکدەکەینەوە و لە گوندی دەمێنینەوە.

دوای چەند ڕۆژێک تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر گەیشتنەوە ناوچەکە و پەیوەندیمان پێوەکردن، بەڵام من و جاسم گوتمان دەچینە سەرکردایەتی، (شاخەوان عەباس[1]) کە ئەوکات سەرتیپ بوو زۆری هەوڵدا و گوتی: ئێوە ئەندامی کۆمەڵەن و پیاوی ڕۆشنبیرن و حەزدەکەم لەگەڵ ئێمە بمێننەوە، نەمان سەلماند و گوتمان: هەردەبێ بچینە سەرکردایەتی و بارودۆخی ئەوێ تێبگەین، گوتی: "ئەگەر بشچن دڵنیام هەردێنەوە"! بەپێچەوانەی ئێمە، محەممەد گوتی: من لێرە دەبمە پێشمەرگە و لەبیرمە کەرتی دوو تفەنگێکی پەڕەشوتی زیادەیان هەبوو دایانێ و هەر شەوی یەکەم لەگەڵ مەفرەزەیەک بۆ ئەنجامدانی چالاکی چونە ناو شاری هەولێر و لەوێ برینداریش بوو.

---

(١) شەهید شاخەوان عەباس: ناوی تەواوی محەممەد عەباس عەولا، ناسراو بە شاخەوان عەباس، ساڵی ١٩٥٢ لە سەعدوناوەی هەولێر لەدایکبووە، دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵیە. ساڵی ١٩٧٢ پەیوەندی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، لە ١٩٧٧/٥/١٦ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە، چەندین ئەرک و پلەی جۆراوجۆری بڕیووە و لە کۆتا پلەی ئەندامی سەرکردایەتی ی.ن.ک بووە، لە ١ی شوباتی ٢٠٠٤ لە تەقینەوە تیرۆریستیەکەی ناو هۆڵی مەڵبەندی ٣ی هەولێر شەهیدبووە.

## بەرەو سەرکردایەتی و خڕی ناوزەنگ

دوای ئەوەی پەیوەندیمانکرد بە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، وەک پێشتر ئاماژەم پێدا محەممەد لەگەڵ مەفرەزەیەک چوونە شاری هەولێر، بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکی پێشمەرگانە، کە تیایدا محەممەد بریندار بوو. بەیانیەکەی لە گوندی بەردەسپی بەستی شەرغە بووین، کە چەندین گوند دەکەونە ئەوبەر و ئەوبەری بەستی شەرغە و لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو شوێنی حەوانەوەی پێشمەرگە بوون، یەکێک لەو گوندانە گوندی بەردەسپی بوو، کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای بەستی شەرغە لە پارێزگای هەولێر، دانیشتوانەکەی بە کاری ئاژەڵداری و کشتوکاڵیەوە خەریک بوون.

شاخەوان بانگی کردین و گوتی هەر سورن لەسەر قسەی خۆتان بۆ چوونە سەرکردایەتی؟ گوتمان: "بەڵێ"، ئەویش گوتی: "مادام هەردەچنە سەرکردایەتی، تۆ و جاسم بەیەکەوە مەڕۆن، هەرجارە و یەکتان بڕۆن، چونکە دەزانم هەردێنەوە". گوتم: "باشە ئەمجارە من دەچم، چونکە محەممەدیش بریندارە بۆ چارەسەردێت". شاخەوان گوتی: "باشە ئێستا لەگەڵ هەموو حیزب و ڕێکخراوەکان نێوانمان باشە، کەستان ڕێگاکە شارەزان بۆ وەرتێ؟" کە ئەوکاتە کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێری لێ بوو، دکتۆر کەمال خۆشناو بەرپرسی بوو، محەممەد گوتی: "من شارەزام"، چەندی چاوم لێداگرت، کە وانەڵێ بێ سوود بوو، شاخەوان گوتی: زۆرباشە مادام شارەزای، نامەیەکی نوسی بۆ کۆمەڵێک پێشمەرگەی مۆڵەت، کە لە گوندی بانیماران بوون، ئەو ناوانەی لەبیرم ماون ئەمانە بوون: خاڵە جەعفەر، (فەیسەڵ[1])،

---

(١) شەهید فەیسەڵ: فەیسەڵ وسو جومعە وسو، ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی ئیلنجاغی گەورە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ک) کردووە، هەر لەو ساڵەدا بە

هیدایەت حەمەد، عومەر حەمەد، خالید بانیمارانی، کە شەو لە ڕێگای کۆیە-هەولێر بمانپەڕێننەوە و دواتر خۆمان بڕۆین. ئێمە شەش کەس بووین: بەندە، محەممەد، کەمال حەمەڕەشید، مەحموود ئەنوەر، سامان دوبزی و (لەتیف نەوتفرۆش[1]).

لە گوندی بەردەسپی بەڕێکەوتین و لەشەرغە پەڕینەوە و باران دایدا. لەبەر بارانەکە لە لایەک و لە لایەکی تریش ڕێگای گوندی سماقەمان پێ خۆشتربوو، سماقە سەر بە ناحیەی دێگەڵە و قەزای کۆیەیە، دەکەوێتە خوارووی ڕۆژئاوای کۆیە، ئەوکات ڕێگای ئۆتۆمبێلی نەبوو، هەڵکەوتەی گوندەکە دەکەوێتە نێوان چەند زورگ و گردۆڵکەیەکەوە، کە چەندین ماڵە پێشمەرگەی لێ بوو، لە زۆر کاتیش جەولەی پێشمەرگە ئەو گوندەی دەگرتەوە، خەڵکی دێیەکەش چەند کەسێکیان پێشمەرگە بوون، بۆیە ڕێگای گوندی سماقەمان گرت، زانیاریشمان هەبوو کە کۆمەڵێک پێشمەرگەی مۆڵەت لە ماڵەوەن لە گوندی سماقە، کە پێموایە ئەمانە بوون: (مام عەباس[2])، سەلام،

---

هۆی ڕاگواستنی گوندەکەیان ماڵیان چۆتە گوندی بانیماران، ساڵی ١٩٨٢ بۆتە پێشمەرگە لە تیپی (٩٣)ی کۆیە، پێشمەرگەیەکی ئازاو زرنگ بووە. لە ڕێککەوتی ١٩٨٢/٣/٤ لە گوندی داوداوەی دەشتی کۆیە لەکاتی ئەنجامدانی چالاکیەک بە هۆی ڕوداوی ئۆتۆمبیلەوە شەهیدبووە و لە گوندی بانیماران بەخاک سپێردراوە. ئەم زانیارییانە لە بەڕێز (دابان حاجی سوارە) وەرگیراوە.

(١) شەهید لەتیف حەمەدەمین ئەحمەد محەممەد، ناسراو بە لەتیفی نەوتفرۆش، ساڵی ١٩٥٤ لە گوندی سێبیرانی کەندێناوە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، ساڵی ١٩٨٢ بووە بە پێشمەرگە، دوا پلەی فەرماندەی مەفرەزە بووە، لە ١٩٨٤/١٢/١٩ لە گوندی چواربەردەی قەراج شەهید بووە. (حەیدەر مەنتک: سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٧٠٣-٧٠٤).

(٢) مام عەباس: عەباس حەمەدەمین ئۆمەر ناسراو بە مام عەباس، ساڵی ١٩٣٤ لە گوندی ئیلنجاغی گەورە لەدایکبووە، لەتەمەنی لاویدا هەستی بە چەوساندنەوە و ماف خوراوی

جەوهەر و (مەجید سماقەیی[1])، لەگەڵ محەممەد ڕێککەوتین باسی ئەم نامەیە نەکەین، کە شاخەوان بۆ خاڵە جەعفەری نوسیبوو، بۆ ئەوەی لە ڕێگای کۆیە-هەولێر بمانپەڕێنێتەوە، بەڵکو یەکسەر بڵێین مام عەباس، شاخەوان سڵاو و ڕێزی هەبوو بۆت و گوتویەتی سبەی شەو بە سەرپەرشتی تۆ لەگەڵ پێشمەرگەکانی تر، کە مۆڵەتن و لە گوندی سماقەن، لە جادەی کۆیە-هەولێر بتانپەڕێنێتەوە. گەیشتینە گوندی سماقە و وامان بە مام عەباس گوت، یەکسەر گوتی: "بۆ نامەی نەنوسیوە؟" ئێمەش گوتمان: "گوتویەتی ئێوە خزمن و متمانەتان پێدەکات بۆیە نامەی ناوێ".

شەو لە سماقە ماینەوە، بەیانی بەڕێکەوتین، بۆ نیوەڕۆیەکەی گەیشتینە سنوری گوندی داربەسەری گەورە، کە ئەویش لە گوندە ڕاگوێزراوەکان بوو، بۆیە چۆڵەوانی بوو، تەنیا دووسێ ماڵە مەڕداری ڕەوەند هاتبوونە سنوری ئەم گوندە و ڕەشماڵیان لێ هەڵدابوو، بۆ نیوەڕۆ چوینە ئەو ماڵانە، پێش ئەوەی بگەینە ماڵەکان، وەلی برام و

---

گەلەکەی کردووە، بۆیە پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پ. د. ک کردووە، هەرچەندە مەیلی بەلای باڵی مەکتەبی سیاسی دا هەبووە، بەڵام بۆتە پێشمەرگە لە هێزی ئاسۆس و سەردەستە بووە تاکو ئاشبەتاڵ. ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ک) کردووە، ساڵی ١٩٨١ بۆتە پێشمەرگە لە تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر، دوا پلەی پێشمەرگایەتی فەرماندەی مەفرەزە بووە، لە ٢٠٠٥/٣/٢٤ بە نەخۆشیەکی کوشندە کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی گوندی ئیلنجاغی گەورە بە خاک سپێردراوە. ئەم زانیارییانە لە بەڕێز (سەلام عەباس) وەرگیراوە.

(١) شەهید مەجید ئەبوبەکر حەمەدئەمین، ناسراو بە مەجید سماقەیی، ساڵی ١٩٥٩ لە گوندی سماقە ناحیەی دیگەڵە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە کردووە، لە ١٩٨٢/٩/٢٤ لە کەلی سوور، نزیک گوندی ئاومال شەهیدبووە. (حەیدەر مەنتک: ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی (ی.ن.ک) لە پارێزگای هەولێر، ب٢، ٢٠٢٠، ل٦١٨).

سەباح عەبدولڕەحمانی پورزام، کە لە هەولێرەوە بۆ سۆراغ و سەردانی مـن هـاتبوون، چوبـونە سـماقە و لەوێ پێیـانگوتبوون بەرەو گـۆپتەپە ڕۆیشتوون، ئەوانیش هـاتن و بەیەک گەیشـتین و نیوەڕۆ بەیەکەوە لەم ماڵە مەڕدارانە نانمان خوارد و دوایی ئەوان بەرەو هەولێر گەڕانەوە و ئێمەش بەرەو گوندی گۆپتەپە بەڕێکەوتین.

گوندی گۆپتەپە نزیکە لە جادەی کۆیە-هەولێر، ئەوکات یەکێک بـوو لە گوندە ئاوەدانەکانی سنورەکە و کارەبای هەبوو، گوندێکی خـۆش و دڵگیر بوو، بەشێک لە دانیشتوانەکەی کرێکاری دارستان بوون، ئەوانی تریش بە کاری ئاژەڵداری و جوتیارییەوە خەریکبوون، جگە لە بنەماڵەی کوێخایەکـان، ئەوانەی تـر زۆربەی هەرە زۆریـان ئەنـدام و لایەنگـر و دۆسـتی حیزبـی شـیوعی بـوون، پێشمەرگەشـیان لە ڕیزەکـانی حیزبـی شیوعیدا هەبوو.

ئێمە لەسـەرەخۆ دەڕۆیشـتین بۆ ئەوەی ئێوارە بگەینە نـاو گوندی گۆپتەپە، چونکە لە جادە نزیک بوو، مەترسـی هێزەکـانی ڕژێم بە ڕۆژ لەسـەرمان زیـاتر بـوو، ئێـوارە گەیشـتینە نـاو گونـد. ئەوکـاتە محەمـمەد سمایل قادر، کە خەڵکی گوندی ئیلنجـاغی گەورەیە و بەهـۆی ڕاگواسـتن ماڵیـان چووبـووە گۆپتەپە و مـاوەیەک بـوو لە لایەن ڕژێمەوە گیرابـوو، تازە ئازادکرابوو، بۆیە خزم و دۆسـت دەهـاتن بـۆ سـەردانی، وەختێک تووشی محسین مەلا عەبدوڵڵا بووین، کە پیکـابێکی شـۆفرلێتی پێ بـوو، ئەویـش بـۆ سـەردانی محەمـمەد هـاتبوو، بەنهێنـی پێیگـوتین دوای نانخواردن وەرن بەزۆر بمبەن من ئینکاری دەکەم و ئێوەش جوێنم پێ بدەن و پڕکێشی لێدانم بکەن و بەزۆر سواری ئۆتۆمبێلەکەبن و بم بەن، هەتـاوەکو خەڵـک هەسـت نەکەن کە بەخۆشـی خـۆی لەگەڵمـان دێ و

هاوکاریمان دەکات، چونکە ئەو لە هەولێر دەژیا. پێش دابەشبوون مام عەباس کۆیکردینەوە و نهێنی شەوی دانا، یەکەمجارم بوو هەستمدەکرد کەسێکی جیاوازترم لە ڕۆژانی پێشوو، شێوازی ژیانم گۆڕاوە و چومەتە قۆناخێکی جیاوازتر، کاتێک گوێم لە وشەی نهێنی شەو و ڕێنماییەکانی مام عەباس، وەک فەرماندەیەکی پێشمەرگە دەگرت.

دابەشبووین و نانمانخوارد، دوای نانخواردن ڕێنماییەکانی محسینمان جێبەجێکرد و چوین لەبەرچاوی خەڵک بەزۆر بردمان. پێش ئەوەی بگەینە جادە دابەزین و محسین گوتی: "ئەگەر توشی کەمین نەبووم و دڵنیابووم هیچ شتێک لەسەر ڕێگانیە دووسێ فول لایت لێدەدەم، ئەگەر کەمین و شتیش هەبوو ڕێک بەبێ هیچ ئاماژەیەک دەڕۆم". دیسان مام عەباس ڕێنمایی پێویستی داو گوتی: "دوو دوو دەڕۆین، نهێنی شەو هەمان نهێنییە و ئەگەر توشی تەقە و شت بووین لێکدابڕاین شوێنی یەکگرتنەوەمان ناو گوندی گۆپتەپەیە". ڕۆیشتین لەجادە پەڕینەوە توشی هیچ نەبووین، ئینجا مام عەباس گوتی: "کاکە عەلی وەرە نامەیەک بۆ کاک شاخەوان بنوسە و تیایدا بڵێ مام عەباس بەباشی ئەرکەکەی جێبەجێکرد". ئەوەندەی گوتم: "تاریکە و کاغەز و قەڵەم نیە"، بێ سودبوو، پارچە کاغەزێکیان پەیداکرد، لە ناو شیوێک لەبەر لایتی قەڵەم نامەم بۆ شاخەوان نوسی: "لەبەرباران نەچوینەوە بانیماران و چووینەوە سماقە و بەناوی جەنابت بە مام عەباسمان گووتوە بمان پەڕێننەوە، ئەوانیش ئەرکەکەیان جێبەجێکرد". یەکترمان ماچکرد و ماڵئاواییمان لەیەکترکرد، ئەوان بەرەو گوندی گۆپتەپە و ئێمەش بە شاخی باواجیدا هەڵگەڕاین بەرەو دیوی کرۆژ.

کاتێک لە هەولێر و لە ماڵی خۆمان بڕیاری پەیوەندیکردن بەهێزی پێشمەرگەم بە باوکم و ماڵەوەمان ڕاگەیاند، دایکم و خێزانم و خوشکم زۆریان پێ ناخۆشبوو، بەڵام باوکم گوتی: "هەرچی دەیکەی ئازادی، تەنیا یەک داواکاریم هەیە بە پیاوانە بیکە". وەلی برام گوتی: "کاکە لە بوونت بە پێشمەرگە، چ شتێک لە پێشەخۆت بەترس و کێشە دەزانی؟" گوتم: "ئاو و سەگ، زۆر لەم دووشتە دەترسم، هەروەها لەبەرئەوەی هەندێک شەرمنم، دابەشبوون و نانخواردنم لە ماڵانیش پێخۆش نیە".

لە شاخی باواجی ئاودیوبووین، چەند ماڵە مەڕدارێکی ڕەوەندی لێبوو، کە چەند ڕەشماڵێک بوون، دڵنیابوم کە ئێستا سەگی زۆر دڕیان هەیە، زۆر دەترسام، بەتایبەتیش سەگی ماڵە ڕەوەندی مەڕدار، دوو دوو دابەشبووین بەسەر ڕەشماڵەکاندا و من و محەممەد ڕوومان لە ڕەشماڵێک کرد و گەیشتینە ژێر ڕەشماڵەکە، تەنانەت گوێمان لە وەڕینی یەک سەگیش نەبوو، لە دەنگی ئێمە پیاوێک لەخەو هەڵسا، سڵاومان لێی کرد نازانم وەریگرتەوە یان نا، بەدەم جوێندانەوە بەسەگەکان گوتی: "خۆیەکیان نەوەڕین و هێرشیان بۆنەکردن"! من گوتم: "خاڵە من زۆر دەترسم زۆرم پێخۆش بوو کە سەگەکان نەوەڕین و بێ ئاگابوون". گوتی: "ئەمە تۆ دەڵێی چی؟! من سەگم بۆچی ڕاگرتووە و نانیان دەدەمێ و خزمەتیان دەکەم"! لەڕاستیدا قسەکەی زۆر ڕاست بوو، چونکە پیشەی ئەو مەڕداری بوو، سەگی بۆیە ڕاگرتبوو تا مەڕەکانی لە گورگ و ئاژەڵی دڕندە و ... هتد بپارێزێت.

شەو درەنگ بوو یەکسەر خەوتین، بەیانی دوای لە خەو هەڵسان نانمانخوارد و بەڕێکەوتین بۆ نیوەڕۆ گەیشتینە گوندی سکتان.

ئەوکاتە گوندی سکتان بەهۆی کێشەی نێوان دوو بنەماڵەوە، چەند ماڵێکی کەمی لێمابۆوە، کە خزمی هیچ لایەک لەو دوو بنەماڵەیە نەبوون، کە کێشەیان هەبوو، ئەو چەند ماڵەش بەپێی قسەی خۆیان لەبەرکێشەی ئەو دوو بنەماڵەیە، کە هەمیشە چەکدار بوون، لە دووبەرەی جیاواز و دژ بەیەکدا: لایەک پێشمەرگە، لایەک جاش، یان لایەک یەکێتی، لایەک حسک ... هتد، بۆیە ئەو چەند ماڵەی سکتان ژیانیان خۆش نەبوو، هەمیشە لە مەترسیدا بوون، بۆیە بیریان لە چۆلکردنی گوندەکە دەکردەوە.

دوای ئەوەی نانی نیوەڕۆمان خوارد و بەرەو گوندی چیوەی سەرو بەڕێکەوتین، ڕێگای نێوان گوندی سکتان و گوندی چیوە، ڕێگایەکی دورودرێژ و بەردەلان و زۆر ڕەق و ناخۆش بوو، ئێمەش بەهۆی بێ ئەزمونی هەروامانەدزانی پێشمەرگە دەبێ تەنیا پێلاوی شەوڕۆ لەپێ بکات، کە پێچەوانەی ناوبانگەکەی پێلاوێکی زۆر ڕەق و ناخۆش بوو بۆ ڕێکردن، من پێش ئەوە پوتێکی زۆر نەرم و خۆش و باشم لە دیانا کڕیبوو، بەڵام لە کۆیە پێلاوێکی شەوڕۆم کڕی و پوتەکەم لەماڵی خەزورم بەجێهێشت، لەم ڕێگایە ڕەق و ناخۆشە پێم هەلاهەلا بووبوو، بارودۆخم زۆر خراپ بوو، زۆر ماندو و هیلاک بووم، محەممەدیش ماندو و بووبوو، بەهۆی برینداریەکەشیەوە جارجار خوێن لەدەمی دەهات، بۆیە لە شوێنێک کە پێی دەگوترێ کانی کفرۆک پشویەکماندا.

کانی کفرۆک دەکەوێتە نێوان گوندی سکتان و چیوەی سەرو، لە دەستە ڕاستی ڕێگاکەدا بوو، ئاوێکی باشی هەبوو، هەمیشە ڕێبواران لایاندەدا بۆ ئاوخواردنەوە و پشوودان، لەو وەختەشدا کاروانێکی

ولاغـدار، کە پێکهـاتبوون لە ژن و پیـاو و کـوڕ و کـچ پەیـدابوون، کە پرســیمان زانیمــان خەڵکــی گونــدی چیــوەی ســەرون، لە کــردن و کۆکردنەوەی کـاردیی و گەنگر و پیفـۆک و قێـزبەلە و گژوگیـای تـری بەهــارە و ئەو شــتانە دەهــاتنەوە، کە عادەتیــان بــوو ســاڵانە وەک کەلتورێـک ئەنجامیانـدەدا. زۆرمـان هەوڵـدا بەهـیمەت یـان بەقـیمەت، ولاغێکمـان بـدەنێ بـۆ کـاک محەمـمەد، بەڵام سـەریان نەهێنـایەبەر، لەم دەبێ و نابێیەش قسەی ئەوان چووە سـەر، دیار بوو کوڕەکان خۆیـان بەسـەرکەوتوو و بەهێـز نیشـاندا لە نـاو کـچ و ژنەکـان، هەرواش بـوو، بۆیە لێکرا بە هەردوو لاقیان کوتایانە بن زگی ولاغەکانیـان و بەقـاوقیژ و پڕتاو بۆی دەرچوون، هەر دەتگوت لەشکری عوسمانیان شکاندووە، تـا لەچاومـان بزربـوون، گوێمـان لێیـان بـوو هەر تـریقەی پێکەنینیـان دەهات. ئێمەش وردە وردە بەهیلاکی و شەکەتی ڕۆیشتین، هەرچۆنێک بوو گەیشتینە گوندی چیوە.

پێش ئەوەی بگەینە ناو گوند، چەند پێشمەرگەیەکمان لەبن دیـواری قوتابخـانەکە دیـت، نەمانـدەزانی سـەر بەچ لایەنـێکن، بـۆیە نەمانویسـت بچیـنە ناویـان. دیـاربوو بە هەڵوەسـتەکردنی ئـێمە، ئەوانـیش زانیـان نیازمـان نـیە بچیـنە لایـان، بـۆیە دوو پێشـمەرگەیان هـاتنە پێشـمان و گوتیان: "تۆفیق دەڵێ: بابێنە ئێرە"، ئێمەش تێگەیشتین، بەڵێ، ئەمە تۆفیـق بیریـژییە، کە تەنیـا ناومـان وابیسـتبوو، ڕۆژێـک پێشـمەرگەی ی. ن. ک، ڕۆژێک حسک، ڕۆژێک پارتی و...هتد بوو، بەڵام لەوکـاتەدا پێشـمەرگەی ی. ن. ک بـوو، چەنـد پێشــمەرگەیەکی لەگەڵـدا بــوو، لەبــن دیــواری قوتابخانەی گوندی چیوەی سەرو بوون. تۆفیق چوار مەخزەن فیشەکی کلانشــیکۆفی بەســتابوو، شــەیالەکانی بەردابــۆوە، هەردوو باســکی

هەڵکردبوو، کلانشیکۆفێکی موزەلی بەسنگێکی دیوارەکەوە کردبوو پیاسەی دەکرد و چەند پێشمەرگەیەک لەدەوری وەستابوون، سەلاممان کردو گوتی: "بەدووربین سەیرم کردن زۆر ماندوو و هیلاک دیاربوون، ئێوە چین و لەکوێ هاتوون و بۆ کوێ دەچن؟" گوتمان: "پێشمەرگەی ی. ن. ک ین"، گوتی: "ئەگەر پێشمەرگەن بۆ چەکتان پێ نیە؟" ئەو ڕاستی دەکرد هەموومان بێ چەک بووین، تەنیا لەتیف نەوتفرۆش دەمانچەیەکی چواردەخۆری کۆنی پێ بوو، دابویە مەحموود ئەنوەر لە قەدی خۆی بەستابوو، گوتمان: "تازە پەیوەندیمانکردوە و لە دەشتی هەولێرەوە هاتووین و دەچین بۆ سەرکردایەتی"، گوتی: "باشە بۆ شاخەوان مەفرەزەی لەگەڵ نەناردوون"؟ لە وەڵامدا گوتمان: "گوتویەتی ئێوە شارەزای ڕێگاتان لەگەڵە و لەگەڵ هەموو لایەنەکانیش نێوانمان زۆر خۆشە، بۆیە مەفرەزەتان ناوێ". کاک تۆفیق گوتی: "نێوان لەگەڵ هەمولایەنەکان خۆشە! جوێنێکی داو گوتی: دنیا حسک و پسک و ئاخۆران و باخۆرانە، جگە لەمەش ئەوها کەس نانیشتان ناداتێ، ڕاوەستن من لەگەڵ پێشمەرگەکانی خۆم دابەشتاندەکەم".

هەرچەندە تۆفیق بیرێژی وەک لەپێشەوە ئاماژەم پێدا، هەر ڕۆژەی لەگەڵ حیزب و لایەنێک بوو، بەڵام ئەم قسەیەی زۆر ڕاست بوو، کە دنیا ئەوەندە شامی شەریف نەبوو. دابەشیکردین و هەردوو کەس لە ئێمە پێشمەرگەیەکی خۆی لەگەڵدانی، لەگەڵ من و محەممەد، عومەر ناوێکی لەگەڵ ناردین، چوینە ماڵێک ناوی حاجی ئەحمەد بوو، دوای دانیشتن و گفتوگۆکردن لەگەڵ خانەخوێ، دۆستی ماڵی مام کوێخا وەسمان دەرچوو، گوتی: "زۆر دۆستمن و کە ترێ و شت دەهێنم بۆ فرۆشتن، دەچمە ماڵی ئەوان"، ئێمەش باسی خزمایەتی خۆمان لەگەڵ

ماڵی مام کوێخا وەسمان بۆکرد و ئیتر زۆر ڕێزیان گرتین. کچێکی گەنجیان هەبوو، کەهاتە ژورەوە من ناسیمەوە لەگەڵ کاروانەکەی سەر کانی کفرۆک بوو، بۆیە کچەکە یەکسەر گوتی: "من زۆر داوای لێبوردن دەکەم، وڵاغی خۆم لەلانەبوو، لەگەڵ کچێکی تر سوار ببووم، وڵاغەکە هی ئەو بوو، زۆریشم هەوڵدا نەیسەلماند وڵاغەکەتان بدەینێ".

دوای نانخواردن بەتانیمان برد و بۆ خەوتن چووینە مزگەوت، کە مزگەوت وەک هەمیشە لانە و شوێنی حەوانەوە و پشوودانی پێشمەرگە بوو، هەروەها شوێنی کۆبونەوەی جەماوەری و زۆر جاریش مینبەری شۆڕش بوو، لەگەیاندنی پەیام و بانگەوازەکانی شۆڕش بە خەڵک. بەهەرحاڵ، بەرەو مزگەوت ڕۆیشتین و پێشتریش تۆفیق پێیگوتین کە بێخەم بخەون و ئێمەش لەم کۆشکەی بەرامبەرتان دەخەوین و پاسەوانمان هەیە.

مزگەوت سۆبایەکی گەورەی بەرمیلی نەوتی دووسەد لیتری داری تێدابوو، داریشی زۆر لێبوو، ئاگرێکی خۆشمان کردەوە و خەوتین. شەو دووسێ جار چوومە دەرەوە و هەستمرادەگرت، تێبینیمکرد هیچ پاسەوانیەک و جموجۆڵێک لەم کۆشکەدا نیە، هەروەها محەممەدیش هەمان تێبینی هەبوو، سبەینێ زوو ئەو پێشمەرگانەی کە ئێوارە لەگەڵمان بوون هاتنەوە و ئێمە لەگەڵ عومەر بەرەو ماڵی خانەخوێ کەوتینە ڕێ. لەڕێگا لێمانپرسی ئەم شەو پاسەوانتان دیارنەبوو؟ گوتی: "پاسەوانی چی؟ ئێمە هەر یەک یەک و دوو دوو لە ماڵە دۆستان دەخەوین و پاسەوانمان نیە". من و محەممەدیش کەوتینە زەمکردنی ئەم جۆرە کەسانەی، کە هیچ بیری شۆڕشگێڕیان نیە و نازانن شۆڕش مانای چیە و جیاوازی ئەوان و جاشێک نیە و زۆر ئامۆژگاریمان کرد،

کە ئەو شوێنە جێبهێڵێ و بچێتە شوێنێکی باش ببێتە پێشمەرگە، ڕەزامەندی نیشاندا و گوتی: "هەر ئەمڕۆ چەکەکەم تەسلیم دەکەمەوە و ئێرە بەجێدەهێڵم".

گەیشتینە ماڵی خانەخوێ و نانی بەیانیمان خوارد و هەرشەشمان لە مزگەوت کۆبوینەوە و بەڕێکەوتین بەرەو گوندی شیرێ و لە شیرێی سەروو نانی نیوەڕۆمان خوارد و بەرەو شاخی دەرەشیر بەڕێکەوتین. دەرەشیر ئەو شاخەیە کە لە ساڵی ١٩٧٤دا، کەسێکی خەڵکی دەشتی هەولێر، کە بۆ پێشمەرگایەتی ڕووی لەم ناوچەیە کردبوو لە دوورەوە سەیری شاخەکەی کردبوو، تەڵاقی خواردبوو، کە ئەم شاخە هیچ ڕێگایەکی لێ نیە بۆ سەرکەوتن و پێداڕۆیشتنیی!!!

گەیشتینە دەرەشیر توشی کاروانێک بووین، دوای سڵاو و چاک و چۆنی، پرسیاری ڕێگای ساوسێوکەمان لێکردن، گوتیان بەفری زۆرە و ڕێگاکە نەشکاوە، ئەگەر زۆر شارەزا و بەتوانا نین و نان وپێخۆری باشتان پێ نیە بەوێدا مەڕۆن، چونکە ئێمە یەکەم کاروانین کە ئەم ساڵ بەوێدا هاتوین. سەرەتای مانگی نیسان بوو، ئێمەش نەک هەر شارەزا و بەتوانا نەبووین، بەڵکو زۆریش ناشارەزاو کەم ئەزمون و هیلاک و ماندو بووین، هیچ نان و پێخۆرێکیشمان پێ نەبوو. شارەزامان کاک محەممەد بوو، ئەویش ئینکاریدەکرد و دەیگوت: "من تەنیا ئەم ڕێگایە شارەزام و هەردەبێ لێرەوە بڕۆین". باش بوو کە لە شاخی دەرەشیر سەرکەوتین و گەیشتینە سەروچاوی مەلەکان و دایدایە باران، بەهۆی بارانەکەوە شۆڕبووینەوە بۆلای گوندی مەلەکان و بۆنانی نیوەڕۆ چوینە ئەوێ و لەوێ نانمانخوارد.

دوای نانخواردن و پشوودان بەڕێکەوتین بەرەو گوندی گەرەوانی سەروو. هەرکە لەمەلەکان دەرچووین، توشی گەنجێک بووین گوێدرێژێکی پێ بوو، داوام لێیکرد بەهیمەت یان بەقیمەت کاک محەممەد سواری پشتی گوێدرێژەکە ببێ، زۆر مەردانە گوتی: "برام قیمەتی نیە باسواربێت". کاک محەممەد سواری پشتی گوێدرێژەکە بوو، من و گەنجەکەش لەپێشی دەڕۆیشتین، برادەرانیش لەدوای ئێمەوە دەهاتن، کەوتینە گفتوگۆ و قسەکردن، گوتی: "من خەڵکی گوندی گەرەوانی سەرووم"، منیش گوتم: "ئێمەش تازە پەیوەندیمان بە ی. ن. ک وە کردووە و دەچینە سەرکردایەتی"، گوتی: "بەقسەی من بکەن لەم گەرەوانەی پێشەوە مەمێننەوە و بڕۆنە گەرەوانی خواروو، ئەوها بۆئێوە باشترە و نێوانیشیان زۆرنیە هەر بیست دەقیقەیەک دەبێت". زۆرم هەوڵ لەگەڵ محەممەددا نەیسەلماند و گوتی: "هەرلێرە دەبین". چەندی گوتم ئەم کوڕە پێیگوتووم ئەم ئامۆژگاریەم بۆ ئێوەیە و ئەوها لە بەرژەوەندیتانە، دیارە شتێک هەیە بۆیە وایپێگوتین، کەچی محەممەد ئینکاربۆوە و نەیسەلماند.

گەیشتینە گوندی گەرەوانی سەروو. دیارە ئەگەر بەپێی نەخشەی جوگرافی سەیربکەی دەبوایە ناوی ئەم دوو گوندە بەپێچەوانەی ناوی ئێستایان بێت، واتە: سەروو خوارو بێت و خواروش سەروو بێت، بەڵام ئەم ناوە لەسەر بنچینەی ئاوڕێژ ناونراوە، چونکە ڕێڕەوی ئاوەکە بەم شێوەیە تا ناوەکان پێچەوانە ببنەوە.

گەرەوانی سەروو دوکان و چایخانەی لێبوو، ڕۆژ لەسەر ئاوابوون بوو، لە چایخانەکە دانیشتین، عەبدوڵڵا بۆر ئەوکات حسک بوو، هەر خەڵکی ئەم گوندەش بوو، خۆیی و جەماعەتەکەی لەوێ بوون، هەموو ڕیش درێژ و بەچاوێکی زۆر ناشیرین سەیریان دەکردین و مۆڕەیان

لێدەکردین، مەلای شێوان بانگیدا و دابەشبوین، وەک هەمیشە من و محەممەد بەیەکەوە چوینەماڵێک ناوی پیاوەکەم لەیاد نەماوە، پیاوێکی زۆر هێمن و بێدەنگ بوو، بەڵام ژنەکەی ناوی حەلیمە بوو تاکو بڵێی درِ و زۆر بڵێ بوو، هەرئەوەندەمان خۆش بوو پرسیاری لێکردین ئێوە چین؟ گوتمان پێشمەرگەی یەکێتین، ژنە دابەزی و چیخراپە پێیکردین و گوتی: "کە جەلال جاشە و کرێگرتەیە و پیاوی فلان و فیسارە و ... هتد". پاشان گوتی: "وەرن ببنە پێشمەرگەی حسک هەرئێستا بە عەوڵا بۆر دەڵێم باشترین چەکتان بداتێ"، گوتمان: "شتی واناکەین". گوتی: "باشە لێرە مەڕۆن و بەفیراری بمێننەوە، من ژورێکتان دەدەمێ و هەموو ژیان و گوزەرانتان لەسەرمن". گوتمان: "ئەوەش ناکەین". پیاوەکەی کە تائێستا قسەی نەکردبوو، لێرە تەنیا ئەوەندەی گوت: "دەلێیانگەڕێ" !!!

من بیرم کەوتەوە سەید سەلاح لێپرسراوی ناوچەی ڕەواندزی حسک-ە، بۆیە لێم پرسی سەید سەلاح دێتە ئێرە و دەیناسن؟ یەکسەر گوتی: "چۆن تۆ سەید سەلاح دەناسی؟" گوتم: "خزمین و زۆر دۆستین و خۆشەویستی یەکترین". یەکسەر گوتی: "پیاوی وەک مامۆستا سەلاح کەمە و حەیفە خزمی تۆ بێت!" هەستاین و گوتمان پێخەفمان بدەنێ، گوتی: "نیە!" بەناچاری بەبێ پێخەف ڕۆیشتین و چوینە مزگەوت، سەیرمانکرد برادەرانیش هاتبوونەوە کزومەلول دانیشتبوون، هەمویان لەئێمەیان خراپتر پێکرابوو، زۆر گەڕاین دارمان نەدۆزیەوە تا سۆباکە داگیرسێنین، لە قوژبنێکی مزگەوت کۆبوینەوە و پاڵمان بەیەکتر داو بەڕەیەکمان بەسەر خۆمانداهەڵکێشا و هەر شەشمان بەیەکەوە گرمۆڵەمانکرد و ماتومەلول، گوتم: "محەمەد ئەوها باشە!! چەندم

هەوڵدا بەقسەت نەکردم!! ئەو کوڕە گەنجە ڕەچاوی ئەم بارودۆخەی کردبوو". گوتی: "پەشیمانم، بەڵام تازە سودی نیە".

زۆری پێنەچوو دوو کوڕی گەنجی چەکدار هاتن گوتیان: "جەماعەتی ئێمە نەهاتونەتە ئێرە؟" گوتمان: "کەسمان نەبینیوە"، گوتیان: "باشە دەنگوباس هەیە ئەم شەو هێزی ڕژێم بۆئەم ناوە دەردەچێت، ئێوەش ئاگاداری خۆتان بن!" ئەم قسەیە یەکجاری دەردەکەی گران کردین و گوتمان: "ئەمە فێڵە و تۆزێکی تر دەیکەن بە تەقە و ئێمەش هیچ شارەزانین و ڕێ بۆهیچ لایەک دەرناکەین و دەمانکوژن و دەڵێن: هێزی ڕژێم بوو!!"

دوای تۆزێکی تر پیاوێکی زلەی بەخۆوە هات و گوتی: "بۆئاگرتان نیە؟!" گوتمان: "داری لێ نیە". گوتی: "وەرن دارتان پێ نیشاندەم". یەک ئامێزداری هێنا و شوێنەکەشی پێ نیشانداین و سۆباکەی داگیرساند و پاشان گوتی: "بزانم پارەکەم ماوە؟!" هەندێک ڕوبع و دینار و نیودینار و ... هتد خستە گۆڕێ و ژماردیەوە و لە باخەڵی نا. پێش ئەوەی هەڵیانگرێتەوە، گوتمان: "ئەوە فێڵە و ناردویانە و ئێستا هاواردەکات و دەڵێت: پارەیان لێساندوم و ئەو چەکدارانەمان بەسەر وەردەکا". دوای کۆکردنەوە و خستنە باغەڵی پارەکەی، گوتی: "من دەڕۆم دارێکی باش بەپشتی دەرگاکەوە بنێن". گوتمان: "بۆ هیچ هەیە؟!" گوتی: "شت زۆرە و ئێوەش جەماعەتی ئێمەنین!!" بەم قسەیە یەکجاری ترسمان زیادیکرد.

گەرەوانی سەروو، شوێنەکەی وا هەڵکەوتووە ناو شاخ و چیایە و ڕوبارێکیش بەناوی دادەڕوات و داروباریشی زۆرە، ئەو شەوەش هەور بوو، بایەکی بەهێزیشی دەهات، دەنگی ڕوبار و ورشە ورشەی باو خشەی گەڵای دار، دیمەنێک بوو ئەو ترسەی ئێمەی هەندەی دیکە

زیـــادکردبوو. محەمـــەد بە مەحمـــوودی گـــوت: "هـــیچ چـــارەنیە ئەم دەمـانچەیەم بـدەیە، کە نـۆ فیشـەکی لەسـەرە پـێش خۆمـان نـۆ کەسـی پێدەکوژم، ئینجا بابمانکوژن".

پـاش مـاوەیەک، بـوو بە دەنـگە دەنـگ وجەماعەتێـک پەیـدابوون زۆربەیان چەکدار و گەنج بوون، دوای سـڵاوکردن و دانیشـتن، گوتیـان: "ئـێمە خەڵکـی گونـدی گەرەوانـی خـوارووین، دەنگوبـاس هەیە ئەم شـەو هێزەکـانی ڕژێـم بـۆ ئەم نـاوچەیە دەربچـن، گونـدەکەی ئـێمەش لەسـەر جـــادەی قیـــرە و بـــۆیە هـــاتوینەتە ئێـــرە"، ئـــێمەش تەواوی قســـەو ڕوداوەکانمان بۆگێڕانەوە، کە لە ئێوارە چۆنمـان گوزەرانـدبوو، هەنـدێک جوێنیاندا و گوتیان: "ئەم گوندە هەمویان حسـک-ن، زۆر دژی یەکێتـی-ن، ئەو گەنجە بۆیە وایگوتووە دەبوایە بەقسەتان بکردبوایە، قسەی دوو چەکدارەکەش ڕاسـتەو دەنگوباسـی هێزدەرچـوون هەیە، پیاوە زلەکەش ناوی مام کەریمە و شێتە و زۆر عاقڵ نیە، پارەکەشـی بـۆیە دەرهێنـاوە و ژماردویەتی بۆئەوەی پارەی بدەنێ".

بەداخەوە ململانێـــی نێـــوان پـــارت و ڕێکخـــراوە سیاســـیە کوردستانییەکان، مێژوویەکی کۆنی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاسـتی شەسـتەکانی سـەدەی ڕابردوو، لە لەتبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان بـۆ دوو بـاڵی دژ بە یەک و پاشـان لە دوای هەرەسـی شـۆڕشـی ئەیلـول (١٩٧٥) و دروسـتبوونی یەکێتی نیشتیمانی کوردسـتان (١٩٧٥) و پاشـان چەندین پارت و ڕێکخراوی سیاسی دیکە، ئەو ململانێیە قوڵتر بویەوە و زامەکانی جەستەی میلەتەکەمانی بە سـوێ و ئازاربەخشـترکرد، شـەڕ و کێشـەکان بەردەوامیان هەبوو، کە بە بۆچوونی من ئەم ڕکابەرییە زیـاتر کەسـی و بنەماڵەیی بوو، لەسـەر پۆسـت و پلە و حـاکمیەتی بـزووتنەوەی

گەلـی کوردسـتان بـوو، بنچینـەی سیاسـیان زۆر کەم بـوو، لەسـەر ئایـدۆلۆژیا و بەرنـامە و سـتراتیجیەتی ئامـانجی میلەتەکەمـان نەبـوو، حسـک یـش هەر چەنـدە لە هەنـاوی یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتان دروسـتبوو جیـاببۆوە (١٩٧٩)، بەڵام لەو ڕۆژەوە کێشـەو ململانێیەکـی توندیان لەگەڵ یەکتری دەستپێکردبوو.

دوای هاتنی ئەو برادەرانە گەشاینەوە و لەگەڵ ئەوان پاسـەوانیمان دانا و تاکو بەیانی ماینەوە و هیچ ڕوینەدا. بەیانی لەگەڵ ئەوان چووینە گەرەوانـی خـوارو، لەوێ نـانی بەیانیمـان خـوارد و ئینجـا بەرەو گونـدی سەران و پاشان لە هەورازی سەران ئاودیوبووین بۆ گوندە جوانەکەی دەرگەڵە و لەوێ نانی نیوەڕۆمان خوارد و ئینجا بەرەو گوندی وەرتـێ کەوتینەڕێ.

گەیشـتینە وەرتـێ، بارەگای کۆمیتەی سـەرکردایەتی هەولێر لەوێ بوو، شەو ماینەوە و بۆ بەیـانی نـامەی شـاخەوانمان دایە دکتۆر کەمـال خۆشناو، کە ئەو لێپرسـراوی کۆمیتەکەبوو، ئەویش یەکسـەر نـامەیەکی نوسـی بـۆ قـادر خەبـات، کە سـەرتیپی ٧٤ی بـاڵەک بـوو، بارەگـای لە گونـدی سـەرنەوس بـوو، بـۆ ئەوەی بەڕێمانبکـات بـۆ سـەرکردایەتی. ڕۆیشـتین بـۆ سـەرنەوس و چـوینە بارەگـای تیپـی ٧٤ی بـاڵەک و نامەکەمان دا بە کاک قادر خەبات، کە نامەکەی خوێندەوە، گوتی: "تـایی هووووو، دکتۆر کەمال پیاوێکی زۆر سەیرە، من کوا پێشـمەرگەم هەیە؟! یەک فیزیایە یەک کیمیایە یەک ڕیازیاتە و ... هتد"، دواتر گوتی: "دانیشـن لەبارەگا و بۆخۆتـان بخۆن و بخەون، تـاکو مەفرەزەیەک ڕێکدەکەوێت لەگەڵی برۆن بۆ سەرکردایەتی".

هەر لەوێـدا کـوڕێکی عەرەبـی شـیعەی بەغـدادی، کە ڕاکـردووی سەربازی بوو، سەر بە حیزبی دەعوەی ئیسلامی عێراق بوو، هـاتبوو و

گەیشتبووە وەرتێ و بەهەمان شێوەی ئێمە دکتۆر کەمال ڕەوانەی لای کاک قادر خەباتی کردبوو، کە ئەویش دەیویست بچێتە سەرکردایەتی و لەوێشەوە بچێتە ئێران، ناوی ماجد بوو، ورگی زۆر گەورە بوو، پێمدەگوت: کاکە ماجد (لیش بطنک کلش کبیر)، واتە: ورگت بۆوا گەورەیە؟ دەیگوت: (یا اخی کل عرق، سارلی ست اشهر فرار بالبیت واشرب عرق)، واتە: برام هەمووی عارەقە، شەش مانگە ڕاکردووی سەربازیم و لەماڵەوە هەر عارەقم خواردۆتەوە. ئەمە کە ئەندامی حیزبی دەعوەی ئیسلامی بوو! وەرە ئەم کەرە لەو قوڕە دەربێنە! ئەندامی حیزبی دەعوەو عارەق خواردنەوە!!

چەند ڕۆژێک لە بارەگای تیپی ٧٤ی باڵەک ماینەوە، هەستمان دەکرد میوانێکی ڕەزا قورسین، زۆر نارەحەت بووین، پێشمەرگەکان گوتیان: قاچاغچی هەیە بە پارە دەتانگەیەنێتە سەرکردایەتی، ئێمەش گوتمان: باشە. بەڕاستی بێزار ببووین، کوڕێکیان بانگکرد و مامەڵەمان لەگەڵداکرد و گوتی: "ڕێگاکە دوورە و چۆڵەوانیە و دەبێ نان و هێلکە و شەکر و چایەش بێنم بۆ ڕێگا، بۆیە لە سی دینار کەمتر لەگەڵتان نایەم". بەناچاری بەو برە پارەیەی گوتی لەگەڵی ڕێککەوتین و دەبوایە بەیانی زۆر زوو بە ئۆتۆمبێل بڕۆین تاکو کۆمتان، ئینجا لەوێوە بەپێ بڕۆین. بە کاک ماجدی عەرەبمان گوت: تۆ ناتوانی بەپێ بڕۆی، بۆیە ولاغێک بگرە و شەو بڕوات بۆ بەیانی لە کۆمتان چاوەڕێمان بکا. بەڵام دیاربوو (دکتۆر چیا[1])، کە ڕابەری سیاسیی تیپەکە بوو، پیاسەی لەگەڵ کردبوو،

---

(١) شەهید عوسمان صادق خدر، ناسراو بە دکتۆر چیا، ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی زەمزەمۆک لەدایکبووە، دەرچووی کۆلێژی برینپێچی زانکۆی بەغدایە، ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووە، سەرەڕای کاری پزیشکی چەندین ئەرک و بەرپرسیاریەتی تری لە ئەستۆ گرتووە، دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ کراوە بە ئەفسەری پزیشک لە فەوجی

پێیگوتبــوو ڕێگــاکە هــیچ نــیەو (علــوەهس تمشــی ویــاهم)، واتە: هەربەهەوەس و خۆشی لەگەڵیان بڕۆ. کابرای عەرەب پەشیمان بۆوە لە ولاغ گرتن و گوتی: "(امشی ویاکم)، واتە: لەگەڵتان دەڕۆم".

بەیانی زوو بە سواری جیبێک بەڕێکەوتین و لە کۆمتان دابەزین و پیادەڕێ کەوتینە ڕێگا، هەرئەوەندەمان خۆش بوو کە کەوتینە ڕێگا، چونکە هەر ماوەیەک دەڕۆیشتین ماجد دەیپرسی: "(کاکە علی ماوصلنا اشگد بعد)، واتە: کاک عەلی نەگەیشتین، چەند ماوە؟" دەمگۆت: "بڕۆ هێشتا لەکوێتە تاکو شەو ناگەینە ئاوەدانی"، ئینجا دەیگوت: "(کاکە چیا شسویت بی)، واتە: کاکە چیا چت لێکردم". ئینجا تێگەیشتین بەقسەی د.چیا تێکەوتــوە، بــۆیە لە ولاغ گــرتن پاشــگەزبۆوە. ماجـد پـانتۆڵی لەبەردابـوو، قۆنـدەرەی قایشـی لە پێدا بـوو، پـانتۆڵەکەی لە سـەرڕا تـا خـوارێ هەڵـدڕا، قۆنـدەرەکەی هەڵزڕابـوو لە ئەنجـامی زۆر کەوتـن و هەسـتانەوە، کە گەیشـتینە هەورازی شـەهیدان، سـەیری هەورازەکەی کردوو دەمی بەش بۆوە و بە پشتدا کەوت، حاڵی زۆرخراپ بوو، منیش ناوەناوە پێمدەگوت: "کاکە ماجد (انت بالنزله زین، بصعده موزین)، واتە: تۆ لەنشێوی باشی و لەهەورازی خراپی". دەیگوت: "(لاوالله کاکە بالنزله هم موزین بطنی یوجعنی)، واتە: نـاوەڵا کـاکە لەنشـێویش بـاش نـیم زگـم دێشێ".

نیوەڕۆ نان و هێلکە و چایمان خوارد، کابرای ڕێنیشاندەرمان وەک تـانجی دەڕۆیـی و نەیـدەزانی مانـدووبوون چـیە و ڕێگـا خـۆی لەبەر نەدەگـرت، لەناوەڕاسـتی هەورازدا جگەرەیەکـی دادەگیرسـاند و هەر

---

مەکتەبی سیاسـی، لە ١٩٩٦/٣/٢٥ لە هەولێر تیرۆرکـراوە. (حەیـدەر مەنتـک: سـەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٥٧٣-٥٧٤).

گوێشی لێ نەبوو، ئێمە نەماندەزانی بۆیە وا خێرا دەڕوات، تومەز دەیەوێت بمانگەیەنێتە ئاوەدانیەک و خۆی بگەڕێتەوە، نزیکی ڕوباری ڕەزگە بوینەوە، ڕەبایەی قەبری عوسمانی، کە لێیەوە دیار بوو، دەیانگوت هەندێک جار تەقە دەکات، فیشەکی دۆشکە و قەناس و بیکەیسی دەگەیشتە سەرڕێگاکە، بۆیە شارەزاکەمان گوتی: "دەبێت دوو دوو بڕۆین، وە کێ لەئاو دەترسێت با لەگەڵ من بێت"، یەکسەر گوتم: "من". ڕۆیشتوو منیش کەوتمە دوای، چونکە نەیدەگەیشتمێ، گەیشتە سەرئاوەکە نەپێڵاوی داناو نەجلک، یەکسەر بەناو ئاوەکە کەوت و ڕۆیشت، گوتیە منیش وەرە! من پێشتر کە گوتی کێ لەئاو دەترسێت با لەگەڵ من بێت، وامزانی دەستم دەگرێت یان لەپشتم دەکات یاخود شتێکی لەم بابەتە، کەچی ڕۆیشت و هەر ڕانەوەستا و دەیگوتە منیش وەرە! سەیرم کرد ئاو گەیشتە سینگی، ڕوبارەکە زۆر بوو، سەرەتای مانگی چواربوو ئێوارەش بوو، بەفر زۆر توابۆوە، جگە لەوەی ئاوەکە زۆر بوو، یەکجار ساردیش بوو، بۆیە پێم چەقاندو گوتم: وەڵانایەم بۆ کوێ بێم، ئەو پەڕیەوە ئەوبەرو برادەرانی تریش دوو دوو هاتن و گەیشتنە لام، محەمەد گوتی: "چیە؟" گوتم: "ئاوەکە زۆر ساردە و گەلێک زۆریشە ئەم کابرایەش بەپێڵاو و جلکەوە ملی پێوەناو پەڕیەوە"، محەممەد گوتی: "بادابەش بین بۆ دوو کۆمەڵە و دەستی یەک بگرین". من و محەممەد و کەمال دەستی یەکمان گرت، لەتیف و مەحموود و سامان و ماجدیش دەستی یەکیان گرت، ئێمە لەپێشەوە ڕۆیشتین، ئاوەکە وردە وردە زۆر دەبوو، لە ناوەڕاستی ڕوبارەکە گەیشتە سینگمان و سەروتریش، ساردیەکەشی لەڕادەبەدەر بوو، دەتگوت موسە، لەناوەندی ئاوەکە بوین، ڕەبایەکەی قەبری عوسمان تەقەیەکی

کرد، کەمال ڕووی لەدواوە ڕایکرد، خەریکبوو هەردوکمان بەربداتەوە، محەممەد زۆر تووڕەبوو هەندێک قسەی کرد، باش بوو ڕەبایەکە تەقەی تری نەکردەوە و لە ڕوبارەکە پەڕینەوە. ئەوانەی دوای ئێمە نزیک بونەوە لە پەڕینەوە، ماجد کەوت و خەریکبوو ئاوەکە بیبات، محەممەد وەک هەمیشە پیاوێکی زۆر بەهیمەت و بوێر و ئازاو بەورە بوو، بەڕێکەوت دارێکی درێژی وشکی مەیلەو ئەستور، کە لەوێ کەوتبوو، یەکسەر هەڵیگرتەوە و بۆ ماجدی درێژکردو کردیە چاوڕاو و پێیگوت: "(لاتخاف الزم الخشبە الزم العودە)، واتە: مەترسێ و دارەکە بگرە"، ئەویش دارەکەی توند گرتو، ئێمەش بەهەمومان دارەکەمان ڕاکێشا و زۆر باش بوو، هەرچەندە دووسێ جار ئاوەکە بەریداوە و هەموو لەشی تەڕ بوو، بەڵام پەڕاندمانەوە و لە مەرگی مسۆگەر ڕزگاری بوو.

لەم ئانوساتەدابوو کاروانێک پەیدابوو دەچوونەوە (دۆڵەتو[1])، کە کەوتینە گفتوگۆ و قسەکردن لەگەڵیان، گوتیان: ئێمە پێشمەرگەی سۆسیالیستین، بەڵام کاسبیش دەکەین، لەڕاستیدا قاچاغچیاتیان دەکرد، محەممەد داوای لێکردن کە ماجد حاڵی زۆر خراپە، ئەوەندەی کە ڕێگاکەمان بەیەکەوەیە سواری پشتی وڵاغێک بێت، گوتیان باشە و ماجدمان سواری ئێسترێک کرد، بەڵام زۆر نەڕۆیشتین ڕێگامان لەیەکتر جیادەبۆوە، ماجد دابەزی و کۆمەڵێک پارەی بۆ کابرای قاچاغچی دەرهێنا، کابرای خاوەن وڵاغ دەیگوت: "نابێ و چۆن دەبێ و خێرا

---

(١) دۆڵەتو: گوندێکە سەر بە قەزای وەزنێیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەر بە شاری سەردەشت، کەوتۆتە نێوان شاری پیرانشار و سەردەشت لە باکووری خۆرئاوای شاری سەردەشت لە نزیک گوندەکانی ساوان و گۆڕەشێر هەڵکەوتووە، لەسەر سنووری ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان. شوێنی گوندەکە لە ناوچەیەکی لێڕەواری دارستانی دایە.

خێراش خەریک بوو پارەکەی وەردەگرت". محەمەد یەکسەر دەستی گرت و گوتی: "بێ ویژدان دووهەنگاو سوارنەبووە"، بۆیە نەیهێشت پارەکە وەربگرێت.

شارەزاکەمان دیاربوو منی پێ لەهەموان ئاسانترو نەرمتربوو، هاتە بن گوێم و گوتی: ئەوا گوندی بێدەلان بەدیارکەوت و بارەگای تیپی شێنێ لەوێیە و هەردەبێ ئەم شەو ئێوە لەم بارەگایە بن، بۆ بەیانیش ڕێگاکە زۆری نامینێ بۆ زەڵێ و ناوزەنگ، ئارامیشە هیچ مەترسیەکی تێدانیە، بۆ من ئیزن نادەن؟! منیش پێمگوت زۆر درەنگە و ڕۆژ لەسەر ئاوابونە، ئەگەر ئیزنت بدەین چی دەکەیی و بۆکوێ دەچی؟ گوتی: "تۆ ئیزنم بدە، هەر بەڕاکردن دەڕۆم و تا سەرنەوس ڕاناوەستم". گوتم" "بڕۆ". لەتیف نەوتفرۆش گوتی: "ئیزنی مەدە، لێمگەڕێ باهەندێکی لێدەم، ئەم سەگبابە ئەمڕۆ ئێمەی کوشت، بۆیە واخێرا دەڕۆیشت تاکو ئەوها بمانگەیەنێتە ئاوەدانیەک و خۆی بگەڕێتەوە"، گوتم: "لەتیف تازە هیلاکی ئێمە ناگەڕێتەوە و ئێمە سوود لەمانەوەی نابینین با بڕوات". قسەکەی لەتیف زۆر ڕاست بوو، چونکە لە گوندی سەرنەوس پێیانگوتین بە ڕۆژێک ناگەنە سەرکردایەتی، دەبێ شەو لە چۆلی بمێننەوە و ئەم شارەزایەش نان و چای بەشی ئێوارەش بهێنێت. بەهەرحاڵ ئەو گەڕایەوە و ئێمەش ڕۆیشتین، گەیشتینە گوندی بێدەلان و بارەگای تیپی شێنێ، کاک محەممەد وەتمان زۆر لە مێژنەبوو لە ناو حسک هاتبووە ناو یەکێتی و کرابوو بە سەرتیپی تیپی شێنێ و بارەگای لە گوندی بێدەلان بوو، شەو لەوێ ماینەوە و بۆ بەیانی ڕۆیشتین و گەیشتینە خڕی ناوزەنگ.

ناوزەنــگ لە بــاکوور هاوســنووره لەگەڵ گونــدی دۆڵەتــو لە شارستانی سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە باشوور لەگەڵ گوندی گەزێ و لە ڕۆژهەڵات لەگەڵ گوندی نۆکان و لە ڕۆژئاوا لەگەڵ گوندی قۆچاڵ.

لە دوورەوە ناوی خڕی ناوزەنگ و دەشتی زەڵێ و سەرکردایەتی زۆر گەورەبوو، وامدەزانی دەشتی زەڵێ دەشتێکی پان و بەرین و فراوانە، وەک دەشتی بیتوێن یاخود قەراج و شارەزوورە، بەڵام شوێنێکی بەرتەسک و بچوک و دەورەدراو بەچەند شاخ و کێوێک. وامدەزانی خڕی ناوزەنگ و سەرکردایەتی ئێستا چەندین بارەگا و ئۆردوگای گەورە گەورەی لێیە، بەڵام زۆر لەپێشبینیەکانی ئێمە دوور بوو، هەر کە گەیشتینە بازاڕچەی خڕی ناوزەنگ، کاکە ماجد وەک ئەوەی سەربەخۆیی وەرگرتبێت یان تازە لەدایکبووبێت، ئەوانەی لەوێ بوون داوەتی دەکردن بۆ خواردنەوەی ساردی و شەربەت و ... هتد، ئەم شتانەش لەوێ زۆر گران بوون، بەڵام دیاربوو کاک ماجد پارەی پێ بوو.

من و محەممەد دوای سۆراغ و پرسیارکردن، چوین بۆلای گوشاد، کە پێشمەرگە بوو لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە- چاپخانەی شەهید جەعفەر عەبدولواحید. هەر کە گەیشتینە لای گوشاد نەچووینە ژورەوە، لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆربوو خۆمان نەشوشتبوو، جلەکانیشمان نەگۆڕیبوو، بۆیە وەک کەپەک ئەسپێ لە لەشمان هەڵدەوەری. ئەوەی باش بوو ئەوان گەرماوێکی زۆر باشیان هەبوو، داریشیان زۆر بوو، گەرماوەکەی داگیرساند و لە دەرەوەش مەنجەڵێکی گەورەی خستە سەرئاگر و جلەکانمان بۆ ناو مەنجەڵەکە و خۆشمان بۆ گەرماو،

جوان جوان خۆمان شوشت، گوشادیش جلکی خۆیانی بۆ هێناین لەبەرمانکرد و جلکەکانی خۆشمان لە ناو ئاو کولێندران تاکو لە ئەسپێ پاک بونەوە، شەوەکەش هەر لای ئەو ماینەوە و بۆ بەیانی محەممەد بۆ نەخۆشخانە و ئێمەش بۆ مەکتەبی عەسکەری، دابەشیانکردین، من و مەحموود و لەتیف بۆ کەرتی بەندیخانە، کەمال و سامان بۆ میوانخانە.

ئەو ماوەیەی کە لە ناوزەنگ ماینەوە، محەممەد ڕۆژانە دەچوو بۆ نەخۆشخانە و چارەسەری پێویستی بۆ برینەکەی وەردەگرت، ئەگەرچی نێوانی چاپخانە و نەخۆشخانەش کە لە قولەهەرمێ بوو، نزیکەی کاتژمێرێک کاتی دەویست، بەڵام ئەو ماندوبوونەی پێ خۆشتربوو لە مانەوە و خەوتن لە قوڵە هەرمێ، بۆیە بۆ پشوودان و حەوانەوە دەگەڕایەوە لای گوشاد.

## کەرتی بەندیخانە

دوای ئەوەی کە پەیوەندیم بەکەرتی بەندیخانەوە کرد، ئەم بۆچونەی کە لەبارەی ڕۆشنبیری کادیری کۆمەڵە هەمبوو زیاتر چەسپا، چیرۆکێک ئەم بۆچونەم پشتڕاست دەکاتەوە، کە ئەندامان و لایەنگرانی کۆمەڵە خەڵکی ڕۆشنبیر بوون، لە ئەنجامی خۆ پەروەردەکردن و دەستگرتن بە ئەلقەی مارکسیسزم - لینینیزمەوە، کە کۆمەڵەی پێ ناسرابوو، خۆ چەکدارکردن بەو تیۆرەوە سیمای زۆربەی زۆری هاوڕێیانی کۆمەڵە بوو، بەتایبەتی ڕێکخستنەکانی شار، لە سەفەرێکمدا بۆ گوندەکەمان (ئیلنجاغ)، کە پێموایەساڵی ١٩٧٩ بوو، ئێوارەیەکیان لەماڵی نەنکم بووم گوتیان پێشمەرگە هاتن، منیش بەخاڵم گوت، کە لەمن بچوکترە و ناوی ئەحمەدە بە بابەشێخ ناسراوە، بڕۆ بۆ مزگەوت

و یەک دوانێکیان بهێنەوە، ئەگەر بۆشت بکرێت بەرپرس بێت باشە یان کادیربێت. ئەویش گوتی: زۆر ئاسانە و ڕۆیشت، وەختێک هاتەوە دوو پێشمەرگەی لەگەڵدا بوو، کە ئەو وەختە نە کەسیانم ناسی و نە زانیم ناویان چیە، بەڵام دوایی کە بووم بە پێشمەرگە و ناردیانم بۆ کەرتی بەندیخانە، بۆم دەرکەوت لەو دووانەی کاتی خۆی، یەکیان عەلی شامار بووە، کە ئێستا فەرماندەی کەرتی بەندیخانەیە و بەپێی قسەی خۆی ئەو وەختی لێپرسراوی ناوچەی حاجی قەڵای یەکێتی بووە، بەڵام خۆی ئەندامی کۆمەڵە بوو. ئەو ئێوارەیە دوای نانخواردن من دەستمکرد بە پرسیارکردن و ئەویش وەڵامیدەدایەوە، لە ئەنجامی پرسیار و وەڵام، کەوتینە گفتوگۆ و مناقەشەکردنی هەندێک بابەت، کە ئەو سەردەم باوبوو، وەک: سۆشیالیزمی زانستی چیە؟ ڕیڤیژینزم چیە؟ شۆڕشی ڕزگاری نیشتیمانی کێ ڕابەرایەتی بکات؟ و چینی پێشڕەو کێ یە؟ پێویستی هاوپەیمانی نێوان کرێکاران و جوتیاران؟ بابەتی بەرەی نیشتیمانی؟ و کێ ڕۆڵی سەرەکی لە ناو بەرەدا هەبێت؟ و...هتد، لە گفتوگۆکەماندا لە زۆر بابەت جیاوازیمان هەبوو، لەهەندێک بابەتیش کۆکبوین. بەهەرحاڵ ئەو شەوە تا درەنگ گفتوگۆمان کرد، دوایی دوو کەسی تر هاتن، کە پاشان زانیم یەکێکیان (عەلی ساڵح[1]) بوو، کە ئەوکاتە فەرماندەی کەرت بوو، هەندێک بە چرپە قسەیان کردوو نامەیەکی پێچراوەی چوکلێتی پێ بوو، کردیەوە و بەیەکەوە خوێندیانەوە و دوای ئەوە هەڵسان ماڵئاواییان کرد و ڕۆیشتن.

---

(١) شەهید عەلی ساڵح قادر ئەحمەد، ساڵی ١٩٣٩ لە گوندی سێگرتکان ناحیەی تەقتەق لەدایکبووە، ساڵی ١٩٧٧ بووەتە پێشمەرگە، دواپلەی جێگری فەرماندەی هەرێمی دووی کەرکوک بووە، لە ١٩٨٢/٣/٢٠ لە گوندی مۆردخواردەی بناری چیای خاڵخالان شەهیدکراوە. (حەیدەر مەنتک: سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل ٥٤٥).

ئێستا دوای ئەو ماوەیە و بوونم بە پێشمەرگە و دوای پەیوەندیکردنم بە کەرتی بەندیخانەوە لە ناوزەنگ، دوای سڵاو و بەخێرهاتن عەلی شامار، کە لێپرسراوی کەرتی بەندیخانە بوو، خەڵکی لای خانەقین بوو، لێیپرسیم خەڵکی کوێی؟ منیش گوتم: گوندی ئیلنجاغی گەورە، یەکسەر گوتی: شەوێک لەو گوندە لە ماڵێک میوان بووین، کوڕێکی خزمیان لەشارەوە هاتبوو مناقشەی دەکردم، بەپێی قسەکانی پێمـوایە ئەندامی ح. ش. ع بوو، وابزانم ئەم گوندە زۆربەی زۆری لەگەڵ ح. ش. ع ن، منیش گوتم: دڵنیای ئەو کوڕە شیوعی بووە؟ گوتی: بەڵێ. گوتم: ئەگەر بیبینی دەیناسیەوە؟ گوتی: نازانم باوەڕناکەم. پێکەنیم گوتم ئەوە من بووم، کە ئەوکاتیش ئەندامی کۆمەڵە بووم، لە ژیانیشمدا نەخۆم، نە بنەماڵەکەشمان شیوعی نەبوینە، زۆری پێخۆشبوو ئەو ماوەیەی کە لە کەرتەکەی (کەرتی بەندیخانە) مامەوە، زۆر ڕێزی لێدەگرتم و هەمیشە داوای لێدەکردم کە ببم بە ڕابەری سیاسی کەرتەکە، بەڵام من چونکە لە شوێنەکە ئاسودە نەبووم، بۆیە بەبێ ئاگاداری ئەو هەوڵمدەدا بگوازرێمەوە بۆ تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر. قسەکەی شاخەوان عەباسم بیردەکەوتەوە، کە پێیگوتین هەردێنەوە، لەبەرئەوە زۆر لە عەلی شامار نزیکنەدەبوومەوە، گوێشم بە داواکاریەکەی نەدەدا بۆ بوون بە ڕابەری سیاسیی کەرت. هەرلەوێش هەندێک شتی نابەجێم بۆ بە دەرکەوت، کە زۆر دوور بوو لەو تیۆریەی، کە ئێمە خۆمان لەسەر پەروەردەکردبوو، لە ڕووی کرداریەوە زۆر نامۆ بوو. بۆ نموونە: عەلی شامار و جێگرەکەی، کە ناوی جوتیار بوو، لە ژورێکی تایبەت دەخەوتن و خواردن و هەموشتێکی تریان جیاواز بوو، لە دووەم ڕۆژەوە زۆر هەوڵیان لەگەڵدام، کە منیش بچمە

لای ئەوان، بەڵام من ڕەتمکردەوە، چونکە لەبەرنامە و ئامانجی ئێمە زۆر دووربوو، کە داوای یەکسانیمان بۆ هەموان دەکرد، چ جای ئەوەی هەر لە گەرمەی شۆڕشەوە بەرپرس و کادیرەکان خۆیان لە پێشمەرگە جیابکەنەوە!

ژیان کردن و پێشمەرگایەتی لە کەرتی بەندیخانە، بۆ ئێمەمانان زۆر ناخۆش بوو، چونکە بەندکراوێکی زۆری تێدابوو، هەمیشە دەردەکران بۆ سەر ئاو یان بۆ کارپێکردن و ئێمەش دەبوایە لەئامادەباشی دابین و تاقم و تفەنگمان بەستابوایە، هەندێک پێشمەرگەی لێ بوو هەرزەکاربوون و بێ پرس دەڕۆیشتن، کە دەهاتنەوە عەلی شامار ڕەزیلی دەکردن بەجوێندان و قسە پێگوتن، بەڵام چونکە خاوەن کەسایەتی نەبوون، گوێیان لێ نەبوو. من و چەند کەسێکی تر ئەوەمان پێ قبوڵنەدەکرا بڕۆین و بێینەوە سوکایەتیمان پێبکرێت، بۆیە هەمیشە لەبارەگابوین و لەئامادەباشیدا بوین، زۆر هیلاک و ماندوو بووین، لەبەر ئەم هۆیانە هەوڵی وەرگرتنی نامەی گواستنەوەم دەدا.

لەبەرئەوەی ژیان لە سەرکردایەتی زۆر ناخۆش بوو، پێشمەرگە کەم لەوێ دەمایەوە، بۆیە مەکتەبی سەربازی بڕیارێکی دابوو، کە ئەوانەی پەیوەندی بە پێشمەرگایەتیەوە دەکەن، نابێ تاکو شەش مانگ داوای گواستنەوە بکات، هیچ گواستنەوەیەکیش نیە تەنیا ئەگەر یەکێتی خۆی یان باڵەکانی ناو یەکێتی کارێکی تایبەتیان بە یەکێک هەبێ و ڕەوانەی یەکێک لەناوچەکانی بکەن، بۆ ئەم مەبەستە چووم بۆلای مەلا بەختیار، کە لە ژیانمدا نەمبینیبوو، خۆم پێناساند و داوالێکرد کە پشتیوانیم بکات بە نامەیەک بۆ مەکتەبی سەربازی بۆ گواستنەوەم بۆ تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، ئەویش پرسیاری لێکردم ژن و منداڵت

هەیە؟ گوتم: "بەڵێ"، گوتی: "ماڵەکەت لە شارەوە دەهێنی بۆ لادێکان؟" گوتم: "بەڵێ"، گوتی: "باشە خۆ ئیلنجاغ چۆڵە و ڕاگوێزراوە، ماڵەکەت دەبەیتە کوێ؟" منیش گوتم: "سماقە بێ، ئۆمەرگومبەت بێ، یەکێک لەم گوندانە"، گوتی: "یەک داواکاریم هەیە، سماقە زۆرناخۆشە و مەیان بە بۆسماقە"، گوتم: "باشە". ئیتر نامەیەکی بۆ نوسیم بۆ ملازم عومەر و نوسیبوی ناوبراو کادیرە و بۆ کاری ڕێکخستن دەینێرین بۆ سنوری تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر. نامەکەم دایە ملازم عومەر و یەکسەر پسولەی گواستنەوەیان بۆکردم بۆ تیپی ناوبراو. کاتێک نامەی گواستنەوەکەم بۆ عەلی شامار برد زۆر تووڕە بوو، منیش پێمگوت: بۆ کاری ڕێکخستن ناوەندی کۆمەڵە داوایکردووە من بگوازرێمەوە بۆ سنوری تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.

بۆ دوای نیوەڕۆکەی لە هۆڵی شەهید شهاب، نەوشیروان مستەفا کۆڕێکی هەبوو دەربارەی بارودۆخی ئەوکاتی عێراق و کوردستان، ئەو سەردەم ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٨٢ی شارەکانی کوردستان بوو. ئەوکات کە لەسەرکردایەتی بووم، زۆر باش بە دواداچوونم دەکرد بۆ دەنگوباس و هەواڵی خۆپیشاندانەکان. سەرەتا سەرکردایەتی یەکێتی و کومەڵەی ڕەنجدەران، هیچ بەرنامەیەکیان بۆ خۆپیشاندان نەبوو، لەگەڵ خۆپیشاندانیشدا نەبوون، پێشیان وانەبوو خۆپیشاندان بکرێ ئەنجامی ببێ، بەڵام ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی شاری قەڵادزێ، سووربوون لەسەر ئەنجامدانی خۆپیشاندان لە ڕێککەوتی (١٩٨٢/٤/٢٤)، بە بۆنەی یادی بۆمبارانی شاری قەڵادزێ لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە لە (١٩٧٤/٤/٢٤)، بەڵام دوای ئەوەی خۆپیشاندانەکە کرا و تەشەنەی کرد و شار و شارۆچکەکانی تری کوردستانیشی گرتەوە، ئینجا

ســەرکردایەتی یەکێتــی بە خــۆکەوت و بڕیاریــدا هێــزی پێشــمەرگەی کوردســتان ڕەوانەی نزیـک شـارەکان بکـرێن، تـا چەنـدی بۆیانـدەکرێت هاوکار و پشتیوانی خۆپیشـاندەران بن و شـەوانەش هەوڵـی چونە نـاو شارەکان بدەن. کۆڕەکەی نەوشیروان مستەفا لەسـەر ئەم بارودۆخەی خۆپیشاندان بوو، لەیادمە هەندێک ڕەخنەیان لە خەڵکی هەولێر گرت، کە هەستی شۆڕشگێڕیان کەمە و هەڵناستن و خۆپیشاندان ئەنجامنادەن، لە وەڵامدا نەوشیروان مستەفا گوتی: "شاری هەولێر خاڵی یەکلاکەرەوەیە، هەولێــر درەنــگ بە جــۆش دێ و دەکــوڵێ، بەڵام ئەگەر ڕاشــبپەڕێت بـارودۆخەکە یەکلادەکـاتەوە". پێمـوایە لەم کـۆڕەدا کەسـێک بە عەلـی شـاماری گوتبـوو ئەمە خـۆی داوایکـردوە و هانـای بـۆ مەلا بەختیـار هێنـاوە تـاکو بیگـوازنەوە، بـۆیە کە چوومەوە بارەگـا دیـاربوو هەڵچـوو بوو، زۆر تووڕە بوو، گوتی: "زۆر عەیبە واسیتە بۆ گواستنەوە دەکەیت و مـــن زۆرم ڕێزلێگرتـــی و بەداخەوە وادەرنەچـــووی". بەڵام مـــن وەڵاممنەدایەوە و گوێم پێنەدا و ماڵئـاوایم لە برادەران کـرد و بۆ شـەو چـــومە لای گوشـــاد، کە محەممەدیـــش لەوێ بـــوو، بە یەکەوە لەوێ ماینەوە.

## گەڕانەوە بۆ تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر

بـۆ بەیـانی مـن و محەمـمەد و کـوڕێکی تـریش بەنـاوی مـزەفەر، کە خەڵکی هەولێـر بـوو، گواسـترابۆوە بـۆ کەرتـی ڕێکخسـتنی شـەقڵاوە، لە ناوزەنگەوە بەڕێکەوتین. تیپی ٩٠ی بـاواجی تـازە دروسـتکرابوو، مـلازم سـمکۆ تاهیرئاغــا کرابــوو بە ســەرتیپ و مەلا حەســەنیش کرابــوو بە جێگـری سـەرتیپ. مەلا حەسـەن دەسـتەیەک پێشـمەرگەی لەگەڵ بـوو،

لەوانە قەرەنی عەولای هیزۆپ و براکانیشی بوون، لە ناوزەنگ بوون و ئەوانیش بەرەو سنوری کۆیە دەگەڕانەوە، بۆیە بوین بە هاوسەفەر. لەگەڵ بەڕێکەوتمان مەلا حەسەن فەرمانیدا، کە دوو دوو بەڕیز و بە ڕێکی بڕۆین، بەڵام هەر هەتا لە گوندی شێنێ دەرچوین ئەم ڕیزبەندییە پەیڕەوکراو، دوای ئەوە ڕیزبەندی نەما. بۆ ئێوارە گەیشتینە سەر ڕوباری دۆڵی شەهیدان، پێش ئەوەی لە ڕوبارەکە بپەڕینەوە، چەند ڕەشماڵێکی لێ بوو، بە مەلا حەسەنمان گوت: "با لەو ڕەشماڵانەدا دابەش بین"، گوتی: "نەخێر دەچینە ئەو بەر". کە لە ڕوبارەکە پەڕینەوە، سەیرمانکرد تەنیا یەک ڕەشماڵی لێ بوو، ئەویش مەلا حەسەن خۆیی و دوو پێشمەرگە لێی دانیشتن، بە ئێمەشی گوت: بڕۆنەوە ماڵەکانی ئەو بەر، ئێمەش گوتمان ئاوەکە زۆر ساردە و جارێک لێمانداوە و نایکەین بە دوو، ناشگەڕێینەوە دواوە و بۆ پێشەوە دەڕۆین، هەڕەشەی سزادانی کرد، بەڵام ئێمە چونکە پێشمەرگەی ئەو نەبووین، ترسی سزامان نەبوو. مزەفەر زۆر هیلاک بوو، پەکی کەوتبوو، ئەومان بە زۆر لە لای مەلا حەسەن دانا و من و محەمەد و پێشمەرگەیەکی مەلا حەسەنیش، کە خەڵکی هەولێر بوو بە ناوی جەبار، زۆر هۆگری ئێمە بوو بوو، ئەویش لەگەڵمان هات، هەرچەند مەلا حەسەن هەڕەشەی لێکرد گوێی پێ نەدا، ئێمە بە ڕێکەوتین بۆ پێشەوە و پێشمەرگەکانی تر گەڕانەوە ئەو بەر.

بیستبووم کورد دەڵێ: تاریکە شەوی بە هاران زۆر تاریک و ئەنگوستە چاو و مەترسیدارە، لە ڕاستیدا نەمدیبوو، بەڵام ئەم شەوە لە بناری قەندیل، کە هەم بەهار بوو، هەم تاریکە شەو بوو، هەوریش وەک دەڵێ گوێی بە ئەرزیەوە نابوو، لەسەر بارین بوو، بە لایتی دەستی

هـاتین و مـاوەیەک ڕۆیشـتین توشـی ڕەشـماڵێک بـووین، شـێرەژنێک تـا چـۆکی خـۆی هەڵکردبـوو، خاکەناسـێکی بە دەسـتەوە بـوو، ڕسـتەی ڕەشـماڵی تونـد دەکـرد و پاشـگیری بە دەوری ڕەشـماڵەکەدا دەکێشـا، سـڵاومان لێیکـرد، زۆر بە گەرمـی و بە جـوانی وەڵامیـدایەوە و گـوتی: بەخێربێن سەر هەردووک چاوانم فەرموون، کە چوینە ژێر ڕەشماڵەکە پیـاوێکی کەڵەگەتـی سـمێڵ ڕەش دانیشـتبوو، سـڵاومان لێیکـرد وەڵامـی نەدایەوە و یەکسـەر گوتی: "ئێمە کواشـوێنی میوانمان هەیە"، لەگەڵ ئەم قسـەیە ژنەکە هـاتە ژورەوە و گـوتی: "حەمەد قەت عەیـب نـاکەی، بـۆ شـوێنمان نیە، ئەم فەقیرانە بەم شـەوە و بەم هەورە لەم چۆلەوانیە بۆ کوێ بـڕۆن"، بە ئـێمەی گـوت: "گـوێ مەدەنـێ و دانیشـن، نـانی خۆتـان بخـۆن، ئەگەر بـاران نەبـوو لە دەرەوەی ڕەشـماڵەکە لێفـێ گەورەتـان پێدادەدەم، ئەگەر بارانیش بوو، قاچتان لەگەڵ قاچی پوری خۆتان تێکەڵ بکەن، من وەک دایکی ئێوەم".

دانیشتین نان و خواردنیـان بـۆ هێنـاین، دیـاربوو ئەم ڕۆژە مەڕیـان بڕیبـۆوە و قوڕاویـان لێنـابوو بـۆ نیـوەڕۆ، پاشـماوەی قـوڕاوەکەی بـۆ هێناین، گۆشتی کەم تێدا مابوو، بەڵام بەتام بوو، ئێمەش برسـی بووین هێندەی تر بە لەزەت بوو بوو، سەیرم کرد قالۆچەیەک لە ناو قوڕاوەکە بوو، محەممەد گوتی: "دەنگ مەکە و قالۆچەکەی فڕێدا". نـان و چامـان خـوارد و خـواردەوە و پشـویەکی باشـماندا، بـاران نەبـاری، بـۆیە لە دەرەوەی ڕەشماڵەکە جێگەیان بۆ ڕاخستین و هەرسێکمان لەپاڵ یەک ڕاکشاین و پێخەفێکی پێداداین بەسەنگ و قورسـاییەکی تەواوەوە کەوتە سەرسـنگمان، شـەو تـا بەیـانی نەک هەر سـەرمامان نەبـوو، بەڵکـو عارەقەمـان کردبـوو، بەیـانی هەڵسـاین دەم و چاومـان شوشـت و

دانیشتین بۆ نانخواردن، گوتم: "پوریێ، پێمبڵێ ئەم پێخەفە چی بوو بۆ وا قورس و گەرم بوو؟!" لە وەڵامدا گوتی: "ئەمە لبادێکی پانە و بەرگمان تێهەڵکێشاوە".

دوای نانخواردن بەڕێکەوتین، لە گوندی سەرنەوس، کە پێشتریش هەر لەم گوندەوە بەرەو سەرکردایەتی بەرێکەوتبووین، لەگەڵ مەلا حەسەن و دەستەکەی یەکمانگرتەوە. بۆ نیوەڕۆ بارەگای تیپی (٧٤)ی باڵەک خواردنیان نەمابوو، چونکە هەندێک درەنگ بوو، قادر خەبات خۆشی لەسەرنەوس نەبوو، بەڵام خێزانەکەی گوتی وەرنە ماڵی ئێمە، کە بەڕاستی ژنێکی زۆر مەرد و دلێربوو خزمەتێکی باشی کردین، بەڵام مەلا حەسەن نەهات لەگەڵمان بۆ ماڵی قادر خەبات، پێموایە لە قسەی پێشمەرگەیەکی تیپەکە توورەبوو بوو، هەرچەند خێزانی کاک قادر خەبات زۆر لێی پاڕایەوە هەر نەهات.

دوای نانخواردن ئێمە هەرسێکمان: محەممەد، مزەفەر و من، لەوان دابڕاین و بەڕێکەوتین بۆ گوندی وەرتێ، گەیشتینە وەرتێ و چوینە لای مامۆستا سەیفەدین، لە بارەگای کەرتی ڕێکخستنی چۆمان بوو، کە لێپرسراوی کەرت جەبار فەرمان بوو، (ئازاد داربەسەری[1])یش، کە لە چالاکیەکی ناو شاری هەولێر بریندار بووبوو، بۆ چارەسەر هاتبووە نەخۆشخانەکەی وەرتێ و کە بە هەواڵی ئێمەی زانیبوو هات بۆ لامان. نازانم شەوێک یان زیاتر لەوەرتێ لە لای مامۆستا سەیفەدین و

---

(١) شەهید ئازاد سابیر تەها: ناسراو بە ئازاد داربەسەری، لە ساڵی ١٩٦٢ لە گوندی داربەسەر-قەزای کۆیە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٨١ بوەتە پێشمەرگە و دواپلەی فەرماندەی کەرتی ٤ی بەردەبازی تیپی ٨٦ بووە، لە شەوی ٢٩-١٩٨٧/٥/٣٠ لە گرتنی ناحیەی تەقتەق بەسەختی برینداربووە و لە ١٩٨٧/٦/٢٧ شەهیدبووە. (حەیدەر مەنتک: سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل ٢٣).

مامۆستا حسێنماینەوە، ئازاد کە زۆر باشیش برینەکەی سارێژنەبوو بوو، لەخۆشی ئێمە گوتی: زۆر باشم و منیش دەگەڕێمەوە، هەرچەندە زۆر هەوڵمان لەگەڵدا چەند ڕۆژێکی تر بمینێتەوە، تاکو باش چاک دەبێتەوە، بەڵام بێ سود بوو، گوتی: "زۆر باشم و لەگەڵ ئێوە دەگەڕێمەوە".

هەر چوارمان بەڕێکەوتین و بۆ شەو گەیشتینە چیوەی سەرو، شەو ماینەوە و ڕۆژی دواتر بۆ نیوەڕۆ لە گوندی جەلی نانمان خوارد، هەر دووکەسمان چوینە ماڵێک و بۆ ئێوارەش گەیشتینە سەرچیای باواجی، دیار گوندی گۆپتەپە، مەفرەزەیەکی ح. ش. ع لەسەر چیا، لەم بەر و ئەو بەری ڕێگاکە دانیشتبوون، سڵاومان لێیانکرد و گوتمان بۆ نارۆن؟ گوتیان هیچ نیە ماندوین و هەندێک پشودەدەین، بە محەممەدم گوت: "با دانیشین و نەڕۆین تاکو ئەوان دەڕۆن، ئەوانە چەکدارن و نارۆن، ئێمە بەبێ چەک بۆ بڕۆین و بۆ بۆئەوان ببین بەقەڵغان؟!" محەممەد وەک پیشەی هەمیشەیی ئەم جارەش نەیسەلماند و ڕۆیشتین و گەیشتینە گوندی گۆپتەپە.

ئازاد و مزەفەر چونە ماڵی مام خورشیدی باپیری ئازاد، کە ئەو وەختە ماڵیان لە گۆپتەپە بوو، من و محەممەد چوینە ماڵی سمایلی مام قادر، چونکە زۆر تامەزرۆی بیستنی هەواڵی خزمان و ناوچەکەبووین، کاک سمایل خزمی خۆمان بوو، ئەو وەختە ئەویش ماڵی لەوێ بوو، کە لەدوای ڕاگواستنی ساڵی ١٩٨٠ی ئیلنجاغ ماڵی بردبووە ئەو گوندە. بەداخەوە لەماڵی ئەوان زانیمان کە فەیسەڵ وسو بەڕوداوی ئۆتۆمبێل شەهیدبووە، ئەوکاتە لەگەڵ خاڵە جەعفەری برای پێشمەرگەی تیپی ٩٣ی کۆیە بوون.

بۆ بەیانیەکەی بەڕێکەوتین بەرەو گوندی سماقە و نیوەڕۆ گەیشتینە ماڵی (محەممەد ڕەشید[١])، کە ئەوکاتە ڕاکردووی سەربازی بوو، ماڵی لەوێ بوو، مەلایان نەبوو کاری مەلایەتی بۆدەکردن. نانی نیوەڕۆمان خوارد دانیشتبووین وەختێک کچێکی جیرانیان بەگریان هات گوتی: "خوچە خەزار ئەم شەو حەسەنی پلکم مێرێ (حەسەن سماقەیی[٢]) کوژراوە". محەممەد ڕەشید ڕۆیشت بۆلای مزگەوت و سەر گۆڕستان، وەختێک هاتەوە گوتمان ئێمەش دێین بۆ مەراسیمی ناشتنی تەرمەکە، دیاربوو گوێی لە قسەی لابەلابوو بوو، چونکە ماڵی محەممەد و حەسەن سماقەیی لە باداوان دراوسێ بوون، بۆیە گوتی: "ئێوە نابێت لە ژوورەوە بێنە دەرەوە". تێگەیشتین بابەتەکە چیە و بۆیە سورنەبووین لەسەر بەشداریکردن لەمەراسیمی ناشتنەکە. دوای ئەوە ئێمە بەڕێکەوتین بەرەو گوندەکانی ئۆمەرگومبەت، سێگرتکان و گوندەکانی تری دەم زێ و ... هتد.

(١) شەهید محەممەد ڕەشید تەیب: لە ساڵی ١٩٤٩ لە گوندی ئیلنجاغی گەورە لەدایکبووە و قۆناخی سەرەتایی خوێندنی هەر لەو گوندە بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە، لەبەرکەم دەرامەتی خێزانەکەی نەیتوانیوە بۆ تەواوکردن و درێژەپێدانی خوێندن بچێتە کۆیە، لەبەرئەوەی لە تەمەنێکی زوو باوکی کۆچی دوایی دەکات، بۆیە ئەرکی خێزانێکی هەژار دەکەوێتە سەرشانی. لە تەمەنێکی گەورەتر لە تەمەنی ئاسایی دەکرێتە سەرباز لە سوپای عێراق لە ساڵی ١٩٨١ دوای پێنج مانگ سەربازی جێهێشت، چونکە بە شەڕێکی ناڕەوای زانی، لە ١٥ی حوزەیرانی ساڵی١٩٨٢ لە لایەن فڕۆکەکانی ڕژێمی عێراق، لە گوندی سماقە شەهیدبووە. ئەم زانیارییانە لە بەڕێز (مامۆستا دڵسۆز محەممەد ڕەشید) وەرگیراوە.
(٢) حەسەن لە هەولێر فەرمانبەر بوو، ماڵی لە گەڕەکی باداوان بوو، چەکداری جەیشی شەعبی بوو، ئەوکات هێزی پێشمەرگە چەکی کەم بوو، بۆیە تیپ و کەرتەکان بە هەموو شێوەیەک هەوڵیاندەدا چەک پەیدابکەن، یەکێک لەو ڕێگایانە هەڵکوتانە سەر چەکدارەکانی جەیشی شەعبی بوو شەوانە لەماڵەکانیان بۆئەوەی چەکیان بکەن، ئەگەر چەکدارەکەش بەخۆشی و بەئاسانی چەکەکەی نەدابوایە و دەستی بکردایەوە، دەیانکوشت، بۆیە حەسەنیشیان کوشتبوو.

له گوندی ئۆمەرگومبەت دەرچووین توشی پیکابێکی تویتابووین، گوتمان: تا سێگرتکان لەگەڵت دێین، گوتی: ناتوانم، زۆر هەوڵماندا بۆ ناتوانی؟! گوتی: "من دەچمەوه شار و له لایەن هێزەکانی ڕژێمەوه دەستگیردەکرێم". ئەوکاتەش گەرمەی خۆپیشاندانی شارەکانی کوردستان بوو (١٩٨٢)، محەمەد لەم وەڵامەی شوفێرەکه زۆر هەڵچوو، بۆیه زلەیەکی لێدا و پێی گوت: "له ناو شار خەڵک جوێن به سەدام دەدا و داوای ڕوخانی دەکات، تۆ لێره ناوێری هەڵمان بگری؟!" ئیتر ملیدا و سواری پیکابەکه بوین. ئەگەر هەڵەنەبم له گوندی سێکانی گەیشتینه تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، وەک پێشتر ئاماژەم پێدابوو، محەمەد پێشمەرگەی کەرتی دوو بوو، پەیوەندی به کەرتەکەی خۆیەوه کرد. شاخەوان عەباس منیشی له کەرتی یەک دانا.

زێی بچوک، که له شارەدێی تەقتەقەوه دەردەچێ و بەرەو پردێ دەڕوا، چەندین گوند دەکەونه ئەوبەرو ئەوبەریەوه، که ئێمه تەنها له بەری سنوری تیپەکەی خۆمان جەولەمان دەکرد، که بریتیبوون لەم گوندانه: کانی لەله، ئۆمەرگومبەت، سێگرتکان، سێکانی، شەیتان (تازه دێی ئێستا)، ئاومار، سارتک، خوڕخوڕ و قەشقه، له ڕاستیدا ناوچەیەکی ئاوەدان و ئازادکراو بوو، هەمیشه ناوەندی بوونی پێشمەرگه و شوێنی حەوانەوه و نان دانیان بوون، دانیشتوانەکەی زۆر ماند و هیلاک بوون، لەلایەک به کار و کاسبی و پەیداکردنی بژێوی خۆیان، لەلایەکی تر ئەرکی نان دان و بەخێوکردنی پێشمەرگەیان له ئەستۆ دابوو.

لەبیرمه تووشی گەروئێشه و تایەکی توند بووم، له گوندی سێکانی بەڕێکەوتین بۆ گوندی قەمبەر، بابەشێخی خاڵم گوتی: "بابڕۆین ئیستا هێلکەت بۆ پەیدادەکەم"، چوینه ماڵێک ژنێکی زۆر ژنانه و سەخی

تەبیعــات پێشــوازیلێکردین، بابەشــێخ گــوتی: "خەڵــک خواخــوایەتی خوارزایەکی لەگەڵدابێت بۆ ئەوەی پشتیوان و هاوکاری بێت، کەچی من لە بەدبەختیم خوارزام لەگەڵە نەخۆشە و داوای هێلکەم لێدەکات"، ژنەکە زۆر مەردانە گوتی: "بەچاوان هێلکە قیمەتی نیە و دانیشن ئێستا بۆتان دەکوڵێنم"، بەڵام دیاربوو بابەشێخ مەبەستی ماڵێکی تر بوو بۆ دانیشتن، بۆیە پێیگوت پورێ ئێمە نامینێینەوە و دەڕۆین بۆ دەرەوەی گوندی، هێلکەکانمان بدێ لەوێ خۆمان دەیکوڵێنین، ئەویش گوتی بەچاوان، هێلکەکانی داینێ و ڕۆیشتین بۆ ئەو ماڵەی کە بابەشێخ مەبەستی بوو، لەوێ بۆیان کوڵاندین و نانمانخوارد.

## هاتنی منداڵەکان و ماڵ دانان لە گوندی ئیلنجاغ

دوای ئەوە بەچەند ڕۆژێک، تیپەکەمان لە گوندی میرکە بوو، من و محەمەد و بابەشێخ مۆڵەتمان بۆ چەند ڕۆژێک وەرگرت و هاتین بەرەو گوندی سماقە، بابەشێخ ماڵی لەوێ بوو بەجێما، ئێمەش ڕۆیشتین بۆ گوندی ئیلنجاغ.

ئەوکاتە گوندی ئیلنجاغ لەلایەن ڕژێمەوە چۆڵکرابوو، چەند بنەگەی ماڵە مەڕدارێکی لێ بوو، وەک: سمایلی حاجی خدر، حاجی ساڵح، مام کاکە و مام شەریف. سەباحی ئامۆزام و زانای کوڕە خەزورم لە سەربازی ڕایانکردبوو لەوێ بوون، ئێمەش گەیشتینە ئەوێ و چووین بۆلایان، کە یەک ژوری بچوکی حاجی فەتاح لە بڵندۆکە هەبوو، سەریان گرتبۆوە و تیایدا دەژیان.

هەواڵمان نارد بۆ ماڵەوە، کە ئێمە لە ئیلنجاغین و ئەوانیش بابێن، وابزانم بۆ ڕۆژی دوایی بوو هەمویان هاتن. باوکم و دایکم، خوشکم و

برام و خێزانم، مامم و مامۆژنم و خێزانی محەممەدی و منداڵەکانی و... هتــد. دوای نیــوەڕۆ پــێش ئەوەی خۆیــان کــۆبکەنەوە بــۆ گەڕانەوە، محەممەد و شلێر تۆزێک دوور کەوتنەوە و قسەیان دەکرد، محەمەد بانگی منی کرد و منیش چومەلایان، گوتی: "با منداڵەکان بێنین بۆ ئێرە". من هێنانی ماڵ و منداڵم بەخەیاڵ دانەدەهات و لەخەونیشدا بیرم لێ نەدەکردەوە، هەرچەندە کە لە کەرتی بەندیخانە بووم لە ناو زەنگ، بۆئەوەی قەناعەت بە مەلا بەختیار بهێنم نوسراوی گواستنەوەم بۆ دەشتی هەولێر بۆ بکات، ماڵ و منداڵم بۆی کردبوو بە بیانوو. دیاربوو شلێر باسی ناخۆشی ژیانی خۆی لەگەڵ مامم و مامۆژنم بۆ محەمەد کردبوو، ئەمە محەمەدی هاندابوو کە بڕیاربدات بمێننەوە، من ڕازی نەبووم، بەڵام وایانکرد خێزانم تێ بگات و ئەویش دیاربوو پێی خۆش بوو، وە قەناعەتی بەمنیش هێنا، پێشنیارەکەمان بە باوکم گوت، سەرەتا گوتی: "مەحاڵە منداڵان بنێرمە ناو ئەو کەلاوانە و مار و دوپشک دەیانخوا"، بەڵام دواجار کەزانی زولێخای هاوسەرم پێیخۆشە، ئەویش ڕازیبوو. منداڵمان گێڕایەوە و ئەوانیش گەڕانەوە بۆ شار.

به دووسێ ڕۆژ پێش ئەوەی ئێمە لەسەرکردایەتییەوە بگەڕێینەوە بۆ دەشتی هەولێر، جاسم لەگەڵ شاخەوان عەباس نێوانیان تێکچووبوو، لەسەر ئەوەی ڕۆژێک لە گوندی بانەموردی سەروو دەبن، کاتێک بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ دابەشدەبن، جاسم و سەلامی مام عەباس دەچنە ماڵێک کە ناوی حەمشین بوو، لەژورێک لە نزیک دەرگای حەوشەکە، کە بەحیساب دیوەخانە دایاندەنێن و خواردنیان بۆ دەهێنن، دووسێ پۆستە پێشمەرگە دێن لەدەرگا دەدەن، ماڵێ میوانتان هەیە؟! کە ئەمە بووبوو بەعورف و عادەت، خاوەن ماڵیش دەڵێ بەڵێ و دەگەڕێنەوە،

وەختێک شاخەوان عەباس، کە سەرتیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بوو، (ئەحمەد قەمبەری[1]) فەرماندەی کەرتی دوو بوو، سەفین مەلا قەرە کە لێپرسراوی ناوچەی دەشتی هەولێری یەکێتی بوو، دێن بۆ ئەوماڵە، نە ئەوان دەڵێن ماڵێ میوانتان هەیە و نە خاوەن ماڵیش دەڵێ میوانمان هەیە، بەڵکو بە فەرموو فەرموو دەیانبەن بۆ ژورێکی تر لە سەرەوە، کە ئەمە لە دیدی ئێمەمانان، کە ئەندامی کۆمەڵە بووین و تازە لە شارەوە هاتبووین و شێوازی شۆڕش و پێشمەرگایەتی و خەسڵەتەکانی بەرپرس و فەرماندە و جۆری پەیوەندی نێوانیان لەگەڵ پێشمەرگە و ... هتد، تەنیا لە کتێب و نامیلکەکان خوێندبوومانەوە، جگە لەمەش شۆڕشی ڕزگاری نیشتیمانی ئەمجارەمان پێ شۆڕشێکی نوێ و پێشکەوتنخوازبوو بەهەموو مانایەکەوە، مام جاسم کە ئەم دیمەنە دەبینێت، دەیکات بەهەڵلا و جوێن بەخاوەن ماڵەکە دەدات و قسە بە شاخەوان عەباس و ئەوان دەڵێت، زۆر سوێندی بۆ دەخۆن کە بانگهێشتکراوی تایبەت نین و خواردنەکەشیان جیاوازنیە، بەلام جاسم هەڵلایەکی باش دروستدەکات و لە ئەنجامی ئەمە نامەی گواستنەوە وەردەگرێ بۆ لای دکتۆر کەمال خۆشناو لە وەرتێ، بۆیە کە من و محەمەد چووینە ئیلنجاغ جاسمیش لەوێ بوو، کە ئەم بابەتەی گێڕایەوە، گوتم: "کارێکی خراپت کردووە، چونکە ئەوەی ئێمە لەشار تێیگەیشتبووین، لێرە بەجۆرێکی ترە! بچیتە سەرکردایەتی شتی زۆر زیاتر لەمە دەبینی!! نەدەبوو ئەم هەڵلایەت دروستبکردایە.

---

(١) شەهید ئەحمەد قەمبەری: ئەحمەد ئۆمەر ئەحمەد، ناسراو بە ئەحمەد قەمبەری، ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی قەمبەر ناحیەی سێگرتکان لەدایکبووە، ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووە، دوا پلەی پێشمەرگایەتی فەرماندەی کەرت بووە، لە ١٩٨٣/٤/٢٧ لە بالیسان شەهیدبووە. (حەیدەر مەنتک: سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل ٨٥).

زولێخا و شلێر تەنیا عەبای خۆیان لەلابوو، وابزانم سەرو تەشکەبەڕەش، کە بۆ ڕاخستن هێنابویان گێڕامانەوە و کەوتینە بیری شوێنی حەوانەوە بۆ ماڵ ومنداڵ، محەمەد خێرا دەستپێشخەری خۆیکرد، خانوی مەلای گوندی تێکنەچووبوو وەک خۆی مابۆوە، خێرا چوو بۆ ئەوێ و گڕیدا. خانوی سلێمان فەتحوڵڵا، کە تەنیا ژورێکی زۆر بچوکی مابوو، ئێمەش چووین بۆ ئەوێ.

بەهاری ئەو ساڵە (١٩٨٢) بارانی یەکجار زۆر بوو، بۆیە خەرتەلە و کەربەشە و گیاوگۆڵ لە پشتێنەی مرۆڤ بوو، هەریەکە و هەندێک شوێنی حەوانەوەی خۆمان خاوێن کردەوە، بۆ شەو جاسم دووقوتی پەیداکرد و نەوتی هێنا و پەڕۆی کردە پلیتە و بە قوڕ دەوری گرت و بۆیکردین بە چرا، ئێستاش بیری لێدەکەمەوە و ئەوکاتەش هەر وامدەگوت وەک ئەوەی ژنمان هەڵگرتبێت لە کەلاوەیەک و چرایەکی لە قوتی دروستکراو و یەک تەشکە بەڕەو عەبایەک بە دوو منداڵەوە کەوتبووین.

منداڵەکانمان ئەم بەهار و هاوینەیان لە گوندی ئیلنجاغ بەسەربرد، وەک ئاماژەم پێدا ئەم ساڵە بارانی بەهار زۆر بوو، گیا و گوڵ زۆرهاتبوو، بۆیە زۆر دڵمان بەمنداڵەکانەوە بوو لەبەر مار و دوپشک، باشبوو خۆشبەختانە سەلامەت دەرچوون.

هەر ئەو هاوینە کۆمەڵێک گەنجی تری ڕاکردووی سەربازی بۆ گوندەکە هاتن و تۆزێک ئاوەدان بوەوە. منیش لەگەڵ هاوڕێیان ڕۆیشتم بۆ جەولەی پێشمەرگایەتی.

## شەهیدبوونی وشیار و هاوڕێکانی و شەڕی ئۆمەرگومبەت

ڕێککەوتی ١٩٨٢/٨/٨ لە گوندی بەلەبان بووین، کە دەکەوێتە بەستی شەرغە و دانیشتوانەکەی لە هۆزی مەنتکن، ئەوکات ئاوەدان بوو، نزیکەی سی ماڵێکی تێدابوو، شاخەوان عەباسی سەرتیپ خەریکی بە ڕێکەوتن بوو بۆ سەرکردایەتی، بەمەبەستی بەشداریکردن لە کۆنفرانسی دووەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، بانگیکردم و پێیگوتم: "مەوعیدێکم لەگەڵ ئەنوەر نادر هەیە لە گوندی ئیلنجاغ بۆ بەیانی، کە پێشتر مەوعیدەکە دانرابوو، بێ ئەوەی بزانم من دەڕۆم و لێرەنابم، بۆیە دەبێ تۆ لە جیاتی من بچیت بیبینی و چی هەبوو لەگەڵی تاوتوێ بکە و چی پێ بوو لێیوەربگرە"، گوتم: "باشە"، ئەنوەر و هیدایەتم لەگەڵ خۆم بردن و بە ڕێکەوتین، ئەنوەر منداڵەکانی لە گوندی بایزئاغا بوو لەوێ بەجێمهێشت، من و هیدایەت ڕۆیشتین بۆ گوندی ئیلنجاغ، گەیشتمە ماڵەوە و خۆم دەشوشت، دیاربوو هیدایەت لەماڵەوە گیرنەبوو بوو چووبوو بۆلای ئەو خزمانەی کە ڕاکردووی سەربازی بوون و بەیەکەوە لە یەک خانودا دەژیان، لەوێ هیدایەت دەکەوێتە قسەکردن لەگەڵیان و دەڵێت ئێوە هیچ نین، ئەوانیش دەڵێن بۆ؟! دەڵێت: نەک هیچ نین بەڵکو هیچ و پوچن! نە سەربازی دەکەن، نە پێشمەرگایەتی دەکەن، نە جاشایەتی دەکەن، ئێوە بۆچ باشن؟! وەختێک چووم بۆلایان پرتە و بۆڵەیان بوو، منیش خۆم لە هیدایەت توڕەکرد و بەوانیشم گوت: ئەمە قسەی خۆیەتی، قسە و تێڕوانینی یەکێتی و کۆمەڵە و شۆڕش نیە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە دیدی یەکێتی نەچوونتان بۆ سەربازی خەباتە و خزمەتی شۆڕش و کوردایەتی دەکات، دوایی هیدایەتم جیاکردەوە و پێمگوت کەی ئەوە قسەیە، جارێکی تر قسەی وانەکەی، ئێمە دەبێ هەوڵدەین خەڵک سەربازی و جاشایەتی بۆ ڕژێم نەکات.

بڕیـار وابـوو ئێمە دووبەیـانی هەر لە گونـدەکانی بەسـتی شـەرغە بگەینەوە تیپ. بۆ شـەو زانیمـان کە وشـیار و (وریـا[١]) و (ڕێبـاز[٢])، لە (چڵکنە[٣])ی بەسـتی شـەرغە، لەگەڵ سـێ هەلیکۆپتەر تووش هـاتوون و بووە بەشـەڕیان و جگە لەوەی هەلیکۆپتەرەکـان لە ئاسـمانەوە شـەڕیان لەگەڵ کـردوون، سەربازیشـیان دابەزانـدبوو، دوای نـزیکەی کاتژمێرێـک شـەڕی قارەمانـانە و نـابەرانبەر هەرسـێکیان شـەهید دەبـن، ئەم هەواڵە زۆر جەرگبڕبـــوو، پەرۆشـــی هەرســـێکیانم بـــوو، چـــونکە بەڕاســـتی هەرسێکیان لاوی شۆڕشگێڕ و تێکۆشـەر و دڵسۆزبوون، سـێ قارەمـانی ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوون، بەڵام نایشـارمەوە بۆ وشیار سوێبوونەوەکەم لەسنور دەرچووبوو، چونکە جگە لەوەی خـزم بوو، هاوڕێیەکی نزیکیشم بوو.

دیارە لەبەر شەهیدبوونی ئەم سێ پێشمەرگەیە، (هاوڕێ کاوە[٤]) و ئەحمەد قەمبەری، هێزەکە بەرە و گوندەکانی دەمزێ دێنن، لەوکاتەش

---

(١) شـەهید وریـا: نـاوی تەواوی عوسـمان عبدالرحمان حەمەدەمـین مـامە، ناسـراو بە وریـا تەلەل خێمـی، سـاڵی ١٩٦٢ لە گونـدی تەلەل خێمـی نـاحیەی گـوێڕ لەدایکبـووە، دەرچـووی ئامادەیی کشتوکاڵی کەڵەکە، ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە، لە ١٩٨٢/٨/٨ لە چڵکنەی بەستی شرغە شەهیدبووە. (حەیدەر مەنتک: سـەرچاوەی پێشـوو، ب١، ل ٥٧٦).

(٢) شـەهید ڕێبـاز: تەحسـین ئەحـمەد عەزیـز، ناسـراو بە ڕێبـاز خەزنەیی، سـاڵی ١٩٦٢ لە گوندی خەزنە لەدایکبووە، دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی بەشی کارەبای هەولێرە، ساڵی ١٩٧٧ پەیوەنـدی بە ڕێکخسـتنەکانی کـۆمەڵەی ڕەنجـدەرانی کوردسـتانەوە کـردووە، سـاڵی ١٩٨٠ پەیوەنـدی بە هێـزی پێشـمەرگەوە کـردووە، لە ١٩٨٢/٨/٨ لە چڵکنەی بەسـتی شـرغە شەهیدبووە. (حەیدەر مەنتک: سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل١٢٦-١٢٧).

(٣) چڵکنە: شوێنێکە کەوتۆتە نێوان گوندی سارتک، گوندی ئاومار و بەستی شـەرغە، کە لە شـەرغە نزیکترە.

(٤) شـەهید هـاوڕێ کـاوە: نـاوی تەواوی عەبـدولکەریم حسـێن مسـتەفا قـادر، ناسـراو بە هـاوڕێ کـاوە مەخمـووری، سـاڵی ١٩٥٧ لە گونـدی مەحسـوناوەی قەراج لەدایکبـووە، تـاکو

هەواڵێکیان لە شارەوە پێدەگات، کە ڕژێم نیازی وایە هێزێک بەرەو گوندەکانی کانی لەلە و ئۆمەرگومبەت و دەمزێ دەربکات، بۆیە بڕیاردەدەن شەو بێنە گوندی ئۆمەرگومبەت و بۆ بەیانی و ڕۆژانی دواتر خۆیان قایم بکەن و شەڕ لەگەڵ هێزەکەی ڕژێم بکەن. ئێمە بێ ئاگابوین لەم ئاڵوگۆڕەو بەیانی لەگەڵ ڕۆژهەڵات دەنگی هەلیکۆپتەر و سوڕانەوەیان و تەقەکردن لەسەر گوندی ئۆمەرگومبەت و دەوروبەری دەستپێکرد، دوای ماوەیەک زانیمان، کە هێزەکەی ئێمە لە ئۆمەرگومبەتە و ئەم شەڕە لەگەڵ ئەوانە.

بۆ دوای نیوەڕۆ چەند پێشمەرگەیەکی تریش پەیدابوون، ئەوانەی لەبیرم مابێت: مام عەباس و سەلامی کوڕی، خاڵە جەعفەر و ڕەحمان ڕەئوف، لەگەڵ من و هیدایەتیش بووین بەدەستەیەک، ئێمە پێمانوابوو هێزەکەی ڕژێم ناکشێتەوە و هێزەکەی ئێمە لە ناو گوند تەوق دەکات، بۆیە بڕیارماندا بڕۆین بۆ ئێوارە لە لایەکەوە تەقە لەهێزەکەی ڕژێم بکەین، بۆ کردنەوەی ڕێگایەک بۆ دەرچونی برادەرانمان، بۆ ئەم مەبەستە بەڕێکەوتین لە دۆڵی (شیوی هەنجیران[١]) و (کاولان[٢]) بەرەو

پۆلی دووی ناوەندی خوێندووە، مانگی شەشی ١٩٧٧ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی بە مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ کردووە، دوا پلەی فەرماندەی کەرت بووە، ساڵی ١٩٨٣ لە بالیسان شەهیدبووە (حەیدەر مەنتک: سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٥٢١-٥٢٢)، پیاوێکی دڵسۆز و پشوو درێژ و خۆنەویست بوو.

(١) شیوی هەنجیران: دۆڵێکی قوڵە و دەکەوێتە خوارووی گوندی ئیلنجاغی گەورە، خاوەندارێتییەکەی بۆ دوو خێزان دەگەڕایەوە، کە ئەوانیش فەتاح مەولود و ئۆمەر وەسمان بوون، ئاوێکی کەمی هەبوو، بۆ ئاودانی ئەو داروو شینابییەی کە لێیان دەچاند دەیانکرد بە ئەستێرک، چەند دارێکی بەری تێدا بوو، وەک: داری قەیسی و هەنجیر، هەروەها هەندێک بەروبومی تریشیان لێ دەچاند.

(٢) کاولان: درێژبوونەوەی دۆڵی شیوی هەنجیرانە لە گوندی ئیلنجاغی گەورە و هەندێک فراوانترە، بە پێی ئەوەی گۆڕستانێکی کۆنی تێدایە، پێدەچێت لە کۆندا ئیلنجاغی گەورە لەو شوێنە بووبێت، بۆیە ناویشی لێندراوە کاولان.

ڕوبـاری داربەسـەر، کە لە ڕوبـار پەڕینەوە توشـی هەنـدێک لە خەڵکـی ئۆمەرگـومبەت بـوین، هەواڵیـان داینـێ کە هێـزەکەی ڕژێـم کشـاوەتەوە، گەیشـتینە گونـدی ئۆمەرگـومبەت، بـرادەران سـەلامەت بـوون، خەڵکـی گوندی ئۆمەرگومبەتیش زیانی گیانیان نەبوو، تەنیا ماڵێک، کە مـاڵی لالە حەکیم بوو، دوو بریندارکیان هەبوو.

## ماڵ گواستنەوە بۆ سێگرتکان و شەهیدبوونی

## بەکر ڕەشاش و کاکەی هاوڕێی

ئەو سـەردەمە لەبەر زۆر دەرچـوونی هێزەکـانی ڕژێـم و بەتـایبەت هەلیکۆپتەرەکـانی، پێشـمەرگە نەیـدەتوانی بەتەنیـا داببڕێـت، مـۆڵەت وەربگرێـت بـۆ دیـدەنی خێـزان و خـزم و کەس وکـار، تەنیـا ئەو کاتـانە دەیتـوانی سـەردانی و دیـدەنییان بکـات، کە لەگەڵ کەرت و تیـپەکەی بچووبـووایە ئەو گونـدەی کە مـاڵەکەی لێـیە، لەبەرئەوەی گونـدی ئیلنجاغیش ڕاگواسترابوو، تەنیا دووسێ بنەگەی ماڵە مەڕداری لێ بوو، بـۆیە پێشـمەرگە نەدەهـاتنە گونـدی ئیلنجـاغ، بـۆیە بیرمـان کـردەوە بـۆ زسـتان ماڵەکەمـان بـبەین بـۆ یەکێـک لە گونـدە ئاوەدانەکـان، بـۆئەم مەبەستە گوندی سێگرتکانمان هەڵبژارد.

ئەوکـاتە لەبەرئەوەی لەنـاوچەکە ڕکـابەری گەورەمـان هەبـوو، کە حیزبی سۆسیالیستی کوردستان (حسک) بوو، ئەوان ئەوکاتە بە ژمـارە هێزیـان لەئـێمە زیـاتر بـوو، لەگەڵ خەڵکیش زۆر خـراپ بـوون، شـتیان بەزۆر لەخەڵـک دەسـتاند و ڕێـزی خەڵکیـان نەدەگـرت، بەڵام ئـێمە بەپێچەوانەی ئەوان زۆر لەگەڵ خەڵک باش بووین، هەتـاکو بەنزینیش ئەگەر خۆیان نەیاندابوایە بەبێ پـارە یـان بەزۆر لەکەسمان نەدەستاند.

چـــووین بـــۆ گونـــدی ســـێگرتکان بەهەر چوارمـــان: نـــادر، مامۆســـتا سەیفەدین، دکتۆر جەردیس و من، خانوەیەکمان بەکرێگرت، کرێیەکەم لەیاد نەماوە چەند بوو، ئەوکاتە تەنیا من منداڵەکانم لەگەڵ خۆم و لە گوندی بوون، ئەوانەی تر هەرسێکیانماڵیان لەشار بوو، بەڵام گوتیان ئێمەش ماڵ دەهێنین، محەمەد و سەباحی ئامۆزاشم، کە ئەویش لە مـــانگی حەوتـــی ١٩٨٢ ببـــۆوە بە پێشـــمەرگە، هەر لە ســـێگرتکان خانوەیەکیان بەکرێگرت.

لەســـەروبەری ئەوەدابـــووین ماڵەکانمـــان بگـــوازینەوە بـــۆ گونـــدی سێگرتکان، ڕوداوێکی تری دڵتەزێن ڕویدا ئەویش شەهیدبوونی بەکر ڕەشاش و کاکەی هاوڕێی بوو لە ڕێککەوتی ١٩٨٢/٩/٢٢، بەڕاستی ئەم دوو ڕووداوە یەک لەدوای یەکە، شەهیدبوونی وشیار و هاوڕێکانی و هەروەها بەکر و هاوڕێکەی، کۆستێکی زۆر گەورە بوو بۆ سەرجەم تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر و بەتایبەتیش بۆ ئێمەمانان.

دوای ئەم ڕێکـــــکەوتەی ســـــــەرەوە، ڕۆژێـــــک منـــــداڵەکان و پرێسکەوپارێک کە هەمانبوو بارکرد و ئێوارەبوو گەیشتینە گوندی سێگرتکان. زۆر ماندو و برسیی بووین، باشبوو پیاوێک هات، بەداخەوە ناوەکەیم لەیاد نەماوە، ئێوارە بوو وەختی نانخواردن هەرسێ لامانی برد بۆ ماڵی خۆیان و لەسەربان دانیشتین، کەش و هەوایەکی زۆر خۆشـــی هەبـــوو، بـــانگی خێـــزانەکەی کـــرد: "ئـــامینە چمـــان هەســـت؟" خێـــزانەکەی وەڵامـــی دایەوە: "ئـــاش تەمـــاتەیەکی خەســـتمان هەســـت". وەختێک سەرو قاپی گەورە چێشتیان بۆهێنـاین بامیە و باینجـان و تەمـاتە بەتێکەڵـی، لەگەڵ یەک تلیـانە نـانی تیـری گەورە، دەسـتمانکرد

بەخواردنی، ئەوەندە بەتام و چێژ بوو، ڕەنگە جارێکی تر خواردنی وا بەلەزەتم نەخواردبێتەوە.

پێویستە ئاماژە بەوەش بدەم دوای ئەوەی کە چومە کەرتی یەک، کە هاوڕێ کاوە فەرماندەی بوو، زۆری پێ نەچوو مەلا خدر، کە ئەندام پۆلی کۆمەڵە و ڕابەری سیاسیی کەرتەکە بوو، گواسترایەوە بۆ کەرتی دوو وەک جێگری فەرماندەی کەرت، من لە شوێنەکەی ئەو بووم بە ئەندام پۆلی کۆمەڵە و ڕابەری سیاسیی کەرتەکە، کە ئەوکاتە تەنیا فەرماندەی کەرت و ڕابەری سیاسیی هەبوو، هیچ بەرپرسیارییەتیەکی دیکە نەبوو، وەک فەرماندەی دەستە و ... هتد.

## چوون بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان (هێزی پشتیوان) ١٩٨٢

ئەو ڕۆژەی کە ماڵم گەیاندە سێگرتکان، بۆ بەیانیەکەی خەریکی خاوێنکردنەوەی ژورەکەی خۆمان بووین و نایلۆنمان لە پەنجەرەکان دەدا و پریسکە و پارمان ڕێکدەخست، هاوڕێ کاوەی فەرماندەی کەرت مۆڵەتی وەرگرتبوو، چووبوو بۆ گوندی چیوە، کە بەرەو جەژن بوو، گوتی: "دەنێرم ماڵەوەمان بێن لەوێ دەیانبینم". وەختێک پێشمەرگەیەک هاتوو گوتی: "شاخەوان عەباس دەڵێ بێت بۆ مزگەوت". منیش چووم و جیایکردمەوە و پێیگوتم هەرئێستا کەرتەکەتان کۆبکەرەوە و ئەم شەو بڕۆن بۆلای گوندی بانیماران و بۆسبەی شەو لە ڕێگای هەولێر-کۆیە بپەڕنەوە و لە گوندی چیوە پەیوەندی بە هاوڕێ کاوەوە بکەن، دەبێ بچن بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وەک هێزی پشتیوان هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بکەن، کە هێرشێکی بەربڵاوی ڕژێمی ئێرانیان لەسەرە.

یەکێتی بۆ پشتیوانی ڕاستەوخۆی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵەی زەحمەتکێشـان بەشـێوەیەکی چەکـداری، لە تشـرینی یەکەمـی ١٩٨٢ ژمارەیەک لە هێزەکانی پێشمەرگەی خۆی بەناوی (هێزی پشتیوان[١]) ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد، بۆشەڕ لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران. کەرتەکەی ئێمەش یەکێک بووین لەوان.

یەکێک لە کێشەکانی ئێمەی پێشمەرگە، جێهێشتنی ماڵ و منداڵ و تەنیا کردنیان بوو، بەتایبەتی بۆ من، کە گوندەی خۆمان چۆڵکرابوو، ماڵم لە سێگرتکان دانابوو، خێزانەکەشم کەسی نەدەناسی، بۆیە بەجێهێشتنیان ناخۆش و قورس بوو، نەک هەر ئەوە، بەڵکو خاوەنی دوو منداڵی ساوای یەک ساڵە و دوو ساڵە بووین، کە هۆشمەند و ئەڵوەند بوون، بۆیە لە خەیاڵی ڕۆیشتن بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەک و خێزانم و منداڵەکان لەلایەکی تر، هۆش و بیرم ئاڵۆز بوو بوو، کاتێکیش گەڕامەوە بۆلای منداڵەکانم و خۆم کۆکردەوە و تاقم و شتم بەست، زولێخای هاوسەرم گوتی: "چی دەکەی؟" گوتم: "دەڕۆم". پێی ناخۆش بوو، گوتی: "من بە دوو منداڵی یەک ساڵە و دووساڵە بە

---

(١) ژمارەی هێزەکانی یەکێتی لەسەرچاوەکاندا بەجیاهاتووە، هەندێک نوسیویانە: ١٥٠٠ پێشمەرگە، بڕوانە: (سەعید کاو (کوێستانی): ئاوڕێک لەبەسەرهاتی خۆم و ڕوداوەکانی نێو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ب.ش، ب. س، ل٢٦٦، ٢٦٧؛ عەبدوڵڵا حەسەن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، ئاوڕێک لە ڕابردووی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ب٢، چ٢، ب.ش، لەبڵاوکراوەکانی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، پووشپەڕی ١٣٧٦ (ژووئیەی ١٩٩٧)، ل٢٥-٢٨؛ نەوشیروان مستەفا نوسیویەتی زیاتر لە ٢٠٠٠ پ. م، بڕوانە: (نەوشیروان مستەفا: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٩-١٩٨٣، چ٢، چاپخانەی خاک، سلێمانی، ١٩٩٨، ل ٢٦٥؛ بەڵام ئیبراهیم جەلال دەڵێت: ٢٥٠٠ پ.م، بڕوانە: (برایم جەلال: چەپکێک لەمێژووی کۆمەڵە، چ١، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠١١، ل ٣٦٩.

تەنیا چی بکەم و کەسیش ناناسم؟!" ماڵ ئاواییم کرد و گوتم: "کەیفی خۆتە"، هەرچەندە لە ناخیشمەوە لە هەست و سۆزی ئەو تێدەگەیشتم، بەڵام چارم نەبوو، بۆیە بەسەرەخۆم نەهێنا و ڕۆیشتم. باش بوو لە ڕێگا توشی یەکێک لە منداڵەکانی حاجی قادر فەڕاش بووم، بە ناوی کاوە، پێمگوت من دەڕۆم و خێزانەکەم تەنیایە و کەس ناناسیّ، بچۆ بیبە ماڵی خۆتان. ئەوکاتە بیرو باوەڕ و کوردایەتی و پێشمەرگایەتی بەم شێوەیە بوو، لە پێش ماڵ و منداڵەوە بوو.

دەستبەجیّ کەرتەکەم کۆکردەوە و ڕۆیشتین، شەو لە گوندی بانیماران بووین و بۆ شەوی دواتر چوینە گوندی گۆمەشین، بۆنانی ئێوارە چومە ماڵی مام سەید مەحموود، دیتم سەید عومەری کوڕیشی لەویّ میوان بوو، کە ناسیاومان بوو، لە سەیداوای هەولێریش ماڵمان لێک نزیکبوو، لەویّ نامەیەکم بۆ وەلی برام نوسی، کە ئەوکات تاقیکردنەوەی پۆلی شەشی زانستی تەواوکردبوو دەرچوو بوو، چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد لە زانکۆ وەربگیرێت، لەنامەکەمدا مەسەلەکەم بۆ ڕونکردەوە و داوام لێکرد بچێت منداڵەکان بباتەوە هەولێر، ئەویش داواکەمی جێبەجێکردبوو.

وەک فەرماندەی تیپ داوای کردبوو، هەرئەو شەوە لە جادەی نێوان هەولێر-کۆیە پەڕینەوە بۆ ناوچەی خۆشناوەتی و ڕۆیشتین گەیشتینە گوندی چیوەی سەروو، کە هاوڕیّ کاوەی فەرماندەی کەرتەکەمان لەویّ بوو، بۆ ڕۆژی دوایی لە مزگەوتی گوندەکە کۆبونەوەیەکمان کرد، بۆئەوەی ئامادەسازی بکەین و بۆ شەڕ بڕۆین. کەرتەکەمان دابەشکرد بۆ سیّ مەفرەزە و سیّ فەرماندەی مەفرەزەمان

دیاریکرد، کە بریتی بوون لە: (عەلی دیبەگەیی[١])، (قادر شوعی[٢]) و سەلاح شینە، سێ جێگریشیان بۆ دیاریکرا، کە دوانیانم لەبیرە ئەوانیش: نەسروڵلا و ئازاد داربەسەری بوون، بۆ بەیانی بەرەو ڕۆژهەلاتی کوردستان بەڕێکەوتین.

ڕێککەوتی ١٩٨٢/١٠/١٢ گەیشتینە ڕۆژهەلاتی کوردستان، ماوەیەک لە ناوچەکانی کونەمشکە و ئالوەتان و ساوان لەبەرەی جەنگ دابووین، ئێمە لە دەشتی هەولێرەوە ڕۆیشتبووین سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم بوو، هێشتا لەناوچەکانی ئێمە کەش و هەوا سارد نەبوو بوو جل و بەرگی هاوینەمان لەبەربوو، کە گەیشتین شەوەکەی لە کونەمشکەوە بەپەلە ئێمەیان نارد بۆ شوێنێک لەدامێنی چیای قەندیل، کە پێیاندەگوت چاکی تالە بەگەزە، ئەوەندە سارد بوو خەریک بوو لەسەرمان ڕەق ببینەوە، سەر سەرمان بەفربوو، دوو شەو خۆمان ڕاگرت، بۆدوای نیوەڕۆی ڕۆژی سێیەم ملازم عومەر هات گوتمان: "زۆر ساردە خۆمان پێڕاناگیرێ". فەرمانی کرد لەژێر سەرپەرشتی خۆیدا هێرش بکەین، ئەوەبوو هێرشمانکردوو پاسدار و هێزەکانی ئێران خۆیان نەگرت و

---

(١) شەهید عەلی عزیز حسێن عەبدوڵلا ناسراو بە عەلی دیبەگەیی ساڵی ١٩٥٧ لەگوندی سەربەشاخی کەندێناوە سەر بەناحیەی دیبەگە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٧٤ بۆتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی (ی.ن.ک)ەوەکردووە، دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەدوای ڕاپەرینی ١٩٩١ جێگری سەرلەشکر بووە، لە ١٩٩٦/٨/٣١ لە لایەن پ. د. ک بەدیل گیراوە و شوێن بزرکراوە. (حەیدەر مەنتک: سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل ٥٥٣).

(٢) شەهید قادر عزیز باپیر وسو، ناسراو بەقادر شوعی، ساڵی ١٩٦٢ لە گوندی خورمەڵە- ناحیەی دیبەگە-قەزای مەخموور لەدایکبووە، ساڵی ١٩٨٠ بوەتە پێشمەرگە و لەبەر ئازایی و بوێری کراوەتە فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر، لە ١٩٨٣/١١/١١ لە گوندی مەلاک ئاغا شەهیدبووە. (حەیدەر مەنتک: سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل ٦٤٢).

ڕایانکرد، ڕاستە ئێمە هێرشمانکرد، بەڵام پێموایە هێزەکەی ئێرانیش زۆر مەبەستیان مانەوە لەو شوێنە نەبوو، شەومان بەسەرداهات و شارەزاش نەبووین، زۆر بەزەحمەت لەم کێوە دابەزین، من و کاک نادر دەستی یەکمان دەگرت، کە گەیشتینە خوارەوە زۆر هیلاک و برسی بووین، نان و ئارد و پەتاتە و خواردنێکی زۆری پاسداران لە شوێنەکانیان بەجێمابوو، گوتیان نەیخۆین باشە نەوەک ژەهراوی کرابن، پیاوی برسی لەهیچ ناپرسی، برسیمان بوو گوێمان پێ نەداو خواردمان.

ڕۆژی دوایی لە لای ئالوەتان ئەرکیان پێ سپاردین. لەوێ سەرو قەمسەڵەی باشیان داینی، قەمسەڵەکان لەوانەبوون کە پێیاندەگوتن ڕۆمانی، زۆر باش و گەرم بوون، کڵاودرابوون، لەو جۆرانە بوون کە سوپای عێراقی بەکاریاندەهێنا. چەند ڕۆژێک لەوێ بوین، ڕۆژێکیان هێزەکانی ئێران هێرشیان هێنا و وەڵاممان دانەوە و چەند کاتژمێرێک شەڕ بەردەوام بوو، لە قۆڵی ئێمە یەک برینداری سوکمان هەبوو، بەڵام لە قۆڵەکانی تر شەهید و بریندار هەبوو، ئەو ڕۆژە (ملازم خولە[1])ی سەرتیپی ٨٣ی هەورێ بریندارببوو. کورد میللەتێکی خۆخۆرو نەگبەتە، لەم هێرشەی هێزەکانی ئێران بەچاوی خۆم هێزەکانی (پ. د. ک)م دیت نەک لەگەڵ سوپای پاسداران، بەڵکو لەپێش ئەوان هێرشیان بۆمان دەهێنا. ئەو ڕۆژە گەر نادر نەبووایە من شەهید دەبووم، لە سەنگەرێک بووم دوو پێشمەرگەی ترم لەگەڵ دابوو بۆ پشوودان هەرسێکمان

(١) شەهید خولە عەزیز فەرحان قەرەنی، ناسراو بە ملازم خولە، ساڵی ١٩٤٩ لە گوندی گەڕەسۆر لەدایکبووە، دەرچووی کۆلێژی سەربازی بەغدایە، ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووە، ساڵی ١٩٨٢ بەسەختی برینداربووە و بە هۆیەوە کەمئەندام بووە و لە ١٩٨٩/٧/١٥ شەهیدبووە. (حەیدەر مەنتک: سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل ٢٠٨).

لەدەرەوەی سەنگەرەکە بووین، کە هێرش دەستپێکرد بەڕاکردن چوومەوە ناو سەنگەرەکەم و دوانەکەی تر نەهاتن، سەنگەرەکە زۆر خراپ بوو، شوێنەکەی ئاسوگە بوو، کەڵەکە بەردیش بوو، نادر کەزانی بە تەنیام بەڕاکردن گەیشتەلام، بەڵام کەهات یەکسەر گوتی بابڕۆین و ئەو سەنگەرە زۆر خراپە، بەقسەکەی ئەو سەنگەرەکەمان جێهێشت، چەند مەترێک دوور کەوتینەوە یەک ئاربیجی لێدا بووە تۆز و هەر بەردەی بۆلایەک برد.

چەند ڕۆژێک لەسەر شاخماینەوە، ئاگاداریان کردینەوە بچینە خوارەوە و بڕۆین بۆ گوندی ساوان، کە مام جەلال بارەگای خۆی هێنابووە ئەوێ و سەرپەرشتی شەڕەکەی دەکرد. دوای ئەوەی گەیشتینە ساوان، زانیمان کەرتی تیپیش بەسەرپەرشتی شاخەوان عەباس هاتوون و بڕیاردراوە ئێمەی تیپی ٨٦ بچینە قوڵایی خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هاوکاری هێزەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بکەین، بەو پێیەی تیپەکەی ئێمە هەموومان ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بووین.

هەندێک شت هەیە بەگرنگی دەزانم باسیان بکەم، کە لەڕێگادا بووین پێش ئەوەی بگەینە دۆڵەتو، توشی کاروانێکی ڕۆژهەڵات بووین، لە یەکێکیانمان پرسی دەنگ و باسی شەڕەکە چیە و چۆنە؟ گوتی: "حەمەدی عەولای داکێی لێ گاون هەمووی دەمەحسەرێ ناون، حەوت توەنگانی لێ گرتوون!" گوتمان ئەوە زۆرباشە کەواتە ئێمە دەچین تفەنگان کۆدەکەینەوە!

ئەوکاتەی لەپشتی ئالوەتان بوین دەستەیەکی حیزبی دیموکراتمان لەگەڵ بوو، ڕێزم بۆ پێشمەرگە قارەمان و دلێر و بەتواناکانی ئەو

حیــزبە هەیە، بەڵام وەک خۆیــان دەڵــێن دوای ئینقلابــی ئێــران ١٩٧٩ هەندێک زۆرو بۆر بووبوون، ڕۆژێکیان فەرماندەی دەستەکە (ص.ل) گوتی: "ئێوە بۆ ئاربیجیتان نیە؟!" ئێمە کەرتی یەکی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر پەنجا پێشمەرگە بوین ئاربیجیمان نەبوو! گوتمان نیمانە. گوتی: "ئــێمە ئەم دەســتەیە ســێ ئــاربیجین هەیە، ئــێکن داوە بە دەفــتەری سیاسیی، ئێکن دەباڵێ ناوە، ئێکیشن وێیە". هەر ئەو فەرماندەیە ڕۆژەکی دی گــوتی: "شــەڕ لەو شــاخە خــۆش نــیە"، گوتمــان ئەدی؟ گــوتی: "لە دەشــتی لاجانێ خۆشــە". گوتمـان لێرە لە نـاو ئەو شـاخ و بەردو کێوە شەڕ نەکەی! لە دەشتی لاجانێ هەر نایکەی!!!

## بەرەو قولایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

لە ســاوانەوە بە پیــادە بەڕێکەوتــین، بەداخەوە نــاوی شــوێن و گوندەکانم لەیاد نەماوە، ئەوانەی پێیاندا تێپەڕین و نانمان لێی دەخوارد و شەو لێیان دەماینەوە کاتی خۆی دەفتەرێکی بچوکم هەبوو هەموویم بە ڕێککەوت و ڕوداوەکانەوە تۆمارکردبوو، ساڵی ١٩٨٦ لەگەڵ ماڵەکەم لە گوندی ئیلنجـاغ سـوتا. بەهەرحـاڵ ڕۆژێـک دوای نیـوەڕۆ لە گونـدی واوان نانی نیوەڕۆمـان خـوارد و ئینجـا بە ئۆتۆمبێل بەڕێکەوتین بەرەو قـولایی خـاکی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و یەکەم ڕۆژ گەیشـتینە گونـدی وەتەمــیش، کە بارەگــای نــاوچەی بۆکــانی کــۆمەڵەی زەحمەتکێشــانی کوردسـتانی ئێرانـی لێبـوو. فـاروقی بابـامیری بەرپرسـی نـاوچەکە بـوو. وەتەمــیش گونــدێکی زۆر خــۆش و دڵگیربــوو خۆزگەمــان دەخواســت کەرتەکەی ئــێمە لەوێ بمابووینــایەوە، بەڵام شــاخەوان عەبــاس لەگەڵ

کەرتـی تیـپ لەویٚ مـانەوە، کەرتەکەی ئـێمەش ڕۆیشـتین بـۆ نـاوچەی مەهاباد، کە ئەوکاتە بارەگایان لە گوندی حاجی ئاڵی کەند بوو، محسـین ناوێک لێپرسراوی ناوچەکە بوو، ڕۆژی دوای گەیشتنمان کەرتەکەمـان کە سـێ مەفـرەزە بـوو، هەر مەفـرەزەیەک لەگەڵ پەلێکـی کـۆمەڵەی زەحمەتکێشان چوون بۆ گوندێک، خاتون خاس و خاتون باغ بوون، من و هاوڕێ کاوە لەگەڵ مەفرەزەیەک لەگەڵ ناوچە ماینەوە.

لێـرەدا چەنـد ڕوداوێکـی ئەو مـاوەیە دەگێـڕمەوە، کە لەڕێگـاو لە گوندەکانی ڕۆژهەڵات بەسەرمان هات:

شەوێکیان لە ڕێگای ڕۆیشتنمان لە گوندی سارتکە ماینەوە و شەو درەنـگ بـوو، شـورای گونـد (ئەنجـومەن) دابەشـیکردین، ئـێمە چەنـد پێشـمەرگەیەک بووین بەر ماڵێک کەوتین زۆر هـیلاک بووین یەکسـەر شـوێنی خەوتنیـان بـۆ دیـاریکردین و خەوتـین، دوای تۆزێـک لەتیفـی نەوتفـرۆش بە هێمنــی بــانگیکردم، گــوتم چـیە؟ گـوتی: "ئەمە ژنە لە تەنیشتم"، گوتم: "پشتی تێکە و بخەوە"، دەیگوت: "چۆن بخەوم؟!" گوتم: "بخەوە و بێدەنگ بە". ئەوە ڕەوشتی بەرزی ئەوکاتە بوو، کە پێشمەرگە نەیدەتوانی لە تەنیشت ژنێک بخەوێ! چونکە پێی کارێکی ناڕاسـت و بێ ڕەوشتی و دوور لە نەریت و بەهای بەرزی پێشمەرگایەتی بوو.

یەکەم ڕۆژی گەیشتنمان بە گوندی حاجی ئاڵی کەند، زۆر چڵکن و پیس بووین، دابەشیانکردین بەسـەر ماڵەکاندا بـۆ خۆشوشـتن و جلک شوشتن، من و نادر بەرماڵێک کەوتین، خۆمـان شوشـت و جلی خۆیـان بۆ هێنـاین بـۆ ئەوەی جلەکانمـان بـۆ بشـۆن، سـەیرمکرد شـەرواڵی کـاک نـادر هەویـری پێـوەیە، ژنـی مـاڵەکەش ناوەنـاوە دەیگـوت: "بەخـوا هـیچ نەبوو پانتۆڵی خـۆمم بـۆ هێنـاوی!" دەنگم نەکرد تـاکو چـوینەوە بـارەگـا، لەوێ گوتم بـرادەران بـۆ لە نـادر ناپرسـن لە کـوێ هەویـری شـێلاوە؟!

نادر توورەبوو، گوتم: "بۆ تورە دەبی سەیری شەڕواڵەکەت بکە"، ئینجا سەیری کردوو بوو بە پێکەنین.

ڕۆژێکیان بەنیازی ئەنجامدانی چالاکیەک لە شاری مەهاباد، ڕۆیشتین چوینە ناو یەکێک لە گەڕەکەکانی بە ناوی مەجبوراوە، بەڵام برادەرانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان سوور نەبوون لەسەر ئەنجامدانی چالاکیەکە و بە بیانوی ئەوەی دکتۆر نەهاتووە و ئەگەر یەکێک زامدار بوو چۆن چارەسەری بکەین، گەڕاینەوە، چوینە گوندی شیلاناوێ، کە مام هێمنی شاعیر (هێمن موکریانی) لەوێ بوو، چوینەلایی و دوای دانیشتن و خۆناساندن گوتمان: ئێمەش شاعیرێکمان هەیە و پەنجەمان بۆ حەسەنی مام تەهای درێژکرد، ئەویش گوتی: "با گوێم لێ بێ بزانم شیعرەکانی چۆنە؟" حەسەن دەستیکرد بە شیعر خوێندنەوە و گوتمان: "مام هێمن شیعرەکانی چۆنە؟" گوتی: "زۆر باشە، بەڵام شیعرەکانی پێش خۆی دەمرن!!!" حەسەن نەیدەزانی مانای چیە، دوایی تێمانگەیاند کە شیعرەکانت شیعر نین.

ڕۆژێکیان لە گوندی حاجی ئاڵی کەند بوین، هاوڕێ کاوەی فەرماندەی کەرت لەگەڵ پێشمەرگەیەک بەناوی خالید قادر، کە بە مامۆستا خالید ناسراوە، نێوانیان تێکچوو چەکی کرد و بەمنی گوت لەگەڵ پێشمەرگەیەکی تر بیبە بۆلای شاخەوانی فەرماندەی تیپ لە گوندی وەتەمیش، پێشمەرگەیەکم بەناوی محەممەد لەگەڵ خۆم برد و پێش ئەوەی بکەوینە ڕێ سەیرمکرد چەک و تاقمەکەی خالید، کە تفەنگێکی جۆری ژێسێ و شەش مەخزەن فیشەک بوو زۆر قورسە بۆ ئەم ڕێگایە، بە دزییەوە دەرزی ژێسێکەم دەرهێنا و خستمە باخەڵمەوە و بەخالیدم گوت ئێمە هاوڕێین و چۆن دەبێ تۆ بێ چەک بی و ئێمەش

چەکی زیادەمان پێ بێت، دوایی هەموو خەڵک دەزانێ کە چەک کراوی و جوان نیە، بۆیە چەک و تاقمەکەت دەدەمەوە و کە گەیشتینە گوندی وەتەمیش لێتوەردەگرمەوە، وامانکرد و ڕۆیشتین، کە گەیشتینە گوندی وەتەمیش چەک و تاقمەکەمان لێوەرگرتەوە و دەرزیەکەم لە باخەڵم دەرهێنا و خستمەوە سەر تفەنگەکە، چاوی پێکەوت زۆر توورە بوو، هەزار جوێنیدا.

شەوێکیان هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هێرشیانکردە سەر لوتکە شاخێک بەناوی سەنگسار و داگیریانکرد، کە هێزەکانی ئێمە بە هاوبەشی لەگەڵ پێشمەرگەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان لەوێ بووین، بۆیە ڕۆیشتین بۆ شاخێکی تر، کە بەرانبەری ئەم شوێنەبوو، بۆ بەیانیەکەی سەیرمانکرد چەند پێشمەرگەیەکی ئێمە و کۆمەڵەی زەحمەتکێشان لەسەر تەپۆلکەیەکی بچوک بوون، کەوتبووە نێوان هەردوو شاخەکەوە، واتە ئەم لوتکەی داگیرکرابوو و ئەوەی ئێمەی لەسەر بوو، ئەم تەپۆلکەیە لە لایەن هێزەکانی ئێرانەوە تۆپباران دەکرا، تۆپبارانێکی خەست، کە ڕەنگە پەنجا تۆپی زیاتر لێدابی، سەیرمانکرد پێشمەرگەیەکی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بەناوی حەمەی حوسێنی، کە پایەی سەرپەل بوو بەخراپی بریندار بووبوو، پیاوێکی زۆر کەڵەگەت و بەخۆوەش بوو، لەگەڵ ئەوەی حەسەن تەهای پێشمەرگەی ئێمە لە هەموان باڵا کورتربوو بەویان هەڵگرتبوو، مامۆستا خالید ڕووی کردە من و هاوڕێ کاوە و گوتی: "جلەکانم پیس دەبی ئەگەر بەڵێنم دەدەنێ بۆم دەکرنەوە من دەچم ئەم بریندارە دەربازدەکەم". هەندێک پارەی کەرتم لابوو، بۆیە بەڵێنمپێدا کە جلەکانی بۆ دەکرمەوە، چەک و تاقمەکەی دانا و بەڕاکردن ڕۆیشت بریندارەکەی لە حەسەن وەرگرت و دەربازیکرد.

دوای ئەوەی ڕژێمی ئێران بەرزاییەکانی سەرگوندی حاجی ئاڵی کەندی گرت، کە پێیاندەگوت سەنگسار، بۆیە ناوچە گواستیەوە بۆ گوندی کولیجە و ئێمەش لەگەڵی. ماوەیەک مەفرەزەیەکی ئێمە لەگەڵ پەلێکی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان لە گوندی حاجی ئاڵی کەند مانەوە، وابزانم فەرماندەی مەفرەزەکە سەلاّح شینە بوو. دوای چەند ڕۆژێک هاوڕێ کاوە چوو بۆ سەردانی مەفرەزەکەی حاجی ئاڵی کەند، ڕۆژی دوایی دەمەو ئێوارە بروسکەیەکی بۆمن کردبوو، کە مەفرەزەکەی کولیجە ببەم و بچم بۆلایان بەمەبەستی ئەنجامدانی چالاکیەک، وەختەکە درەنگ بوو، بەفرێکی زۆر باریبوو، بایەکی ساردی دەهات، دنیا زۆر سارد بوو، بە محسینی لێپرسراوی ناوچەم گوت: "تۆ دەڵێی چی بڕۆین یان نا؟" گوتی: "بابەتەکە پەیوەندی بەمنەوە نیە و ئیختیاری خۆتانە". کەوتمە دڵەڕاوکێ، دۆخەکە زۆر نالەباربوو، ئەگەر دەڕۆم کەش و هەوا بەم جۆرە دژواربوو، ئەگەر ناڕۆم بەرپرسەکەم فەرمانی کردووە و ئەو سەردەمەش نەدەبوو فەرمانی سەروو پشتگوێ بخرێ، بۆیە بەڕێکەوتین، هەر ئەوەندەمان خۆش بوو کە لە گوندی دەرچووین، لە ژیانمدا ڕۆژی واسەخت و دژوارم نەبینیوە، زریان بوو، هەرگیز زریانیشم نەبینیبوو، تەنیا بیستبووم، ڕێگامان ونکرد، خۆشمان نەماندەزانی چۆن دەڕۆین سەرمان لێشێوابوو چاومان نەیدەدیت، بەڕێکەوت لەگەڵ خانووی گوندێک کە ناوی قەمتەر بوو دەکەوێتە نێوان گوندی کولیجە و حاجی ئاڵی کەند بەریەک کەوتین و، هاوارمکرد ئاوەدانی؟ ئاوەدانی؟ یەکسەر خەڵکی گوندەکە هاتنە دەرەوە و لێمان کۆبوونەوە، ئەوەندە سارد و کەش وهەوا دژواربوو تا ئەو ڕادەی کە نە وەڕەی سەگێک دەهات، نە تروسکەی چرایەک دیاربوو. خەڵکەکە

زۆر پەرۆشمان بوون و گوتیان خوا لێی گۆڕیوون چییە بەم دۆخە لەڕێگادان و بۆکوێ دەچن؟! خێرا دابەشیانکردین و لەژێر کورسی تەندوری ماڵەکانیان، کە لە ڕۆژهەڵات وایان پێدەگۆت، گەرم بووینەوە، ئەوەندە پەرێشان بووین نەماندەتوانی پێڵاوەکانمان لەپێ بکەینەوە، بەڵکو ئەوان قەیتانی پێڵاویان بۆ کردینەوە و پێڵاوەکانیان لەپێکردینەوە، تا ئەو شەوە ئەم دۆخەم بەچاوی خۆم نەدیت، کە لەمان و ژیانی خۆمان بێ ئومێدبوبوم باوەڕم نەدەکرد زریان بەم شێوەیە بێت، کە پێشتر باسی زریانیان دەکرد، گوێم پێ نەدەدا و بە گرنگم نەدەزانی، بەڵام ئەو شەوە تێگەیشتم کارەساتی سروشتی دڕندەیەکی یەکجار سامناکە، ئەگەر مرۆڤ توشی بێت. ئەو ساڵە زۆر سەخت بوو، هەر لەو ساڵەدابوو ملازم تاهیری عەلی والی و هاوڕێکانی لە ناو بەفردا خنکان.

ڕۆژێکیان لە گوندی کولیجە بووین، لەگەڵ ئازاد داربەسەری زۆر تامەزرۆی گۆشتخواردن بووین، چونکە لەمێژبوو نەمانخواردبوو، کەڵەشێرێکمان کڕی بۆئەوەی لێی نێین و بیخۆین، وەختێک شیرین ی کچی مامۆستا (شێخ عزەددینی حوسێنی[1])، کە پێشمەرگەی کۆمەڵەی

(١) شێخ عزەددینی حوسێنی ساڵی ١٩٢١ لەدایکبووە و لەماوەی دەسەڵاتدارییەتی محەممەد ڕەزاشادا کراوەتە پێش نوێژ و وتارخوێنی نوێژی هەینی لە مزگەوتی گەورەی مەهاباد. هەستی کوردایەتی بەهێزی هەبووە و ئەندامی کۆمەڵەی (ژ.ک) بووە، بەهۆی ئەو پێگە کۆمەڵایەتی-ئاینی یەی کە هەیبوو، خەڵکێکی زۆری لەدەوری خۆی کۆکردەوە و هەم لە ڕۆژانی خۆپیشاندانەکانی شاری مەهاباد و هەمیش لەدوای سەرکەوتنی شۆڕش و هەوڵەکانی گەلی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی لە چوارچێوەی ڕژێمی نوێدا ڕۆڵی هەبووە. دژایەتی خۆی بۆ خومەینی و سیستمی حوکمڕانی ولایەتی فەقیە دەربڕیووە و لە بەرامبەری دا وەستاوە. بەیەکێک لە هاوکارەکانی "کۆمەڵە" ناسراوە. ئێوارەی ٢٠١١/٢/١١ لە وڵاتی سوید کۆچی دوایی کرد. دواتر تەرمەکەی هێنرایەوە باشوری کوردستان و لە مەراسیمێکدا لە گۆڕستانی گردی سەیوانی شاری سلێمانی بە خاک سپێردرا، بڕوانە:

ئێـران بـوو توشـمان بـوو، گـوتی: "ئەمە چـیە؟!" گوتمـان کەڵەشـێرە و کڕیومانە و دەمانەوێت بیخۆین، گوتی: "ئەم دیاردەیە لە لای کۆمەڵەی زەحمەتکێشان یاساغە و نابێت شتی وابکەن، پێی بزانن دەیکەن بەهەڵلا لەسـەرتان، بەڵام بێنن من بە نهێنـی بۆتـان ئامـادەدەکەم و لەشـوێنێک بیخـۆن"، لێیـوەرگرتین و بـۆی ئامـادەکردین و ئـێمەش لە شـوێنێک خواردمان.

کـۆمەڵەی زەحمەتکێشـانی کوردسـتانی ئێـران هەنـدێک خەسـڵەتی شۆڕشـگێڕانەی زۆر باشـیان هەبـوو، زۆر گرنگیـان بەبـاتی تیـۆری و پەروەردەی پێشـمەرگە و مەشـق دەدا، کە کەسـێک لەنـوێ پەیوەنـدی پێـوەدەکردن، دەیانخسـتە خـولی پەروەردەیـی و مەشـقی سـەربازی و هەروەهـا لە بارەگـاش هەمیشـە کـۆڕ و سـمینار دەگیـرا و بـایەخ بە خوێنـدنەوە دەدرا، گرنگیـان بە هەواڵـی ڕۆژانە دەدا و یەکێکیـان دیـاریکردبوو بـۆ گـوێگرتن لە ڕادیۆکـان و کـۆکردنەوەی هەواڵەکـان و ئینجـا شـەو هەمـووی کۆدەبـونەوە و هەواڵەکـانی بـۆ دەخوێنـدنەوە، گرنگیان بە پتەوکردنی هـاوڕێیەتی لە نێوان ئەندامەکان دەدا، هەروەهـا توندوتۆڵ کردنی پەیوەندی لەگەڵ خەڵک و تێکەڵاو بوونیـان، زۆر نەرم و نیان بوون لەگەڵ هاوڵاتیان.

ڕۆژێک پێشمەرگەیەکیان لەگەڵ چەند هاوڵاتیەک توشی کێشـە بـوو بوو، تەقەی بەسەردا کردبوون، محسینی بەرپرسی ناوچە چەکـی کـردو سزای دا، دەیگوت ئێمە دەمـانەوێ خەڵک ڕابێنین و چاوی بکرێتەوە و ترسـی نەمێنـێ و داوای مـافی ڕەوای خـۆی بکـات، کەچـی تـۆ دەتەوێ بەتەقەکردن خەڵک چاوترسێن بکەی؟!

---

(د.هۆشـمەند عەلـی مەحمـوود: ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، لێکـۆڵینەوەیەک لەدۆخـی سیاسـی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ١٩٧٩-١٩٨٩، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢، ل٤٨).

لەهەمان کاتیشدا چەند خەسڵەتێکی خراپیشیان هەبوو، زیاد گرنگی دان بەلایەنــــی تیـــۆری لە چـــالاکی و کـــرداری پێشـــمەرگانەی کەمکردبوونەوە، هەروەها کارکردن بەئاراستەی دروستکردنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کردنە قوربانی لاوانی کوردستان لەم پێناوەدا، بەبێ ئەوەی خەڵکی نەتەوەکانی تری ئێرانیان لەگەڵ بێت.

بە بۆچوونی من ڕابەر کەسێکە ڕۆڵی زۆر کاریگەر دەبینێت لە هەموو حیزب و ڕێکخراو و جوڵانەوەیەک. خاوەن بەرنامە و ستراتیجی دوورمەودا و گرتنەبەری تاکتیک و پلانی جۆراوجۆرە بۆ گەیشتن بەئامانجی سەرەکی، ئینجا ئەو ڕابەرە حیزبی و سیاسیی بێت یان سەربازی و... هتد. کۆمەڵەی زەحمەتکێشان ئەگەر (فوئاد مستەفا سوڵتانی[١]) یەکەمین ڕابەری وا زوو شەهیدنەبووایە، بەو دەردە نەدەچوو کە پێی چوو، وەک چۆن کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ئەگەر (ئارام[٢]) وا زوو شەهیدنەبوایە بەوشێوەیە لەگۆڕ نەدەنرا.

---

(١) شەهید فوئاد مستەفا سوڵتانی ساڵی ١٩٤٨ لەدێی ئاڵمانەی نێوچەی مەریوان لەدایکبووە. قۆناخەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە مەریوان و خوێندنی زانکۆی لە تاران تەواوکردووە. لە ساڵانی خوێندی زانکۆدا تێکەڵاوی کاری سیاسی بووە و کەوتۆتە ژێر کاریگەری بیرو باوەڕی چەپ، کە دواتر لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی ساڵی ١٩٦٩ ڕێکخستنێکی نهێنی بازنەییان دامەزراندووە، کەدواتر بووبە ڕێکخراوی کۆمەڵە. ساڵی ١٩٧٩ یەکێتی جوتیارانی لەمەریوان دامەزراند و ڕۆڵی دیاری بینی لە ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی کوردستان لەوقۆناخەدا. یەکێکە لەدەستەی دامەزرێنەرانی کۆمەڵە و یەکەمین سکرتێری ئەو ڕێکخراوەش بووە. پاشان لە شەڕەکانی بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕێککەوتی ١٩٧٩/٧/٣١ شەهیدبووە. بڕوانە: (د. هۆشمەند عەلی مەحموود: ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩.

(٢) شەهید ئارام: ناوی تەواوی شاسوار جەلال سەعیدە، ساڵی ١٩٤٧ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شارۆچکەی ماوەت و چوارتا و قۆناخی ئامادەیی لە سلێمانی تەواوکردووە. ساڵی ١٩٧١ کۆلێژی بازرگانی تەواوکردووە. لە

زمانی کوردی شێوەزار و زاراوەی جۆراوجۆری تێدایە، زمانێکی دەوڵەمەندە و وشەکانیشی لەناوچەیەک بۆناوچەیەکی دیکە دەگۆڕێن، ئێمە لەکاتی پاسەوانی بەتایبەت شەوانە، کە یەکێک بەرەو ڕومان بهاتایە دەمانگوت کێی زەلام؟! ئەو زاراوەیە لە ڕۆژهەڵات بەکارنەدەهات و ئەوان وشەی زەلام بۆ وڵاغە بەرزە بەکاردەهێنن، بۆیە ئەو ماوەیەی کە لەوێ بووین و هەرکاتێک ئەو دەستەواژەیەمان بەکاردەهێنا زۆر تووڕە دەبوون و دەیانگوت پیاوین زەلام نین!! ئێمە چونکە لەسەری ڕاهاتبووین، بەردەوام دوبارەماندەکردەوە.

بە باوەڕی من، چوونمان وەک پێشمەرگە و هێزەکانی یەکێتی، وەک هاوکاری و هاوسۆزیەک لە نێوان دوو بەشی داگیرکراوی کوردستان، کارێکی باش و نیشتیمانی بوو، زۆر پێی دڵخۆش بووین لە ڕووی هەستی کوردایەتی و نیشتیمانی و نەتەوەییەوە، بەڵام بۆ یەکێتی کاریگەری خراپی هەبوو، چونکە لە لایەک شەڕی ڕژێمی عێراق و لە لایەکی تر شەڕی بەرەی جود، ئینجا شەڕی کۆماری ئیسلامی و کردنی بە دوژمن، هەرچەندە پێشتریش دۆستی نەبوو، ئەمە و پڕوپاگەندەکردنی لایەنەکان، کە یەکێتی بۆ خاتری ڕازیکردنی ڕژێمی

---

سەرەتای لاوێتی یەوە تێکەڵاوی کاری سیاسیی و ڕێکخراوی قوتابیان بووە، ڕۆژنامەنوسێکی چالاک بووە، ساڵی ١٩٧٠ چۆتە ڕیزەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەران)، ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ی.ن.ک کردووە. ساڵی ١٩٧٦ دوای گرتنی خاڵە شهاب و هاوڕێکانی لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە، ئارام وەکو سکرتێری کۆمەڵە ئەرکی ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکانی کۆمەڵەی لە ئەستۆ گرتووە، پاشان چۆتە شاخ و یەکەم دەستەی پارتیزانە چەکدارەکانی شۆڕشی نوێی دروستکردووە، ساڵی ١٩٧٧ بۆتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، لە ٣١ی کانونی دووەمی ١٩٧٨ لە گوندی تەنگی سەری قەرەداغ شەهید بووە. وەرگیراوە لە:

(https://ckb.wikipedia.org/wiki/%D٨%B٤%D٨%A٧%D٨%B٣%D٩%٨٨%D٨%A٧%D٨%B١_%D٨%AC%DB%٩٥%D٩%٨٤%D٨%A٧%D٩%٨٤_%D٨%B٣%DB%٩٥%D٨%B٩%DB%٨C%D٨%AF).

عێراق بۆ گفتوگۆ و دانوستاندن ئەم شەڕەی هەڵبژاردوە، کە ئەمەش بەنەرێنی لەسەر یەکێتی شکایەوە.

ئێمە ئەو ماوەیەی کە لە ڕۆژهەڵات بووین، پڕوپاگەندەی زۆرمان لە بەرژەوەندی و بە لایەنگری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و بە دژی حیزبی دیموکرات دەکرد، چونکە ئێمە خۆمان بە هەڵگری بیرو باوەڕی مارکسیزم-لینینزم دەزانی و، بە بۆچوونی خۆمان نوێنەرایەتی چینی ڕەنجدەر و زەحمەتکێشی کوردستانمان دەکرد و ئامانجمان گرێدانەوەی خەباتی چینایەتی بە خەباتی نەتەوایەتیەوە بوو، پێمانوابوو خەباتی چینایەتیش، بەشێکە لە خەباتی نەتەوایەتی، و ئێمە لە ناو نیمچە بەرەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، ئامانجمان بوو لە ڕێگای هێزی سەرەکی ئەو بەرەیەوە، ببین بە پارتی پێشڕەو. لەم بۆچوونەوە پێمانوابوو کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانیش، هاوخەبات و هاوبیرمانە و هەمان ڕێبازی تێکۆشانی گرتۆتەبەر، بەڵام حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، نوێنەری چینی بۆرژوایە، بۆیە لە کاتی قسەکردنمان لەگەڵ هاوڵاتیانی ڕۆژهەڵات، هەمیشە دەمانگوت حیزبی دیموکرات نوێنەری ئاغا و دەرەبەگ و چینی بۆرژوایە، بۆیە ناتوانێت ئامانجەکانی زەحمەتکێشانی کوردستان بێنێتەدی و لە بەجێگەیاندنی ئەرکی شۆڕشی ڕزگاری نیشتیمانی سەرکەوتوو نابێت.

خەڵکی دێهاتەکانی ئەم ناوچەیەی کە ئێمەی لێ بووین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زۆر هەژار بوون، بەڵام ئێمەیان زۆر خۆشدەویست، کە دەچووینە گوندەکانیان پێشوازی زۆر گەرمیان لێدەکردین، پێیاندەگوتین: "کوڕەکانی مام جەلال"، تاکە پرسیاریشیان

ئەوەبوو (دکتۆر قاسملوو[١]) زیرەکترە یان مام جەلال؟ بێگومان ئێمەش دەمانگوت مام جەلال.

خەڵکی دێهاتەکان خزمەتی زۆریان دەکردین، قەیتانی پێڵاویان بۆ دەکردینەوە، بەڵام ئاستی گوزەرانیان زۆر نزم بوو بۆیە هەمیشە خواردنەکانیان خراپ بوو، ڕستەیەک لە ناو پێشمەرگە باوبوو، کە دەیانگوت: بگەڕێینەوە ناوچەکانی خۆمان، بە گوندەکانی شاخە پیسکە و بانیماران دەڵێین: شاخە گوڵە و بانی گوڵان.

(١) شەهید قاسملوو: ناوی تەواوی عەبدولڕەحمان کوڕی محەممەد ئاغای وثوق الدولەیە و لەنێو خەڵکی جیهان بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی بە قاسملوو ناسراوە. لە ١٩٣٠/١٢/٢١ لە شاری ورمێ لەدایکبووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە ورمێ و تاران تەواوکردووە. ساڵی ١٩٤٨ بۆ درێژەپێدانی خوێندنی چۆتە فەرەنسا (پاریس) و بەڵام بەهۆی خەبات وتێکۆشانی سیاسی دژ بەشا و بەشداریکردنی لەڕیزەکانی خوێندکارانی حیزبی توودە لە پاریس، بەهۆی فشاری حکومەتی ئێران لە ١٩٤٩ لەو وڵاتە دووردەخرێتەوە. ساڵی ١٩٥٢ بڕوانامەی بکالۆریۆس لەزانستی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە زانکۆی (پڕاگ) بەدەستهێناوە و لەماوەی دەسەلاتداریێتی (د.محەممەد مصدق ١٩٥١-١٩٥٣دا گەڕاوەتەوە بۆ ئێران و بەدرێژایی پێنج ساڵ ١٩٥٢-١٩٥٧ تێکۆشانی سیاسیی لە ئێران و کوردستاندا ئەنجامداوە. بەهۆی هەڵومەرجی دژواری سیاسی لە ئێران و کوردستان، ساڵی ١٩٥٧ چۆتەوە بۆ چیکۆسلۆڤاکیا و لە زانکۆی (پڕاگ)دا درێژەی بەخوێندن داوە و ساڵی ١٩٦٢ بڕوانامەی دکتۆرای لەزانستی ئابووری وەرگرتووە و تا ساڵی ١٩٧١ مامۆستای ئەو زانکۆیە بووە. لە نێوان ساڵانی ١٩٧٦-١٩٧٨ مامۆستای زمان و شارستانیەتی کوردی بووە لە زانکۆی (سۆربۆن) لە پاریس. خاوەنی چەند بەرهەمێکی زانستییە، کە گرنگترینیان کتێبی (کوردستان و کوردە). لەساڵی ١٩٧١ەوە ڕێبەر و پاشان سکرتێری گشتی حدکا بووە تا تیرۆرکرانی لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڤییەننای پێتەختی نەمسا لە ڕۆژی ٧/١٣/ ١٩٨٩. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (هۆشمەند عەلی مەحموود شێخانی: عەبدولڕەحمان قاسملوو، ژیان و ڕۆڵی سیاسیی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا ١٩٣٠-١٩٨٩، توێژینەوەیەکی مێژوویی-سیاسیە، کۆمەڵگای چاپەمەنی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٦-٣٠).

## گەڕانەوە بۆ سەرکردایەتی و درێژەدان

## بە خەباتی پێشمەرگایەتی

نزیکەی سێ مانگ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماینەوە، ئەگەر هەڵەنەبم لە ڕێککەوتی ١٩٨٢/١٠/١٢ گەیشتینە گوندی کونەمشکە و لە ڕێککەوتی ١٩٨٢/١٢/٢١ گەڕاینەوە بۆ دەشتی هەولێر. لە ڕۆیشتنمان بۆ قولایی ڕۆژهەڵات ماوەیەکی زۆر بە ئۆتۆمبیل ڕۆیشتین و هەموو ناوچەکە ئازادکرابوو، بەڵام لە گەڕانەوەمان هەموو ڕێگاکە لە لایەن ئێرانەوە داگیرکرابوو، گەڕانەوەمان زۆر سەخت بوو، بەفرێکی ئەستور باریبوو، هیچ پێشمەرگەیەک لە پێنچ خولەک زیاتر نەیدەتوانی لەپێشەوە بڕوات بۆ شکاندنی ڕێگا بەفرینەکە و دەبوایە بیگۆڕین، لەکۆتا ڕۆژ لە نزیک سنوور، بەداخەوە ناوی گوندەکەم لەیاد نەماوە، دەبوایە لەم گوندە چاوەڕوان بین تا ڕۆژئاوا دەبێ، قاچاغچیەکانیش بەهەمان شێوە لەوێ کۆدەبوونەوە، دەبوایە لەگەڵ ئەوان خۆمان ڕێکبخەین و هەر پێشمەرگەیەک لەگەڵ یەکێک لەوان سواری وڵاغ بێت بۆ پەڕینەوە لە ڕوباری واوان، چونکە ئاوەکەی زۆر بوو زۆر ساردیش بوو، ئێمەش وامانکرد، کاتێک لە ڕوبارەکە پەڕینەوە، سەرژمێری خۆمانم کرد نەسروڵلا دیارنەبوو، دیارە وڵاغدارەکە فێڵی لێکردبوو جێیهێشتبوو، منیش هاوارمکرد، یەکێک لە وڵاغدارەکان بگەڕێتەوە ئەم پێشمەرگەیە بهێنێت، کەسیان ئامادەنەبوون بگەڕێنەوە، بۆیە گوتم: "دەبێ هەر هەموتان بگەڕێنەوە"، قۆنداغە تفەنگێکیشم لە یەکێکیان دا، ئینجا یەکێک گەڕایەوە و نەسروڵلای هێنا.

بەم شێوەیە گەیشتینەوە سنوری سەرکردایەتی خۆمان. ئەوکاتە کەرتەکەی ئێمە هیچ ئاربیجیمان نەبوو، پێشمەرگەیەکی حیزبی

دیموکرات قسەی لەگەڵ هاوڕێ کاوە کردبوو، کە خزمێکی لێپرسراوی ناوچەیە و بارەگای لە گوندی کانی زەردی سەر سنورە، و نامەیەکیشی بۆ خزمەکەی نوسیبوو کە بە پارەیەکی کەم یاخود بە گۆڕینەوە بە کلانشیکۆف ئاربیجیەکمان بداتێ، هاوڕێ کاوە نامەکەی دا بەمن و گوتی: "دوو کەس لەگەڵ خۆت بەرە و بڕۆ بۆ گوندی کانی زەرد". منیش نادر و (فوئادە ڕەش[1])م لەگەڵ خۆم برد، ئێوارەبوو گەیشتینە گوندی کانی زەرد، پرسیاری ناوبراومان کرد، گوتیان ماڵ و منداڵەکەی بردووە بۆ ئۆردوگای بەستەستێن و لێرە نیە، بۆیە کارەکەمان سەرینەگرت. لەوکاتەدا پیاوێک فەرمووی لێکردین و لەگەڵی چووینە ماڵەوە، کە تەنیا خۆیی و خێزانەکەی بوو تەمەنیشیان هەبوو، یەک ژوریان هەبوو، ئێوارە دوای نانخواردن، گوتی: با گۆرەوییبازی بکەین، واتە کەرەمستانێ، دەستمانکرد بەیاری و کەوتینە گفتوگۆ و قسەکردن، لێمانپرسی خاڵە گیان تۆ لایەنگری حیزبی دیموکراتی یان کۆمەڵە؟ گوتی: "مـن دەگەڵ حـزبێم"، (واتە حیزبی دیموکرات)م. ئێمەش وەک پیشەی هەمیشەییمان کەوتینە دژایەتیکردنی حیزبی دیموکرات و مەدحی کۆمەڵە، هەروەک پێشتر ئاماژەم پێیداوە. دوای ماوەیەک نادر لێی پرسی ئێستا باوەڕت بە حیزب زەعیف نەبووە؟ گوتی: "وەڵا خۆ زەفیع بووە".

---

(١) شەهید فوئاد هادی قادرساڵح، ناسراو بە فوئادە ڕەش، ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی دووگردکانی قەراج لەدایکبووە، دەرچووی قۆناخی سەرەتاییە، لە ١٩٧٩/٣/١ پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، لە ١٩٨١/١/١ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە، دوا پلەی فەرماندەی کەرت بووە لە تیپی ٨٥ی بەڕانەتی، لە ١٩٨٧/١٢/١٣ لە مەسیف سەلاحەدین شەهیدبووە. (حەیدەر مەنتک: سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٦٣٦).

بەیانی کە گەڕاینەوە بۆ سەرکردایەتی، لە بازاڕی قاسمەڕەش توشی هاوڕێیانی خۆمان بووم، گوتیان باوکت هاتووە، باوەڕم نەدەکرد، دوایی دڵنیایانکردم کە لەگەڵ سابیری باوکی ئازاد داربەسەری هاتوون، بەپەلە ڕۆیشتم و لە زەڵێ گەیشتمە باوکم و کاک سابیر، پێموایە دوو شەو بەیەکەوەماینەوە، زۆری هەوڵداو گوتی: "دەمەوێ چاوم بە مام جەلال بکەوێ"، هەرچەندە باوکم و مام جەلال دۆستایەتی کۆنیان هەبوو، بە هۆی ئەوەی کە تێکەڵاویەکی کۆمەڵایەتیان هەبوو، ئامۆزایەکی باپیرم (پلکە حەلیمە) خێزانی شێخ ئەدیب تاڵەبانی بووە، کە مامی باپیری مام جەلالە، هەروەها تاڵەبانیەکان هەندێک زەوی کشتوکاڵیان لە گوندی ئیلنجاغ هەبووە و سەردەمێکیش شێخ نەسرەدین تاڵەبانی، مامی مام جەلال، ماڵی لە ئیلنجاغ بووە، بەم هۆیانەوە تێکەڵاوی و هاتوچۆیان هەبووە، بەڵام ڕێگریم لێکرد و نەمهێشت، پێموابوو ئەگەر بچی باسی من بکات، لەوانەیە مام جەلال داوام بکات و بڵێ دەبی لەگەڵ من بیت ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تر بیروباوەڕمان وابوو نابێ لە بەرپرس و سەرکردە نزیک ببیەوە، پێمانوابوو مام جەلال و پێشمەرگەیەکی تر جیاوازیان نیە!

ئەوان گەڕانەوە بۆ شار و ئێمەش بەرەو ناوچەکانی خۆمان بەڕێکەوتین، گەیشتینە گوندی وەرتێ، چومە لای گوشاد، کە بارەگایان لەوێ بوو، داوای لێکردم کە (دە) کتێبی زۆر باشی پەیداکردووە بۆی ببەمەوە لای خۆمان، سەیرمکرد کتێبەکان قەبارەیان زۆر ئەستور بوو، بەم زستان و سەرمایەش تاقم و تفەنگ و هەندێک سوکە کەلوپەلی خۆم وهەڵگرتنی ئەم (دە) کتێبە بەم قەبارەیە زۆر زەحمەت بوو، بۆیە گوتم: "ئەگەر داوا لە نەسرولڵا و نادر و ئەنوەر و ئازاد بکەی لەگەڵ

خۆم دەبین بە پێنج کەس و هەریەکەمان دوو کتێب هەڵدەگرین، بەم شێوەیە کارەکە ئاسان دەبێ و بۆ کەسمان زەحمەت نابێ، کە لەڕێگای کۆیە-هەولێر پەڕینەوە من هەموویان کۆدەکەمەوە و لە شوێنێک دایاندەنێم"، هەرچواریان ڕازی بوون و هەریەکە و دوو کتێبمان هەڵگرت.

نادر لە گوندی کاولانی ڕۆژهەڵات، کە دەکەوێتە سەر سنورو ئەوکات بازاڕێکی گەورەی هەبوو، بلوزێکی جوانی بۆ صافیە خانی خێزانی کڕیبوو، قەمسەڵەیەکی ڕۆمانی کڵاوداری لەبەربوو، بلوزەکەی خستبووە ناو کڵاوی قەمسەلەکە و لەپشتی ملی خڕببۆوە، منیش بۆ گاڵتە ناوە ناوە دەمگوت: هاوڕێیان بۆ لە نادر ناپرسن ئەمە چیە لە پشتی ملی؟ ئەویش توورە دەبوو، دەیگوت: ئیرەیی دەبەی، چونکە خۆت هیچت بۆ زولێخا نەکڕیوە. لەبەر دوو کتێبەکەی گوشاد، نادر بلوزەکەشی لە کڵاوی قەمسەلەکەی دەرهێنا و بەیەکەوە خستنیە ناو کیسەیەکی نایلۆن، لە درێژەی ڕێگادا شەوێک لە گوندی گردجانەوە بە سواری تراکتۆر و عارەبانە چوین بۆ گوندی خدران، شەو بوو هێزێکی پێشمەرگە، کە مەجیدی مەلا فەتاح بەرپرسیان بوو، بە هۆی یەکتر نەناسینەوە بوو بەچەک ڕاکێشانمان لەیەکتری و پشێویدروستبوو، بۆیە نادر کیسەکەی لە ناو عارەبانەی تراکتۆر لە بیرکردبوو، ئینجا دەیگوت: تۆ ئیرەییت بەم بلوزە دەبرد، بۆیە لێم بەجێما. لە ڕاستیدا زۆرم پێناخۆش بوو، کە بلوزەکەی لێ بەجێمابوو، چونکە دیارییەک بوو بۆ هاوسەرەکەی هێنابوو، من هیچ ئیرەیم پێی نەدەبرد، تەنها بۆ گاڵتە و گەپ ئەم قسانەم دەکرد.

ژیـــانی پێشـــمەرگایەتی هەرچەنـــدە زۆر ســـەخت و دژواربـــوو، برسیەتی و تـوێنیەتی و هیلاکـی و مانـدوبوون و تـرس و ئەرکـی زۆری تێـدابوو، بەڵام کۆمەڵێـک هـاوڕێی هـاوتەمەن، کە بیروباوەڕێـک کـۆی کردبووینەوە، بەیەکەوە بووین، برایەتـی و تەبـایی و هاوڕێیەتیمـان زۆر خۆشـبوو، هەمیشـە بەقسـەی خـۆش و گـاڵتە و گەپ لەشـێوەی ئەوەی نێوان مـن و نـادر هەمـوو ئەزیەت و ئازارەکانی بیردەبـردینەوە، خەمـی دووری ماڵ و منداڵ و خزم و کەسوکار لەبیرمان نەدەما.

گەیشـتینە گونـدی گـۆپتەپە و کتێبەکـانی گوشـادم کـۆکردەوە و لە ماڵی سمایلی مام قادرم دانان، گوتم تاکو ڕێکدەکەوێت و دەیانگوازمەوە بۆ شوێنێکی تر با لێرەبن، لەکاتی شـەڕەکانی نـاوخۆی یەکێتـی و بەرەی جـود، مەفرەزەیەکـی ح. ش. ع چووبـوونە مـاڵی سـمایل و کتێبەکانیـان بینیبوو، هەر دە کتێبەکەیان دڕاندبوو پـارچە پارچەیـان کردبـوون، ئەوە برادەرانـــی ح. ش. ع ئەو چاڵاکیەیـــان ئەنجامـــدابوو!!! لە جیـــاتی ئەوەی بیانبەن و بیانپارێزن و سـودیان لـێ ببینن، چـونکە کتێبەکـان هەموویـان باســـی بابەتەکـــانی مارکسیســـزم و لینینـــزم و سۆشـــیالیزم و تیـــۆری کۆمۆنیستی و بیری چەپخوازانەیان دەکرد، نوسـەرەکانیشـیان نوسـەری جیهانی دیاری ئەو بوارانە بوون.

بـۆیە پێویسـتە ئامـاژەی پـێ بدەم، یەکەم شـەڕی نەگریسـی نـاوخۆ سـەرجەم جومگەکـانی سیاسـیی و کـۆمەڵایەتی و فەرهەنگـی و ... هتـد گرتبۆوە، ئەوەتە ح. ش. ع چەند کتێبێک، کە جگە لەوەی خوێندنەوەیان سودی بە ڕێبازی چەپ و کۆمۆنیستی دەگەیاند و هیچ زیـانێکی تریـان نەبـــوو، کەچـــی ئەوان دەیانســـوتاندن. دووەم، ئەوە ڕونیـــدەکاتەوە کە پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی عێراقیش، هەر وەک حیزبەکانی تـر لەسـەر

خەملێنــی بیروبــاوەڕی مــارکس و ئەنگلــس و لینــین و پرەنســیپەکانی سۆســیالیزم نەبــووە، ئەنــدام و لایەنگرانــی بە گیــانی ڕاســتەقینەی مارکسیزم پەروەردە نەکراون، ئەگینا کاری لەم شێوەیان ئەنجامنەدەدا.

بەهەرحاڵ، گەیشتمەوە گوندی سێگرتکان و سۆراغی ماڵەکەم کرد، ســەیرم کــرد دوای ڕۆیشــتنی ئــێمە (محەمــمەد شــینە[1]) و عەبــدوڵڵا گردەسۆری چووبوونە ژورەکانی ئێمە، واتە شوێنی من و نادر، بەڵام ئەوەی نــادر مــاڵی تێــدانەبوو، چــونکە پێرانەگەیشــت مــاڵەکەی بێنێــت، پرێسکەکانی منیان فڕێدابووە هۆڕێکەوە و دلۆپە هەمووی داڕزاندبوو، بەشێوەیەک خراپ بووبوون جارێکی تر بەکەڵک ناهـاتن، هەموویانمـان فڕێدا، زۆرم پێناخۆش بوو، گازاندە و گلەییەکی زۆرم لێکردن، بەڵام بێ سود بوو، تەنیا ئەوەندە بوو یەکسەر خانوەکەیان بەجێهێشت، ناردم منــداڵەکانم هــاتنەوە و هەنــدێک کەل و پەلــی ترمــان پەیــداکرد و گوزەرانمان دەستپێکردەوە، بەڵام ئەم خانوە بۆ ئێمە زۆر شووم بوو تێیــدا نەحەســاینەوە، چــونکە ئەمجــارەش زۆری پــێ نەچــوو شــەڕی شــوومی نــاوخۆ دەســتیپێکرد و دیســان منــداڵەکانم نــاردەوە شــار و مــاڵەکەی منــیش بــوو بەنەخۆشــخانە بــۆ برینــدارانی شــەڕی نــاوخۆ. پاشانیش ئێمە ڕۆیشتین بۆلای خۆشناوەتی و دوای ئێمە خاڵە ڕزگار ماڵەکەی ئێمەشی لەگەڵ هی خۆیان بردبۆوە بۆ گوندی ئیلنجاغ.

---

(١) شــەهید محەمــمەد شــینە: نــاوی تەواوی محەمــمەد حەســەن شــینە عەولا، ناســراو بە محەممەد شینە، ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی گردەسۆری ناحیەی قوشتەپەی پارێزگای هەولێر لەدایکبووە، ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە، دوا پلەی پێشمەرگایەتی فەرماندەی تیپی تۆپخانەی مەڵبەندی چوار بووە. لە ١٩٨٨/٢/٢٦ لە گوندی بالیسان شەهیدبووە. (حەیدەر مەنتک: سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٧٣٨).

شتێک بۆ پێکەنین دەگێڕمەوە، کە گەیشتمەوە گوندی سێگرتکان، وەک پێشتر ئاماژەم پێداوە، مامۆستا سەیفەدین و دکتۆر جەردیس ماڵەکانیان هێنابوو، ئەوانیش لەهەمان ئەو خانوەی ئێمە بوون، دوو ژوری لەسەر یەکتری بوون، مامۆستا سەیفەدین لەسەرەوە بوو، دکتۆر جەردیسیش لەخوارەوە، مامۆستا سەیفەدین گوتی: "برام وەرە قسەیەکی خۆشت بۆ بگێڕمەوە"، گوتم فەرموو، گوتی: "خۆت دەزانی ئێمە چەند ڕۆژ جارێک بە جەولە دێینەوە بۆ گوندی سێگرتکان و دەتوانین شەو لەماڵەوە بین، گوتی کە لەم جەولانە دەهاتینەوە سێگرتکان ئێوارە دوو سێ پێشمەرگە پەیدادەبوون نانیان دەخوارد و دەیانویست پێخەف ببەن و بچنەوە مزگەوت، یەکسەر دکتۆر جەردیس دەیگوت نا ڕاوەستن، براژنە نەسرین تۆ بچۆ خوارەوە لای نەجیبەی خێزانم، ئێمەش هەموو پیاوەکان لێرە دەخەوین، گوتی جارێک دوان بەم شێوەیە بوو زۆر بێزاربووبووم، ئێوارەیەکیان هەمان سیناریۆ دوبارەبویەوە و دکتۆر جەردیس دەمی کردەوە و ویستی بڵێ براژنە نەسرین بچۆ لای نەجیبە، یەکسەر وتم وەڵا ناچێت، کاکی من، من چەند ڕۆژە لە جەولەم ئەمڕۆ هاتیمەوە، ئەگەر خۆت هیچت پێ نیە! بۆ لەمن تێک دەدەی؟! ئیتر گوتی: دکتۆر جەردیس ئەوکاتە تۆزێک نیگەران بوو، بەڵام دوایی ئاشتم کردەوە، ئینجا گوتی: برام توخوا حەقم نەبووە؟" گوتم بەرێ وەڵا زۆریش حەقت بووە.

دوای ماوەیەک لە گەڕانەوەی کەرتەکەی ئێمە، شاخەوان و ئەوانیش گەڕانەوە، لەم ماوەیەی کە ئێمە چووبووین بۆ ڕۆژهەڵات (سابیر ڕەسووڵ[1])، کە لە شەڕی پیرانان لەتشرینی دووەمی ١٩٨٠

---

(١) شەهید سابیر ڕەسووڵ قادر حسێن ساڵی ١٩٤٨ لە گوندی پونگینە-قەزای بنەسلاوە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٨٠ بوەتە پێشمەرگە، چەندین پلەی فەرماندەیی بڕیوە، دوا پلەی

بریندارببوو، چاوێکی لە دەستدابوو، ناردرابوو بۆ سوید بۆ چارەسەر و چەند ساڵێک لەوێ بوو، گەڕابۆوە وەک فەرماندەی کەرت ڕەوانەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر کرابوو، بۆیە کەرتێکی ترمان بەناوی کەرتی سێ زیادیکردبوو. شایانی باسە شەڕی گوندی پیرانان ئەو شەڕە بوو کە (جەمیل ڕەنجبەر[1])ی تێدا شەهید بوو، ئەم گوندە دەکەوێتە دەڤەری پشدەرە ڕەقە و سەر بە ناحیەی سەنگەسەرە.

## هەڵبژاردنی ئەنجومەنی گوندەکان و چەند ڕووداوێک

لەم سەروبەندەدابوو، سەرکردایەتی یەکێتی بڕیاریدا لەناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتیدا، ئەنجومەنی گوندەکان هەڵبژێرێت، وەک ئەزموونێکی سەرەتایی حوکمی دیموکراسی، یاخود وەک هەنگاوێکی سەرەتایی دیموکراتیزەکردنی حوکمڕانی لە کوردستان.

بۆ ئەم مەبەستە، ڕۆژێک لە گوندی سێگرتکان: فەرماندەی تیپ، فەرماندەی کەرتەکان، ڕابەر سیاسیی تیپ، ڕابەر سیاسی کەرتەکان، لێپرسراو و ئەندامانی کەرتی ڕێکخستن کۆبوینەوە، لەم کۆبونەوەیەدا

---

بەرپرسی کەتیبەکانی تۆپخانە بووە، لە ١٩٩٦/٨/٨ گەیشتە کاروانی نەمران. (حەیدەر مەنتک: سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٣٥٦-٣٥٨).

(١) شەهید جەمیل ساڵح عەزیز، ناسراو بە جەمیل ڕەنجبەر، ساڵی ١٩٤٧ لە گوندی گۆمە گڕوو ناحیەی قوشتەپە لەدایکبووە، دەرچووی خانەی مامۆستایانە، ساڵی ١٩٧١ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، ساڵی ١٩٧٦ بەسکرتێری لقی هەولێری کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی هەڵبژێردراوە، لە کانونی یەکەمی ١٩٧٩ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە، لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی هەولێری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بووە. لە ١٩٨٠/١١/١٨ لە گوندی پیرانەڕەشی ناوچەی پشدەر شەهیدبووە. دیوانێک و چەندین ناملیکەی شیعری لەدوای خۆی جێهێشتووە. (حەیدەر مەنتک: سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل١٦٣-١٦٤).

بڕیاردرا دەستبکەین بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی گوندەکان، بۆ ئەم مەبەستە کەرتی تیپ و کەرتی سێ لەگەڵ چەند ئەندام کەرتێکی ڕێکخستن داندران بۆ ناوچەکانی بەستی شەرغە و لای گوندەکانی بانیماران و گۆمەشین و ئەو ناوە، شاخەوانی فەرماندەی تیپ لەگەڵیان بوو. پێویستە ئاماژەی پێ بدەم، کە (عەبدوڵڵا ڕەشید[١]) یش تازە هاتبووە دەرەوە و کرابوو بە لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی دەشتی هەولێر. کەرتی یەک و کەرتی دوو لەگەڵ بەشێکی کەرتی ڕێکخستن، کە لێپرسراوی کەرتەکەش لەگەڵدا بوو، داندرابوین بۆ سنوری دەمزێ و دوایش سەرکەوین بۆلای گوندەکانی گردەسۆر و ئەو ناوە.

لە زۆربەی گوندەکان ئەنجومەنمان هەڵدەبژارد. ڕۆژێکیان لە گوندی بەردەسپی خەریکی ئەوەبووین ئەنجومەن هەڵبژێرین، کە بێگومان ئێمە هەوڵماندەدا کەسانی سەر بەڕێکخستنەکانی خۆمان دەربچن، بۆ ئەم مەبەستە پێشتر گفتوگۆ و ڕاوێژمان لەگەڵ ڕێکخستنەکانی خۆمان دەکرد و دەستنیشانماندەکرد، کە کێ خۆی بپاڵێوێ و، دەنگ بەکێ بدەن، مەحموود ناوێک هەبوو، وابزانم (مەحموودی ئەحمەدی حاجی مەحموود) یان پێدەگوت، لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی مەرزان بوو، لە گوندی بەردەسپی دادەنیشت، وەک

---

(١) شەهید عەبدوڵڵا ڕەشید: ساڵی ١٩٤٩ لە گوندی یارمجەی کەرکوک لەدایکبووە، دەرچووی ئامادەییە، لە بەشی ژمێریاری ئەمینداریەتی ئابوری و دارایی هەولێر وردبین بووە، ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کردووە و لێپرسراوی ڕێکخراوی کۆمەڵە بووە لە ناو شاری هەولێر، ساڵی ١٩٨٢ لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی کۆمەڵە هاتە دەرەوە و بەشداری کۆنفرانسی دووی کۆمەڵەی کردووە و دوای کۆنفرانس بوەتە لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی دەشتی هەولێر، لە ١٩٨٣/٧/١٦ لە حاویەی سێگرتکان شەهیدبووە، دوو کچ و کوڕێکی لە پاش بەجێماوە. ئەم زانیارییانە لە بەڕێز (دکتۆر عادل ڕەشید) وەرگیراوە.

باسیاندەکرد چەند ساڵێک پێشتر لە ڕووی دەرونیەوە حاڵی باش نەبووە، چاک بوبۆوە، بەڵام تەندروستیشی هەر زۆر باش نەبوو، گوتبووی خۆم هەڵدەبژێرم، برادەران داوایان لەمن کرد بچم قسەی لەگەڵ بکەم و پاشگەزی بکەمەوە، بەو پێیەی خەڵکی گوندی مەرزانە و لێک نزیکین، منیش چوومە ماڵەکەیان و زۆرم قسە لەگەڵ کرد بێ سوود بوو، گوتی: "کاک عەلی تۆ خزمی پێویستە بەرگریم لێبکەیی و هانم بدەی"، منیش پێمگوت: "پێمخۆشە تۆ دەربچیت، بەڵام دڵنیام دەنگ ناهێنی و پێم ناخۆشە و دەشکێیەوە"، گوتی: "نا بەپێچەوانەوە تۆ نازانی من یەکەم دەنگ دەهێنم". شەو لە مزگەوت کۆبوینەوە و خۆ پاڵاوتن و هەڵبژاردن تەواوبوو، مەحموود تەنیا دەنگی خۆی هێنابوو، هەڵسایەوە و گوتی: "وەڵا ئەمە دیموکراتی نیە"!!!

هەرلەکاتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی گوندەکاندا، ڕوداوێکی تری زۆر سەیرو ناخۆش ڕویدا، وەک پێشتر باسمکرد، سابیر ڕەسووڵ کرابوو بە فەرماندەی کەرتی سێ، وەختی خۆی (کەریم[1])ی برا گەورەی لە ڕێکخستنەکانی شار لە لایەن ڕژێمەوە گیرابوو، لە سێدارە درابوو. ئەو گومانی لەچەند کەسێکی ناو ڕێکخستنەکانی هەولێر هەبوو، کە خیانەتیان کردووە و ئەویان ئاشکرا کردووە، لەوانەی گومانی لێیان هەبوو یەکێکیان دوو کوڕی پێشمەرگە بوون لە کەرتی ڕێکخستن، ئێمە لە گوندی سارتک بووین، سابیر ڕەسووڵ و شاخەوان عەباسیش لە گوندی گۆمەشین دەبن، بابەتەکە لای شاخەوان دەدرکێنێت و دەڵێت:

(١) شەهید کەریم ڕەسووڵ قادر حسێن، ساڵی ١٩٤٦ لە گوندی پونگینەی هەولێر لەدایکبووە، قۆناخی سێیەمی ناوەندی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٣ پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، لە ١٩٨١/٨/١٠ لە بەغدا لە سێدارە دراوە. (حەیدەر مەنتک: سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل ٦٩١-٦٩٢.

"دەچم ئەوانە دەگرم و چەکیان دەکەم"، شاخەوانیش نەک هەر ڕێگری لێ ناکات، بەڵکو پێشی ناخۆش نابێت. پێموایە شاخەوان مەترسی ئەوەی هەبوو، کە سابیر ڕەسووڵ یان عەبدوڵڵا ڕەشید، ڕۆژێک لە ڕۆژان شوێنەکەی بگرنەوە، بۆیە ناڕاستەوخۆ ڕازی دەبێت. سابیر ڕەسووڵیش چەند پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر و دەستوەشێنی هەڵبژاردبوو، پێیگوتبوون: "تۆڕێکی هەواڵگری عێراقیم ئاشکرا کردووە دەچین دەیانگرین، ئەوەی دەستیکردەوە بیکوژن"! بەڕێدەکەون و لە گوندی داربەسەری بچوک یەکێک لە دوو براکە لەگەڵ کاکلە ڕەش دەبێت، یەکسەر دەیگرن و چەکی دەکەن، کاکل دەیەوێت قسەبکات، پێیدەڵێن: "ئەوە جاسوسی ڕژێمە و تۆ قسەنەکەی"!

کاتێک سابیر ڕەسووڵ و مەفرەزەکەی گەیشتنە گوندی سارتک، لەو کاتیشدا کەرتێکی سۆسیالیستیش لەوێ بوون، سێ هەلیکۆپتەریش بەسەر ئاسمانی گوندەکەوە دەسوڕانەوە، پشێویەک دروستبوو، کەس نەیدەزانی شەڕی یەکێتی و سۆسیالیستە؟! یان لەگەڵ ڕژێم شەڕە؟! یەک فیشەک بتەقێندرایە کارەساتێکی زۆر گەورە ڕویدەدا، بەڵام باشبوو ئەحمەد قەمبەری و هاوڕێ کاوە کەوتنە نێوانیان و دانیشتن و کۆبونەوەیەکی چوارقۆڵیانکرد، واتە: (عەبدوڵڵا ڕەشید، سابیر ڕەسووڵ، هاوڕێ کاوە و ئەحمەد قەمبەری)، گەیشتنە ئەو بڕیارەی کە بابەتەکە هەڵگرن بۆ سەرکردایەتی و ئەوان بڕیاری لێبدەن، ئەوەبوو دوای شەڕی بالیسان، نەوشیروان مستەفا لە گوندی بالیسان لەگەڵیان دانیشت و سابیر ڕەسووڵی سزادا و لە فەرماندەیی کەرت لایدا (تجمیدی کرد) و لە شوێنی ئەو ئەحمەد کوردەی کرد بە فەرماندەی کەرتی سێ.

ئەو جۆرە ڕوداوانەش هەر پەیوەندی بە ململانێ و کێشـەی نێوان سەرکردە و باڵە جیاوازەکانی ناو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە هەبوو، کە زیـاتر کێشـە و ڕقەبەری کەسـی بـوون، نەک لەسـەر بەرنـامە و ئایـدۆلۆژیای جیـاواز، کە هەمیشـەش سـەرکردەیەکی دیـار، پشـتیوانی لایەنێک لە لایەنەکانی کێشەکەی دەکرد.

## شەڕی نەگریسی ناوخۆی هێزە کوردستانییەکان

شـەڕی نـاوخۆی هێـزە کوردسـتانییەکان، هەر لەنیـوەی دووەمـی سـەدەی بیستەمەوە وەک نەخۆشـییەکی کوشندە بەرۆکـی جوڵانەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کوردستانی گرتووە و بۆتە کێشە و گرفتێکی زۆر گەورە. بەبۆچونی من ئەم کێشەیە چەندین هۆکاری دەرەکـی و نـاوەکی هەیە، بەڵام سـەرەکیترینیان بـریتییە لە دەسـتتێوەردانی دەوڵەتـانی هەرێمی، ئەوانەی کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە و دوژمنانی کورد و دەزگا هەواڵگریەکانیـان هۆکـار و هاندەری ئەم شـەڕە و خۆشـکردنی ئاگرەکەی بوونە، هۆیەکی تر زاڵبوونی بەرژەوەندی تەسکی حیزبـایەتی و بنەمـاڵەیی بەسـەر بەرژەوەنـدی گشـتیدا، هەروەهـا دەسـەڵاتخوازی و پـاوانخوازی زۆربەی هەرەزۆری ڕابەر و سـەرکردەی حیـزبە کوردستانییەکان، لە هەمووشـیان گرنگتـر لاوازی هەسـتی نیشـتیمانی و نەتەوەیـی، ئەمـانە هۆکـاری زۆر بەهێـزن بـۆ هەڵگیرسـانی شـەڕەکانی ناوخۆ لە کوردستاندا.

ئەوکـاتە لە ناوچەکـانی سـنوری تیپـی ٨٦ی دەشـتی هەولێـر، هێزەکانی حسک بە ژمـارە زۆر لە ئێمە زیـاتربوون، هەروەهـا چەندین فەرماندەی کۆنی پڕ ئەزمونی شۆڕشـی ئەیلولیـان لەگەڵدابوو، ئێمەش

پێشـمەرگەکانی تیپـی ٨٦ی دەشـتی هەولێـر زۆربەمـان گەنـج و لاوی دەرچـووی کـۆلێج و پەیمانگـا و ئامادەییەکـان بـووین و، ئەزمـونی شەڕمان زۆر کەم بوو، هێزەکانی حسک شەڕیان پێدەفرۆشتین، ڕۆژێک لە گوندی سێگرتکان کۆبونەوەیەک کرا بە ئامادەبوونی تەواوی تیپەکە، بۆ گفتوگۆکردنی ئەم بارودۆخەی کە لە ئارادابوو، ئایا چی بکەین بۆ بەرەنگـاربوونەوەی هێزەکـانی حسـک؟! هەوڵبـدەین گفتوگۆیـان لەگەڵ بکەین؟ یان بەشەڕ کێشەکان یەکلایی بکەینەوە؟ ئێمە کۆمەڵێک لە کادیر و پێشمەرگەکان لایەنگری گفتوگۆ و دانوستاندن بوین، هەرچەندە ئەمە زەحمەتیش بوو، هەندێکی تر پێیانوابوو تاکە چارەسەر و تەنیا ڕێگا شـەڕە و هـیچ گفتوگـۆیەک بەرهەمـی نابێت، برادەرێـک بەنـاوی (ت.ع)، هەڵسایەوە و ڕووی لەمن کرد و گوتی: "کاک عەلی من بۆیە کۆمەڵەم شـەڕی حسـک بـکەم، ئەم شـەڕە نەکرێـت مـن چەک دادەنـێم". کەچـی شەڕەکە دەستپێکرد و ئەم برادەرە ڕۆژێکیان لەکاتی نۆبە پاسـەوانی چەک و تـاقمەکەی دانـابوو، بـێ پـرس ڕۆیشـتبوو، چوبـۆوە هەولێـر و تەسلیم بە ڕژێم بۆوە!!!

هاوڕێ کاوە، کە فەرماندەی کەرتـی یەک بـوو، شۆڕشگێڕێکی زۆر پشـوو درێـژ و لەخـۆبردوو دڵسـۆزبوو، لەگەڵ ئەوە نەبـوو بە ئاشـکرا شەڕ لەگەڵ حسک ڕابگەیەنین، دەیگوت: "ئەگەر وابکەین ئەوان لە ئێمە زۆرترن و ناتوانین لەم ناوچەیە بەتەنیا ڕووبەڕویـان ببینەوە، دەبێ هانـا بۆ تیپەکاتی تری وەک بیست و یەکی کەرکوک و نەوەدوسێی کۆیە و ... هتـد ببەین. کاتێـک کە ئەو تیپـانەش دێـن بـۆ ناوچەکەمـان، هێزێکـی نـامۆن و وەک ئـێمە مـامەڵە لەگەڵ هاوڵاتیـانی نـاوچەکە نـاکەن و هەڵسـوکەوت و ڕەفتـاری نـابەجێ دەکەن و دەبێـتە هـۆی ئەزیەت و

ئـازاردانی هاوڵاتیـانی ناوچەکەمـان، ئەمە جـگە لەوەی ئەو هێـزە زۆرە دەبێــتە هــۆی بــارگرانی و قورســاییەکی زۆر لەســەر هاوڵاتیــان و ناوچەکەمــان دەکەوێـتە بــارێکی نائاســایی و ئاڵۆزدەبێـت". بـۆیە ئەو پێیوابوو ڕێگا و شـێوازی تـری سیاسـیی و دیبلۆماسـی و پەروەردەیـی بگیرێتەبەر بۆ لاوازکردنیان و کەمکردنەوەی هەژمونیان.

هاوڕێ کاوە لە هەموو بوارەکانی پێشمەرگایەتی کەسـێکی دوربـین و هوشـیار و لێزان بـوو. بۆ نمـونە، کە ئێواران مـن ئەرکـی پاسـەوانیم دادەنا پێیدەگوتم: "بەری بەیانیان یان خۆت یان من دابنێ"، چونکە بەری بەیانیان کاتێکی هەستیاربوو بۆ جموجۆڵی دوژمن و هەر ئەگەرێکی تر.

شەڕی ناوخۆ لە ناوچەکەمان هەڵگیرسا، بۆچونەکەی هاوڕێ کـاوە ڕاسـت دەرچـوو، ئەو تیپـانە هەموویـان هـاتن بـۆ هاوکاریمـان و بـوونە بــارێکی قــورس لەســەر هاوڵاتیــانی دەم زێ و هەنــدێک کــردەوەی نابەجێش ڕویدا، چونکە ئەوان وەک ئێمە خەڵکی ناوچەکەیان نەدەناسـی و ڕێـزی خەڵکیـان نەدەگـرت وەک پێویسـت و وەک ئێمەمانـان نەرم و نیان و حیسابی خزمایەتی و جیرانەتیان لەگەڵ کەسدا نەدەکرد.

ئـێمە لە گەرمەی تەواوکردنـی پرۆسـەی هەڵبژاردنـی ئەنجـومەنی گوندەکان بووین، لە دەم زێوە سەرکەوتبووین بۆ گوندەکانی گردەسۆر و پۆڕیجە و ... هتد. ڕۆژێکیان هەواڵمان بیست کە جەماعەتی مام غفور، کە ئەوکـات فەرمانـدەی هەرێمـی حسـک بـوو، کەوتـونەتە بۆسـەی چەکدارانی هێزەکانی ڕژێم لە نزیک قوشتەپە و چەند شەهیدێکیان داوە. هاوڕێ کاوە و ئەحمەد قەمبەری بڕیاریاندا دەستێک لە چەکدارانی ڕژێم لە قوشتەپە بوەشێنین و ئینجا بچین سەرەخۆشی لە مـام غفور بکەین، ئەمە وەک نیازپــاکی و نیشــاندانی هاوکــاری و هەمــاهەنگی، بــۆ ئەم

مەبەستە داوایان لە وریا غەریب کرد، کە ئەندام پۆل بوو لە کەرتی ڕێکخستنی دەشتی هەولێر و خەڵکی قوشتەپە بوو، چاوساغیمان بۆ بکات و چەند شوێنێک دەستنیشانبکات، بۆ ئەنجامدانی چالاکیەک، ئەویش داوای دوو سێ ڕۆژ مۆڵەتی کرد، تاکو بە نهێنی بچێتەوە ناو قوشتەپە و بە هاوکاری ڕێکخستنەکانی ئەوێ کات و شوێنی چالاکیەکە ڕێکبخات. سەلاح شینە گوتی: "ئەو شتانە پێویست نیە و من زۆر شارەزام و خەڵکی خۆشم هەیە و هەر ئەم شەو چالاکیەکە ئەنجامدەدەین". مەفرەزەیەکی کەرتی یەک و مەفرەزەیەکی کەرتی دوو ئامادەکران، مەلا خدر لەگەڵ بوو وەک جێگری فەرماندەی کەرتی دوو، سەلاح شینە وەک فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی یەک، منیش وەک ڕابەری سیاسیی کەرتی یەک لەگەڵ بووم. عەلی عومەر و محەممەد شینە، کە ئەندامی کەرتی ڕێکخستنی دەشتی هەولێر بوون لەگەڵ بوون، بە دوو ئۆتۆمبیل ڕۆیشتین لە ڕێگای هەولێر-کەرکوک پەڕینەوە و چوینە گوندی (دووگردکان[1])، لە ناو گوند لە شوێنێک دابەزین و سەلاح شینە پێیگوتین ئێوە لێرە دانیشن من ئێستا دەگەڕێمەوە. شەوێکی زۆر سارد بوو، بایەکی زۆر بەهێز و ساردی دەهات، ئێمەش لەبن دیواران خۆمان پەنادابوو، سەلاح ماوەیەکی زۆری پێچوو، گەڕایەوە و گوتی: "شارەزاکەمان ئەم شەو لێرە نیە و چالاکیەکە ناکرێت و بابگەڕێینەوە". بەناچاری و بەدەم گازاندە و گلەییەوە سواری

(١) دووگردکان: نزیکەی ٢٤کم کەوتۆتە باشووری شاری هەولێر لە دەشتی دزەیی و بە دووریی ٥کم بۆ هەردوولا کەوتۆتە نێوان ناحیەی قوشتەپە لەسەر جادەی کەرکوک و ناحیەی شەمامک لەسەر جادەی مەخموور. وەرگیراوە لە (هۆمەر دزەیی: لە دووگردکانەوە بۆ بنی دونیا، بیرەوەری و تێڕامان، دەزگای فام، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، ٢٠٢١، ل٢٤١).

ئۆتۆمبیلەکـان بـوینەوە، گەیشـتینەوە سـەر ڕێگـای گشـتی هەولێـر-کەرکوک، سەلاح ئۆتۆمبێلێک و چەند پێشمەرگەیەکی گێڕایەوە و گوتی: "بازگە دادەنێم و بەنزین وەردەگرم، ئێوە بڕۆنەوە گوندی گەڕەشێخان". شـەو زۆر درەنـگ بـوو، گەیشـتینە نـاو گونـدی دابەشـبوین، مـن و برادەرێکی تر چوینە ماڵێک ئاگریان بۆکردینەوە و خەریکی خۆ گەرم کـردنەوە بـوین، لەسـەرجادە بـوو بە تەقە، یەکسـەر بەڕاکـردن ڕوو لە جادە کەوتینە ڕێ، وەختێک بینیم سەلاح شینە بەتەنیا و بە ئۆتـۆمبێلەکە ڕوو لە گەڕەشـێخان دەهـات، گـوتم: "سـەلاح چـیە؟" گـوتی: "توشـی تەقەبوین و دڵنیام محەممەد ئیلنجاغی و محەممەد حسێن شەهیدبوون". گوتم: "ئەی تۆ بۆکوێ دەچی؟" گوتی: "دەڕۆم هـاوڕێ کاوە و ئەحمەد قەمبەری ئاگاداردەکەمەوە، کە لەگوندی ئیلنجاغی سەیدان بوون".

ئـێمە بەڕاکـردن گەیشـتینە جـادە و خۆشـبەختانە یەکەم کەس، کە توشی بووم محەممەد ئیلنجاغی بوو، بارودۆخەکەم لێ پرسی، گوتی: "من و محەممەد حسێن پێشتر تەقەمـان لە هێزەکەی ڕژێـم کـردووە، کە دوو ئوتۆمبیل بوون لە لای پردێوە دەهاتن، زۆریشم هـاوارکرد: سـەلاح شینە ئاربیجیەکە بهێنێت، بەلام نەیهێنا، ئەگەرنا زۆر باشـمان لێدەدان و دەستکەوتیشـمان دەبـوو، بەلام سـەلاح ڕایکـرد". محەمـمەد منـی بـردوو شـوێنەکەی پێنیشـاندام، تەرمێـک لە هێـزەکەی ڕژێـم لەسـەر جـادە کەوتبوو، بەلام گردێک لە ڕۆژئاوای جادەکە زۆر نزیک بوو، هێزەکەی ڕژێـم سـەر ئەو گـردە کەوتبـوون و بە بیکەیسـی تەقەیـان دەکـرد، بۆیە نەمانتوانی بچینە سەر تەرمەکە، دوای ماوەیەک هاوڕێ کاوە و ئەحمەد قەمبەری و هەموو هێزەکە هاتن، زۆرمان هەوڵدا بەرنامەیەک دابنێین و هێـرش بکەیـنە سـەر هێـزەکەی ڕژێـم، بەلام شـوێنەکەیان بەرزبـوو کۆنترۆڵی ناوچەکەیان کردبوو، بۆیە نەمانتوانی و گەڕاینەوە.

لە ڕێگــا محەمــمەد ئیلنجــاغی و ســەلاح شــینە بەدەمەقــاڵ هــاتن، محەمــمەد پێیگــوت: "تــۆ ڕاتکــرد، ئەگەرنــا ســەرکەوتوو دەبــووین و دەستکەوتمان دەبوو"، سەلاحیش جوێنی دەدا و هەڕەشەی دەکرد و دەیگوت: "قبوڵ ناکەم کەس پێمبڵێ ڕاتکردووە".

بــۆ بەیــانی لەگونــدی گردەســۆری خــواروو، هــاوڕێ کــاوە کۆبــونەوەیەکی بەکەرتەکە کــرد و بە ســەلاحی گــوت: "تــۆ بەکــردار ڕاتکردووە، دەبێ قبوڵی بکەیی و هیچ هەڕەشەیەکیشت لێ قبوڵ ناکەم، گوتیشــی مــن لەکــاتی خۆپیشــاندانەکانی ١٩٨٢ لە نــاو شــاری هەولێــر، زرێپۆشێک بەرەو ڕومان هاتوو من ڕامکرد، ئەم محەمەد ئیلنجاغیە هاواریکرد هاوڕێ کاوە عەیبە ڕامەکە، چونکە لەسەر هەق بوو ملکەچ بووم و هیچ قسەیەکم نەکرد". سەلاح شینە ناڕازی بوو، سوور بوو لەسەر ئەوەی کە نابێت کەس پێیبڵێت کە ڕاتکردووە. بۆیە هاوڕێ کاوە پێیگوت: "مــن پێشــمەرگەی وەک تــۆم نــاوێ و بۆکــوێ دەڕۆی خــوات لەگەڵ". ســەلاح ڕۆیشــت و چــووە لای شــاخەوان عەبــاس، بەداخەوە لە جیاتی ئەوەی سزای بدات، پلەکەی بەرزکردەوە و کردی بە جێگری فەرمانــدەی کەرت، ئەوەبــوو لە کۆتــایی هەشــتاکان تەســلیم بە ڕژێــم بویەوە و بوو بە جاش، پێشمەرگە و خەڵکیشی شەهیدکرد.

ســەلاح شــینە، کــوڕە هەژارێــک بــوو، ڕاکــردووی ســەربازی بــوو، پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کردبوو، پێموایە کلانشیکۆفێکی لەگەڵ خــــۆی هێنــــابوو، لە دوای پەیوەنــــدیکردنی لەلایەن ســــەرکردایەتی یەکێتییەوە ناردرابۆوە دەشتی هەولێر، وەک ئەندامی ناوچەی دەشتی هەولێری یەکێتی لەسەر پشکی یەکێتی شۆڕشگێران، بەڵام کە پەیوەندی بە تیپــی ٨٦ی دەشــتی هەولێــرەوە کــرد، تیــپەکە هەمــووی ئەنــدام و

لایەنگـری کـۆمەڵەی ڕەنجـدەرانی کوردسـتان بـوون، هـیچ ئەنـدامێکی یەکێتی شۆڕشگێڕان نەبوو، ناوچەی یەکێتییش هەرچەندە بەناو هەبـوو، سـەفین مەلا قەرە لێپرسـراوی بـوو، بەڵام کـارا نەبـوو، بـۆیە سـەلاح شـینەش پەیوەنـدی بە ڕێکخسـتنەکانی کـۆمەڵەی ڕەنجـدەرانی کوردسـتانەوە کـرد و وەک پێشـمەرگەیەکیش لە کەرتـی یەک دەستبەکاربوو. چالاک و گورج و گۆڵ بوو، بۆ چالاکی کت و پڕ و لێدە و هەڵێ، شایستە بوو، زۆر زوو شـارەزای ڕێگا و بانەکـان دەبوو، بۆ زۆر چـالاکی و تەنهـا بـۆ ئەنجامـدانی چـالاکیەکە دەکـرا بە فەرمانـدەی مەفرەزە، بەڵام ئەو هەڵوێستانەشـی هەبـوو، هەندێک جار زۆر خۆڕاگر نەبـوو، زوو سـەنگەری چۆڵـدەکرد، بۆنمـونە جارێکیـان لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، کە فەرمانـدەی مەفـرەزە بـوو، سـەنگەرەکەی چۆڵکردبـوو، پێشـمەرگەکانی کە لە ژێـر فەرمـانی ئەودا بـوون، جێهێشـتبوو، ئەو جارەش لەسەر جادەی کەرکوک، ئاشکرابوو کە بە ئۆتۆمبێل ڕایکردوە و پێشـمەرگەکانی جێهێشـتووە، محەمـمەد ئیلنجـاغی لەسـەر حەق بـوو، بـۆیە هـاوڕێ کـاوە پشـتیوانی لێـدەکرد، چـونکە هـاوڕێ کـاوە شۆڕشـگێڕێکی دڵسـۆز و ڕاسـتگۆ بـوو، بەداخەوە شـاخەوان عەبـاس، وەک ئامـاژەم پێـدا، لە جیـاتی ئەوەی سـزای بـدات، کـردی بە جێگـری فەرمانـدەی کەرت، کە پاشـان وردە وردە پـلەکەی بەرزبـۆوە، دوا پـلەی فەرمانـدەی تیپ بـوو، کە توشـی هەڵەو لادان بـوو، پێمـوایە لە ئەنجـامی پەروەردەی خراپ و نەبوونی سزا و پادداشتی حیزبی بوو.

هەر لەو کاتـانەدا بـوو، ڕۆژێـک لە گونـدی پۆڕیجە بـووین بـێ ئاگـا لەوەی لە دەشـتی کـۆیە تیپـی ٩٣ی کـۆیە مەفرەزەیەکـی حسـک یـان گرتووە و چەککردووە، بۆیە هێزەکانی حسک لەگوندی ئاوماڵ، کەچەند

پێشـمەرگەیەکی مۆڵەتـداری ئـێمە و نـاوچەی یەکێتـی شۆڕشـگێڕانی کوردستان، کە باڵێکی ناو یەکێتی بوون، لەوێ دەبن پەلاماریان دەدەن و چەکیـان دەکەن، یەکێـک لە پێشـمەرگەکانی نـاوچەی شۆڕشـگێڕان بەنـاوی (فەرەیـدون[١])، چەکەکەی تەسـلیم ناکـات و لە ئەنجامـدا شەهیدیان کردبوو.

ئـێمە لەگونـدی پـۆڕیجە بـووین، مەجیـد ئاومـاڵی، کە پیکـابێکی شۆفرلێتی پێ بوو، لایەنگری یەکێتیش بوو، هـاتوو هەواڵەکەی پێداین. ئـێمەش یەکسـەر بەڕێکەوتـین بەرەو بەسـتی شـەرغە. شـەو زۆر بە ناخۆشی و زەحمەت بە ناو هێزەکانی حسک دا تێپەڕین، چونکە لەچەند شوێنێک بۆسەیان دانابوو. (مامەند مەنتک[٢])، کە ئەوکاتە لە نـاو حسک فەرماندەی کەرت بوو، لە گوندی ئاخوڕە بوو، ماوەی داین تێبپەڕین، ئەگەر ئـارەزوی شـەڕی هەبـووایە دەیتـوانی خەسـارەمان لـێ بـدات. ئەوەبوو هاتینەوە دەم زێ و گوندی سێگرتکان، تیپەکانی ٩٣ی کۆیە و ٢١ی کەرکـوک و ٩٠ی بـاواجی، بـۆ هاوکاریکردنمـان هاتنەلامـان. ناوچەکە بەکردار دابەشکراو هێزەکانی ئێمە کەوتینە سنوری دەم زێ و

---

(١) شـەهید فەرەیـدون: نـاوی تەواوی جەواد شـەفیق نەجـم، ناسـراو بە فەرەیـدون، سـاڵی ١٩٥٧ لە شـاری کەرکـوک لەدایکبـووە، دەرچـووی زانکـۆی موسـڵ بـووە، لە ١٩٨١/١٢/٢٦ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووە، کادیر بووە لە نـاوچەی یەکێتی شۆڕشگێڕان، لە ١٩٨٣/١/٢٦ لە گونـدی ئاومـاڵ شـەهیدبووە. ئەم زانیاریـانە لە بەڕێـز (جەلال شوشـە) وەرگیراوە.

(٢) شەهید مامەند عومەر حەمەدەمین، ناسراو بە مامەند مەنتک، لە ١٩٥١/٧/١ لە گوندی سـەرمەزرای نـاحیەی دارەتـوو لەدایکبـووە، سـاڵی ١٩٧٧ پەیوەنـدی بەڕێکخسـتنەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە، لەمانگی ٢ی ١٩٧٨ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە، چەندین پلەی پێشمەرگایەتی بڕیوە و دواپلەی فەرماندەی بەتـالیۆنی حەوت بووە لە هێزی دەشـتی هەولێر، لە ١٩٩٤/١٢/٢٧ لە هەورازە نەفتە شەهیدبووە. (حەیدەر مەنتک: سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٧١٢-٧١٤).

هێزەکـانی بەرەی جـودیش کەوتـنە بەسـتی شـەرغە. شـایانی باسـە هێزەکانی بەرەی جود، بریتی بوون لە: هێزەکانی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان و هێزەکـانی حیزبـی شـیوعی، چـونکە لایەنکـانی تـری نـاو بەرەی جود، هێزیان لەم ناوچەیەدا نەبوو، بەڵام ئەوکاتە لەم نـاوچەیەدا بە ژمـارە زۆر لە هێـزی ئـێمە زیـاتر بـوون، بـۆیە ئەم تیپـانەی کە لەسەرەوە ئاماژەم پێداون، بۆ هاوکاری ئێمە هاتبوون.

شەڕی ناوخۆ زۆر سەخت و دژواربوو، هەردووڵامان کوردبووین و شـارەزای ناوچەکـان بـووین، هەردولا ڕێکخسـتن و لایەنگرمـان لە گشت ناوچەکان هەبوو، بۆیە هەمیشـە بەشـەو و بە ڕۆژ چرکەیەک لە هیچ گوندێک و شوێنێک دڵنیانەبووین، کە هێرش نـاکرێتە سـەرمان یـان توشی بۆسـە و شـەڕنابین. لەبەرئەوە پێشـمەرگە زۆر ماندوو و هـیلاک بـوون لە ئەرکـی ئێشـکگرتن و بۆسـە دانـانەوە و ... هتـد. ئەمە جگە لە سەختی و دژواری شەڕەکان.

لەکـاتی ئاسـایی و نەبـوونی شـەڕی نـاوخۆدا، هەرچەندێک بوینـایە: مەفـرەزە، کەرت، تیـپ، هەمومـان بەیەکەوە دوای نـانخواردنی ئێـواران پێخەفمـان لەمـاڵە خـانەخوێ وەردەگـرت و دەچـوینەوە بـۆ مـزگەوت، پاسـەوانی دادەنـرا و سـێ و چوارکەسـیش دادەنـدران، کە بەری بەیـانی بچـنە شـوێنێک سروشـتی شـوێنەکە وابێـت کـۆنترۆڵی گونـدەکە و دەوروبەری بکـات، پێمانـدەگوت کەمـین، کە لەڕاسـتیدا کەمـین نەبـوو بەڵکوو جۆرە پاسـەوانیەک بـوو بـۆ بەئاگـابوون لە دەرەوەی گونـدەکە، چـونکە نەریتـی دوژمـن وابـوو زۆربەی کـات لەبەری بەیانیانـدا هەڵیاندەکوتایە سەر گوندەکان و دەورەیـان دەگـرت، ئەم پاسـەوانیە بـۆ ئەوەبـوو زوو ئاگاداربێـت و بـرادەرانیش ئاگاداربکـاتەوە پـێش ئەوەی

غافڵ گیربکرێن، بەڵام لەکاتی شەڕی ناوخۆدا دۆخەکە گۆڕا، ژمارەمان هەرچەندێک بوایە دەبووایە دوو سێ شوێنی باش لەماڵان دیاری بکەین و ژوریان لێوەربگرین و هەرلەوێش بخەوین و پاسەوانیش دابنێین، ئەمە جگە لە دانانی کەمین و پاسەوانی لەدەرەوەی گوند لەو شوێنانەی جێگەی گومان بوون، کە هێزەکانی جود لێیانەوە بێنە سەرمان، ئەم دۆخە هەم بۆخۆمان ئەرکێکی قورس و ناخۆش بوو، هەم بارگرانیش بوین لەسەر دانیشتوانی گوندەکان.

لە شەڕی نەگریسی ناوخۆدا، کۆمەڵێک پێشمەرگە و تێکۆشەری هەردولامان تیاچوون و خەسارەتێکی گەورە لە گەلەکەمان کەوت، چونکە کەرەستەیەکی گەورەی خەباتمان لەم شەڕانەدا لە دەست داو چەندین گەنج و لاو و کادیر و فەرماندە، بوون بە سوتەمەنی ئەم شەڕانە، کە دەبوو لەشەڕی بەرگریکردن لە گەلەکەمان یاخود هێرش کردنەسەر پێگە و مۆڵگەکانی ڕژێم شەهیدبن، نەک لەجەرگەی ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستان و بەدەستی کورد خۆی! ئەمەو ڕژێم لەم ماوەیەدا وەک کورد دەڵێ: پشتێنی لێ کردبۆوە و تەنیا چاوەدێری بارودۆخەکەی دەکرد. بارودۆخێک بوو کە سوودی بۆڕژێم و زیانی زۆری بۆ کورد خۆی هەبوو!!

سەرەتایساڵی ١٩٨٣، لە ناوچەکانی سنوری تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، جگە لە وردە شەڕ، چوار شەڕی گەورە ڕویاندا:-

## یەکەم: شەڕی نێرەگین:

وەک لە پێشەوە ئاماژەم پێداوە، بەستی شەرغە بوو بووە شوێن پێگەی هێزەکانی بەرەی جود، هەرچەندە لەلایەن لێپرسراوانی تیپی

٨٦ی دەشـــتی هەولێـــرەوە، هەوڵێکـــی زۆر درا کە حیزبـــی شـــیوعی هێزەکانی خۆیان جیابکەنەوە و تێکەڵاوی شەڕ نەبن، بەڵام ئەوان لەگەڵ ئەوەی هەموو جارێک دەیانگوت ئێمە لەگەڵ شەڕ نین و لایەنگری هیچ لایەکیش ناکەین، خۆشیان وەک بێ لایەن و نێوەندیکەر نیشاندەدا، بەڵام بەکـردار خۆیـان جیـانەکردەوە و شـان بە شـانی هێزەکـانی حیزبـی سۆسیالیست، لە گوندەکانی بەستی شـەرغە دەمـانەوە، جەولەشیان بۆ هەر لایەک بکردبوایە، شەوانە دەگەڕانەوە گوندەکانی بەستی شەرغە.

گونـدی نێـرەگین، یەکـێکە لە گونـدە گەورەکـانی ئەو دەڤەرە و لە چەقـی نـاوچەی بەسـتی شـەرغە هەڵکەوتـووە، دانیشـتوانی گونـدەکەش تێکەڵەی چەند هۆز و خێڵێکن، بۆنمونە: شێخان، سەید، مەنتک ... هتد، لە ڕووی لایەنگیری حیزبیەوە، ڕێکخستنی زۆربەی لایەنەکانی تێدابوو، بە تایبەت ڕێکخستنەکانی یەکێتی و حیزبی سۆسیالیست.

لەدوای چڕبوونەوەی گرژییەکان لە نێوان یەکێتی و سۆسیالیسـت، یەکەم پێکدادانی گەورە لە شەوی ١١-١٩٨٣/٢/١٢ ڕوویدا، کە بەشـەڕی نێرەگین ناسراوە.

هەرچەندە من خۆم بەشداری ئەو شـەڕە نەبووم، بەڵام بەپێی ئەو زانیاریانەی کە ئەوکات دەستمکەوت، شـەڕێکی قورس بوو تا ئێوارەی ڕۆژی دواتـــر بەردەوام بـــوو. جـــگە لە گونـــدی نێـــرەگین، زۆربەی گوندەکانی دەوروبەریشی گرتبۆوە. لەهەردوو لایەنی شـەڕکەر چەندین لاوی گەلەکەمـان بـوونە سـوتەمەنی. ئەم شـەڕانە وەک ئامـاژەم پێدا لە هەمـوو ڕوویەکەوە زۆر نـاخۆش بـوو، لە شـەڕی نێرەگین کۆمەڵێک لە جەمـاعەتی ح. ش. ع و حسـک لە لایەن هێزەکـانی یەکێتییەوە بە دیـل گیرابوون، کە زۆربەیان خزم و ناسیاوی نزیک بوون، دەنگوباسێک لە نـاو پێشـمەرگە بڵاوبـویەوە، کە گولەبارانیـان دەکەن، جـگە لەوەی کە

هەمیشە دژی شەڕی ناوخۆ و زۆر زیاتریش دژی دیل کوشتن بووم، بەڵام ئەمانە خزم و ناسیاویش بوون، بۆیە لەگەڵ نادر چوین شاخەوان عەباسمان جیاکردەوە، پێم گوت: "شاخەوان شەڕی بەرەی جود و یەکێتی یە؟ یان شەڕی یەکێتی و ئیلنجاغیانە؟" گوتی: "ئەوە شێت بووی؟" گوتم: "شاخەوان شتێکی وامان بیستووە، ئێمە مام ڕۆستەم و شەماڵ و ئەوان ناناسین تۆ دەناسین، هەرشتێکی لەم بابەتە ڕوبدات تۆ بەرپرسی". دڵنیایی کردین کە شتی وا هەرگیز ڕوونادات. خۆشبەختانە دیلەکان سەلامەت بوون و نەکوژران.

## دووەم: شەڕی سماقە:

ئێمە وەک کەرتی یەکی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، لە ڕێکەوتی ١٩٨٣/٢/٢٣ لە گوندی سێکانی بووین، بۆ شەوەکەی هەواڵمان پێگەیشت کە کەرتی دووی تیپەکەمان لە گوندی سماقە لەگەڵ بەرەی جود تووشی شەڕبوون، بۆیە هەر بەم شەوە تا ئەو شوێنەی ئۆتۆمبێل دەڕۆیشت، بە ئۆتۆمبێل ڕۆیشتین و دواتریش بە پیادە تاکو گەیشتینە گوندی سماقە.

ئێمە کە گەیشتین، تەقە وەستابوو، پێشمەرگەکانی ئێمە لە ناو گوند دابەشبووبوون، بەداخەوە پێشمەرگەیەکیشمان بە ناوی (حەمە زیاد[1]) شەهیدبووبوو. ئێمەش دابەش بووین و پاسەوان و کەمینمان دانا. بەیانی چێشتەنگاو هێزەکانی بەرەی جود هێرشێکی فراوانیان بۆ

(١) شەهید حەمە زیاد: حەمە زیاد سوارە حەمەدەمین، ناسراو بە خاڵە حەمە زیاد، ساڵی ١٩٥١ لە گوندی تاڵەبانی گەورە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ک) کردووە، ساڵی ١٩٨٠ بۆتە پێشمەرگە لە کەرتی دووی تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر، ئازاو لەخۆبردوو بووە، دوا پلەی فەرماندەی مەفرەزە بووە، لە ١٩٨٣/٣/٢ لە گوندی سماقە شەهید بووە. ئەم زانیارییانە لە بەڕێز (فەرامۆش حەمە زیاد) وەرگیراوە.

سەرمان دەستپێکرد، هێزەکەیان زۆر بوو، دیاربوو ئەوانیش وەکو ئێمە هێزی ناوچەکانی تریان بە هانایانەوە هاتبوون، بۆ نمونە سەید کاکە، کە ئەنــدامی ســەرکردایەتی سۆسیالیســت بــوو، هــاتبووە نــاوچەکە و سەرپەرشتی ئەو شەڕەی دەکرد، کە پاشان بە شەڕی سماقە ناسرا. ئەو ڕۆژە تــاکو ئێــوارە شــەڕ بەردەوام بــوو، خــۆش بەختــانە هــیچ شەهیدێکی ترمان نەدا، جگە لە چەند بریندارێک نەبێت، ئەوەی لە یادم مابێت لە بریندارەکانمان مامۆستا سالارە سور بوو. هەرچەندە چەندین هێـرش و پەلامــاری زۆر تونـدیان کـردە ســەرمان، بە نیـازی ئەوەی تێکمانبشکێنن و بگەنە ناو گوند و گوندەکە بگرن، بەڵام بەرگریەکی زۆر باش کرا و نەیانتوانی بێنە پێشەوە. بۆ ئێوارەکەی، فەرماندەکانی ئێمە بڕیاری پاشەکشەیان دا بەرەو گوندی ئۆمەرگومبەت.

ئەم شــەڕانە کە پێیانــدەگوترا شــەڕی بــرا کــوژی، پێمــوایە ئەم دەستەواژەیە پڕ بەپێستیان بوو، بەم نمونەیە: لە شەڕی گوندی سماقە دوو ڕووداو ڕویدا، یەکیان ئەوەبوو کە ئێمە پێشمەرگەیەکی قارەمانمان لێ شەهیدبوو بەناوی حەمە زیاد، کە خەڵکی گوندی تاڵەبانی گەورە بوو، لەهەمان کاتدا لە هێزەکانی حسک یەکێک شەهید بوو بە ناوی عەباس، کە ئەویش خەڵکی گوندی تاڵەبانی گەورە بوو، هەر لەهەمان شەڕ یەکێکی تر لە هێزەکانی حسک شەهید بوو بە ناوی عومەر، کە چــووینە ســەر تەرمەکەی، (عەلــی پــونگینە[1])، کە ئەوکـات فەرمانـدەی

(١) شەهید عەلی عەبدوڵڵا عەلی سۆرخان، ناسراو بە عەلی پونگینە، ساڵی ١٩٥٢ لە گوندی پــونگینەی قەزای بنەســڵاوە لەدایکبــووە، ســاڵی ١٩٧٩ پەیوەنـدی بەهێـزی پێشــمەرگەی (ی.ن.ک) کـردوە و دواپلەی فەرمانـدەی کەرتـی ٢ی تیپـی ٨٦ی دەشـتی هەولێـر بـووە، لە ١٩٨٨/٦/١٠ لە بنەسڵاوە شـەهیدبووە. (حەیدەر مەنتک: سـەرچاوەی پێشـوو، ب١، ل٥٤٧-٥٤٨).

مەفرەزە بوو، گوتی: "ئەمە لە دایکەوە برامە". ئیتر بۆ ئەم شەڕە بە تەواوی مانا شەڕی برا کوژی نەبێت؟!

دوای ئەم شەڕانە وەفدی ئێمە و وەفدی بەرەی جود لە سەرکردایەتیەوە هاتن و دوای ئەنجامدانی چەند کۆبونەوەیەک، ڕێککەوتنێکی کاتی کراو دیلەکان گۆڕدرانەوە و شەڕ لەناوچەکە وەستا.

## سێیەم: شەهیدبوونی (شەماڵ[1]) و (سەرباز[2]) و شەڕی بالیسان

ئێمە ڕۆیشتین بۆ دۆڵی هیران و نازەنین لای کاموسەک و ئەم ناوە، نیازێک هەبوو هێرش بکرێتە سەر پێگەی چەکدارەکانی ڕژێم لە بێتواتە، شەماڵ و سەرباز، کە فەرماندەی تیپ و جێگری فەرماندەی تیپی ٩٣ی کۆیە بوون، لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک بۆ کارێکی تایبەتی خۆیان لە ڕێککەوتی ١٩٨٣/٤/١٥ بەرەو لای گوندی خدران ڕۆیشتن، لە نزیک گوندی باداوە هێزەکانی حسک بە چاوساغی هێزەکانی ح. ش. ع شەهیدیان کردن.

---

(١) شەهید محەممەد شێخ مەحموود ناسراو بە شیخ شەماڵی باخ، ساڵی١٩٥٢ لە گوندی باخ-ی دۆڵی سورداش لەدایکبووە. لە کۆتایی شەستەکاندا بۆتە پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلول، سەرەتای حەفتاکانیش لە ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران ڕێکخراوە. تا ئاشبەتاڵ پێشمەرگەبووە، پاشان لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی نوێ بۆتەوە پێشمەرگە، بەشداری دەیان چالاکی کردووە. ڕۆژی ١٩٨٣/٤/١٥ لە گوندی باداوان لەگەڵ سەربازی مام ئەحمەد و سەعدی و کامەران گەیشتە کاروانی نەمران. دواپلەی پێشمەرگایەتی سەرتیپی تیپی ٩٣ی کۆیە بووە. ئەم زانیارییانە لە بەڕێز (سامی قادر) وەرگیراوە.

(٢) شەهید سەرباز ئەحمەد خدر ئەحمەد، ناسراو بە سەرباز کۆیی، ساڵی ١٩٥٧ لە شاری کۆیە لەدایکبووە، دەرچووی قۆناخی ناوەندیە، ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بەڕێکخستنەوە کردووە، لە ١٩٧٦/١٠/٢٠ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە کردووە، دواپلەی جێگری فەرماندەی تیپی ٩٣ی کۆیە بووە. لە ١٩٨٣/٤/١٥ لە گوندی باداوە شەهیدبووە. (حەیدەر مەنتک: سەرچاوەی پێشوو، ب٢، ل٣٤٧-٣٤٨).

ح. ش. ع هەمیشە خۆیان وادەردەخست، کە لەگەڵ شەڕنین و دژی شەڕن و دەیانەوێ هەڵبستن بەناوبژیوانیکردن لە نێوان ی.ن.ک و حسک، وەک ڕیش سپی خۆیان نیشاندەدا، بەڵام لەڕاستیدا وانەبوون، لایەنێکی ناو بەرەی جود بوون و دوژمنی سەرسەختی ی.ن.ک بون و لەگەڵ ئەوەدابوون لە ڕەگەوە هەڵیتەکێنن، بەڵگەش ئەوەیە کە لێپرسراوانی ینک لە سنوری تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر زۆریان هەوڵدا، کە شەڕی ح. ش. ع نەکەن و ئەوان خۆیان لە هێزەکانی حسک جیابکەنەوە و پێش شەڕی نێرەگین، بەستی شەڕغە جێبهێڵن، کەچی وایان نەکرد و بەتێکەڵی مانەوە و لەیەکەم تەقەشدا بەشداربوون و شەهید و برینداریشیان دا، لە شەهیدکردنی شەماڵ و سەربازیش ئەوان بەرپرسیاری سەرەکین، چونکە بە چاوساغی و ڕێ نیشاندانی ئەوان حسک شەهیدیانکردن.

دوای ئەوە، ئێمە چوینە دۆڵی بالیسان و هێزەکانی بەرەی جودیش هەر لە گوندەکانی دۆڵی بالیسان کۆدەبوونەوە و ژمارەیان زیادیدەکرد، لەچاو هێزەکانی ئەوان ئێمە هێزمان لەناوچەکە زۆر کەم بوو.

بەرەی جود لە دۆڵی بالیسان بەنهێنی خۆیان بۆ شەڕێکی گەورە ئامادەکردبوو، دۆڵی بالیسان بۆ ی.ن.ک شوێنێکی ستراتیجی بوو، بارەگای مەڵبەندی ٤ی هەولێری لێ بوو، ح. ش. ع و حسک لە گوندەکانی خەتێ و توتمە و ئەو ناوەبوون، هێزی پ. د. ک بەئاشکرا لەم دۆڵە نەبوو، بەڵام دوایی زاندرا ح. ش. ع و حسک بە نهێنی هێزی پارتیشیان هێناوە.

هێزەکانی یەکێتی لەچاو هێزەکانی ئەوان زۆر کەم بوو، تیپە کاریگەرەکان تەنیا تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر و تیپی ٨٣ی هەورێ لەگەڵ تیپ و مەفرەزەکانی مەڵبەند لەوێ بوون، تیپی باواجی لەوێ بوون، بەڵام نیوەیان لەگەڵ مەجید مەلا فەتاح، کە جێگری سەرتیپ بوو،

ڕۆیشتبوون و مەیدانی شەڕەکەیان جێهێشتبوو. هەروەها کەرتەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵە و ناوچەکانی بزوتنەوەش، ئەوانەی کە لەناوچەکە بوون، بەشداربوون.

هێزەکانی یەکێتی بەرنامەی هێرش و پەلاماریان نەبوو، بەڵام کە شەماڵ و سەرباز شەهیدکران و زانیاری لەسەر جموجۆڵەکانی جود دەست کەوت، کە خۆیان بۆ بەرگری ئامادەکردبوو، ئێمە: کەرتی ١و٢ی تیپی ٨٦، بە نۆرە لەسەر شاخی نێوان بالیسان و خەتێ ئەرکمان دەبینی.

شەوی ٢٦-١٩٨٣/٤/٢٧ ئێمە نۆرەی پشومان بوو لە ناو کۆنە مزگەوتەکەی بالیسان بووین، لەسەر شاخ دەنگی دوو سێ دەستڕێژ تەقە هات، کە کەرتی دووی لێ بوو. بەڕاکردن سەرکەوتین تەقەکە بۆماوەیەک ڕاوەستا، (عەلی نەبی[١])، کە فەرماندەی تیپی مەڵبەند بوو، لەگەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی لەیادم نەماوە لە ئێوارەوە لەوێ بوون یان ئەوانیش لەگەڵ تەقەکان سەرکەوتن، بەرەبەیانیەکەی بەرەی جود لە هەموو لایەکەوە هێرشیان هێنا، لە لای ئێمە و لە لای کانی بەرد و لە لای دەراش و ... هتد. لەگەڵ یەکەم تەقە، بارانیش دەستیپێکرد، حەڤدە کاتژمێر شەڕبوو، بەدرێژایی ماوەی شەڕەکەش باران بارین بەردەوام بوو. لە لای ئێمە ئەحمەد قەمبەری فەرماندەی کەرتی دوو لەگەڵ پێشمەرگەیەکی دەستەی مەڵبەند شەهیدبوون. مام عەباس و عەلی نەبی و کازم ئاومالّی برینداربوون. بێگومان لەسەرجەم بەرەکانی تری شەڕیش شەهید و بریندار هەبوو، کە بەداخەوە ناوەکانیانم

(١) شەهید عەلی نەبی سەرکردەیەکی سەربازیی یەکێتی بوو، لەعەشیرەتی شاورییە، لەڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا لە شاری ڕانیە یەکەم فیشەکی ڕاپەڕینی تەقاندوە. لەڕێککەوتی ٢-٥-١٩٩٤ لە شەڕی براکوژیدا لە قەڵادزێ لە لایەن پارتیەوە شەهیدکرا.

لەیـادنیە، تەنیـا ئەوە دەزانـم جـگە لەقـۆڵی ئـێمە، شـاخەوان عەباسـی سەرتیپ و سەباح عەلی مەولود لە تیپی ٨٦ لەقۆڵی کانی بەرد بریندار بوو بوون.

هێزەکـانی ئـێمە زۆر هـیلاک بـووین، فیشـەکمان زۆر کەم بووبـوو، هێزەکەی جود ژمارەیان یەکجار زۆر بوو، بۆیە دکتۆر کەمال خۆشناو، کە لێپرسراوی مەڵبەند بوو، (سەید کەریم[1])، کە لێپرسـراوی سـەربازی مەڵبەند بوو، بڕیاری کشانەوە و جێهێشتنی بالیسانیان داو کشاینەوە بۆ گوندەکانی بێراوە و شیرێ.

ڕێککەوتی ١٩٨٣/٤/٢٨ هێزەکانیان دابەشکردەوە و کەرتەکەی ئێمە لەگەڵ عەلـی نەبـی و دەسـتەکەی دانـدراین بـۆ سـەروچاوی مەلەکـان و لەشـاخەکەی پشـتی ئەرکـی پاسـەوانیمان دەبینـی، کە زۆر سـارد بـوو. بەرەی جود لە ناو مەلەکان و دەوروبەری بوون جگە لە دۆڵی بالیسان.

(١) شـــەهید مـــلازم ســـەید کەریـــم: نـــاوی کەریـــم ڕەســـووڵ-ە. ســـاڵی ١٩٤٩ لە گوندی هاودیان لەناوچەی ڕەواندز هاتۆتە دنیاوە. پاش تەواوکردنی قۆناخەکانی خوێندنی سـەرەتایی و دواناوەنـدی لە ڕەوانـدز، لە کـۆلێژی سـەربازیی درێـژەی بەخوێنـدن داوە و سـاڵی ١٩٧٢ بـۆتە ئەفسـەر. مـلازم سـەید کەریـم لەسـەردەمی خوێندکاریـدا پەیوەنـدی بە یەکێتیی قوتابیان و پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووەو ساڵی ١٩٧٤، کە شـەڕ لە کوردستاندا دەستیپێکردەوە، بۆتە پێشمەرگە و لەهێزی (سەفین)دا کراوە بە ئامر بەتالیۆن. پـاش هەرەسـهێنانی شۆڕشـی ئەیلـول چـۆتە سـوریا و کـاتێکیش یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان دامەزرا، ئەم لاوە، هـاوڕێ لەگەڵ دەسـتە سـەرەتاییەکانی هێـزی پێشـمەرگەدا گەڕاوەتەوە کوردسـتان و هێنـدەی نەبـرد، لەبەر ئـازایەتی و لێهـاتوویی خـۆی کـرا بە فەرماندەی هەرێمی حەوتی باڵەییان و پاشان بە ئەندامی مەکتەبی عەسکەریی یەکێتی. ئەم فەرماندە هەڵکەوتووە بەشداریی و سەرکردایەتی لە چەندین داستانی گەورەدا کردووە و ڕۆژی ١٥ی ئەیلـــولی ســـاڵی ١٩٨٤ لە نـــاوچەی تاســـڵوجە شـــەهیدبووە. لە: 1shorturl.at/DOST وەرگیراوە.

ئێوارەی ١٩٨٣/٥/١ ڕادیۆی دەنگی شۆڕشی عێراقی، کە دواتر بووە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان، هەواڵی گرتنی بارەگاکانی بەرەی جودی لە قەڕناقا و پشت ئاشان و بناری قەندیل ڕاگەیاند، هەرچەندە زۆر دژی شەڕی ناوخۆ بووم، بەڵام ئەم هەواڵە بۆ ئێمە دڵخۆشکەربوو، چونکە بارودۆخمان زۆر خراپ بوو، لە ئەرک و زەحمەتیەکی زۆردابووین، سەرەڕای سەرما، ئەسپێش گژەی دەهات لەسەرو لە لەشمان. دەمانزانی ئەو ڕوداوە بارودۆخەکە دەگۆڕێ. بۆ بەیانیەکەی، هێزە سەرکەوتوەکانی یەکێتی بەسەرپەرشتی نەوشیروان مستەفا گەیشتنە لامان، بڕیاربوو بۆ شەوەکەی هێرش بکەینە سەر هێزەکانی بەرەی جود لەسەر دەرەدار و دۆڵی بالیسان و شوێنەکانی تر، بەڵام هەواڵمان بۆهات کە شەو بەنهێنی ڕۆیشتوون و هەموو شوێنەکانیان چۆڵکردووە و بەشی زۆری هێزەکانیان چوون بۆ دۆڵی ڕۆستێ. دوای چەند ڕۆژێک، ئێمەش گەڕاینەوە ناوچەکانی خۆمان.

## چوارەم: شەڕی پۆڕیجە:

ئەو شەڕەیان لە دوای شەڕەکانی بالیسان و قەڕناقا و پشت ئاشان بوو، لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٨٣، هێزەکانی بەرەی جود ئەوانەی نەپەڕیبونەوە بۆ دۆڵی ڕۆستێ، هەندێکیان ڕویان لە ناوچەکانی دەشتی هەولێر کردبوو، ڕۆژێکیان ئێمە دەچووین بۆ گوندی پۆڕیجە و ئەوانیش لە ناو گوندی بوون، ئێمە لە ناوچەکە لە جەولەدابووین، بۆیە شەڕ دامەزرا و تاکو ئێوارە بەردەوام بوو، بۆ شەوەکەی هێزەکانی ئێمە دەوری گوندیمان تەوق کردبوو، بۆئەوەی بواری دەرچوونیان نەبێت، کە ڕۆژ بۆوە زانیمان دەربازبوون، بەڵام چۆن؟ ئەمە تاکو ئەو ڕۆژانە

نەزاندرابوو، لەم ڕۆژانە لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ مام جوامێر، کە ئەوکات جێگری سەرلقی شەهید بەکر تەلانی ح. ش. ع بوو، بەڵام بە هۆی ئامادەنەبوونی سەرلقەکەوە ئەو سەرپەرشتی لقەکەی کردووە و لە شەڕی پۆڕیجە بەشداربووە. مام جوامێر گوتی: ئێمە لەگەڵ مالی (أ.)، کە ئەوکات فەرماندەی مەفرەزە بوو لە تیپی ٢١ی کەرکوک و بەشداربوو لە شەڕەکە زۆر تێکەلاوین، پاشنیوەڕۆکەی ئەو ڕۆژە (أ.) بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد مام جوامێر دەزانم لێرەی، ئەگەر پیاوی خۆتم بۆ دەردەخەی، یان بەلای مندا دەردەچیت بزانە چیت لێدەکەم، دەتکەم بە پۆڕی خورای، ئەمە و هەندێک ڕستە و وشەی ناشیرینی تر. هەروەها مام جوامێر گوتی: "زانیم ئەو وتە ناشیرن و قسانەی بۆ ئەوەیە پێمبڵێ، کە ئەو خۆیی و مەفرەزەکەی لەو شوێنەیە و تابەلای ئەواندا دەربازببین، بۆیە منیش بەهەمان شێوە بەهەندێک ڕستە و وشەی ناشیرین وەڵامم دایەوە و، تێمگەیاند کە لە ناو گوندم و بەشدارم لە شەڕەکە، بۆ شەو بەرپرسەکانی ح. ش. ع و حسک کۆبووینەوە و هەریەکە و بۆچونێکی هەبوو بۆ دەربازبوون، بەڵام من گوتم لە نێوان کاتژمێری دوانزە بۆ یەکی شەو دەردەچین و ئاراستەی دەرچوونەکەشم دیاری کرد، کە ئەو شوێنەبوو (أ.)ی لێ بوو، بەڵام گوتم شارەزای ناوچەکە نیم و یەکێکی شارەزا لەگەڵم پێشبکەوێت، بۆیە قادر مستەفا لەگەڵم پێشکەوت و هەموو هێزەکەش بەدوای ئێمەدا دەرچوو، بەم جۆرە دەربازمان بوو".

ئەم گفتوگۆ شەڕ ئامێزە ناوەڕۆک دۆستانەیەی نێوان دوو فەرماندەی دژ بەیەک، نیشانەی ئەوەیە کە بەشێکی زۆری فەرماندە و کادیر و پێشمەرگەی هێز و لایەنە سیاسیەکان، نە باوەڕیان بە شەڕی

ناوخۆ هەبووە، نە پێشیان خۆشبووە، کەچی کردووشیانە. بۆیە ئەمە شەڕێکی داسەپاوە و پێموایە دەزگا هەواڵگرییەکانی داگیرکەرانی کوردستان، ڕۆڵی سەرەکیان بینیوە لە هەڵگیرسان و خۆشکردنی ئاگری ئەو شەڕانە. ئەمە ئەگەر لادان و هەڵەی سەرکردایەتیەکانیش نەبێت، بەڵام بێگومان هەڵەی ستراتیژی و نەخوێندنەوەی دۆخی واقیعی کوردستان بووە.

لە هەر چوار شەڕەکە، چەندین تێکۆشەر و لاوی گەلەکەمان، هەم لە ی. ن. ک، هەم لە هێزەکانی بەرەی جود بوونە قوربانی. دوژمنی سەرەکیمان، ڕژێمی بەعسی عێراق، بە ئاسودەیی پشتێنی لێکردبۆوە و سەیری دەکردین، بەم نمونەیەی خوارەوە دەیسەلمێنم:

لە شەڕی پۆڕیجەی نێوان ئێمە و بەرەی جود، کە ئەوان لە ناو گوندی بوون و ئێمەش دەوری گوندەکەمان گرتبوو، سێ هەلیکۆپتەر بە ئارەزوی خۆیان لەسەر ئاسمانی شەڕەکە دەسوڕانەوە، بێ ئەوەی هیچ کاردانەوەیەکیان هەبێت، کە دڵنیام زۆر باش ئاگاداربوون و زانیاری تەواویان هەبوو، کە ئێمە لە شەڕداین، ئیتر ئەمە ئاسودەیی و سەیرکردنی دوژمن نەبێت چیە؟!

شەڕی ناوخۆیی هێزە کوردستانیەکان بەڵایەکی زۆر گەورە بوو، کە بەرۆکی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کوردستانی گرتبوو، لەم شەڕانەدا هەرگیز براوە و دۆڕاو نەبووە و ناش بێت! سەرکەوتوو ژێرکەوتووش نیە، چونکە ئەگەر لایەنێکیش باڵادەست بێت سودی چیە و چی دەستدەکەوێت؟ هەرچەندە هیچ لایەنێک بە یەکجاری لە ناو ناچێت، هەروەک لەسەرجەم قۆناخەکاندا بینیمان، ئەوپەڕی لایەنێک هەندێک لاواز دەبێت، ئەوەش هەمووی لە قازانجی دوژمن دایە و تاکە

هێزی سەرکەوتوو دوژمنی سەرەکیمانە. هەمیشە دوژمن ڕۆڵ دەبینێ لەوەی کە هیچ لایەک بەتەواوی لە ناو نەچێت بۆئەوەی شەڕی کوردکوژی بەردەوام بێت، پەرەدان بەم شەڕانە لادانە لەڕێڕەو و ئامانجی ڕاستەقینەی شۆڕش، کە دوا ئامانج بەدەستهێنانی مافی ڕەوای گەلەکەمانە، ئەنجامی ئەم شەڕانە شتێکی پوچە و جگە لەماڵوێرانی و قوربانی نابەجێ و دواکەوتنی شۆڕش، لە بەجێهێنانی ئەرکی پیرۆز و بنەڕەتی خۆی، هیچی تر نیە.

## ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێم و شەڕی گردەسۆر ١٩٨٣

لە ڕێککەوتی ١٩٨٣/٦/٥ ئێمە لە گوندی گردەسۆری خواروو بووین، هێزەکەمان پێکهاتبوو لە کەرتی سێی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، بە فەرماندەیی ئەحمەد کوردە و دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی (مەلا ئاراس[1]) بەسەرپەرشتی خۆی، کە ئەو کاتە جێگری فەرماندەی تیپ بوو، منیش وەک ڕابەر سیاسی کەرتی یەک چەند پێشمەرگەیەکی کەرتەکەم لەگەڵدا بوو، چونکە هاوڕێ کاوەی فەرماندەی کەرت، زۆربەی پێشمەرگەکانی لەگەڵدا بوو، بۆ ئەنجامدانی چالاکی بەرەو

(١) شەهید مەلا ئاراس: ناوی تەواوی حمەزیاد مغریب محەممەدعەلی ، ناسراو بە مەلا ئاراس، ساڵی ١٩٦٠ لە گوندی تولکی شێخ بزێنی خواروو سەر بە ناحیەی شوان لەدایکبووە، لە حوجرەی فەقێیان خوێندویەتی، ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کردووە، ساڵی ١٩٧٩ لە بارەگای سەرکردایەتی ی. ن. ک بۆتە پێشمەرگە، چەندین پلە و بەرپرسیاریەتی جۆراوجۆری بینیووە، لە چەندین شوێن سەرتیپ بووە و دواجار سەرتیپی تیپی ٢١ی کەرکوک بووە، بەشداری چەندین شەڕ و چالاکی کردووە و لە زۆربەیان فەرماندە و سەرپەشتیار بووە، لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا ١٣ جار بریندار بووە، لە ١٩٨٧/٤/١١ لە گوندی مەرزیخەی ناوچەی شێخ بزێنی شەهیدبووە. ئەم زانیارییانە لە بەڕێز (ئاراسن مەلا ئاراس) وەرگیراوە.

ناوچەی مەخموور ڕۆیشتبوو. دوو کەرتی تیپی ٢١ی کەرکوک، لەگەڵ مەفرەزەیەکی کەرتی تیپ لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، لە گوندی گردەسۆری سەروو بوون.

ئێمە بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ دابەشبووین، لە یادمە من لەگەڵ (بێکەس[١]) چوینەماڵێک تەنها کابانی ماڵ لە ماڵەوە بوو، تەماتەو ڕۆنێکی بۆ کردین، نانمانخوارد و چای بۆ داناین، هێشتا دەممان لێی نەدابوو، لای مزگەوتەوە سافیرەیەک لێدرا، من وا تێگەیشتم ئاگادارکردنەوەی کۆبونەوەمانە بۆ ڕۆیشتن، بۆیە گوتم ئەوە چیە دەڵێی کەڵەبابی ناوەختن، بەپەلە چایەکەمان خواردەوە و لە ماڵەکە دەرچووین بەرەو مزگەوت، کە گەیشتینە مزگەوت، کەسی لێ نەبوو، کاتێک لە سەربانی ماڵێکی نزیک مزگەوتەوە، دکتۆر ڕەفعەت بانگی کردم و گوتی خێرا شوێنێک بگرن هێزی ڕژێم هات. ئێمەش بەپەلە سەرکەوتینە سەربانی ماڵێک، کە دوو سێ پێشمەرگەی تریشی لێ بوو، یەکێک لەوانەی لە یادم ماوە هیدایەت حەمەد بوو.

هێزێکی گەورەی ڕژێم لە جادەی بیستانە-پردێ لای داو بەرەو ڕوومان هات، ئەوەی کە لە پێشەوە هات جێبێک بوو یەکسەر بەرەو گردەسۆری سەروو ڕۆیشت، پێشمەرگەکانی ئەوێ لێدانێکی باشیان لێدا و ئەوەی کە بینیمان تەنها یەک کەس لە هێزەکەی ڕژێم، کە جلکی ڕەش

---

(١) شەهید بێکەس: ناوی تەواوی سەلاح مستەفا قادر، ناسراو بە بێکەس، لە ١٩٦٣/٧/١ لە گوندی مام قلینج لەدایکبووە، دەرچووی سەرەتاییە، ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کردووە، ساڵی ١٩٨٢ بۆتە پێشمەرگە لە کەرتی پێنجی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، لە ١٩٨٣/١٢/٢٤ لە نێوان پردی حاجی وسو و گوندی هەمزەبەگ لە بانی تەروار شەهیدبووە، لە گوندی مام قلینج بە خاک سپێردراوە. ئەم زانیارییانە لە بەڕێز (هێمن سلێمان عەلی) وەرگیراوە.

بوو، دەرچوو و ڕایکرد، هەرچەندە لە هەموو لایەکەوە تەقەی لێکرا، بەرنەکەوت و دەربازی بوو.

تانک و زرێپۆش و هێزەکانی ڕژێم بەرەو هەردوو گوند هاتن، شەڕ دامەزرا، هەلیکۆپتەرەکانی ڕژێمیش هاتنە سەر ئاسمانی گوندەکان و دەستیانکرد بە بۆردوومانکردن. دوای ئەوەی کە شەڕ بە سەختی دامەزرا، ئێمە لەسەر بانەکان دابەزینە ناو ژوورەکان و لە ڕێگای کونکردنی دیوارەکانەوە شەڕمان دەکرد. من کە لەگەڵ سێ پێشمەرگەی تر لە خانویەک بووین، گوتم شەڕێکی زۆر خۆشە برادەران دەزانن ئەگەر مرۆڤ ئەجەلی نەیا ناکوژرێ، ئەو جاشە جلک ڕەشەتان بینی ئەو هەمووە تەقەشی لێکرا، بەرنەکەوت و دەربازی بوو، یەکێک لە پێشمەرگەکان گوتی خۆشە بەڵام ...! یەکێکی تریان نەیهێشت قسەکەی تەواو بکا و بینیم لێوی لێ قوچاند، بۆیە زانیم یەکێک لە خزمەکانم شەهید یان بریندار بووە، چونکە ئێمە کۆمەڵێک پێشمەرگەی خەڵکی گوندی ئیلنجاغ لەو شەڕەدا بەشداربووین، کە جگە لە خۆم، ئەوانی تر بریتی بوون لە: هیدایەت حەمەد، عومەر حەمەد، بابەشێخ، خاڵە جەعفەر و ئەنوەر مستەفا. بۆیە گوتم پێمبڵێن چی بووە و کێ شەهیدبووە؟ ئێمە پێشمەرگەین، کە ئەو ڕێگایەمان گرتووە، دیارە شەهیدبوونیشمان لە پێشە، زۆریان هەوڵدا ڕاستیەکەم پێ نەڵێن، بەڵام من سوور بووم لەسەر ئەوەی کە چی بووە پێمبڵێن، بۆیە گوتیان ئەنوەر لەو خانوەی پشتەوەمانە و بریندار بووە. ڕۆیشتم بۆلایی و کە سەیرمکرد برینەکەی سەختە و لەسەر تەواو بوونە و چەند خولەکێک لە دیاری بووم و بەداخەوە گیانی لە دەستدا.

شەڕ تاكو ئێوارە بەردەوام بوو، ئێوارە هێزەكانی ڕژێم نەكشانەوە، بۆیە مەلا ئاراس و ئەحمەد كوردە بڕیاریاندا، كە ئێمەش بچینە گردەسۆری سەروو لەوێ هەموو هێزەكە یەک بگرینەوە و، لەلایەكەوە پەلاماری هێزەكانی ڕژێم بدەین و ڕێگایەک بۆ دەرچوون بكەینەوە. بۆ ئەم مەبەستە بەڕێكەوتین، بەڵام بەینی هەردوو گوندەكە تەختاییە و گردێک بەلای ڕۆژئاواوە كۆنترۆڵی نێوان هەردوو گوندەكەی كردبوو، كە چەكدارەكانی ڕژێمی لەسەر بوو، تەقەیان لێكردین بۆیە گەڕاینەوە و نەمانتوانی بگەینە گوندی گردەسۆری سەروو، دوای ئەوە پێشمەرگەیەكیان نارد بۆلای هێزەكەی گردەسۆری سەروو، تا ئەوان بێن بۆ گردەسۆری خواروو، چونكە من كە بەسەر پەیژەی ماڵی حاكم عەبد كەوتبووم، دایكی بانگیكردم و گوتی: "سەیری ئەو كەندەی خوار ماڵان بەلای گوندی ئۆمەراوەوە بكە و بزانە هێزی ڕژێمی لێیە یان نا؟" لەسەر قسەی ئەو سەیرمكرد و تێبینیمكرد، هیچ جموجۆڵێكی لێ دیار نەبوو، هەواڵەكەم بە مەلا ئاراس و ئەحمەد كوردە ڕاگەیاند، كە كەندێک لە خوار گردەسۆری خواروو بەلای ئۆمەراواوە چۆڵە و هیچ هێزێكی ڕژێمی لێ نیە، بۆ دەرچوونمان گونجاوە و باشە، ئەوەبوو لە تاریكیدا هێزەكەی سەرەوە هاتنەلای ئێمە و بەم كەندەدا دەرچووین.

هەوڵدانەكەی ئێوارەمان بۆ چونە گوندی گردەسۆری سەروو زۆر باشبوو، وەک تاكتیكێكی لێهات، چونكە هێزەكەی ڕژێم پێیوابوو لە تاریكیدا ئەم هەوڵەمان جێبەجێكردووە، بۆیە چواردەوری گردەسۆری سەرووی زۆر قایم كردبوو، هەندێک لە هێزەكانی گردە سۆری خوارووی بردبوو بۆ ئەوێ، ئەمە وایكردبوو ئەم ڕێگایەی كە پێیدا دەرچووین، هیچ بۆسەیەكی ڕژێمی لێ نەبێت.

هەرچەندە کات و شوێنی شەڕەکە، ڕژێم خۆی هەڵیبژاردبوو، بەڵام ئێمە سەرکەوتووبوین لە شەڕی گردەسۆر، هۆی سەرکەوتنەکەشمان جگە لە قارەمانیەتی پێشمەرگە، هەڵکەوتەی جوگرافی شوێنەکەش یارمەتیدەر بوو، چونکە دەوری هەردوو گوندەکە تەختایی بوو، جگە لە دوو دەواجن و گردێک، هێزەکانی ڕژێم هیچ پەناو پەسیوێکی تریان نەبوو، بەڵام باجی ئەم سەرکەوتنەش، خوێنی گەشی پێشمەرگەی قارەمان ئەنوەر مستەفا بوو.

شەهیدبوونی ئەنوەر بۆ من کۆستێکی گەورە و خەمێکی مەزن بوو، کە پێموایە لەبەر ئەم هۆیانە بوو: سەرەڕای هاوسەنگەریەکەیی و خزمایەتیەکەی، دوو منداڵی بچوکی لە پاش بە جێمابوو، دایکێکی پیری هەبوو، کە پێشتریش جەرگی بە شەهید بوونی جەوهەری کوڕە گەورەیەوە سوتابوو، جگە لەمانەش ڕۆژی پێشتر لەسەر بابەتێک هەندێک گفتوگۆی توند لە نێوانمان ڕویدا و تۆزێک لێکتر زویر ببووین، چەند ڕۆژێک پێشتریش بەڵێنی بە دایکی دابوو ئەم جەولەیە تەواوبێت چەک دادەنێت، سەرەڕای هەموو ئەمانەش نەمانتوانی ئەوکاتە لەگەڵ دەرچوونی خۆمان تەرمەکەی دەرباز بکەین، چونکە هێزەکەی ڕژێم نەکشایەوە و دەرچوونیشمان بەو شێوەیە بوو کە باسکرا، زۆر دڵنیانەبوین کە بەسەلامەتی و بەبێ شەڕ دەردەچین، بۆیە نەمانتوانی تەرمی ئەنوەر لەگەڵ خۆمان ببەین و هەندێک کۆمەڵە قەسەر، چەند مەترێک لە دەرەوەی گوندەکە بوو، دەڕاسە دروێنەی گەنمەکەی کردبوو، قەسەرەکان هێشتان کۆ نەکرابوونەوە، تەرمەکەمان لە ژێر ئەو کۆمەڵە قەسەرەدا شاردەوە.

دوای ئەوەی کە دەرچووین، بە نزیک گوندەکانی ئۆمەراوە و چەمە زەردەرە تێپەڕین و گەیشتینە گوندی قەشقە، هەرچەندە ئەم دەرچوونە هەر بە قسە خۆشە، چونکە ڕێگایەکە زۆر دوور بوو، هیلاک و

ماندووی کردین، لەبەرئەوەی ئێمە ڕێ ڕۆیشتنێکی زۆر بەرەو خوارو نزیک پردێ ڕۆیشتین تا لە هێزەکانی ڕژێم دەرچووین، ئینجا بەرەو باکور گەڕاینەوە. لە گوندی قەشقە دانیشتبووین و چاوەڕوانی ئۆتۆمبێلمان دەکرد، تاوەکو بەرەو سێگرتکان برۆین، وەک لە پێشەوە باسمکردوە، سەرەڕای ماندوو بوونەکەم، بۆ شەهیدبوونی ئەنوەر زۆر غەمبار و بێ تاقەت بووم، کەچی مەلا ئاراس لەولاوە هات و گوتی: "دەشتی هەولێر چیتان دەوێت، فێری دەهۆڵ لێدانی ناو گوندیشم کردن!" گوایە ئێمەی فێری شەڕی ناو گوندی کردووە! بۆیە زۆر بە ڕەقی وەڵاممدایەوە و گوتم: "کە دەشتی هەولێر شەڕی ناو گوندی ئۆمەرگومبەتیان کرد، کێ فێری کردبوون و جەنابت لە کوێ بووی؟!" زۆر بە ڕێزەوە سەیرێکی کردم و گوتی: "دڵت بریندارە و هەرچی بڵێی مافی خۆتە". لە ڕاستیشدا شەڕی گردەسۆر دووەم شەڕی ناو گوند بوو، لە دوای شەڕی ئۆمەرگومبەت لە سنوری تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.

بەیانی دوای نیوەڕۆکەی، کە زانیاریمان پێگەیشت هێزەکەی ڕژێم کشاوەتەوە، ڕۆیشتین بۆ گوندی گردەسۆر و تەرمی ئەنوەر مان هێنایەوە و لە گوندی سێگرتکان شوشتمان و کفنمان کرد. پێمخۆشە ئاماژەی پێبدەم، کە مەلا خدری سێگرتکان، بێ ئەوەی داوای لێبکەین، لەگەڵمان هات بۆ گوندی ئیلنجاغی گەورە، بەڕاستی ئەوکات هەموو کەسێک نەیدەوێرا لەگەڵ پێشمەرگە بڕوات، بەتایبەتی مەلا. ئەوەبوو تەرمی ئەنوەرمان لە ئیلنجاغی زێدی باب و باپیران بەخاک سپارد.

## له کەرتی یەکەوە بۆ کەرتی ڕێکخستن و بوون بە ئەندامی پۆلی دێدەوان

لە لایەن کەرتی ڕێکخستنەوە داوایان لێکردم کە بگوازرێمەوە بۆناو پۆلی جەماوەر (پۆلی دێدەوان)، ئەوکاتە ئەندام پۆل لە ناو جەماوەر پێی دەگوترا کادیر، سنووری کارکردنم بریتی بوو لە گوندەکانی دەم زێ و دێهاتەکانی باشور و باشوری ڕۆژئاوای ڕێگای کۆیە-هەولێر. کاری من ئەو ماوەیە پەرەدان بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران بوو لەم سنورە و هاندان و سازدانی خەڵک بوو بۆ لایەنگیریکردن لە کۆمەڵە و لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.

## کاری ڕێکخستن، تووڕەبوونی مام جەلال و چوون بۆ بالیسان

هەندێک ڕێکخستنمان لە تەق تەق هەبوو، ڕۆژێکیان ڕاپۆرتێکیان بۆ ناردبووم دەربارەی دەنگوباسی ناو شارۆچکەی تەق تەق و هەروەها زانیاری لەسەر هەندێک کەس، کە پەیوەندیان بە دامودەزگاکانی ڕژێمەوە هەیە و کاریان لەگەڵ دەکەن. منیش ناوەکانم دا بە فەرماندەی کەرتی پێنجی گۆڕقەرەج، کە ئەحمەد کوردە بوو، بۆئەوەی کە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات. وارێکەوت شەوێکیان منیش لەگەڵیان چووم بۆ ناو تەق تەق و یەکێک لەمانەیان هێنا، بۆ بەیانیەکەی خزم و کەسەکانی هاتبوون بۆ ئازادکردنی. فەرماندەی کەرتی پێنج داوای سێ کلانشیکۆفی لێکردبوون و گوتبووی دەبێ خۆتان کلانشیکۆفەکانیش بکڕن، ئەوانیش چووبوونە لای عەبدوڵلای فەقێ خدری سێگرتکان، ئەویش هاتە لای من و دوو داوای هەبوو، ئەگەر پێمبکرێت بۆیان جێبەجێبکەم، یەکیان: سێ کلانشیکۆف زۆرە و بیکەن بەدوو، دوو: ئەوان ناتوانن چەکەکان بکڕن و پارەکەیان لێوەربگرن. منیش تەکلیفم لە

ئەحمەد کوردە کرد و داواکاریەکانی جێبەجێکردن، کەچی ئەم چاکەیەم بەخراپ بەسەردا شکایەوە. خزمەکانی کابرای گیراو دوای ئازادکردنی لە ڕێگای ناوچەی یەکێتی شۆڕشێگران و مامۆستا عەلی حەوێزەوە وایان لە مام جەلال گەیاندبوو، کە من هەرخۆم بووم بە پۆلیس و بە دادوەر و ئەم کابرایەم هێناوە و پارەم لێیوەرگرتووە و سزامداوە! دیارە مام جەلال بەم زانیارییە هەڵەیە زۆر تووڕەببوو، هەر لەو کاتیشدا نازانم عەلی عومەر چی کردبوو، مام جەلال زیاتر تووڕە ببوو، گوتبووی ئەم عەلییانەم بۆ بێنن لە سێدارەیان دەدەم !! هەندێک برادەر، لەوانە: مامۆستا سەیفەدین لەگەڵ فەرەیدون عبدالقار قسەی کردبوو، کە هاوسەفەری مام جەلال بوو لە دۆڵی بالیسان، دەربارەی من تێیگەیاندبوو بەهیچ شێوەیەک ئەم کارانەم لێ ناوەشێتەوە و دڵنیایکردبوو کە ئەم زانیاریانە هەڵەن، بۆیە فەرەیدون عەبدولقادر بروسکەیەکی بۆمن کرد، کە بچمە بالیسان و ئەو لەگەڵ خۆی دەمبات بۆلای مام جەلال. بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ عومەر حەمەد، کە ئەویش پێشمەرگە بوو، خەڵکی گوندی ئیلنجاغی گەورە بوو، ددانی ئازاری هەبوو بۆلای دکتۆر دەهات، بەڕێکەوتین بەرەو دۆڵی بالیسان.

لە بالیسان چومەلای فەرەیدون عەبدولقادر، بەڵام تامن گەیشتمە بالیسان، مام جەلال چووبووە دۆڵە ڕەقە، بابەتەکەم بۆ فەرەیدون عەبدولقادر ڕوونکردەوە، ئەویش بروسکەیەکی بۆ مام جەلال کرد کە زانیاریەکان بەو شێوەیە نەبووە و هەڵە بوون و ناوبراویش لای منەو چی فەرماندەکەیت بیهێنم بۆلات یان نا؟ مام جەلال وەڵامیدایەوە کە بڕوام هێناوە زانیاریەکان هەڵە بوون و پێویستیش ناکات بێن بۆلای من.

لەکاتی قسەکردن لەگەڵ فەرەیدون عەبدولقادر هەستمکرد سەفەرێکی بەغدای کردووە، بەڵام بۆم ڕوننەبۆوە بۆچی بووە و ئایە بە نهێنی چووە یان بە ئاگاداری ڕژێمی عێراق؟! پاشان کە دانوستاندن بەئاشکرا لەگەڵ ڕژێم دەستیپێکرد، تێگەیشتم ئەم سەفەرەی فەرەیدون عەبدولقادر سەرەتایەک بووە بۆ زەمینەسازکردن بۆ ئەم دانوستاندنە. دواتر دێمە سەرباسی دانوستاندنی یەکێتی و ڕژێمی عێراق.

لە بالیسان مامەوە، لەوکاتە هاوڕێ کاوە کە پێشتر لە شەوی ٥-١٩٨٣/٦/٦ لەناوچەی قەراج و مەخموور، لەگەڵ دەستەیەک پێشمەرگە گەڕابۆوە و دەزانن کە ڕۆژەکەی شەڕ بووە لەگەڵ ڕژێم و هێزەکەی ڕژێمیش نەکشاوەتەوە و پێشمەرگەکانیش لە ناو گوندن، ئەوانیش دەیانەوێ خۆیان بگەیننە نزیک گوندی گردەسۆر و لە لایەکەوە تەقە لە هێزەکەی ڕژێم بکەن و ڕێگایەک بۆ دەربازبوونی پێشمەرگەکان بکەنەوە، بەڵام مار پێوەی دابوو، دیارە مارەکەش زۆر گەورە و ژەهراوی بووە، بۆیە ماوەیەکی باش لە ماڵە دۆستێکی سێگرتکان مایەوە و چارەسەری پزیشکی وەردەگرت، پاشان بۆ پشوودان چووە بالیسان، چونکە باش چاکنەببۆوە، یەک دوو پێشمەرگەشی لەگەڵدا بوو. سەفین مەلاقەرەش بە یەک دوو پێشمەرگەوە لەوێ بوو، من و عومەر-یش لەگەڵیان بووین بەدەستەیەک. لەو کاتەدا (ئەنوەر بەگی بێتواتە[١]) هەوڵی چەکدارکردنی گوندەکانی دۆڵی بالیسانی دەدا، بۆ ئەو مەبەستە

(١) ئەنوەر بەگی بێتواتە ساڵی ١٩٢٤ لەناوچەی بێتواتە لەدایکبووە، سەرۆک هۆزی خۆشناو؛ لە میرەکانی خۆشناوە، کوڕی گەورەی ڕەشید بەگ بووە، هەر لە تەمەنی منداڵیەوە باوکی کۆچی دوایی کردووە و هەموو ئەرک و کارەکانی بنەماڵەی لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا گرتۆتە ئەستۆ، ساڵی ١٩٩٢ لە شاری بەغدا ژیانی کۆتایی هاتووە. لە: shorturl.at/afFP وەرگیراوە.

هێرش و پەلاماری بۆ سەر ناوچەکە دەستپێکردبوو، بۆیە مەڵبەندی سێی هەولێر بروسکەی بۆ زۆربەی تیپەکان کردبوو، لەوانە: تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێریش، کە بێنە ناوچەی بالیسان.

## هەواڵی شەهیدبوونی مام وسو

لەسەر بروسکەی مەڵبەند، تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر هاتبوون و گەیشتبوونە گوندی چیوەی خواروو. هاوڕێ کاوە چووبوو بۆ لایان، کە هاتەوە هەواڵێکی زۆر ناخۆش و دڵتەزێنی پێڕاگەیاندم، کە لەوانی بیستبوو، ئەویش شەهیدبوونی مام وسوی خەزورم بوو. بەڕاستی ئەم هەواڵە لەناخەوە هەژاندمی، جگە لەوەی خزمێکی نزیکم بوو، باوکی هاوسەرەکەم بوو، ڕیش سپی بنەماڵەکەمان بوو، پاڵپشت و پشتیوانێکی زۆر گەورەبوو بۆ من، لەگەڵ بیستنی هەواڵەکە لەرزیم و خەریکبوو بکەوم، بەڵام ددانم بەخۆم داگرت.

مام وسو یەکێک بوو لە کەسایەتیەکانی ناوچەکە و گوندی ئیلنجاغی گەورە، پیاوێکی ژیر و دانا بوو، زۆر جار ئامۆژگاری ئەو خزم و ناسیاوانەی دەکرد، کە بە ئۆتۆمبێل لە شارەوە دەهاتن بۆ گوندی ئیلنجاغ، کە بە ڕێگای قیرتاوکراودا بێن، واتە بە ڕێگای بانی تاڵەبان و تاڵەبانی بچوک و مەرزان و مەرزان دابێن، نەچنەوە لای گۆپتەپە و شیواشۆک، چونکە لەلایەک قیرتاو نیە و کاتی زۆرتریان دەوێت، لەلایەکی تر ناوچەیەکی شاخاوی و زورگە و زیاتر دەبێتە ئامانجی هەلیکۆپتەر و هێزەکانی ڕژێم. کەچی دوای ئەوەی گەڕامەوە ناوچەی خۆمان، زانیم لە ڕۆژی ١٩٨٣/١٠/١٢ هەندێک چیمەنتۆ و کەرەستەی بیناسازی بارکردووە بە مەبەستی چاککردنی بیری ئاوی دایماو، لە هەمان کاتیشدا دوو کەسی خەڵکی گوندی کونە گورگی نزیک

هەولێر، کە مام بایز و عەلی بڕنۆ بوون، دۆستی بوون و کارێکیان لای فاروق عەلی مەولود، لە گوندی داربەسەری بچوک هەبووە و بۆیە ئەوانیشی لەگەڵ هاتوون بە ڕێگای گۆپتەپە و شیواشۆک دا، بە ڕێککەوت ئەو ڕۆژە مەفرەزەیەکی حیزبی شیوعی ئۆتۆمبێلێکی ئەمبولانسی نەخۆشخانەیان ڕفاندووە، بۆیە سێ هەلیکۆپتەر هاتبوونە سەر ئاسمانی ناوچەکە و لە نزیک گوندی شیواشۆکی سەروو دەگەنە سەر ئۆتۆمبێلەکەی مام وسو، بە وتەی ئەوانەی کە ڕووداوەکەیان بینیبوو، مام وسو و هاوڕێکانی دادەبەزن و دەستیان بەرزدەکەنەوە بۆ ئەوەی نیشانی بدەن کە چەکدارنین، بەڵام کۆپتەرەکان تەقەیان لێدەکەن و لەگەڵ ئەوەی خۆشیان گەیاندبووە بن ڕەوەزە شاخ و کۆنە ڕەبایەکانی ناوچەکە، چونکە هەلیکۆپتەرەکان زانیبوویان کە چەکدارنین و هیچ بەرگریەکیان پێناکرێ، بۆیە تەواو نیشتبوونە سەریان و هەرسێکیان شەهیدکردبوون.

## شەڕی بێتواتە ١٩٨٣

سەرەتای مانگی دەی ساڵی ١٩٨٣، لە ئەنجامی هێرشی فراوانی جاشەکانی ئەنوەر بەگی بێتواتە، بە پشتیوانی تانک و تۆپ و فڕۆکە، زۆربەی زۆری گوندەکانی دۆڵی بالیسانیان گرتبوو، چەکداریان کردبوون. بۆیە ئەو هێزی پێشمەرگەیەی، کە لە بالیسان و دەوروبەری بوون، هەموویان بە ئەرک دەرچووبوون. ئێمە ئەم دەستەیە لە بارەگاکەی مامۆستا بەکر مستەفا مابووینەوە، بروسکەش بۆ سەرجەم تیپەکانی سنوری مەڵبەندی سێ و هەندێک تیپەکانی مەڵبەندی دووش کرابوو، کە بێن بۆ ناوچەکە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی ڕژێم، کە ماڵی ئەنوەر بەگ نوێنەرایەتیان دەکرد.

چەند ڕۆژێکی خایاند تاکو هێزەکانی یەکێتی شوێنەکانی خۆیان لە ناوچەکە گرت، دوای ئەوە لە دەوروبەری ناوەڕاستی مانگی دەی ١٩٨٣، شەڕێکی گەورەی پێچەوانە دەستپێکرد، واتە هێرشی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر گوندە چەکدارکراوەکان و بنکە و بارەگاکانی هێزەکانی ڕژێم. من بەگەڵ کەرتی پێنچ کەوتم، تاکو شەڕەکە تەواو بوو، ناوچەکە لە هێزەکانی ڕژێم پاککرایەوە و بنکەی سەرەکی ماڵی ئەنوەر بەگ گیرا، کە گوندی بێتواتە بوو.

ئەوەی کە بووە هۆی زوو یەکلاییکردنەوەی شەڕەکە، هێرشی توندی پێچەوانە و نواندنی توندوتیژییەکی کەم وێنە بوو، کە هێزەکانی پێشمەرگە ئەنجامیاندا، لە بەرامبەر دانیشتوانی گوندە چەکدارکراوەکان، وەک بۆنمونە لێدانی گوندی نێوە، کە بوە هۆی چاوشکاندنی گوندە چەکدارکراوەکانی تر و لە دوای ئەم لێدانەوە خۆیان لەبەر هێرش و پەلاماری هێزی پێشمەرگە نەگرت و بەرگرییەکی ئەوتۆیان نەکرد، بۆیە هەر زوو شەڕی گەرم کەوتە سەر گوندی بێتواتە، ناوەندی دەسەڵاتی ئەنوەر بەگ.

هەروەها ئەوەی من لەو شەڕە هەستمپێکرد، سێ خاڵی سەرەکی بوو:

یەکەمیان، بە بۆچوونی من بابەتی گفتوگۆی یەکێتی و ڕژێم لە ئارادابوو، کاریگەری هەبوو لەسەر یەکلاییکردنەوەی شەڕەکە بە قازانجی یەکێتی، چونکە سەرکردایەتی ی. ن. ک زۆر بەجدی لەگەڵ یەکلاکردنەوەی شەڕەکەدا بوو، خودی مام جەلال هاتبووە ناوچەکە و سەرپەرشتی و چاودێری شەڕەکەی دەکرد.

دووەمیش، چەکێکی زۆر کەوتە دەست هێزی پێشمەرگە، ئاربیجی ڕەقەم ١١ زۆر کەم بوو لە ناو هێزی پێشمەرگە، لەم شەڕە ژمارەیەکی زۆر دەستکەوت، سەرەڕای سەدان کلانشینکۆف.

سێیەم، ئەوەی جێی نیگەرانی بوو، سەرەتای سەرهەڵدانی شڕەخۆری و پاتارخۆری لێرەوە بەزەقی بینرا، کە بەشێک لە بەرپرس و فەرماندەکان دەستیانپێکرد. هەروەک لە جەولەیەکی مام جەلال لەکاتی گفتوگۆ بۆ گوندی بێستانەی گەورە و سەردانیکردنی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، لە کۆبونەوەیکدا بۆی باسکردین و گوتی: لە دوای شەڕی بێتواتە، کۆبونەوەیەکم لەگەڵ فەرماندەکانی بەشداربووی شەڕەکە کرد و پێمگوتن هەموتان پاتارخۆر و شڕەخۆرن، و زۆر دابەزیمە سەریان و ئەو کارە ناشیرین و دزێوانەی لە بێتواتە کردبوویان، لە بردنی کەل و پەل و شتومەک پێمڕاگەیاندن، یەکێک لە فەرماندەکان هاتە وەڵام و گوتی مامە بۆ ڕەش و سپی تێکەڵ دەکەی؟ بۆ هەموومان دەکەی بە دز؟ من هیچ شتێکم نەبردووە، مام جەلال گوتی منیش پێمگوت وەرە پێشوو گوێت بۆ لای من بێنە و پێمگوت: سەماوەرە گوڵدارەکە کێ بردی؟ لە وەڵامدا گوتی: ئەمە شتێکی زۆر نایاب بوو هەر بۆ جوانی بردم، گوتم زۆر باشە، ئەی دوو فەرشە کاشانەکە کێ بردی؟ لە وەڵامدا گوتی: مامە تەواو، جەنابت هەموو شتێک دەزانی. ئەمە بەڵگەی بۆچوونەکەی من دەسەلمێنی، کە تاڵانێکی گەورە لەم شەڕەدا کرا. جگە لەمە، دیاردەیەکی زۆر قێزەوەنی تر سەربڕین و خواردنی مانگا و ئاژەڵێکی زۆر بوو. بۆیان گێڕامەوە پێشمەرگەیەک مانگایەکی سەربڕیوەو تەنیا جەرگەکەی بردوە و خواردویەتی!

لەگەڵ هەمـــوو ئەوانەی ســـەرەوە کە باســـمانکرد، بەڵام مانـــای ئەوەنـیە، کە هـیچ فەرمانـدە و پێشـمەرگەیەکی پـاکیش نەبـووبێ، بەڵکـو بەشێکیش لە فەرماندە و پێشمەرگە قارەمانەکان هەبوون، کە دەستیان بـۆ یەک شـتیش نەبـردووە. بۆنمـونە، شـێخ جەعـفەر ئەوکـاتە سـەرتیپی تیپی ٨٦ی دەشـتی هەولێر بـوو، مـاڵەکەی لە سـێگرتکان بـوو، لە کـاتی گرتنـی بێتـواتە هەواڵیـان بۆهێنـا، کە حیزبـی سۆسیالیسـت ماڵەکەیـان تاڵانکردووە، هەرچەندە پێشیانگوت دەتوانی لێرە کەل و پەلی ماڵێک، لە جیـاتی مـاڵەکەت بـبەی، بەڵام گـوتی مـن هەرگیـز کـاری وانـاکەم، لە ڕاستیشدا من کە خۆم لە نزیکەوە ئاگاداربووم، دەسـتی بۆ هـیچ شـتێک نەبرد. هەروەها من خۆم چوومە ناو ماڵێکەوە کە پرچ وشککەرەوەیەک (مجففه) ی زۆر جوانی لێ بوو، دەسـتم دایە و گوتم ئەمە زۆر نایـابە و بۆ وەلی برامی دەبەم، بەڵام کە گەیشتمە دەرگای حەوشە، بیرمکردەوە کە ئەمە شـــڕەخۆرییە و کـــارێکی زۆر قێـــزەوەنە، بـــۆیە گەڕامەوە و لە شوێنی خۆی دامنایەوە.

زۆر دیـاردەی بـێ ســـەروبەر لەم شـــەڕەدا ڕوویـدا، ئـێمە چەنـد پێشمەرگەیەک لەسەربانی ماڵێک دانیشتبووین، وەختێکمان زانی ئاگر لە ژێرمانەوە بەرزبویەوە، واتە بەبێ فەرمان و بەبێ پرس پێشـمەرگەیەک ئاگری لە خانوەکە بەردابوو.

ئێمە پێش ئەوەی بچینە ناو بێتواتە، بێتـواتە گیرابـوو، جگەرە کێش بووین و یەک جگەرەمـان پێ نەمـابوو. جگەرە یەکێک لەو پێداویستییە لۆجسـتیانە بـوو، کە ڕژێـم لەو مـاوەیە بە تونـدی گەمـارۆی خسـتبووە ســـەر نـــاوچە ئازادەکـــان، تـــا بە دەســـتی پێشـــمەرگە نەگـــات. تووشـــی پێشـــمەرگەیەکی تیپـــی (١٢)ی ســـۆران بـــووین، یەک بـــاری هێســـتری لە

جۆرەها پاکەت لە تالانی بارکردبوو، محەممەد ئیلنجاغی داوای لێکرد یەک پاکەتمان بداتێ بۆ هەموومان، کە جگەرەمان پێ نەمابوو، کابرا وەک ئەوەی پارەی پێدابێ و کڕیبێتی، گوتی: "نایدەم و بار ناشکێنم !!!" محەممەد تفەنگی سوارکرد و لەسەر سەری داناو گوتی: "ئێستا دەبێ سەرو یەک پاکەتمان بدەیەی". ئینجا سەرو پاکەتی داینێ. ئەو پاکەتانە هەمووی لەماڵی ئەنوەربەگ هێندرابوو، جۆری پاکەتی سالانی (١٩٥٠و ١٩٦٠)ەکانی تێدابوو.

خافڵان و خەریک بوونی هێزی پێشمەرگە بە شەڕەخۆری و تالانکردن، بووە هۆی ئەوەی کە ڕۆژی دواتر هێزەکانی ڕژێم هێرش بکەن و بۆماوەیەک بێتواتە داگیربکەنەوە و یەک کۆگای شاراوەی پڕچەک دەربازبکەن، کە لەدەرکردنەوەی دووبارەی هێزەکانی ماڵی ئەنوەربەگ، نەسرولڵا برینداربوو بارودۆخی زۆر خراپ بوو، شەو سواری گوێدرێژم کرد، (سابیر مستەفا بانیمارانی[1]) و پێشەوای عەلی مەولودم لەگەڵدا بوو، بروسکەیەکم بۆ دکتۆر زریان کرد، کە نەسرولڵا بارودۆخی خراپە و ئۆتۆمبێلێک ڕەوانە بکات تاکو ئەو شوێنەی کە ئۆتۆمبێل دەیگاتێ و ئێمەش وا بە ولاغ دەیهێنین. لە ڕێگا زۆر پێوەی هیلاک بووین، دیاربوو ئازاری زۆر بوو، هاواریدەکرد دامبەزێنن، منیش دەمگوت بڕۆن گوێی مەدەنێ، بۆیە زۆری جنێو پێدام، وەختێک

---

(١) شەهید سابیر مستەفا بانیمارانی: سابیر مستەفا عەبدوڵلا بەپێی پێناسی باری شارستانی لە ساڵی ١٩٦٧ لە گوندی بانیماران لەدایکبووە، بەلام لە ڕاستیدا ساڵی ١٩٦١ە. تاکو پۆلی سێی ناوەندی خوێندووە، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کردووە، ساڵی ١٩٨٣ بۆتە پێشمەرگە لە کەرتی پێنجی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، لە ١٩٨٥/١١/٢٥ لە گوندی تیمارۆکی دەشتی کۆیە شەهیدبووە. ئەم زانیارییانە لە بەڕێز (فەتحوڵلا حەمید داربەسەری) وەرگیراوە.

گەیشتینە ئۆتۆمبێلەکە، دکتۆر زریان خۆی لەگەڵ مامۆستا سالار و مامۆستا جەمال جیبێکیان هێنابوو، ئەوە بوو بەجێبەکە گەیاندمانە نەخۆشخانەی شۆڕش لە بالیسان. دکتۆر زریان هەم پێشمەرگە بوو، هەم دکتۆر بوو، هەم کادیر بوو، هەم مرۆڤ بوو، خزمەتێکی زۆر باشی بە هێزی پێشمەرگە و خەڵکی ناوچەکە دەکرد، بۆ چارەسەری نەسرولڵاش هیمەتێکی زۆر باشی کرد.

ئاشکرایە ئەوانەی دەبوونە پێشمەرگە، هەڵگری بیرو باوەڕێکی ئەوتۆ بوون، ترسیان لە هیچ شتێک نەبوو، کەسانی بوێر و ئازا بوون، ڕووبەڕوی گشت ڕوداوێکی نەخوازراو دەبوونەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک جار و لە هەندێک هەلوێستدا جۆرە ترسێک بەسەر مرۆڤدا دێت، پێشمەرگەش لەو بارودۆخە بەدەر نیە، ئەو ڕۆژەی بێتواتە گیرا، ئێمە لەسەر ئەو شاخەی دیار سەروچاوە بووین و بەرەو بێتواتە دەڕۆیشتین، سێ هەلیکۆپتەر گەیشتنە سەر سەرمان، لەگەڵ ئەوەی ناوچەیەکی شاخاویی و بەردەلان بوو، هەڵکەوتەی شوێنەکە وایکردبوو شاخ و بەردەکان لە شێوەی چەند سەنگەرێک ڕێککەوتبوون، بۆ خۆشاردنەوە و پەنادان لە هەلیکۆپتەرەکان زۆر باش بوون، لەگەڵ ئەوەشدا پێشمەرگەیەک تێک دەسوڕا و لە شوێنێک ئۆقرەی نەدەگرت و لەبەرە خۆیەوە دەیگوت: "شوێنێک نیە خۆمی لێ پەنادەم!" لەگەڵ سەباح ڕەحمانی پوورزام زۆر پێکەنین.

## شەهیدبوونی هاوڕێ کاوە

ئەو ڕۆژەی کە نەسروڵڵام گەیاندە نەخۆشخانە لە بالیسان، بۆ ڕۆژی دواتر هاوڕێ کاوە هات سەردانی کردین لە نەخۆشخانە، پێش ڕۆژئاوا هەستا بەرەو شوێنی حەوانەوەی بگەڕێتەوە، وەختێک دەنگی دەستڕێژێک تەقەهات، دوایە زانیمان کە جاسمەکۆر هاوڕێ کاوەی شەهیدکردووە. ئەمەش لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆ و ئەو هەڵە کوشندانەی کە سەرانی شۆڕش دەیانکرد، وەختی خۆی جاسم پێشمەرگەی حسک بوو، لە لایەن پێشمەرگەکانی یەکێتییەوە گیرابوو، لێیدرابوو چاوێکی کوێرکرابوو، ئینجا نازانم ئەو کەسەی لێیدابوو هاوڕێ کاوە بوو یان بە فەرمانی ئەو بووە، دواتر جاسم ببوو بە یەکێتی و لە دەستەکەی ملازم سەید کریم بوو، ئەمەی هەر لە دڵدا بووە و بۆیە ئەم ئێوارەیە هاوڕێ کاوەی شەهیدکرد. بە ڕاستی من زۆر غەمباربووم بە شەهیدبوونی هاوڕێ کاوە، چونکە ماوەیەکی زۆر بوو بەیەکەوە بووین و لەنزیکەوە شارەزای بووم، پێشمەرگەیەکی ڕاستەقینە و کەسێکی دڵسۆزی نیشتمانپەروەر بوو. وابزانم جاسمەکۆر پاشان لە ناو شاری هەولێر کوژرا.

## هەڵبژاردنی کەرتی ڕێکخستن، لێپرسراویەتی پۆلی دێدەوان

دوای شەڕی بێتواتە گەڕاینەوە ناوچەکانی سنوری دەشتی هەولێر، کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و دەزگای ڕێکخستنی کۆمەڵە، بڕیاری هەڵبژاردنی کەرتەکانی ڕێکخستنی دا. لە هەڵبژاردنی کەرتی ڕێکخستنی دەشتی هەولێر، من لەگەڵ هاوڕێیان مەلا خدر و (مەریوان[(١)]) و عەول و کاکلە ڕەش، بەدەستەی هەڵبژێردراو

(١) شەهید مەریوان: ناوی تەواوی عەبدولفەتاح محەممەد خدر سلێمان، ناسراو بە مەریوان، لە ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی منارە ناحیەی شەمامک لەدایکبووە، دەرچووی کۆلێژی

دەرچـــووین و لە ناوخۆمانـــدا مەلا خـــدرمان بە لێپرســـراوی کەرت هەڵبـــژارد، ئـــێمەش هەرچوارمـــان وەک ئەنـــدام کەرت ســـنورەکانمان دابەشکرد، من لێپرسراویەتی پۆلی دێدەوانم پێ سپێردرا، لە کەرتی ڕێکخســـتنی دەشـــتی هەولێـــر (١٩٨٣-١٩٨٦)، کە ســـنوری پـــۆلەکە لە خوارووی ڕۆژئاوای کۆیە بە سنوری دەم زێ دا تاکو دەگاتە پردێ و ئینجا جادەی پردێ-هەولێر لە ڕۆژئاواوە، وجادەی کۆیە-هەولێر لە باکورەوە، ئەمە سنوری پۆلەکە بوو.

لە پۆلی دێدەوان چوار ئەندام پۆلم لەگەڵ بوو، کە ئەمانە بوون:

١. قادر مراد، ناسراو بە قادر کادیر، کە سنوری کاری ئەو لە گوندی سێکانی دەستیپێدەکرد و سەردەکەوت بۆ گوندەکانی گردەسۆر و پۆڕیجە و ئەم ناوە.
٢. مام جاسم، سنوری کارەکەی لە گوندی سێگرتکان بەسەرەوە و بۆلای بانیماران و گۆمەشین و بناری باواجی.
٣. (قاسم کرێکار[1])، سنوری کارەکەی گوندەکانی بەستی شرغە بوو.

---

کشـتوکاڵی زانکـۆی موسـڵ-ە، سـاڵی ١٩٧٧ پەیوەنـدی بە ڕێکخسـتنەکانی کـۆمەڵەی ڕەنجـدەرانی کوردسـتانەوە کـردووە، سـاڵی ١٩٨١ پەیوەنـدی بە هێـزی پێشـمەرگەی کوردستانەوە کردووە، چەندین پلەی بڕیوە و کۆتا پلەشی لێپرسراوی کۆمیتەی کاروباری کۆمەڵایەتی سنوری هەولێر بوو. لە ١٩٨٦/١٠/٢٢ لە گوندی زمارەی سابیر بەسەختی برینداربووە، لە ١٩٨٦/١٠/٢٣ شەهیدبووە. (حەیدەر مەنتک: سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل ٥١٦-٥١٧).

(١) شەهید قاسم محەمەد حسن بابیل، ناسراو بە قاسم کرێکار، ساڵی ١٩٥٤ لە گوندی نێرەگین-ناحیەی دێگەڵە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە کردووە و هەمان ساڵ زیندانی کراوە و ساڵی ١٩٧٩ بە لێبوردنی گشتی ئازادکراوە و بووەتە پێشمەرگە، لە ڕێکەوتی ١٩٨٥/٥/١٣ لە گوندی سماقە شەهیدبووە. (حەیدەر مەنتک: سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٦٥٠-٦٥١).

٤. ئەم سنورە لەبێستانەوە بۆ باغەمرە و کەردز و مورتکە و گردەڕەشە و دەگەڕایەوە بۆلای پونگینە و هەمزەبەگ و ئەم ناوە، ئەندام پۆلێکی جێگیری نەبوو، ماوەیەک شەهید (هۆشیارە سور[1]) بوو، وەختێکی تر خوالێخۆش بوو مامۆستا تاهیر بەکر بوو، ماوەیەکیش جوتیار جەبار بوو.

کاری ئێمە هەر پێنجمان، بە یەکەوە پەیداکردنی ئەندام و لایەنگری نوێ بوو بۆ کۆمەڵە و کۆبونەوەکردن بوو لەگەڵ شانەکانی ڕێکخستن و پەروەردەکردنیان و گەشەپێدانیان لەڕووی فکریەوە.

ئەوکات کاری ڕێکخستن زۆر جدی بوو، پلەبەندی هەبوو لەکاری ڕێکخستن، سێ قۆناخ یاخود سێ پلە بوو، ئەندامی نوێ سەرەتا لەئەلقەی ڕۆشنبیری دادەنرا و دواتر دەبوو بە پاڵێوراو و دواپلەی دەبوو بە ئەندام. بڕینی ئەو قۆناخانەش هەروا ئاسان نەبوو، بۆ بڕینی هەرپلەیەک مێژووی پەیوەندیکردن مەرج نەبوو، بەڵکوو مەرجی بەرزبونەوە ڕادەی ڕۆشنبیری و ئاستی هۆشیاری کەسە بوو، بۆ ئەو مەبەستەش تاقیکردنەوە هەبوو، نمونەیەک لەم بابەتە باسدەکەم، عەباس بانەموردی ماوەیەک بوو لە پلەی پاڵێوراوی دابوو، ئەندام پۆلەکەی پێشنیاریکردبوو پلەکەی بەرزبکرێتەوە بۆ ئەندام، ساڵی ١٩٨٤ بوو، چومە گوندی بانەمورد و لەگەڵ عەباس دانیشتم و هەندێک

(١) شەهید هۆشیار عەبدولکەریم عەبدولقادر ڕەسووڵ، ناسراو بە هۆشیارە سور، ساڵی ١٩٥٧ لە گەڕەکی تەیراوەی هەولێر لەدایکبووە، دەرچووی کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سلێمانیە، ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە کردووە، چەندین پلەی پێشمەرگایەتی و ڕێکخراوەیی بڕیوە و دوا پلەی بەرپرسی دەستەی کاتیۆشای مەڵبەندی سێ بووە، لە کانونی یەکەمی ١٩٨٨ کەوتۆتە کەمینی مەفرەزە خاصەی سەر بە دائیرەی ئەمنی هەولێر و دەستگیرکراوە و شوێن بزرکراوە. (حەیدەر مەنتک: سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٨٥٤).

پرسیاری فکریم لێکرد، بەڕای من هێشتا مابووی پلەکەی بەرزبکرێتەوە، بۆیە بەرزکردنەوەکەمان دواخست و ئێستاشی لەگەڵدابێت گلەیم لێدەکات و بەچاومدادەداتەوە.

تۆڕێکی ڕێکخستنی باش و ئەندامی دڵسۆزمان هەبوو، لە زۆربەی گوندەکانی سنوری پۆلەکەمان.

## گفتوگۆی نێوان ی. ن. ک- ڕژێمی عێراق و چەند ڕوداوێک

لەڕێککەوتی ١٩٨٣/١٢/٤ لە گوندی سێگرتکان بووین، ئەوەی لە بیرمبێ لەگەڵ مەلا خدر و شێخ جەعفەر و (دەشتی موهەندیس[١]) و چەند برادەرێکی تر لە لای بێتەل بووین، کە (هیوا جیهاز[٢]) کاری پێدەکرد، بە جفرە بروسکەیەکی بۆهات، دوای لێکدانەوەی وشەکان، گوتی: سبەینێ (١٩٨٣/١٢/٥) بەفەرمی شەڕ ڕادەوەستێ لە نێوان

(١) شەهید عومەر حەمەد عەلی، ناسراو بە دەشتی مهندس، ساڵی ١٩٥٩ لە هەولێر لەدایکبووە، دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی سلێمانیە، ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووە، چەندین پلەی ڕێکخراوەیی و پێشمەرگایەتی بڕیووە و دوا جار جێگری فەرماندەی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ بووە، لە ١٩٨٧/٩/١٣ لە سماقولی شەهیدبووە. (حەیدەر مەنتک: سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل ٥٩٢-٥٩٣).

(٢) شەهید هیوا جیهاز: ناوی تەواوی ڕەشاد عەلی حەسەن-ە، لە ١٩٦٤/٧/١ لەدایکبووە، لە مانگی ئازاری ١٩٨٠ پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، لە تەمموزی ١٩٨١ بۆتە پێشمەرگەی یەکێتی (ی.ن.ک)، سەرەتا لە کەرتی بەندیخانە لە ناوزەنگ بووە، پاشان گواستراوەتەوە کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر و دواتریش تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر و عەدەد جیهاز بووە، جارێک بەسەختی بریندار بووە، کوڕێکی هوشیار و زرینگ بووە، لەگەڵ ڕاپەڕین ئەندامی (شوراکانی خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان) بووە، ڕۆژی پەلاماری ڕژێم بۆ گرتنەوەی هەولێر لە ڕێککەوتی ١٩٩١/٣/٣١ لەگەڵ چەند کەسێک بەرگریان کردووە، لەگەڵ دووبرای شەهید بوون و لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد لە هەولێر بە خاک سپێردراون.

یەکێتی و هێزەکانی ڕژێم، و مام جەلال دەچێت بۆ بەغدا. شێخ جەعفەر، کە فەرماندەی تیپەکە بوو، تەواوی فەرماندەی کەرتەکانی ئاگادارکردەوە، ئەگەر ئەمڕۆ بۆخۆیان چالاکی ئەنجامبدەن یان ئۆتۆمبیل و دەستکەوت پەیدا بکەن، تەنیا ئەمڕۆ بواریان هەیە و بەیانی شەڕ ڕادەوەستێ. بۆ پاش نیوەڕۆکەی لەگەڵ شێخ جەعفەر و مەلا خدر، کە دوو سێ ئۆتۆمبیل بووین، بەرەو گوندی کانی لەلە دەچووین، پێش ئەوەی بگەینە ناو گوند سێ هەلیکۆپتەر پەیدابوون، شێخ جەعفەر گوتی: "پێلێبنێن، با بگەینە ناو گوند و لەم کۆتاییەدا با شەهیدنەبین".

هەرچەندە بەفەرمی ١٩٨٣/١٢/٥ ڕۆژی دەستپێکردنی دانوستاندنی یەکێتی و ڕژێم بوو، بەڵام پێموایە زۆر پێشتر کاری بۆکرابوو، زەمینەی بۆ خۆشکرابوو، وەک پێشتریش ئاماژەمپێیدا پێموایە بە نهێنی فەرەیدون عەبدوالقادر چووبوو بۆ بەغدا. گفتوگۆ و دانوستاند شتێکی ڕەوایە، لە زۆربەی شۆڕش و بزوتنەوەکانی گەلانی دونیا لەپێناوی بەدەستهێنانی مافی چارەنوسدا پەیڕەوکراوە و شێوازێکە لە شێوازەکانی خەبات، لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستانیشدا بەهەمان شێوە، هەمیشە دەرگای گفتوگۆ و دانوستاند کراوە بووە و سەرکردایەتیەکانی بزوتنەوەکانیش هەرگیز لاریان نەبووە لە گرتنەبەری ئەم شێوازەی خەبات، ئەگەر ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکان دەستیان درێژکردبێت بۆ گفتوگۆ، ئەمە نەک هەرلە باشوری کوردستان، بەڵکو لە تەواوی بەشەکانی کوردستان، هەرچەندە ڕژێمەکانی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، هەمیشە هەوڵیانداوە دانوستاندن لەگەڵ کورد وەک فێڵێک بەکاربهێنن، بۆلێدانی بزوتنەوەکانی کورد و بێهێزکردنیان، بەتایبەتی هەوڵدان بۆ تیرۆرکردنی

ڕابەر و سەرکردە و فەرماندە و کادیرەکان، نمونەشمان لەم بارەیەوە زۆرە.

سەبارەت بە زەمینە خۆشکردن بۆ گفتوگۆ، بە بۆچوونی من دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لەسازکردنی ئەم زەمینەیە، ڕەنگە بە جۆرێک لە جۆرەکان ناردنی هێزەکانی ی. ن. ک وەک هێزی پشتیوان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شەڕکردن لەگەڵ ڕژێمی ئێران و پشتیوانیکردنی جوڵانەوەی کورد لەو بەشەی کوردستان پەیوەندیەکی بەهێزی بەم بابەتەوە هەبوبێت، هەرچەندە هیچ شتێک بە ئاشکرا نەکرا و نەگوترابوو، هەروەها ئێمەی پێشمەرگە ئەم هاوکاری و هەماهەنگیە نەتەوایەتیەمان زۆر لەلا پڕبایەخ و گرنگ بوو. هەروەها درێژەکێشانی شەڕی ناوەخۆ و نیمچە یەکلاییکردنەوەیی و باڵادەستبوونی ی. ن. ک لە زۆربەی هەرە زۆری خاکی ئازادکراوی باشوری کوردستان، ئەمانە هاندەرێک بوو بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ، جگە لەمانەش شەڕی بێتواتە و ڕامالین و هەڵکەندنی مالی ئەنوەربەگ لە بێتواتە و دەوروبەریی و پاککردنەوەی ناوچەکە لەدەست و پێوەند و لایەنگرانیان، خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ بوو بۆ ی. ن. ک و ساغبونەوەی هێز و دەسەڵاتی، بۆیە دەزانم ئەم شەڕەی بێتواتە بەلای ی. ن. ک ەوە زۆر گرنگ بوو، چونکە زۆربەی فەرماندە و هێزەکان بەشداریان تێداکرد، تەنانەت خودی مام جەلال هاتبوو لە نزیکەوە سەرکردایەتی و بە دواداچوون و چاوەدێری شەڕەکەی دەکرد.

هەرچەندە گفتوگۆ هیچ ئەنجامێکی نەبوو، وەک بەرهەمی ماددی و بەرجەستە بۆ گەلەکەمان، بەلام دەتوانم بلێم لەماوەی گفتوگۆدا هێزی پێشمەرگە پشویەکی وەرگرت، کە نزیکەی هەشت ساڵ بوو لە شەڕ و

پێکدادانی بەردەوام دابوو، چەندین ڕووداو و کارەساتی بەسەرهاتبوو، بەکەوتــن و هەڵســانەوە، وەک: کارەســاتی هەکــاری و هەڵســانەوەی قەندیل، هەروەها بەهۆی جەنگی عێراق-ئێران و گفتوگۆوە گەنج و لاوێکی زۆر ڕوویان لە پێشمەرگایەتی کردبوو، هەرچەندە ئەم قەبارە زۆرە هەموویــان نەبــوون بە شۆڕشــگێڕی ڕاســتەقینە و پێشــمەرگەی بەتوانا، بەڵام ژمارەیەکی باشیشیان بوون بە ئەندامی سوودبەخش و کارامەی شۆڕش، ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە و دانانی بنکە و بارەگا لە زۆربەی شوێن و ناوچەکانی، کە پێشتر بنکە و بارەگایان لێنەبوو، هەروەهــا هەنــدێک چەک و پــارەش لە ڕژێــم وەرگیــرا وەک دیاری، کە سودێکی هەبوو بۆ شۆڕش و هێزی پێشمەرگە، هەرچەندە چەکەکــان تەنیــا چەکــی ســووک بــوون وەک دەمــانچە، جگە لەمەش ئازادکردنی کۆمەڵێک گیراو و زیندانی سیاسیی لە ئەنجامی گفتوگۆ، هەروەها ئەو ماوەیەی کە گفتوگۆ هەبوو ڕژێم هەندێک دەستی شلکرد لەسەر ئەندامانی ڕێکخستنەکان و کەسوکاری پێشمەرگەکانی ی. ن. ک. ئەمانە کۆمەڵێک دەستکەوتو خاڵی ئەرێنی گفتوگۆبوون.

لەهەمان کاتدا لایەنی خراپ و نەرێنیشی هەبوو، بە بۆچونی من ی. ن. ک ئەم شــوێن و پــێگەی جــارانی نەمــا، بەتــایبەتی لە نــاو تــوێژی ڕۆشنبیرانی گەلەکەمان، هەروەها بەهۆی ئەوەی لە قۆناخەکانی گفتوگۆ هەر بەڵێنێکی، کە ڕژێم بەوەفدی یەکێتی دەدا ئێمەش وەک کادیرانی ی. ن. ک خێــرا لە نــاو خەڵــک بڵاومانــدەکردەوە، بەبۆچــونی مــن ئەوە کاریگەری هەبوو لەسەر مسداقیەتی یەکێتی، ڕژێم کۆمەڵێک فەوجی سوکی لەماوەی گفتوگۆدا دروستکرد، لەم ماوەیەدا هەندێک کادیر و فەرماندە پەیوەندیان لەگەڵ دەزگا جاسوسی و هەواڵگرییەکانی ڕژێم

دروستکرد، کە لەدوای هەڵگیرساندنەوەی شەڕ ڕەنگدانەوە و کاریگەری خراپی هەبوو، هەندێکیان هەر بەتەواوی بە ئاشکرا تەسلیم بە ڕژێم بوونەوە و مەفرەزە و هێزی چەکداری سەر بە ڕژێمیان دروستکرد، بەهۆی مۆڵەت و چوونی فەرماندە و کادیر و پێشمەرگە بۆ ناو شارەکان هەندێک جار دەبووە هۆی شەهیدبوون یان برینداربونیان.

دوای هەرەسهێنانی گفتوگۆ و دەستپێکردنەوەی شەڕ، ڕژێم بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە هێرش و پەلامارەکانی دەستپێکردبوو، ی. ن. ک هەڵە مێژووییەکەی سەرکردایەتی پ. د. ک ی دووبارەکردەوە، کە پشت بەستان بە ڕژێمی ئێران و هێنانی پاسدار بۆ قوڵایی باشووری کوردستان و لێدانی بیرە نەوتەکانی دەوروبەری کەرکوک ١٩٨٦ و جێگیرکردنی ژمارەیەک پاسدار لە ناو، یاخود نزیک بارەگاکانی یەکێتی دا.

ئەوەبوو دۆخەکە تا دەهات دژوارتر دەبوو، کاردانەوەی ڕژێم بەهێزتر و توندتر دەبوو، تاکو گەیشتە بەکارهێنانی کوشندەترین چەکی سەردەم، بۆمبی هێشوویی و کیمیاوی، قەدەغەکردنی گوندنشینان لەمانەوەیان لە گوندەکان و ڕاگواستنی سەرجەم گوندەکان، لە کۆتایشدا دڕندایەتی شاڵاوەکانی ڕژێم گەیشتە لوتکە، کە بە پرۆسەی شومی ئەنفال ناسراوە و لەم پرۆسەیەدا ڕژێم مەبەستی لەناوبردنی تەواوی خەڵکی کوردستان بوو، واتە جینۆسایدی گەلی کورد بەمانای وشە. لە باسەکانی دواتر دێمەوە سەر ئەوباسە.

## ماڵ گواستنەوە بۆ گوندی بێستانەی گەورە و دیاردەی دیل کوشتن

لە ماوەی گفتوگۆ ماڵەکەم بردە گوندی بێستانەی گەورە، کە بارەگای کەرتی ڕێکخستن و تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لەوێ بوون. لە ماوەی گفتوگۆدا گەنج و لاوێکی زۆر پەیوەندیان پێوەدەکردین، کە هەندێکیان لە ڕێکخستنەکانی خۆمان بوون و هەندێکیشیان ڕێکخستن نەبوون، بەمەبەستی بوون بەپێشمەرگە، چونکە پێیانوابوو گفتوگۆی یەکێتی و ڕژێم سەردەگرێت و یەکێتی فەرمانڕەوایی کوردستان وەردەگرێت. ئەوانەی کە دەهاتن بۆلای من ئەگەر ڕاکردووی سەربازی نەبوونایە و بەتایبەت خوێندکار بوونایە قسەم بۆدەکردن و تێمدەگەیاندن تەواوکردنی خوێندنەکەیان و بەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵا و پسپۆڕی وەرگرتن لە بوارێک لە بوارەکاندا خەباتێکی زۆر گەورەیە و گرنگترە لە خەباتی چەکداری، چونکە ئێمەی گەلی کوردستان خەڵکمان زۆرە بەشداری خەباتی چەکداری بکات، بەڵام خەڵکی خوێندەوار و بڕوانامەدار و پسپۆڕمان نیە، ئەگەر لە ئایندە ببین بە حکومەت پێویستیمان بەم جۆرە خەڵکانەیە، دەتوانم بڵێم ژمارەیەکی زۆرم لەم جۆرە کەسانە ڕازیدەکرد و دەگەڕانەوە شار بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەیان.

هەر لەو ماوەیەدا بوو ڕۆژێکیان ویستم جەولەیەک بکەم بۆ سنوری دەمزێ، هەرچەندە پێشم خۆش بوو تەنها بم، بەڵام مەلا خدر گوتی منیش دێم، من دەمویست جەولەیەکی کەسی و تایبەت بکەم و سەردانی هەندێک خزم و دۆست بکەم، مەلا خدریش مەبەستی بوو جەولەکە بکاتە فەرمی و جەولەی کەرتی ڕێکخستن، ئەگینا لەگەڵ مەلا خدر نێوانمان زۆر خۆش بوو، زۆریش لەیەک نزیک بووین. ناوەکانم

لەیاد نەماوە، بەڵام سێ چوار کەسی تریشمان لەگەڵدابوو. بەڕێکەوتین گەیشتینە سەر پردی حاجی وسوو سەیرمانکرد کەرتی ٥ی گۆڕقەرەج لە ناو ئۆتۆمبێلەکانیانن و ڕوو لەڕێگای هەولێر وەستاون، دوای سڵاو و چاکوچۆنی گوتیان لەناوچەی قەڵاسنج لەگەڵ بەرەی جود شەڕە، بروسکەمان بۆکراوە بچین بۆ ئەوێ. ئێمەش پێمان باش نەبوو لێیان داببڕێین بۆیە لەگەڵیان ڕۆیشتین. لەسەرەتای دەربەندی گۆمەسپان، دکتۆر کەمال خۆشناو، کە لێپرسراوی مەڵبەندی سێ بوو، بە چەند ئۆتۆمبێلێکەوە لە لای قەڵاسنجەوە دەهاتن و گوتی دوامکەون، ڕۆیشتین بەرەو هاوینەهەواری سەڵاحەدین، نیوەڕۆ بوو گەیشتین و بۆ نانخواردن لە چێشتخانەیەک دابەزین. دیمەنێکی زۆر بێزارکەر بوو بەناو شار و بەناو مۆڵگە و بنکە و ڕەبایەکانی هێزەکانی ڕژێمدا بڕۆیی و لەچێشتخانەی شاردا نان بخۆیی و بچی شەڕ لەگەڵ هێزێکی کوردیدا بکەی !!! کە دڵنیاش بی لەوەی ئەو شەڕە هیچ ئامانجێکی نەتەوایەتی یان چینایەتی ناهێنێتەدی و لەزیان زیاتر هیچ قازانجێکی نیە!، بۆیە زۆر نیگەران بووم، کە تەماشام دەکرد خەڵک سەیرماندەکات، وامدەزانی گاڵتەمان پێدەکەن و جوێنمان پێدەدەن، خۆ ڕەنگە هەرواش بووبێت!؟

ڕۆیشتین گەیشتینە گوندی حوجران، کە دەبووایە لەوێوە بەسەرکەوینە سەر شاخی سەفین، گوتیان فیشەک و گولە ئاربیجی و ئەو شتانەمان کەمە، دکتۆر کمال گوتی مەفرەزەیەک لەگەڵ من بێ بۆ بالیسان ئەم شتانە بێنێت، پێش مەلا خدر یەکسەر گوتم ئێمە دێین، چونکە بەڕاستی شەڕەکەم زۆر پێ ناخۆش بوو، بۆئەوەی لە گۆڕەپانی شەڕەکە هەندێک دوور کەومەوە، ئەوە بوو ڕۆیشتین بۆ بالیسان و هەندێک فیشەک و گولە ئاربیجیمان هێنا، بەچەند پێشمەرگەیەک بۆمان

سەرخستتنە سەرشاخ و خۆمان لە خوارەوە ماینەوە، بۆبەیانی سەیرمانکرد چەند پێشمەرگەیەکی ح. ش. ع گیرابوون، دیاربوو (شەوکەتی حاجی مشیر[١])، کە سەرپەرشتی شەڕەکەی دەکرد، فەرماندەی تیپ و کەرتەکانی بانگکرد و کۆبونەوەیەکی پێکردن و من و مەلا خدری بەشدارییپێنەکرد، کە کۆبونەوەکە تەواوبوو لەهەندێک برادەرمان پرسی باسی چیکرد و کۆبونەوەکە دەربارەی چی بوو؟ گوتیان بڕیاریداوە ئەم دیلانە گولەباران بکرێن، گوتمان: هیچ کەسێک ڕەخنەی نەگرت و ناڕازی نەبوو؟ گوتیان: تەنیا (ڕێباز[٢]) و دەشتی

(١) شەهید شەوکەت حاجی مشیر، ساڵی ١٩٤٧ لە گوندی تەپی سەفای شارەزووری سەر بە پارێزگای هەڵەبجە هاتۆتە دنیاوە. لە ساڵی ١٩٥٦ چۆتە قوتابخانەو خوێندنی سەرەتایی لە خورماڵ و شارەدێی سیروان تەواوکردووە. پاش تەواکردنی قۆناخی ناوەندی لە هەڵەبجە و خانەقین، بۆ درێژەدان بەخوێندن چۆتە ئامادەیی (وەتەن) لە سلێمانی هەر ئەو کاتەش لەناو یەکێتیی قوتابیانی کوردستاندا کاریکردووە. ساڵی ١٩٦٨ وازی لە خوێندن هێناوە و پەیوەندیکردووە بە ڕیزەکانی شۆڕشەوە، پاشان کراوەتە لێپرسراوی کارگێڕیی لە بەتالیۆنی هەڵەبجە. دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول و لە کۆتایی مانگی حوزەیرانی ١٩٧٦دا لەگەڵ شەش هاوڕێی تریدا بە بڕیاری سەرکردایەتی کۆمەڵە، یەکەم دەستەی چەکداری شۆڕشی نوێیان دروستکرد، بەشداری چەندین چالاکی پێشمەرگانەی کردووە، لەبەر زیرەکی و لێهاتوویی چەندین پلەی جیاجیای وەرگرتووە. چەندین بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی لە ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ و الاتحادو وڵات و برایەتی)دا بڵاوکردۆتەوە، چەند کتێبێکی لەسەر ڕوداوەکانی کوردستان بەچاپ گەیاندووە، لەمانگی مایسی ساڵی ١٩٩٧دا کراوە بە لێپرسراوی مەڵبەندی (٩)ی شارەزوور و شەوی ٩/٨ی شوباتی ٢٠٠٣ و لە گوندی (گامێش تەپە)ی ناوچەی شارەزوور بەدەستی تیرۆرستانی (ئەنسار ولئیسلام) شەهیدکراوە، (زانیارییەکان لە ئینتەرنێت وەرگیراوە).

(٢) شەهید ڕەفعەت عەبدوڵڵا پیرداود، ناسراو بە ڕێباز، ساڵی ١٩٥٢ لە هەولێر لەدایکبووە، دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵی کەڵەکە، ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، لە ١٩٧٧/٥/١٦ لە شۆڕشی نوێ بووەتە پێشمەرگە، چەندین پلەی پێشمەرگایەتی بڕیوە و دواپلەی جێگری قیادەی مەنتیقەی دهۆک بووە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە، لە ١٩٩٤/٥/٧ لەشەڕی ناوخۆ بە برینداری دەستگیردەکرێت و

حەمەدەمین گوتوویانە کارێکی باش نیە، مەلا خدرم هاندا کە بەناوی کەرتی ڕێکخستنەوە بچین قسە لەگەڵ شەوکەتی حاجی مشیر بکەین، چووین و زۆرمان هەوڵدا ڕازیبکەین گولەبارانیان نەکەن، چونکە کارێکی خراپە و خەسڵەتێکی دیکتاتۆریانە و قێزەوەنە و پێچەوانەی پرەنسیپەکانی هەر شەڕێکە، بەتایبەتی بۆ لایەنێک کە پروپاگەندەی چەپ و شۆڕشگێڕی بکات، ئەمە وێڕای ئەوەی کە دژی مافەکانی مرۆڤیشە، بۆیە نابێ دیلکوشتن لەبەرنامەی بزوتنەوە و خەڵکی شۆڕشگێڕدا هەبێت، بابەندیان بکەین و لە بەندیخانە ئامۆژگاری بکرێن و وایانلێبکرێت ڕێبازەکەی خۆیان بەجێبهێڵن و لەدەوری بەرنامەکەی ی. ن. ک کۆببنەوە، بەڵام شەوکەتی حاجی مشیر نەک هەر بەقسەی نەکردین، بەڵکو زۆر بەبێ بایەخەوە سەیری قسەکانمانی کردو گوتی: "ئەمە کاری ئێوە نیە، ئێوە کادیرن و هەستتان ناسکە، ئەوکارە پەیوەندی بەئێمەی عەسکەریەوە هەیە و ئێوە نایزانن". بەداخەوە بڕیارەکەیان جێبەجێکرد، کە ئەمە بووە لەکەیەکی ڕەش بەتەوێڵی (ی. ن. ک)ەوە، و کاریگەری کردە سەر هێزەکانی بەرەی جود و زۆربەیان لەم شەڕەدا تەسلیمی ڕەبایەکانی ڕژێم بوون و نەیانوێرا تەسلیمی هێزەکانی (ی. ن. ک) بن.

من لە کۆبونەوەیەکدا لە گوندی بێستانە، بە مام جەلالم گوت کە ئەم دیلکوشتنە کارێکی زۆر خراپ بوو، هێزەکانی بەرەی جود، هێزەکانی ڕژێمیان پێ لەئێمە باشتر و دڵنەرمتر و مرۆڤدۆستتر بوو، بۆیە تەسلیمی ئەوان دەبوون و تەسلیمی ئێمە نەدەبوون، بەڵام مام

---

پاشان بەدیلی شەهیدکراوە. شەهید ڕێبازخاوەنی هەردوو کتێبی قەندیل بەغدای هەژاند و نرکەی کوردستان لە سێ بەرگدان. (حەیدەر مەنتک: سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٣٠٩-٣١٠).

جەلال لێم تورەبوو گوتی: "تۆ هەر کادیرنی، دەبوایە لە وەختی خۆی ڕاپۆرتم بۆ بنوسی، وتێمبگەینی کێ بەرپرس بووە، چونکە من وازهێنانم لە یەکێتی نوسیوە، ئەگەر دیلێک بکوژرێت یەکسەر واژووی دەکەم و وازدەهێنم". گوتم: "مام جەلال ئەوە ئێستا پێتدەڵێم، کە بڕیاری شەوکەتی حاجی مشیر بوو، ئەویش بەرپرس بوو". بەڵام مام جەلال هەر سوربوو لەسەر ئەوەی کە من کادیر نیم، چونکە لە کاتی خۆیدا هەواڵەکەم پێڕانەگەیاندووە.

دیل کوشتن دیاردەیەکی زۆر قێزەوەنە و خاڵێکی ڕەشە لە مێژووی جوڵانەوەی کوردستان و بۆ سەرجەم پارتە کوردستانیەکان و عێراقیەکان، ئەو دیاردەیە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوەوە و لەگەڵ لەتبونی پ. د. ک پەیدابووە و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر تەشەنەی سەندوە و هیچ حیزب و لایەنێک لێی دەرناچێت و هەموویان لێی بەرپرسیارن. من پێشمەرگەی ی. ن. ک بووم، بۆیە ئەو نمونانەم باسکردووە، کە پەیوەندیان بە حیزبەکەمەوە هەبووە، ئەگینا وەک ئاماژەم پێیدا، دیاردەکە زۆر کۆنە و بە تایبەتیش لەو شۆڕشەی کە ی. ن. ک پێیدەڵێ نوێ و پ. د. ک پێیدەڵێ گوڵان، هەموو لایەنەکان دیلیان کوشتووە، یەکەم دیل کوشتنیش لەم شۆڕشە ئیبراهیم عەزۆ و هاوڕێکانیەتی لەسەر دەستی قیادە مۆقەتە، پ. د. ک، پاشان کوشتنی عەلی عەسکەری، دکتۆر خالید و حوسێن بابەشێخ بە دیلی.

هەروەها (کامەران حاجی غەفوری گۆپتەپەیی[(١)]) پێشمەرگەی ی. ن. ک بوو، ساڵی ١٩٨٣ لەلایەن حسک ەوە گیرابوو، ماوەیەکی زۆر

(١) کامەران غەفور ئەحمەد قادر: ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی گۆپتەپە – کۆیە لەدایکبووە، دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی هەولێرە، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی

لەلایان مایەوە، چەند جارێک ماڵەوەیان سەردانیان کردبوو، کە دەمان بیستەوە کردویانە بە نانەواو هەر لە دەرەوەیە و شەوانە لە ژوریێ دەکەن، کەچی دوای ماوەیەک، لە ١٩٨٣/١٢/٢٠ بە دیلی شەهیدیانکرد. لە ساڵی ١٩٨٦ دوو پێشمەرگەی خەڵکی کۆیەی سەر بە تیپی ٩٠ی باواجی، بە ناوەکانی: ئاسۆ ڕەئوف و سەرباز عەبدولڕەزاق حەکیم، لە شاخی باواجی دەکەونە بۆسەی مەفرەزەیەکی ح. ش. ع، دەستگیریان دەکەن و بە دیلی شەهیدیاندەکەن.

وەک پێشتر باسمکردووە، دیل کوشتن دیاردەیەکی کۆنە و هەموو حیزبەکان ئەم تاوانەیان ئەنجامداوە و دەستیان سورە بە خوێنی دیلە کوژراوەکان. نمونە لەسەر هەموو لایەنەکان زۆرە، بەڵام بەوەندە کۆتایی پێدەهێنم و زیاتر برینەکان ناکولێنمەوە.

---

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کردووە، ساڵی ١٩٨٢ بۆتە پێشمەرگە لە تیپی ٨٢ی هەورێ، دوای ماوەیەک نوسراوی گواستنەوەی وەرگرتووە بۆ تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، لە ڕێگای هاتنەوەی لە پشتی گوندی تەکەور تووشی مەفرەزەیەکی حسک بووە، هەرچەندە چەکی پێ نەبووە، بەڵام ناسیویانە و دەستگیریان کردووە، دوای ماوەیەکی زۆر مانەوە لەلایەن، بنەماڵەکەی هەواڵیان پێگەیشتووە کە لە ١٩٨٣/١٢/٢٠ بەدیلی شەهیدیان کردووە. ئەم زانیارییانە لە بەڕێز (کابایز حاجی غەفور گۆپتەپەیی) وەرگیراوە.

## جەولەی دووەمی گفتوگۆ، دیداری نەوشیروان مستەفا

لە جەولەی دووەمی گفتوگۆدا، نەوشیروان مستەفا وەک سەرۆکی وەفدی یەکێتی چووبووە بەغدا، لەوکاتەدا کەرتی ٢ی تیپی ٨٦، کە (مەلا عەزیز[1]) فەرماندەی کەرتەکە بوو، بەجەولە چووبوونە گوندەکانی سنوری گوێڕ، بەڕێکەوت کارمەندانی فەرمانگەی ئەمنی گوێڕ چووبوونە ئەم گوندە، پێشمەرگەکانیش بەبێ ئاگاداری مەلا عەزیز دەیانگرن و سوکایەتیان پێدەکەن و وەک ئاژەڵ لە کۆلی مەڕ ئاویان دابوون و هەندێک دروشمی ناشیرنیان لە ناو ئۆتۆمبێلەکەیان نوسیبوو، بۆنمونە: نوسیبوویان (امه عربیه ڕاقصه، ذات ڕساله ناقصه). پاشان لەڕێگای لیژنەی تەنسیقەوە ئازاد دەکرێن و ئۆتۆمبێلەکەشیان دەدەنەوە، بەڵام هەموو ئەوشتانەیان وێنەگرتبوو، لە بەغدا دابوویانە نەوشیروان مستەفا، ئەویش زۆر تووڕە ببوو. دوای ئەوەی کە هاتەوە، ڕۆژێکیان بەجەولە هاتە ناوچەکەی ئێمە و وەختێک بیستمان لە گوندی گردەسۆرە. مەلا خدر گوتی: "بابچین بۆلای"، من گوتم: "پێم باشە نەچین"، گوتی: "سکرتێری کۆمەڵەیە و ئێمەش کادیری کۆمەڵەین بچین باشە"، گوتم: "بارەگای کەرتی ڕێکخستن و تیپی ٨٦ لێرە لە گوندی بێستانەیە، دەبووایە یەکەمجار بێتە ئێرە". بەهەرحاڵ من و مەلا خدر ڕۆیشتین بۆ گوندی گردەسۆر و چوینە ماڵی محەممەد شینە، کە

---

(١) شەهید غەفور عەبدوڵڵا حەمەد، ناسراو بە مەلا عەزیز، ساڵی ١٩٥٩ لە گوندی بەردەسپی ناحیەی سێگرتکان لەدایکبووە، ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، ساڵی ١٩٨٠ بووەتە پێشمەرگە لە هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر، چەندین پلەی پێشمەرگایەتی بڕیوە و دواپلەی سەر لەشکری تایبەتی کۆسرەت ڕەسووڵ عەلی بووە، لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ لە شاری هەولێر بەسەختی بریندابووە و ڕۆژی دواتر شەهیدبووە. (حەیدەر مەنتک: سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل ٦٠١).

نەوشیروان مستەفا لەوێ بوو. سڵاومان لێکردن لەجیاتی وەڵامدانەوە یەکسەر گوتی: "کەرتی ڕێکخستنی دەشتی هەولێر هەمووتان کارو کارگەرانن، مەلا عەزیز کارە". منیش گوتم: "مەلا عەزیزی فەقیر هەر نازانێ کاروکارگەران چیە، هەندێک لە کادیرەکان نەبێ لەم سنورە کەس ناوی کاروکارگەرانی نەبیستووە". کارو کارگەران لە سنوری دەشتی هەولێر نەبوو، بیستبومان دوو ڕێکخراوی بەحساب مارکسی کۆمۆنیستین، هەندێک لە کادیرانی کۆمەڵە، کە بە کۆمەڵە ڕازی نین دروستیانکردوون لە دۆڵی جافایەتی و دەوروبەری سەرکردایەتی، ژمارەیان زۆر کەم بوون لە پەنجەی دەست تێنەدەپەڕی. لەم بارەیەوە گفتوگۆی زۆرمان کرد و ئێمە سوربووین لەسەر ئەوەی کە مەلا عەزیز نە فەرمانی داوە و نە ئاگاداربووە، لەم کردەوەیەی کە پێشمەرگەکانی کەرتەکەی کردوویانە، هەروەها تێمانگەیاند ئەو ڕێکخراوە بچوکانەی، کە ئەو باسیاندەکات، لە سنوری ئێمە نیە و کەسیش ناوی نەبیستوون.

هەرلەماوەی گفتوگۆدا ڕۆژێکیان بروسکەمان بۆکرابوو، کە سەرجەم فەرماندەی تیپ و فەرماندەی کەرت و لێپرسراو و ئەندامانی کەرتی ڕێکخستنی کۆمەڵە و ناوچەی شۆڕشگێڕان بچین بۆ گوندی مەرگە بۆ کۆبونەوە. کۆبونەوەکە لە لایەن مام جەلال و نەوشیروان مستەفا و دکتۆر فوئاد معصوم بەڕێوەچوو. دیاربوو سەرجەم گازاندە و گلەییەکان لەسەر چوونی پێشمەرگە بوو بۆ ناو شارەکان بەتایبەت هەولێر و سلێمانی، کە دەبووە هۆی دەستگیربوونیان لەگەڵ جاشەکان. لە هەولێر سەید قەهار، کە مستەشار بوو، دوو سێ جار پێشمەرگەی گرتبوو ئازاری دابوون، کە جارێکیان سەفین مەلا قەرە و سەلاح شینە، کە وابزانم دوو پێشمەرگەی تریان لەگەڵدا بوو، لە هەولێر لەماڵێک

دەبن، سەید قەهار دەورەیان دەگرێ و شەڕ دروستدەبێت، لە ئەنجامدا تیپەکانی ٨٦ی دەشتی هەولێر و ٨٥ی بەڕانەتی بۆ ڕزگارکردنیان چوونە ناو هەولێر. وەک دەنگوباسیش دەمانبیست ئاسۆی قومری، کە ئەویش مستەشار بوو لە سلێمانی هەمان ڕەفتار و هەڵسوکەوتی سەید قەهاری هەبوو. لەم کۆبونەوەیە باسی ئەم بابەتانە کرا. نەوشیروان مستەفا زۆر توند قسەی کرد و هەموو تاوانەکانی خستە ئەستۆی پێشمەرگە و گوتی: "ئاژاوەچین و بۆ تێکدانی گفتوگۆ ئەم کارە دەکەن". فەرماندەی کەرتێکی گەرمیان، کە بەداخەوە ناوەکەیم لەیادنیە، هەڵسایەوە و گوتی: "زۆر بەداخەوە کەتۆ واسوک سەیری پێشمەرگە دەکەی، هەر بەهۆی چالاکی و ئازایەتی پێشمەرگەوە نیە، کە ڕژێمی عێراق ملکەچ بووە گفتوگۆتان لەگەڵ بکات؟!" مام جەلال هاتە وەڵام و بە نەرمی قسەیکرد و دۆخەکەی هێورکردەوە.

## دیداری مام جەلال لە سورداش

هەر لەساڵی ١٩٨٤ و لەماوەی گفتوگۆدا، دوو پێشمەرگە بە ناوی (یاسین معلم[١]) و (مەغدیدە قەڵەو[٢])، کە بەداخەوە هەردوکیان دواتر شەهیدبوون، ئۆتۆمبێلێکیان هێنابوو گوتیان پێشکەشی کەرتی ڕێکخستنی دەکەین، چونکە ئێوە یەک ئۆتۆمبێلتان هەیە. دیاربوو وایان لە مام جەلال گەیاندبوو کە کەرتی ڕێکخستن دەچن ئۆتۆمبێلی حکومەت دڕفێنن و ڕێگری دەکەن و ئازاری خەڵک دەدەن. بروسکەیەکمان بۆهات لە لایەن مام جەلال-ەوە، تووڕەبونێکی زۆری پێوەدیاربوو. کەرتی ڕێکخستن کۆبونەوەیەکمان کرد، بڕیاردرا من و مەریوان بۆ ڕونکردنەوەی ئەم بابەتە بچین بۆ سورداش، بۆلای مام جەلال، گوتیان: "لەبەرئەوەی ئێوە نەرمترن، دەبێ ئێوە بچن". بۆیە ئێمە چووین بەمەبەستی دیداری مام جەلال.

ڕۆیشتین بۆ سورداش، بۆ بارەگای مام جەلال، دکتۆر کەریمی وەستا ڕەئوف سکرتێری بوو، پێمانگوت بە مام جەلال بڵێ فلان و فلان

---

(١) شەهید یاسین معلم: ناوی تەواوی یاسین برایم عومەر ئیبراهیم، ناسراو بە یاسین معلم، ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی تەلەل خێمی گەورە، ناحیەی گوێڕ لەدایکبووە، خوێندنی قۆناخی سەرەتایی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە، دواپلەی فەرماندەی مەفرەزە بووە، لە ١٩٨٦/٧/١٠ لە گوندی سێگرتکان شەهیدبووە. (حەیدەر مەنتک: سەرچاوەی پێشوو، ب١، ٨٦٥-٨٦٦).

(٢) شەهید مەغدید برایم عومەر ئیبراهیم، ناسراو بە مەغدیدە قەڵەو، ساڵی ١٩٥٤ لە گوندی تەلەل خێمی گەورە ناحیەی گوێڕ، قەزای مەخموور لەدایکبووە، دەرچووی کۆلێژی کارگێڕی و ئابوری زانکۆی سلێمانیە، ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، ساڵی ١٩٨١ بووەتە پێشمەرگە لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، لە ١٩٨٥/٨/٦ لە نزیک گوندی سێچارە شەهیدکراوە. (حەیدەر مەنتک: سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل ٧٢٢).

لە کەرتی ڕێکخستنی دەشتی هەولێرەوە هاتوون، چووە ژوورەوە و پێیگوت، هەرچەندە کەسیشی لانەبوو، بەڵام بۆ بێزارکردنمان گوتبووی باجارێک دانیشن. ماوەیەکی باش دانیشتین ئینجا ناردی کە بچینە ژوورەوە، سڵاومان لێیکرد، پێموانیە وەڵامی دابینەوە، بەتووڕەیی گوتی: "دانیشن"، ئێمەش بەرامبەری دانیشتین. مام جەلال دەستیکرد بەقسەکردن، تاکو ماندوبوو قسەی پێگوتین، دەیگوت: "ئێوە چەتەن، ڕێگرن، ئاژاوەچین، کەرتی تێکدەرن، شۆڕشی چەواشەن"، بەکورتی هیچ نەما پێمان نەڵێ، تا ماندوبوو، ئینجا ڕاوەستا. گوتم: "مامە ئیجازە هەیە قسەبکەین؟" بەتووڕەییەوە گوتی: "قسەی چی؟ قسەتان هەیە بیکەن؟" منیش گوتم: "ئەگەر جەنابت مۆڵەت بدەی دوو قسان دەکەین، ئەگەر مۆڵەتیش نادەی هیچ". بەتووڕەییەوە گوتی: "بڵێ بزانم دەڵێی چی؟" منیش بەهێمنی و لەسەرەخۆ کەوتمە باسی بارودۆخی ناوچەکە و شێوەی پەیوەندیەکانی نێوان تیپی ٨٦ و کەرتی ڕێکخستن و ناوچەی شۆڕشگێڕان، هەندێک کێشەی کەسی لە نێوان بەرپرس و فەرماندەکاندا هەبوو، بۆم باسکرد و گوتم: "ئەوانە کێشەی کەسین، بەڵام ڕەنگدانەوەی خراپیان هەیە و کاریگەری هەیە لەسەر کارو چالاکیەکانمان، هەروەها پێمگوت: یەک ئۆتۆمبێل دوو پێشمەرگەی تیپ هێناویانە نەک ئێمە، بەڵام ئێمەیان بە هەژار و بێ ئۆتۆمبێل زانیوە و داویانە بەئێمە، پێم گوت: فەرماندەی تیپ و لێپرسراوی ناوچەی شۆڕشگێڕان هەر یەکەیان چوار پێنچ ئۆتۆمبێلیان بۆ هاتووە". مام جەلال سەدو هەشتا پلە گۆڕا و کەوتە مەدح کردنمان، گوتی: "ئێوە چاوی شۆڕشن، بڕبڕەی پشتی شۆڕشن، ئێوە پێشەنگی خەباتن، من هیوای تەواوم بە ئێوە و پشتیوانی ئێوەیە و ... هتد، دواتر گوتی: لەمڕۆ

بەدواوە هەردووکتــان پەیوەنــدی ڕاســتەوخۆتان لەگەڵ مــامی خۆتــان دەبــێ و پێویســتە مانگــانە ڕاپــۆرتم بــۆ بنوســن و وەرنەلام لە تەواوی دەنگوباس و بارودۆخەکان ئاگادارمکەنەوە". گوتم: "مامە ئێمە کادیری کۆمەڵەین"، گوتی: "زۆرباشە پەیوەندی ڕاستەوخۆتان لەگەڵ کاکە نەوە هەبێت"، گوتم: "مامە سلسلەی مراجەعەمان هەیە و ڕێکخراومان هەیە، دەزگای ڕێکخستنمان هەیە، ناوەندی کۆمەڵەمان هەیە بۆ لەگەڵ کاکە نەوە، ئەو سکرتێرە؟!" گوتی: "زۆرباشە چۆنتان کردووە وایبکەن و خواتان لەگەڵ". هاتینە دەرەوە و گوتم: "مەریوان من و تۆ بەکەڵکی ئەم شۆڕشە نایەین". گوتی: "بۆ؟" گوتم: "مام جەلال ویستی بمان کاتە پیاوی خۆی، بەڵام ئێمە ڕەتمانکردەوە!!!"

## بەشداریکردن لە خولی کادیرانی کۆمەڵە لە کانی توو ١٩٨٤

ساڵی ١٩٨٤ دەزگای ڕۆشنبیری کۆمەڵە، کە ئازاد هەورامی لێپرسراوی بوو، خولێکی ڕۆشنبیری بۆ لێپرسراوی کەرت و ئەندامی کەرتەکانی ڕێکخستن کردەوە، لە کەرتەکەی ئێمە لە خولی یەکەم مەریوان و عەول بەشداریانکرد، خولی دووەم من و کاکلە ڕەش چوین، بەئۆتۆمبێل و لە ڕێگای کۆیە-دوکانەوە بەچەکەوە ڕۆیشتین، چونکە خولەکە لە گوندی کانی توو بوو، دەزگای ڕۆشنبیری کۆمەڵەش لەوێ بوو. ئەوکاتە گفتوگۆی یەکێتی و ڕژێمی عێراق ساردییەکی پێوە دیاربوو، لەکاتی ڕۆیشتنمان کە من و کاکلە ڕەش و هاوڕێیەکی تریشمان لەگەڵدا بوو، کە بەکارێکی تایبەتی خۆی دەهات بەناوی جەلال شوشە. من منداڵەکانیشم لەگەڵدابوو، دەمبردنەوە بۆ ماڵی باوکی لە کۆیە. لە بازگەی کۆیە ئۆتۆمبێلەکەیان ڕاگرتین و دایانبەزاندین و

گوتیان تاکو ڕەزامەندی سەروو وەرنەگرین ناهێلین بڕۆن! لەهەمان کاتدا گوتیان تاکو قسە لەگەڵ سەرووی خۆمان دەکەین وەرنە ژورەوە و چەکەکانتان دابنێن! تێگەیشتین لێمان بەفێڵن و دەیانەوێ چەکمان بکەن و دەستگیرمان بکەن. بۆیە چەکەکانمان سوارکرد و گوتمان تاکو نەکوژرێین نە چەک دادەنێین و نەدێینە ژوورەوە. چەند خولەکێک بەم شێوەیە بوو، دیاربوو لەسەرووی خۆیانەوە ئاگادریانکردبوونەوە داوای لێبوردنمان لێبکەن و ئیزنمان بدەن، بەم جۆرە ئیزنیان داین و ڕۆشتین بەرەو کانی توو.

ماوەی خولەکە مانگێک بوو، بەڕاستی سوودی هەبوو، مامۆستایانی وانەبێژی خولەکە بریتی بوون لە: مام جەلال، نەوشیروان مستەفا، فەرەیدون عەبدولقادر، ئازاد هەورامی، حەمە تۆفیق ڕەحیم، کاکەمینی مام قادری، کەریم عوسمان، کە بەڕێوەبەری خولەکەش بوو، کوڕێکی تری گەنج ناویم لەیاد نەماوە، خوێندکاری کۆلێژی پزیشکی بوو پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردبوو، شارەزایی لە ڕێکخراوە پیشەیی و دیموکراتیەکان هەبوو بەتایبەتی خوێندکاران و لەم بارەیەوە وانەی دەگوتەوە.

وانەکان بەگشتی زۆر باش و سوود بەخش بوون، بریتی بوون لە: ماتریالیزمی دیالەکتیک، ماتریالیزمی مێژوویی، سۆشیالیزمی زانستی، سۆشیال دیموکرات و ... هتد.

من خۆم لەم خولە لەڕووی فکریەوە زۆر سوودمەندبووم. مام جەلال هەندێک وانەی گوتەوە، کە لە دواییدا بە زنجیرە لە گۆڤاری کۆمەڵە بڵاوکرایەوە بە ناونیشانی: مارکسیزم لینینیزم چیە؟ چۆن فێری دەبین؟ چۆن کاری پێدەکەین؟ ئینجا بەم شێوەیە بابەتەکانی

شیدەکردەوە و دەیگوت پێویستە بزانی مارکسیزم لینینزم چیە و چاک فێری ببی و تێی بگەی بۆئەوەی بتوانی باش بەکاریبهێنی.

ئازاد هەورامی پێشتر تەنیا ناویم بیستبوو، دووجاریش بەرێکەوت بینیبووم، تێکەڵاویم لەگەڵیدا نەبوو، لەم خولە زۆر باش ناسیم و زۆرجار شەوانە دەچووین بۆلای هەتا بڵێی پیاوێکی نەرم و نیان و ڕوح سوک بوو، قسە خۆش و دەنگ خۆش بوو، زیرەک و شارەزا بوو، دادەنیشتین لە لای هەندێک کات بابەتی سیاسیی و زانستی بۆ باس دەکردین، هەندێک جاریش شعری بۆ دەخوێندینەوە، شعرێکی زۆری شاعیرانی کورد و عەرەبی لەبەربوو. زۆربەی شیعرەکانی نزار قەبانی لەبەربوو. مۆسیقا ژەنیش بوو، بۆ سرود گوتن دەنگی زۆر خۆش بوو. یادی بەخێرو هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی ئەم سەرکردە تێکۆشەرە خۆنەویستە.

لەم خولەدا داوای نووسینی ڕاپۆرتێکیان لێدەکردین، وەک بەشێک لەپێویستییەکانی دەرچوون لە خولەکە، کە نەدەبوو بابەتی هیچ کەسێک وەک ئەوەی تربێت، لەکۆتایی خولەکەش هەم تاقیکردنەوە هەبوو لەسەر کاغەز لەسەرجەم بابەتەکان، هەم دەبوایە ئەم ڕاپۆرتەش لە ناو هۆڵەکە و بەئامادەبونی سێ کەس لە مامۆستایانی خولەکە وەک هەڵسەنگێنەرو ئامادبوونی تەواوی خوێندکارەکان بخوێندرێتەوە و مامۆستایەکان گفتوگۆیان لەگەڵ خوێندکارەکە دەکرد و پرسیاریان لێدەکرد.

ڕاپۆرتەکەی من لەژێر ناوی: شۆڕشی ڕزگاری نیشتیمانی و پارتی پێشڕەو بوو. لە نوسینی ڕاپۆرتەکەم، سودێکی زۆرم لە گۆڤاری ڕزگاری سەردەمی باڵی مەکتەبی سیاسی وەرگرت، کە چەند

ژمارەیەکی لە کتێبخانەکەی دەزگای ڕۆشنبیری کۆمەڵەدا هەبوو، شان بەشانی چەند سەرچاوەیەکی تر. ڕاپۆرتەکەم زۆر باش بوو، پلەی زۆرباشەم بەدەستهێنا، وێنەیەکم هەرلەلابوو لە ساڵی ١٩٨٦ لەگەڵ زۆربەی کتێب و ناملیکە و بەڵگەنامەکانی ترم سوتا.

لە ڕۆژانی کۆتایی خولەکەدا بووین، پێموایە ١٩٨٥/١/٢٤ بوو، مەلا بەختیار، کە وابزانم بۆ لێپرسینەوە بانگکرابوو، لەسەر ئەوەی هەستیان پێکرابوو، کە دەیانەوێت ئالآی شۆڕش دروستبکەن، هات بۆلامان لەشوێنی مانەوە و پشودانمان سەردانی کردین و هەواڵی شەهیدبوونی مامەڕیشە و هاوڕێکانی لە لایەن تەحسین شاوێس-ەوە پێڕاگەیاندین، بەڕاستی بەم هەواڵە زۆر دڵتەنگ بووین.

لەکاتی خولەکەمان ڕۆژێک بردیانین بۆ گوندی سێروان بەمەبەستی ئامادەبوون لە سمینارێک، کە لە لایەن مام جەلال، نەوشیروان مستەفا، فەرەیدون عەبدولقادر، دکتۆر فوئاد معصوم بەڕێوە دەچوو بەناونیشانی گفتوگۆ و دانوستاندن. سمینارەکە بەش بەش کرابوو، هەریەکەیان لەسەر بەشێکی قسەیانکرد. دوای تەواوبوونی سمینارەکە دەرگای پرسیار و وەڵام کرایەوە و پێشنیارکرا کە لەمەودوا هەفتانە سمینارێک لەم هۆڵە بەڕێوەبچێت، ئەگەر هەڵە نەبم ناوی هۆڵەکە بەناوی شەهید سیروان بوو. گوتیان هەفتەی داهاتوو با ناونیشانی سمینارەکە لەسەر: (دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و کێشەی ویلایەتی موسڵ) بێت. وابزانم دکتۆر فوئاد مەعسوم و حاکم شۆڕش، کە ئەمەی دوایی خوێندکاری خولەکە بوو، پێشنیاری ئەم ناونیشانەیان کرد، بۆیە یەکسەر مام جەلال گوتی: دەبی ئێوە ئەم سمینارەی هەفتەی داهاتوو بەڕێوەببەن. حاکم شۆڕش گوتی: من ئامادەم ئەگەر جەنابت

سەرچاوەم بدەیتێ. مام جەلال گوتی: بەڵێن نادەم، چونکە من کتێبەکانی خـۆم زۆر خـۆش دەوێ و نایانـدەم بەکەس، بەڵام دەبـێ ئێـوە ئەم سمینارە بەڕێوەببەن. ئیتر لەم ڕۆژەوە تـاکو هەفتە تەواوبـوو، حـاکم شۆڕش لەلای مام جەلال و لەشوێنی تریش هەر کتێبی دەهێنا و دەبرد، تەنیا کاتی وانەخوێندن نەبێت ئەگینا هەر خەریکی کتێب و خوێندنەوە و نووسـین بـوو، چەنـدین لاپەڕەی ئامـادەکردبوو، لە ڕۆژی دیـاریکراو چووین بۆ گوندی سێروان و هۆڵی کۆبونەوەکە و دکتۆر فوئاد و حـاکم شـۆڕش لەشـوێنی دیـاریکراو دانیشـتن و دکتـۆر فوئـاد زۆر خـۆی لە بـابەتەکەنەدا و تەنیـا دوای بەخێرهێنـان، گـوتی: "ئێسـتا حـاکم شـۆڕش سمیناریکتان بەم ناونیشانەی دیاریکرابوو پێشکەشدەکات".

حاکم شۆڕش دەستی بەقسانکرد و ناوە ناوە ئاوی دەخواردەوە و ڕەنگـی سـور هەڵگەڕابـوو، ئـارەقەیەکی زۆری کردبـوو، لەوکـاتەدا مـام جەلال هـات و لە نێوان مـن و کـاکلە ڕەش دانیشـت، کە کورسـی نەبـوو لەسـەر ڕایەخ دانیشـتبووین، ڕادیـۆیەکی بچـوکی پـێ بـوو کردبـویەوە و سەماعەکەی لە ناو گوێی دانابوو، دەفتەرێکی گەورەشی پـێ بـوو لەگەڵ هەنـدێک وەرەقەی بچـوک، بەلاچاوێـک سـەیرم دەکـرد تەماشـای دەفـتەرەکەی دەکـرد و لە کـاغەزە بچوکەکـان شـتی دەنوسـی و لە نـاو دەفـتەرەکەی دادەنـا، مـن پێموابـوو هـیچ ئاگـای لە حـاکم شـۆڕش و سمینارەکە نیە و خەریکی کارێکی ترە. حاکم شۆڕش تەواوبوو، دکتۆر فوئـاد گـوتی: کـێ پرسـیاری هەیە؟ ئەحـمەدی دادی پرسـیارێکی کـرد، لەبیرم نەماوە چی بوو، دکتـۆر فوئـاد گـوتی: "داوا لە هەڤاڵ مـام جەلال دەکەیـن وەڵامـی ئەم پرسـیارەمان بداتەوە". مـام جەلال هەڵسـاو چـووە سەر سەکۆکە لای دکتۆر فوئاد و حاکم شۆڕش، گوتی: "حـاکم شـۆڕش

زۆر هـیلاک بـووە، بەڵام بەداخەوە سـمینارەکەی تەنیـا سـمینار نەبـوو، کـاتەکەش زۆر درەنـگە نـاتوانم هەمـوو بـابەتەکە بـاس بـکەم، بەڵام بەهەرحاڵ شتێکی کورتتان بۆ باس دەکەم". دەستیپێکرد سەیرمکرد ئەم وەرەقە بچوکـانەی نوسـیبووی هەمـووی تێبینـی و ڕەخـنە بـوو لەسـەر قسەکانی حاکم شۆڕش، دوو کاتژمێر قسـەیکرد، کاتێک تەواوبـوو شـەو داهـاتبوو، بـۆیە بە ئۆتـۆمبیلە شـۆفرلێتەکانی خـۆی ئـێمەی نـاردەوە بـۆ گوندی کانی توو، ئەم ئۆتۆمبێلانە لە سەرەتای گفتوگۆ لە ڕژێمی عێراق وەرگیرابوون.

## گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی خۆمان

خــولەکە تەواوبــوو، گەڕایــنەوە بــۆ ســنورەکانی خۆمــان، بەڵام لەگەڕانەوەدا دەبـوایە بەڕێگـای قاچـاغ، نەک بە ئۆتۆمبێـل و بە شـەقامی سەرەکیدا بگەڕێینەوە، چونکە گفتوگۆ تێکچووبوو، وەختی ڕۆژئـاوابوون نزیکـی جـادەی بنگـرد-دوکـان بـووینەوە، مـن و مامۆسـتا سـەیفەدین پێشـکەوتین بـۆ تـاقیکردنەوەی ڕێگـا و ئینجـا دوای ئـێمەش بـرادەرانیش هـاتن، کە ئەمە نەریتێکـی پێشـمەرگانەبوو، لەو شـوێنانەی سـەر جـادە بـوایە یـاخود نزیـک جـادە بـوایە، لە ڕەبـایە و مۆڵگاکـانی ڕژێـم. بە پێکەنیـنەوە وتـم مامۆسـتا بـووینەوە بە پێشـمەرگە. گەیشـتینە سـەر دەریـاچەی دوکـان شـەوبوو، سـێ بەلەمـان بەکرێگـرت، دوویـان بۆخۆمان، یەکیش بۆ جانتاو کەل و پەلەکانمان، کە سواری بەلەم بووین بەلەم ئـاژۆکەی ئـێمە و ئەوەی تـر مسـابقەیان دەکـرد خەریـک دەبـوو خۆیان پێکدادەن، بەوەی خۆمـانم گـوت: "وامەکەن بـۆ وادەکەن؟" گـوتی: "مەترسـێ هـیچ نـیە"، دیـاربوو زۆر گـوێی بەقسـەکەم نەدا و بـۆیم

دووبارەکردەوە، بەڵام هیچ سوودی نەبوو، بۆیە تفەنگم لەسەر سەری دانا و گوتم: "من لەسەتڵێک ئاو دەخنکێم، چۆن هیچ نیە؟! یەک تۆز بەلەمەکە لاربێتەوە پێشی خۆم تۆ دەکوژم!" بو بەپێکەنین و پەڕینەوە و چووینە گوندی تۆربە.

شەو لە گوندی تۆربەماینەوە، دوای نانخواردنی بەیانی، هەریەکە و بەرەو ناوچەکانی خۆمان گەڕاینەوە، من و کاکلە ڕەش و مامۆستا باپیر بەکر و ڕەفیق، تا گوندی داوداوەی دەشتی کۆیە بە یەکەوە هاتین، ئەوان لە گوندی داوداوە مانەوە و من و کاکلە ڕەش بەرەو ناوچەکانی خۆمان ڕۆیشتین، خۆشیەکە لەوەی دابوو لە جادەی قیرەتاو و ئۆتۆمبێل لێڕاهاتبووین، بۆیە دەمانویست بە ئۆتۆمبێل بڕۆین تاکو دەگەینەوە گوندی ئیلنجاغی گەورە، ئەو شوفێرەی کە ڕامانگرتبوو، گوتی: "ناتوانم، ئێوە چی دەڵێن؟! شەڕ دەستی پێکردیتەوە". بۆیە ناچار بە پیادە و بە ڕێگای گوندەکانی باغەزنێر و کونەگورگ و تاڵەبانی بچوک و مەرزان و مەرزان ڕۆیشتین و شەو درەنگ گەیشتینەوە گوندی ئیلنجاغی گەورە و چووینە ماڵی مام جاسم.

## ماڵ دانان لە گوندی گۆپتەپە

دیارە کە نێوانی یەکێتی و ڕژێم تێکدەچێت و دۆخەکە ئاڵۆزدەبێت، ماڵەکەی من لە بیستانە بوو. وەلی برام لەگەڵ هاوسەرەکەم چووبوون ئۆتۆمبێلی حەسەن حسێن، کە خەڵکی گوندی ئیلنجاغی گەورەیە و خزمە، پێشتریش باسمکردووە کە لە بنەسڵاوە دراوسێ بووین، بەکرێگرتبوو کەل و پەلەکانیان بردبوو لە گوندی گۆپتەپە لە هۆرە مەڕێکی ماڵی مام نەسرەدین دایاننابوون.

بۆیە من کە هاتمەوە گوندی ئیلنجاغ بۆ ڕۆژی دوایی باوکم هات و چوین بۆ گۆپتەپە. دیارە ماوەی ئەم ساڵەی گفتوگۆ فێری بەرکارەبا و شوێنی خۆش ببوین، هیچ بیرم لەوە نەکردەوە کە گۆپتەپە نزیک جادەیە و بۆ ماڵی پێشمەرگە باش نیە. ماڵی عەلی مام کوێخا ڕەحیم، گوتیان خانوەیەکمان هەیە دوو هۆدەیە وەرنە ناوی، یەکسەر گوتم زۆر باشەو خانویان بۆ خاوێنکردینەوە و تاکو هاوسەرەکەم بۆ ڕۆژی دوایی هاتەوە ماڵێکی ڕێک و پوختیان بۆدانایین. بەڕاستی ماڵی مام کوێخا ڕەحیم و خزمانی گۆپتەپە زۆر باش و خزمدۆستبوون، بەتایبەتی ماڵی کابایز زۆر میواندۆستبوون، هەمیشە هاوکار و یارمەتیدەرمان بوون. بەم جۆرە ماوەیەک ماڵەکەم لەوێ بوو.

دوو سێ ڕۆژ بوو تیپەکانی: (٨٦، ٨٧، ٩٠، ٩٣) لە گوندەکانی گۆپتەپە و گۆمەشین کۆببوونەوە بە مەبەستی لێدان و گرتنی ڕەبایەکانی جادەی نێوان کۆیە-هەولێر، بەڵام بەفرێکی زۆر باریبوو کەش وهەوا زۆر ساردبوو، نەیاندەتوانی بەرنامەکە جێبەجێبکەن. من و مامۆستا خەبات و جاسم و محەمەد لە گۆپتەپە بووین، شەوێک چووینە ماڵی مام ئەنوەر، کە پیاوێکی زۆر قسە خۆش بوو، بەڵام هەمیشە خۆی لادەدا لە وەڵامدانەوەی خەڵکی چەکدار و تێکەڵاوبوونیان، تێکەڵاوی کاری ڕێکخراوەیی و چەکداری نەدەبوو، پێشی خۆش نەبوو باسی ئەو بابەتانە بکات، ئەحمەدی برای ئۆتۆمبێلێکی جێبی هەبوو، ئەویش لەوێ بوو، وەختێک دوو پێشمەرگە هاتن گوتیان: "شوفێرەکە لێرەیە؟" ئەحمەد گوتی: "بەڵێ من شوفێرم فەرموون؟" گوتیان: "سەلاح شینە دەڵێ سبەینێ لە کۆیە ٣٥ نەفەر کەباب، ٣٥ نانی زیادە و دوو کیلۆ تورشیات و دوو کیلۆ پیازمان بۆ بێنێت!!!" لەکاتی قسەکان مام

ئەنوەر تەماشای ناودەمی پێشمەرگەکانی دەکرد، زانیمان قسەیەکی ئامادەکردووە، پێشمەرگەکان ڕۆیشتن، گوتمان: "مام ئەنوەر بڵێ"، گوتی: "ڕۆیشتن؟" گوتمان: "مەترسە ڕۆیشتن"، لەپی دەستی لە ئەرزەکەدا و گوتی: "بەم قورئانە بەچۆلکردن و تێکدانی دەدەن، من چاوم لێیە بڕۆن ئەمە چەند ڕۆژە لێرەن، قەحبەبابی سەگ پیاز دەچێنێ، تازە هاتووە دەڵێ ئەوەندە کیلۆ پیازەم بۆ بێنن!"

هەر بەڕاستی قسەکەی هاتەجێ و چۆلکراو خاپوورکرا.

## هێرشی قاسم ئاغا بۆ سەرمان لە گوندی گۆپتەپە

ئەو ماوە ماڵەکەم هەر لە گۆپتەپە بوو، ڕۆژێک دوای چەند و چونێک لەگەڵ مامۆستا خەبات، جاسم، بەهرام و نەبەز چووینەوە ئەوێ. بە مامۆستا خەباتم گوت مەچۆ بۆ ناو گوند، با نەزانن لێرەین، چونکە ئەگەر نەچوبوونایە ناو گوند کەس نەیدەزانی ئێمە لەوێین، ماڵی باوکی مامۆستا خەبات و خزمەکانیان، کە ماڵەکەی منیش لەوێ بوو، لەسەر گردەقەڵا بوو، لەباقی گوندەکە هەندێک جیابوو، بۆیە گوتم باخەڵکی گوندی نەزانن لێرەین، چونکە دەمزانی بەشێک لەخزمانی گۆپتەپە، کە پێشتر چەکدار و ئەندامی ح. ش. ع بوون، دوای شەڕی ناوخۆ ماڵیان بردۆتە کۆیە و لای قاسم ئاغا چەکدارن، لە گوندیش خزم و کەسیان هەبوو، هەواڵیان بۆ دەبردن.

شەوێک لەوێ بووین، بۆ بەیانی هاوسەرەکەم نارد بۆ کۆیە هەندێک گۆشت و خواردن بێنێت، وەختێک لەماڵی خۆمانەوە سەیرم کرد مامۆستا خەبات لە ناو گوندی و لەحەوشەی ماڵێک دەخولایەوە، دوای نیوەڕۆ کە هاوسەرەکەم هاتەوە گوتی: "حەسەنی مامی مامۆستا

خەباتم بینیووە، گوتویەتی زۆر باش بوو تۆم بینی، چونکە دەگەڕام یەکێک بدۆزمەوە خەبەریان بۆ ڕەوانە بکەم، پێیانبڵێ با لە گۆپتەپە بڕۆن جاشەکان زانیویانە لەوێن". دوای نانخواردنی ئێوارە چومە ماڵی مامۆستا خەبات، واتە دیوەخانەکەیان، پێمگوت: "حەسەنی مامت هەواڵێکی وای ناردووە با بڕۆین". مامۆستا خەبات گوتی: "حەمە عەلی مەترسێ هیچ لە گۆڕێ نیە و پاڵدەوە". بە باوکی مامۆستا خەباتم گوت: "شاهید بە، من پێمخۆشە بڕۆین، دوایی شتێک ببێت نەڵێن لەپاڵ ژنەکەی خۆیماتکرد و منداڵەکانی توشکرد، چونکە ئەوکاتە تەنیا من خێزان و منداڵەکانم لە گۆپتەپە بوون.

بەهەرحاڵ مامۆستا خەبات نەیسەلماند، منیش چوومەوە ماڵەوە و تەنیا تاقمەکەم دانا و بەپشتێنەوە پاڵمدایەوە، چونکە ترسێکم هەبوو. کاتێک لە کاتژمێری ٣ی شەو لەوکاتەدا هاوسەرەکەم شیری بە کۆچەری کوڕی سێهەمم دەدا، ڕمبەی ئاربیجی لەبن دیواری خانوەکەی ئێمەی داو بوو بە دوو بوو بە سێ و ... هتد، خێزانەکەم گوتی: "ئەمە ڕەبایەیە؟" گوتم: "نەخێر ئێرەیە"، تاقمم بەستا بڕۆم، خێزانم کردی بەداد و فیغان و دەیگوت: "ئێمە چی بکەین؟" باشبوو لەوکاتەدا باوکی مامۆستا خەبات هاتە دەرەوە، چونکە ماڵەکەی من لە نێوانی هەردوو ماڵی ئەو دابوو، کە دوو خێزانی هەبوو، دەرگاش لە نێوانمان لەهەردولاوە هەبوو، گوتی: "کاک عەلی چی دەکەن؟" گوتم: "من دەڕۆم خەبات و ئەوان بانگدەکەم و دەردەچین، بەڵام تۆ ئەم منداڵانەی من ببە لای خۆتان". یەکسەر ڕۆیشتم بانگی خەبات و جاسم و ئەوانم کرد، دیاربوو زۆر بەبڵاوی و شڕی خەوتبوون، تاقم و پشتێن و گۆرەوی و کەل و پەلیان هەریەکە لەشوێنێک بوو، نەشماندەوێرا گلۆپ داگیرسێنین،

بـۆیە تـاکو ئامـادەبوون زۆریـان پێچـوو. ئـاربیجی و بیکەیسـی زۆر بەخەسـتی دایگرتبـووین، تەنیـا بەهـرام و نەبەز ئامـادەبوون. بەهەرحـاڵ دوای ئامادەبوونیان دەرچـووین لە گونـدی. شـەوێکی زۆر تاریـک بـوو، هەورێکی زۆر چڕی هەبوو هەر ئەوەتە نەدەباری، دەڵێن تاریکە شەوی بەهـاران زۆر تـاریکە و ئەسـتەمە بەڕاسـتی وایە، هەرچۆنێـک بـوو لە گونـدی دەرچـووین، بـێ ئاگـا لەوەی دایکـی مامۆسـتا خەبـات (ڕەحـمە حـاجی غەفور) بریندار ببـوو، بۆ بەیـانی وەختـی نیوەڕۆ کە گەڕاینەوە زانیمـان. ژنێکـی زۆر بـاش و بە جەرگ و بەهـیمەت بـوو، هەر دەیگـوت کـاک عەلـی کـوڕە بانگیـان بـکە و زووکەن بـڕۆن، دەرینەدەخسـت کە بریندارە. بەداخەوە دایکی خەبات و خوشکەکانی و براژنی و منداڵەکانی لە کۆڕەوەکەی ٣١ی ئازاری ١٩٩١، لە ناو هەولێر لەکاتی دەرچوونیـان لە نـاو بارهەڵگرێکدا بەرهێرشـی سـوپای عێـراق کەوتـن و سـەرجەمیان سوتان و گیانیان سپارد، ڕۆحیان شادبێت.

مامۆستا خەبات پێڵاوەکەی نەدۆزیبـۆوە، کە لە گونـدی دەرچـووین هەرچوارمان گۆرەویەکانمان پێدا، بۆئەوەی لەجیاتی پێڵاو لەپێیان بکات. دەرچووین و چووینە داربەسەری گەورە ماڵی حـاجی خدر، کە مێردی پـورم بـوو. سـەیرەکە لەوەدابـوو حـاجی خـدر نـاوە نـاوە دەیگـوت: "نانـا قاسم ئاغا لەگەڵ ماڵی کوێخاکان نایکات!" دوو سێ جار وایگوت. گوتم: "مـام حـاجی لەگەڵ کـردن چـۆنە؟ ٣٠ گـولە ئـاربیجی و زیـاتر لەم ژمارەیەش هـاوەنی لەم سێ و چـوار مـاڵەی گردەقەڵا داوە! سێ چوار بیکەیســیش نــزیکەی کاتژمێرێــک تەقەیــان لەو مــاڵانە کــردووە، وەڵا ویستوویەتی ئیبادەیان بکات". جاشـەکان زۆر بێ غیرەت بوون، ئەگینـا

دەیـانتوانی بەبـێ تەقە ئـێمە بگـرن، چـونکە هـیچ پاسـەوانمان نەبـوو، دەیانتوانی بێنە ژورەوە.

بەڕاستی لەپـێش هەموویـانەوە مـن کەمـتەرخەم بـووم، لە دانـانی مـاڵەکەم لە گونـدی گۆپتەپە، چـونکە زۆر نزیکبـوو لە جـادەی قیرتـاو و هێزەکانی ڕژێم بەئاسانی و زوو دەسـتیان پێڕادەگەیشـت. دوای ئەوەش کەمتەرخەمی مامۆستا خەبات و برادەرانی تر لەمـانەوە و نەڕۆیشـتن و زوو سەلماندنی منیش بۆیان خەریکبوو گیانی خۆمـانی لەسـەر دابنێین، چـونکە زۆر بێخەم و بێ پاسـەوان بـووین، و دوبـارەی دەکەمەوە ئەو هێزەی هاتبووە سەرمان یان زۆر ترسنۆک و بێ غیرەت بوون، یـاخود زانیـاری تەواویـان نەبـوو، ئەگینـا دەیـانتوانی بە ئاسـانی بێنە ژورەوە و دەستگیرمان بکەن، یاخود بمانکوژن.

## پێشمەرگایەتی و تراکتۆری زیتۆر

هەنـدێک دەگەڕێـمەوە دواوە. ڕۆژێکیـان لەگەڵ مامۆسـتا خەبـات مەوعیـدمان لەگەڵ مەلا ئـاراس هەبـوو، کە لە گونـدی ئیلنجـاغی گەورە یەکبگرینەوە. ئەوکاتە مەلا ئاراس جێگری فەرماندەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێـر بـوو، ڕۆیشـتبوو بـۆ ئیلنجـاغ و چـاوەڕوانی ئـێمەی دەکـرد. مـن لەسـێگرتکان کۆبـونەوەم هەبـوو، کاتێـک تەواو بـووم کـات زۆر درەنـگ بـوو، بە ئۆتۆمبێلێـک هـاتینە دەم ڕوبـار نـاو شـینایییەکانی خزمـانی ئۆمەرگومبەت نزیک دواوان، هاوین بوو زۆربەی خەڵکی ئۆمەرگومبەت ماڵیـان لەم دەم ڕوبـارە بـوو. بەڕاسـتی پێشـمەرگە ئەرکێکی قورسـیان خستبووە ئەستۆی جوتیارانی دانیشتووی گوندەکان، جگە لە نانخواردن و داواکردنی پێخەف و پێداویستی و لەخەو هەڵساندنیان لەنیوە شـەودا و بەکـورتی ڕۆژێـک یـان ژەمێـک نەبـوو بەبـێ میـوان بـن، سـەرەڕای

ئەوەش هەمیشــە داوایانلێـدەکردن، کە بە تراکتـۆر و عارەبانەکانیـان لە نێوان گوندەکان بیانگوێزنەوە.

ئێمە کە خەڵکی نـاوچەکە بووین، زۆر موراعـاتی هەستی خەڵکمـان دەکـرد، هەرگیـز داوای تراکتۆرمـان لێنەدەکـردن بـۆ گواسـتنەوەمان و خۆمان بەپێ دەڕۆیشتین، بەڵام ئەو ڕۆژە لەبەر مەوعیدەکە و درەنگی کاتەکە و چاوەڕوانی مەلا ئاراس داوای ترکتۆرێکمان کرد. پێنچ شـەش کەس بـووین هەمومـان خەڵکـی نـاوچەکە بـووین، لەگەڵ خەڵـکەکە زۆر تێکەڵبـووین، بـۆیە نەهـاتنە پـێش و ئامـادەنەبوون بەتراکتـۆر بمـانبەن، چونکە فێرنەببوون لەگەڵ ئێمە بێن، هەروەها دەیانگوت تراکتۆرەکانمـان ئـیش نـاکەن، بـۆیە زۆر توڕەبـوم و گـوتم: "ئێسـتا تراکتـۆرم دەوێـت و دەبێت جۆری زیتۆریش بێت ئەگینـا نامەوێت!!" دوو سـێ جوێنیشـمدا و ئیتر بەپەلە تراکتۆرێکی جۆری زیتۆریـان هێنـا و سـواربووین. مامۆسـتا خەبـات گـوتی: "بـۆ زیتـۆر؟" گـوتم: "سـواربوونی خۆشـترە". لە سـاڵانی نەوەدەکـانەوە خەبـات کەوتـۆتە وڵاتـی سـوید و چەنـد جـاری نـامەی دەنوسی، دەیگوت: "تەنیا زیتۆرت دەوێ؟ عەنتەر نابێ؟!"

## چڕبوونەوەی هێرشەکانی ڕژێم بۆ سەر دێهاتەکان

دوای کۆتاییهـاتنی گفتوگـۆ و دانوسـتاندنی ڕژێـم و یەکێتـی، ڕژێـم شــاڵاوی زۆر تونــد و دڕنــدانەی بە هەمــوو شــێوازێک دەســتپێکرد. بارودۆخەکە زۆر ناخۆشبوو، گوندەکان چۆڵ دەبوون، لە گوندی شاخە پیسکە چوار پێنچ پیاوی بەتەمەنیان لە بن دیواری مزگەوت دادەنیشتن و باسی بارودۆخەکەیان دەکرد، لەناکاو یەکێکیان دەیگوت هیچ عیلاجی

نیە! مامۆستا خەبات دەیگوت: "حەمە عەلی، کە گوێم لەم قسەیە دەبێت دەپسێم!" دەمگوت: "بۆ؟" دەیگوت: "چونکە ڕاستدەکەن هیچ عیلاجی نیە!"

ڕۆژێکیان لە گوندی سێگرتکان بووین، عەبدوڵڵای فەقێ خدر، کە یەکێک بوو لە کەسایەتیە دیارەکانی گوندی سێگرتکان و سنوری دەمزێ، ئێمە خۆشمانندەویست، پێماندەگوت عەشایەرە و کۆنەپەرستە و بیرو بۆچونی پارتی هەیە. یەکێک لە کوڕەکانی ناردبوو بۆ مزگەوت بۆلای من و خەبات، کە بچین بۆلای لە ماڵەوە. چووینە لایی و دانیشتین، گوتی: "زۆر باش دەزانم ئێوە منتان خۆشناوێ، دەشزانم چیم پێدەڵێن، بەڵام من بۆیە بەدوای ئێوەمدا ناردوە، چونکە لەگەڵ باوکت زۆر دۆستم و هەروەها خەزوریشت زۆر دۆستم بوو، بە مامۆستا خەباتی گوت لەگەڵ باوکی تۆش زۆر دۆستم، هەروەها گوتی ئەم شەوی ڕابردوو ئەوانەی ئێوە لە سنوری دەمزێ بە ڕێکخستنی خۆتانیان دەزانن و داتاننناون بە ئەنجومەن، هەر لە گوندی ئۆمەرگومبەت، تاکو گوندی سارتک هەر هەموویان لای من بوون، و داوایاندەکرد خۆپیشاندان بکەین و داواتان لێبکەین سنورەکەمان جێبهێڵن، ئەگەر نەڕۆن ئێمە هەمومان باردەکەین بۆ شار و گوندەکان چۆڵ دەکەین، چونکە هەردوو تیپی ٨٦ و ٨٧ هەمیشە لەم گوندانەن، بەڕاستی هەلیکۆپتەر بێزاریکردووین، پاشان گوتی من خۆم لێ تورەکردوون و پێمگوتوون زۆر عەیبە ئەم قسەیە دەکەن و ئەوانە ڕۆڵەی ئێمەن، لە پێناو ئەم گەل و ئەم خاکە خەبات دەکەن، بەڵام بۆیە ئێوەم بانگکردووە، پێشنیارێکم هەیە بە مام غفور و سەفین مەلاقەرە ڕابگەیەنن بۆ ماوەیەک بە ڕۆژ گوندەکان جێبێڵن، وەعد من ئامادەم هەموو هاوکاریەکتان بکەم و خواردن و پێداویستیتان بۆدابین بکەم".

ئێمەش گەڕاینەوە لای مام غفور و سەفین، پێشنیارەکەمان پێڕاگەیاندن و پشتیوانیشمان لە پێشنیارەکەی کرد، بۆیە کۆبونەوەیەکمان کرد و بڕیارماندا بۆماوەیەک سنوری دەمزێ جێبهێڵین و بۆهەر کەرتێک سنورێکی تریان دیاریکرد، من و مامۆستا خەبات لەگەڵ کەرتی ٣ی بەردەباز ڕۆیشتین، کە ئەوکاتە (فەقێ گۆمەشینی[١]) فەرماندەی کەرتەکە بوو، بەرەو گوندەکانی بایزئاغا و بانیماران و ئەم ناوە ڕۆیشتین.

## گۆڕانی فکریی و پەیوەندی بە بەرەی ڕزگاری زەحمەتکێشان (بەرزە[٢])

(١) شەهید فەقێ عوسمان جرجیس خدر، ناسراو بە فەقێ گۆمەشینی، ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی گۆمەشین-قەزای کۆیە لەدایکبووە، لە ١٩٨١/٩/٢٨ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی (ی.ن.ک) کردووە، دواپلەی جێگری سەرتیپی ٩٣ی کۆیە بووە، لە ڕێکەوتی (١٩٨٦/٧/٤) لە دەشتی کۆیە شەهیدبووە. (حەیدەر مەنتک: سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل ٦٢٧-٦٢٨).

(٢) بەرەی ڕزگاری زەحمەتکێشان (بەرزە): بەرەی ڕزگاریی زەحمەتکێشان کە کورتکراوەکەی (بەرزە)یە، ڕەوتێکی فکریی نهێنی بوو لەسەرەتادا لە شێوەی (ئەڵقەی ڕۆشنبیری) لەناو هەناوی (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) لە ساڵی ١٩٧٩ لە لایەن کۆمەڵێک کادر بیرۆکەی دروستبوونی هاتە کایەوە. لە تەموزی ساڵی ١٩٨٢ وەکو ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی خۆیان ڕاگەیاند لە کۆبونەوەیەکدا لە گوندی (مەلا سەفی). یەکەمین کۆبونەوەی فراوانی لەشێوەی کۆنفرانسیان بەستووە لە ڕۆژانی ٢١ تا ٢٤ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٤ لە گوندی (ئیلنجاغی گەورە)ی ناوچەی کۆیە، کە تیایدا بەفەرمی لە بەیاننامەیەکدا بوونی خۆی ڕاگەیاند و پەیکەری ڕێکخستنی ڕێکخراوەکەی دیاریکرد و بریاری لەسەر دەرچوواندنی دوو گۆڤاردا، کە یەکەمیان بەناوی (ڕێبازی زەحمەتکێشان) و زمانحاڵی ڕێکخراوەکە بوو. دووەمیش بڵاوکراوەیەکی ناوخۆیی و نهێنی بوو تایبەت بوو بە ڕێکخستنەکانی. بیر و باوەڕی ئەم ڕێکخراوە ئەوەبوو، کە کۆمەڵە و پارتە چەپەکانی تری ئەوکات لە ڕێبازی مارکسیەت و سۆسیالیزم لایانداوە و بوونەتە حیزبی بۆرژوازی، بۆیە پێویستە ئەڵتەرناتیڤیان بۆ دروستبکرێت بە تایبەتی ئەڵتەرناتیڤی کۆمەڵە دروستبکرێت، ئەویش بە دروستکردنی حزبێکی مارکسیتر و سۆسیالستتر و حزبێک کە لە بەرەی زەحمەتکێشان دابێت لە کوردستانەوە خەبات بکات بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی کرێکاریی و دامەزراندنی حکومەتی کرێکاریی لە سەرتاسەری عێراق، بۆیە ئەو کات ئەم جۆرە ڕێکخراوانە وەکو ڕێکخراوی (عێراقچی) یاخود بە (عێراقچیەتی) تۆمەتباردەکران. دوای

پێویستە ئەوە بڵێم، من بەهۆی نزیکی و خۆشەویستیم بۆ گوشاد عەبدولڕەحمان، کە بەڕاستی کاریگەری لەسەرم هەبوو، لە لایەک و لە لایەکی ترەوە ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی بەرپرسانی کۆمەڵە و یەکێتی و هەروەها ئەم تێز و بەرنامانەی، کە ئێمە لەشار دەمانخوێندەوە و لەسەر ئەم بنچینەیە پەیوەندیمان بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردبوو، کە پێمانوابوو بەرنامەیەکی تێروتەسەلی مارکسیزم- لینینیزم جێبەجێدەکات، دەبێت بەپارتی پێشڕەوی چینی کرێکار، بەڵام بەرنامەکە بەکردار بەم شێوەیە نەبوو.

دەربارەی پارتی پێشڕەو، کە ئەوکات لە ناو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە زۆر جێگای باس و بایەخپێدان بوو، ڕۆژێکیان لە دۆڵی بالیسان بووین، قاسم کرێکار گوتی: "برادەرێکم هەیە لە گوندی سپیگرە، کە دەکەوێتە نێوان خەتێ و توتمە، بچین سەردانێکی بکەین"، کە چوین دوای ئێمە

ئەوە لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٦ سەرکردایەتی (بەرزە) بە ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی خۆیان و ڕێکخراوە چەپەکانی تری ئەوکات وەکو بەخۆداچوونەوەیەک و پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی نوێ ڕێکخراوی (بەرزە)یان هەڵوەشاندەوە و ڕێکخراوی (یەکێتی خەباتی کۆمۆنیستی)یان دامەزراند و سەرجەم ئەندامانی پێشووی (بەرزە) لەم ڕێکخراوە نوێیە واتە (یەکێتی خەباتی کۆمۆنیستی) درێژەیان بە تێکۆشان و خەبات دا. دواجار لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٨ و لەهەلومەرجی تایبەتی ئەوکاتدا ڕێکخراوی (یەکێتی خەباتی کۆمۆنیستی) بە تەواوی هەڵوەشایەوە و ئەندامانیان پەرش و بڵاوبوونەوە و هەندێکیان وازیان لە خەباتی سیاسی هێنا و ئەوانی تر لە ڕێکخراوە جیاجیاکاندا درێژەیان بە خەباتدا. دامەزرێنەرانی (بەرزە) دەکرێن بە دوو بەشەوە، یەک: ساڵی ١٩٧٩ لە شێوەی (ئەڵقەی ڕۆشنبیری و فکری)، کە هێشتا ناوی لێنەندرابوو، بیرۆکەی دامەزراندنی هاتە کایەوە، کە بریتی بوون لە (نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا، گوشاد عەبدولڕەحمان بایز، عوبێد خالید، سەباح حەسەن خورشید ناسراو بە سۆران). لە سەرەتادا خاوەنی بیرۆکەکە (نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا) بوو. دوو: ساڵی ١٩٨٢ و لە تەمموزی ساڵی ١٩٨٢ ڕێکخراوی (بەرەی ڕزگاریی زەحمەتکێشان-بەرزە) وەکو ڕێکخراوێکی مارکسیستی بە فەرمی خۆیان ڕاگەیاند و ناوی ڕێکخراوەکە لەلایەن (نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا) پێشنیارکراوە و لە لایەن ئەندامانی دیکەی دامەزرێنەر پەسەندکراوە، دامەزرێنەرانی (بەرزە) لە ١٩٨٢ بریتین لە (نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا، هۆشیار عەبدولخالق، سەباح مەحموود). نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا (نەجم فەقێ) وەکو بەرپرسی ڕێکخراوەکە کاری کردووە. لە: 7shorturl.at/eBEM وەرگیراوە.

حاکم (جەماله سور[1])یش هات و کەوتینه قسه و گفتوگۆ و لەسەر باسی پارتی پێشڕەو، حاکم جەمال گوتی: "کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان یەکدەگرن و پارتی پێشڕەو پێکدەهێنن". من و قاسم زۆر توڕەبووین و پێمانوابوو کوفری کردووە، کەچی قسەکەی ڕاست دەرچوو، کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان یەکیانگرت و ئەو مەعدەنەی ئێستایان پێکهێنا!

بۆیە هەر لە ڕێگای گوشادەوە بە نهێنی پەیوەندیم بە بەرەی ڕزگاری زەحمەتکێشان (بەرزە)وە کرد. سەرەڕای بەردەوامیم لەکارکردنم لە ڕیزەکانی کۆمەڵە و یەکێتی.

ئەم ڕێکخراوە (بەرزە)، ڕێکخراوێکی بچووک بوو، ئەندامەکانی بە پەنجەی دەست دەژمێردران، ئەوەندەی من دەمزانی هەموویان کۆنە ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوون. دروشمی دروستکردنی پارتێکی کۆمۆنیستی سەرتاسەری عێراقیان هەڵگرتبوو. من هەرچەندە کادیری کۆمەڵە بووم، بەنهێنیش لەگەڵ ئەواندا کارمدەکرد. ڕۆژێکی ساڵی ١٩٨٤، گوشاد پێیگوتم هەندێک ئەرشیفی بەرزە لە مەرگە لە ماڵێکە، کە نەجمەدین فەقێ عەوڵا ماوەیەک بە نهێنی لەو ماڵە بووە و ئەرشیفەکان لەوێن، کە پێویستە بچین بیانهێنین، بۆیە من، جاسم و گوشاد لەگەڵ ئۆتۆمبیلەکانی هەریەکە لە عەلی مەحموود و زاهیری کاکە حەمە، کە دۆست و ناسیاومان بوون، ڕۆیشتین، کە جگە لە من و گوشاد، ئەوانی تر هیچیان نەیاندەزانی ئەو کەل و پەلانەی دەیانهێنین چین. گەیشتینە ماڵەکە و ئەرشیفەکەمان لە

(١) شەهید جەمال الدین محەممەد ئەمین، ناسراو بە حاکم جەماله سوور، ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی شێخ شێروان ناحیەی قوشتەپە لەدایکبووە، دەرچووی کۆلێژی یاسای زانکۆی بەغدا بووە، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە، لە ١٩٩٢/٨/٢٤ لە شاری هەولێر تیرۆرکراوە. (حەیدەر مەنتک: سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل١٤٩-١٥٠).

ئۆتۆمبێلێکیـــان بـــارکرد، لەو کـــاتەدا نەوشـــیروان مســـتەفا بە چەنـــد پێشمەرگەیەکەوە، هاتەماڵێکی بەرامبەر ئەوماڵەی ئێمەی لێ بوو، بۆیە مـن یەکسـەر لەگەڵ ئەو ئۆتـۆمبێلەی کە ئەرشـیفەکەمان لـێ بـارکردبوو، سـەرکەوتم و گـوتم خێـرا لێیخـوڕە، تـاکو چێشـتخانەکانی کـانی وەتمـان ڕانەوەستام، کاتێک ئۆتۆمبیلەکەی تریشـمان گەیشت، جاسـم لە لـوتکەی توڕەبووندا بوو، سور هەڵگەڕابوو، زۆری قسەپێگوتم و دەیگوت: "بۆ لە دوکان نەوەستای؟ من لە برسان مـردم". نەمـدەوێرا ڕاستیەکەی پێبڵـێم، بـۆیە هەر پێکەنـیم و هـیچ وەڵامـێکم نەدایەوە. بەڕاسـتی غەدرێکـی گەورەمان لێکردبوو، چونکە هـیچ پەیوەنـدیەکی بە بەرزەوە نەبوو، هەر بە خزمـایەتی و برادەرایەتـی لەگەڵمـان هـاتبوو، بـێ ئەوەی بزانێـت کارەکەمان چیە.

لەدوای کۆتاییهـاتنی گفتوگـۆی یەکێتـی و ڕژێمـی عێـراق، چەنـد ڕێکخراوێکـی تـری بچـووک بچـووک لەژێـر نـاوی جیاجیـا لەنـاوچە ئازادکراوەکانی کوردستان پەیدابوون، وەک: کـارو کـارگەران و ... هتد، لە کۆتایشـدا ئـاڵای شـۆڕش دروسـتبوو. لەئەنجـامی دروسـتبوونی ئەم ڕێکخـراوانە و بڵاوکـردنەوەی بەیـان و بڵاوکـراوەی دژ بە ی. ن. ک و کـۆمەڵە، دیـارە سـەرکردایەتی شـۆڕش بڕیاریـدابوو لێپێچـینەوە لەگەڵ ئەوانە بکات، کە گومانیـان لێیـانە پەیوەندیان بەو ڕێکخـراوانەوە هەبێت، بەتایبەت ئەوانەی کە کادیر و پێشمەرگەی خۆیان بوون. بۆیە لە ساڵی ١٩٨٦ بە دوای مـــن و جاســـمیاندا نـــارد لە ڕێکخـــراوی کـــۆمەڵە بـــۆ لێپرســـینەوە و لێکـــۆڵینەوەکردن لەگەڵمـــان، کە بارەگـــای ڕێکخـــراو لە

گوندی سوسێ بوو، (بەهرۆز قەشقە[1]) لێپرسراوی بوو، (عەبدوڵڵا تۆفیق[2]) و مامۆستا باپیر بەکر ئەندام بوون.

هەرچەندە جاسم هیچ پەیوەندیەکی لاوەکی و نهێنی بەهیچ ڕێکخراوێکی لاوەکی و نهێنییەوە نەبوو، بە ڕێکخراوی بەرزەشەوە، بەڵکو کادیرێکی دڵسۆز و جددی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و پێشمەرگەیەکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو، هیچ گازاندە و گلەییەکیشی لە کۆمەڵە و یەکێتی نەبوو، تەنیا ئەوەندە بوو مامی گوشاد بوو گومانیان لێدەکرد و دەیانویست تاوانباری بکەن.

عەبدوڵڵا تۆفیق ڕاسپێردرابوو، کە من و جاسم چەک بکات و بە بەندکراوی بمانبات بۆ بارەگای ڕێکخراو لە گوندی سوسێ، بەڵام ئەو ڕازینەببوو چەکمان بکات و بەندمان بکات، پێیگوتین: "من هەرگیز

---

(١) شەهید بەهرۆز حەمەد ساڵح نادر، ناسراو بە شوان، ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی قەشقەی ناحیەی قوشتەپە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە کردووە، چەندین پلەی بڕیوە و دواپلەی بەرپرسی مەکتەبی مافی مرۆڤ بووە. لە ١ی شووباتی ٢٠٠٤ لە تەقینەوە تیرۆریستیەکەی مەڵبەندی ٣ی هەولێر شەهید بووە. (حەیدەر مەنتک: سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل١١٠-١١١).

(٢) عەبدوڵڵا تۆفیق: عەبدوڵڵا تۆفیق محەممەد مەحموود، ساڵی ١٩٤٧ لە گوندی قوڵتەپەی نزیک قوشتەپە لە خێزانێکی کوردپەروەر لەدایکبووە، هەر خوێندکار بووە پەیوەندی بە یەکێتی قوتابیانی کوردستان (ی.ق.ک) و (پ. د. ک) کردووە، دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵی کەڵەکە، فەرمانبەر بووە لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی هەولێر، لە دوای ئاشبەتاڵ، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کردووە، ئەندامێکی چالاک و دڵسۆز بووە، بۆتە ئەندامی ڕێکخراوی هەولێر، ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووە و بۆتە ئەندامی ڕێکخراوی (١)ی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، چەندین بەرپرسیارەتی بینیوە و دوا پلەی ئەندامی مەکتەبی مافی مرۆڤ بووە، تاکو خانەنشین بووە. لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٨/٣١ کۆچی دوایی کردووە. ئەم زانیارییانە لە بەڕێز (کاوە کوێخا صادق) وەرگیراوە.

ئەوەتان بەرامبەر ناکەم و خۆتان بڕۆن بۆ سوسێ". بۆیە ئێمەش ڕۆیشتین بۆ سوسێ و دوای دوو سێ ڕۆژ لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردین.

دوای بانگکردنمان و لێکۆڵینەوەکردن لەگەڵمان، هیچ بەڵگەیەکیان بەدەستەوە نەبوو، تەنیا یەک بابەتی بەڵگەداریان هەبوو، ئەویش دیدارێکی نهێنی من، جاسم، گوشاد و محەممەد بوو لەگەڵ مام هیدایەت و ملازم شوان، کە دوو کادیر و فەرماندەی ح. ش. ع بوون لە گوندی ئیلنجاغی گەورە، هەرچەندە نهێنی بوو، بەڵام دیدارێکی خزمانە بوو، جگە لە گفتوگۆی خزمانە، هیچ شتێکی سیاسیی تێدا باسنەکرا، بۆیە دەڵێم نهێنی، چونکە شەڕی ناوخۆ لە ئارادا بوو، نەدەکرا بە ئاشکرا بیانبینین، بەڵام لەم بابەتەشدا زانیاریەکەیان نیوە ناچڵ بوو، پێیانگوتین ئێوە لە گوندی مام قلینج ئەوانەتان بینیووە، بۆیە کە زانیمان سەرچاوەی زانیاریەکەیان تەواو نییە، ڕەتمانکردەوە و بۆمان نەسەلماندن و گوتمان بە هیچ شێوەیەک ئەوانەمان نەبینیوە.

من بۆ دزەکردنی ئەم زانیاریە دوو گومانم هەیە، یەکیان ئەوەیە کە ئەو دوو کادیرەی ح. ش. ع خۆیان بەجۆرێک لە جۆرەکان زانیاریەکەیان درکاندبێت و وایانکردبێ دەزگاکانی کۆمەڵە و یەکێتی پێ بزانن. یاخود لە ڕێگای خێزانی خەلیلی مام سمایل، کە دیدارەکەمان لە ماڵی ئەوان بوو ئەم زانیاریە بە نەزانی و بەهەند وەرنەگرتنی بابەتەکە لە لای خەڵکی تر باسکرابێت و دزەی کردبێت.

دوای گەڕانەوەمان لە ڕێکخراو، من لە بارودۆخەکە زۆر بێزاربووم و بڕیارمدا چەک دابنێم، هەرچەندە بەهرۆز قەشقە و مەلا خدر هەوڵێکی زۆریاندا ڕازیم بکەن و لە بڕیارەکەم پاشگەز ببمەوە، هەتاکو ئەوەی

بەهرۆز قەشقە گوتی: "دەتگوازمەوە بۆ سنوری ڕێکخراو و ماڵەکەشت بێنە ئەوێ و هەموو هاوکاریەکیشت دەکەین، تەنیا چەک دامەنێ". پاشگەز نەبوومەوە و بڕیارەکەم جێبەجێکرد.

دوای چەک دانانم و دانیشتنم لە گوندی ئیلنجاغ، لەبەرزەش کشامەوە، بەڵام بەبێ ئەوەی بەنوسراوی فەرمی ئاگاداریان بکەمەوە، بەڵکو بەکردار وازملێهێنان، لەبەرئەوەی باوەڕم بە کار و کردەوەکانیان نەمابوو.

## دووجار ماڵ سوتان

دوای چەک دانان، لە گوندی ئیلنجاغ دانیشتم. وەک پێشتر ئاماژەم پێدا، لەماوەی پێشمەرگایەتیدا ماڵەکەم لەچەند گوندێک ببوو، وەک: سێگرتکان، ئۆمەرگومبەت، بێستانە، گۆپتەپە و ئیلنجاغ. بێگومان لە هەموو ئەم گوندانە ماڵەکەم لەخانوی خەڵکدابوو بە گوندی ئیلنجاغیشەوە، کە زێدی باب و باپیرمە. دوای چەک دانانم خانویەکی بەدڵی خۆمم لەبەرد و قوڕ و خشت دروستکرد، بەڵام تیایدا پشومان نەدا، بەماوەیەکی زۆر کەم دوای دروستکردنی لە لایەن هێزەکانی ڕژێمەوە سوتێندرا ١٩٨٦، بەچاککردنەوەی زۆر ماندوو بووین، وەلی برام، کە ئەوکات لەبەر نەچوونی بۆ سوپای میللی (جەیشی شەعبی) لە زانکۆ دەرکرابوو، هاتە لامان و نزیکەی مانگێک بەیەکەوە هیلاک بووین لە دروستکردنەوەی خانوەکە، بەڵام دیسان لەناوی پشومان نەدا و لەلایەن هێزەکانی ڕژێم سوتێندرایەوە لە ڕێککەوتی ١٩٨٦/١٠/٢٢، بۆیە بەناچاری چوومە لای ماڵی گوشاد عەبدولڕەحمان، کە ژوورێکی زۆر تاریک و ناخۆشبوو، بە ڕۆژ چاومان نەیدەدیت، جگە لە خۆمان، ئەم ساڵە دانای مام وسوی کوڕە خەزورم لە سەربازی ڕایکردبوو، هاتە لامان و هەمووومان لەم ژوورە دەژیاین.

ئەو ساڵە لەگەڵ محەمەدی ئامۆزام، زەوی وەسمان عەزیزەی ماڵی مام وەسمانمان کردبووە گەنم، دامانە گوشاد بەسەپانی بیدوریێتەوە، لە دوریەنەوەکەی خۆشمان و زۆرێک لە خزمان و برادەرانی ئیلنجاغ بەشداریمانکرد، دورایەوەو گێرەکرا، بۆ شەنەبایەکەی، سابیری مام تەها، کە خەڵکی گوندی ئیلنجاغی گەورە بوو و ماڵی لە شاری هەولێر بوو و کارگوزار بوو لە نەخۆشخانەی ڕزگاری هەولێر، دوو هەفتەیەک دەبوو ناوی هاتبوو بۆ سەربازی، نەچووبووە سەربازی و هاتبووە ئیلنجاغ و شەنەبایەکەی بۆ کرد. گەنم ئامادەبوو بۆ هەڵگرتن، شەڕەکەی ئیلنجاغ ڕویدا لە ١٩٨٦/١٠/٢٢ و بۆ شەو و ڕۆژی دواتریش بارانێکی زۆر بە هێز باری، زۆربەی هەرە زۆری گەنمەکە ئاو بردی.

هەر بۆ خۆشی و بارودۆخی هەژاری ئەو کاتەمان دەیگێڕمەوە، لەگەڵ محەمەد و گوشاد، سابیریشمان لەگەڵ بوو، چووین بۆ بەشکردنی ئەوەندە گەنمە کەمەی لە پاش باران مابۆوە، دیاربوو سابیریش گونیەی هێنابوو، چونکە یەکەم شەنەبای بۆ گوشاد کردبوو، دووەمیش لەگەڵ محەمەد ئاوەڵ زاوا بوون، لەنۆرە بەشی گوشاد تەنەکەیەکی بۆ سابیر لە گوشەکەی کرد، هەروەها کە نۆرەی من هات، محەممەد گوتی: "عەلی تۆ چەند تەنەکە زەکات دەدەی بە سابیر؟" من خانو و ماڵم تێکڕا سوتابوو، دینارێکم نەبوو، من زەکاتم پێدەچێت یان دەبێت زەکات بدەم؟ بۆیە گوتم: "من زەکات نادەم"، یەکسەر گوتم محەمەد وەرە، ویستم جیای بکەمەوە و تێیبگەیەنم، بەڵام یەکسەر گوتی: "من هەڵەم، داوای لێبوردنت لێدەکەم".

## شاڵاوەکانی ئەنفال و ژیان لە کونە شاخەکان

ئەنفال دەستیپێکرد، ڕژێم شاڵاوەکانی چڕکردەوە، گازی کیمیایی دەوەشاند، بۆ پایزی ساڵی ١٩٨٧ نەمانتوانی لە گوندەکان بمێنینەوە و هەر گوندێکیش دەستی ڕژێمی بگەیشتبایە، لەگەڵ زەوی تەختی دەکرد، بۆ خۆپارێزی زیاتر، هەر دوو ماڵ و سێ ماڵ بەجیا، چووین لە کەند و شیوێک خانومان دروستکرد، بۆیە: گوشاد، سەباح، کاک لاو، مامۆستا محەمەد حاجی ساڵح و من، چووین لە کاولەخانیانی گوندی داربەسەر، کە لە ناو دۆڵێکە و لە باشوری گوندی داربەسەری بچوکە، تیایدا خانومان دروستکرد، کە لە ڕووی قەبارە و چاکی و خراپی بەپێی بارودۆخەکە بوو لە ڕووی سادەیی و ساکاریەوە، چونکە ئەو ڕۆژگارە زۆر دژوار بوو، بەرچاومان ڕوون نەبوو، کە چەندی تر لەو شوێنە و لەو بارودۆخەدا دەمێنینەوە.

دوای ماوەیەک، کە شاڵاوەکانی ئەنفال زۆر توندو دڕندانە بوون، ژن و منداڵمان ناردەوە بۆ شار، چونکە ڕژێم دەستی نەک هەر لە مرۆڤەکان نەدەپاراست، بەڵکو هەموو ئاژەڵ و هەر شتێکی تریش، کە بەئاوەدانی ئەژماربکرابایە و بەکەڵکی ژیان بهاتبایە، بەتەواوی لەناودەبران، بۆیە تەنیا خۆمان ماینەوە و هەر ڕۆژەی لە کونە شاخێک بووین.

لە کونە شاخێک بووین بە ناوی کونی مستەفای جۆری، کە لە باکوری گوندی داربەسەری بچووکە، چەند کەسێک بووین، کونەکە لەسەر تەق تەقە شاخێک بوو، پێموایە لە ئەنجامی فشاری ئاو دروستببوو، واتە ئاو دڕیبوویی و گەیاندبوویە ئەو قەبارەیە، ئەگەر کەسێک زۆر شارەزا نەبووایە، هیچ دیارنەبوو و پێ نەدەزاندرا، دەرکی

کونەکە زۆر بچوک بوو، بۆ چوونەناوی دەبوایە تاقم و تفەنگ دابنێین، بەڵام لە ناوەوە فراوان بوو، بە کوورڕبونەوە تێیدا دەڕۆیشتین، هەموو کەل و پەلو زەخیرەشمان لە ناو دانابوو، بنە خڕنوکێک لە لێواری دەرگای کونەکە شین ببوو، بەهرام زۆر پێی دڵخۆشبوو، ئەگەر بۆی بکرابوایە ئاوی دەدا، بۆئەوەی زوو گەورەبێت و دەرگای کونەکە بگرێت. ڕۆژێکیان خاڵە ڕەشیدی باوکی کاک لاو هاتبووە لامان، هەر دانیشت و بە دەستە گەورەکانی لەپی لە خڕنوکەکە گیرکرد و تاکو بەهرام گوتی: نەکەی نەکەی، هەڵیکێشا!

هەر لەم کونەدا بووین، ڕۆژێکیان هێزەکانی ڕژێم کێومالّی ناوچەکەیان دەکرد و چەندین هەلیکۆپتەر لەسەر ئاسمانی ناوچەکەبوو، محەممەد و جاسم کێشەیان بوو لەسەر ئاڕاستەکانی باکور و باشور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، ناوە ناوە لێک بڵند دەبوون و دەیانگوت بابچینە دەرەوە، گوتمان هەلیکۆپتەر دونیا خرا دەکا و ئێوەش لەسەر ئاڕاستە پێک نایەن؟ دانیشن!!!

هەروەها ڕۆژێکیان لەسەر پێشنیاری گوشاد، بڕیارماندا ژەمی یەک کەرتە نان بخۆین، بۆ ئەوەی هەم لەسەر برسیەتی ڕابێین، هەم ئەگەر بارودۆخەکە درێژەی کێشا، ئەوەندە زەخیرەی هەمانە بۆماوەیەکی زیاتر بەشمان بکات. وابزانم یەک ڕۆژ ئەو بەرنامەمان جێبەجێکرد، ڕۆژی دواتر جاسم توڕەبوو، پەلاماری نانەکەی داو گوتی: "من مردم لەبرسان، تێردەخۆم و چی دەبێت با ببێت". بۆیە بەرنامەکە هەڵوەشایەوە.

لەبەرئەوەی خەڵکێکی زۆر تەسلیم بە ڕژێم ببۆوە، بۆیە هیچ ئەشکەوت و کونە شاخێکمان بە ئەمین نەدەزانی، هەمیشە شوێن

گۆڕیمـان دەکـرد، کـونە گـورگی سـماقە نەمـان دیتبـوو تەنیـا ناویمـان بیســـتبوو، بەڵام بۆیـــان باســـکردبووین و شـــوێنەکەمان پێـــدەزانی. شـەوێکیان بڕیارماندا بچین بۆ ئەوێ. ڕۆیشتین و پشتی ئەشکەوتەکە بەرزایـــی بـــوو لەســـەر بەرزایـــیەکە خەوتـــین، کە ڕونـــاک داهـــات شۆڕبووینەوە بۆنـاو ئەشکەوتەکە، سـەیردەکەین شـوێنێکی زۆر نـائەمن و زۆر ناسـەلامەتە، ئەشـکەوتێکی ئاشـکرایە و لە دوورڕا هـاوار دەکـات، جگە لەوەش پڕبوو لە کەلـوپەل و نـوێنی خزمـانی سـماقەیی. هێزەکـانی ڕژێمـیش لەنـاوچەکە بـوون. وەختێـک زرێ پۆشـێک هـاتە بەرامـبەری ئەشـــکەوتەکەو هەر نـــزیکەی کیلۆمەترێـــک لێمـــانەوە دوور دەبـــوو، نەماندەتوانی لە ناو ئەشکەوتەکە بجولێینەوە، بۆیە دڵنیـابووین کە پـاش کەمێکی تـر تووشـی شـەڕێکی نـابەرانبەری داسـەپاودەبین و هەموومـان گیـان لەدەسـت دەدەیـن، بە کـورتی مردنمـان مسـۆگەر کردبـوو، چـونکە دەمـانگوت ئەگەر هەرنـا خزمـانی سـماقە زۆریـان چـوونەتەوە لای مەلا عوزێر و چەکداری ئەون، ئێستا ئەگەر هەربۆ کەلوپەلەکانی خۆیـان بـێن ئەوا توشـی شـەڕ دەبـین، بەڕاسـتی بەڕێککەوت و وەک مـوعجیزە تـا ئێوارە هیچ ڕووی نەداو کە تاریک داهات بەپەلە شوێنەکەمان جێهێشت.

لەوکاتـانەدابوو هەواڵمـانزانی، کە سـەلاح شـینە تەسـلیم بە ڕژێـم بـــووەتەوە و فەتـــاح عەبـــدولڕەحمانی پـــورزام لەگەڵ مەفرەزەیەکـــی پێشمەرگە توشی بۆسەی سەلاح شینە ببوون، پێشمەرگەیەک شـەهید و فەتـاح-ی پورزاشـم برینـدار ببـوو. لەگەڵ سـەباح و گوشـاد و بابەشـێخ ڕۆیشـتین بـۆ دۆزینـەوەی فەتـاح. زۆر گەڕایـن تـاکو لەسـنوری گونـدی قەمبەر دۆزیمانەوە، کێشەکەشـمان لەوە بـوو چـۆن و بە ئۆتـۆمبێلی کـێ بیبەیـنەوە؟ بـارودۆخەکە زۆر دژوار بـوو، متمـانە زۆر کەم بـوو، هـیچ

کەسێک جێی متمانە نەمابوو. بەهەرحاڵ بە ئۆتۆمبێلی عەلی دیبەگە هێنامانەوە سنوری خۆمان، لە شوێنێک لە باشوری گوندی داربەسەری بچووک، کە پێیدەڵێن کەرە هەنارۆکەی مام قادر، ئاودرێکمان بۆ فەتاح ئامادەکرد، شوێنێکی زۆر باش و نادیار و نهێنی بوو، بۆ ئەوەی لەکاتی تەنگانە بیبەینە ئەوێ، چەند مەترێک لەخوار ئەویش شاخێکی ئاودڕ هەبوو، بۆخۆمان دەبوایە لەسەر زگ بچینە ناوی لەکاتی تەنگانە. بۆ کاتی پشوو و نەبوونی مەترسی شاخێکی تر هەبوو بۆ دانیشتن و پشودان. ماوەیەکی زۆر بەم شێوەیە ماینەوەو وامان بڵاوکردبۆوە فەتاح-مان بردووە بۆلای بارەگای مەڵبەند لەدۆڵی سماقوڵی و بالیسان، هەرچەند ڕۆژێک دوو کەسمان لە لای دەبووین و وابڵاوماندەکردەوە، کە ئەم دوو کەسە ڕۆیشتوون بۆلای، بەم شێوەیە نۆرەمان دەکرد. هەتاکو مام و خزمەکانیشی هاتن و تەنانەت دایکیشی هات پێمانی نیشان نەدان. تاکو برینەکەی سارێژبوو، ئینجا هەمومان بەیەکەوە شوێن گۆڕیمان دەکرد.

## وەستانی جەنگی عێراق- ئێران و کاریگەرییەکانی، دیداری کاک کۆسرەت

لە ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٨ لە ئەشکەوتی تەکیەی شێخ مستەفا بووین لە باشوری گوندی داربەسەری گەورە، کە ڕادیۆمان کردەوە خومەینی وەک خۆی گوتەنی پیاڵە ژەهرەکەی خواردەوە و هەواڵی ڕاگرتنی شەڕی هەشت ساڵەی عێراق-ئێرانمان بیست. ئەوکاتەی لەم ئەشکەوتە بووین، بۆکاتی نەبوونی مەترسی و نەبوونی هێزەکانی ڕژێم لە ناوچەکە بۆ پشودان بەکارمان دەهێنا، ئەگینا لەبەرامبەری ئەو

ئەشکەوتە لە سنوری گوندی بایزئاغا کونێک هەبوو زۆر نهێنی و بێگومان بوو، پێیاندەگوت کونە شەمشەمە، بۆیە ئەم ناوەیان لێنابوو، چونکە هەزاران شەمشەمەکوێرەی تێدابوو، هەرچەندە بۆنی پاشەڕۆی شەمشەمەکوێرە زۆر ناخۆش بوو، بەڵام بەناچاری لەکاتی ترس و تەنگانە دەچووینە ناو ئەم کونە.

بەڕاستی بیستنی هەواڵی شەڕ ڕاگرتن زۆر کاری تێکردین، چونکە دەمانزانی ڕژێمی عێراق بە تەواوی دەستی واڵا دەبێت و هەموو هێز و توانای خۆی دژی گەلی کوردستان و شۆڕشەکەی بەکاردەهێنێت و بارودۆخ لە ئێستا خراپتردەبێت. کەوتینە بیرکردنەوە و بڕیارماندا ناوچەکە جێبهێڵین و بڕۆین بۆلای بارەگای مەڵبەندی سێ لە دۆڵی بالیسان.

هەر ئەو ئێوارەیەی کە شەڕ وەستا بەڕێکەوتین، کە: فەتاح، بابەشێخ، فەهد عەلی مەولود، سەباح، ڕزگار، گوشاد و من بووین، بۆ شەو چووینە گوندی گۆمەشین، چونکە دەبوایە بەشە و لەڕێگای کۆیە-هەولێر بپەڕینەوە، لە گوندی گۆمەشین توشی مەفرەزەیەکی تریش بووین، کە ناوی هەموویانم لەیاد نەماوە، تەنیا مام هەژار نەبێت، لەبەرئەوەی فەتاح هێشتا برینەکەی تەواو سارێژ نەببوو، بۆیە گوێدرێژێکمان پێبوو بۆ ئەو، بەڵام گوێدرێژەکە قاچێکی دواوەی شکستە بوو زۆر دەشەلی، دەبوایە لە هەندێک جێگا دەست بە فەتاحەوە بگرین، بۆئەوەی نەکەوێ. هەرئەو شەوە بەڕێکەوتین بەمەبەستی پەڕینەوە لە جادەی نێوان کۆیە-هەولێر، لەوکاتەدا کاروانێکی سەربازی لە هەولێرەوە بەرەو کۆیە دەهات، جاشەکانی ناو ڕەبایەکەی ئاستی گۆمەشین زۆر باش بوون، هەستیان بە ئێمە کردبوو، بەڵام نازانم بەچ

فیلێک بۆ چەند خولەکێک بۆ پەڕینەوەی ئێمە کاروانە سەربازییەکەیان ڕاگرت، ئەگەر نا لەگەڵ کاروانە سەربازییەکە بەریەکدەکەوتین.

لە جادە پەڕینەوە و ڕۆیشتین تاکو گەیشتینە گوندی کاموسەک، عەبدوڵلا تۆفیق بارەگاکەی لە ناو ڕەزێک بوو، دووسێ پێشمەرگەی لەگەڵ بوو، پێموایە بەناوی گومرگی شۆڕش لەوێ بوو، گومرگیان وەردەگرت. کە ئێمە گەیشتینە ئەوێ داوای لە فەتاح کرد، کە لە شوێنی ئەو ئەم کارە بکات و ئەم دەڕوات مۆڵەت وەردەگرێت بەمەبەستی بردنی خێزانەکەی بۆ ئەو دیوی سنور، بۆیە چەند ڕۆژێک لەوێ ماینەوە و بارودۆخەکەش تا دەهات گرژ و ناخۆش دەبوو، بۆمبارانی فڕۆکەکان ڕۆژانە بەردەوام بوو، لە هەردوو دۆڵی نازەنین و بالیسان و شوێنەکانی تریش. شوێنەکەمان بەجێهێشت و ڕۆیشتین بۆ دۆڵی بالیسان، کە لەگەڵ محەمەد، مام جاسم، بەهرام و حەکیم، یەکمانگرتەوە. بارەگای کاک کۆسرەت، کە لە نێوان گوندی خەتێ و توتمێ بوو، چووین بۆلایی و ڕاوێژمان لەگەڵ کرد و هەم پرسیاری بارودۆخەکەمان لێکرد و هەمیش پرسمان پێکرد کە چی بکەین.

کاک کۆسرەت جیای کردینەوە و تەنیا خۆیی و ئێمە دانیشتین، زۆر ڕاشکاوانە قسەی کرد و گوتی: "جاری یەکەم ڕژێم کە هێرشی کرد مەبەستی گرتنی تەواوەتی شوێنەکانی نەبوو ئەگینا سەردەکەوت، ڕاستە پێشمەرگە بەرگرییەکی قارەمانانە و کەم وێنەی کرد، کۆمەڵێک پێشمەرگە و فەرماندەمان لەپێناو بەرگریکردن لە خاکی کوردستان گیانیان بەخت کرد، ئێمە لە ڕاگەیاندنەکان بەرەنگاری ڕژێم دەبینەوە و وا ناوی دەبەین، کە هێرشەکانی ڕژێم شکستیانخواردووە و نەیتوانیووە شوێنەکانمان داگیربکات، بەڵام لەڕاستیدا ئەگەر بیویستایە داگیریدەکرد،

چونکە ئێمە ناتوانین بەرەنگاری کوشندەترین چەکی سەردەم ببینەوە و بۆ هەمیشە خۆمان ڕابگرین، بۆیە پێموایە لەم ڕۆژانە هێرشی ڕژێم دەستپێدەکاتەوە و ئەمجارە شوێنەکانمان بەتەواوی داگیردەکات، بۆیە ئێمە واخەریکین هەندێک دەستەی پارتیزانی بچوک بچوک لە کوڕە ئازا و بوێر و گەنجەکان دروستدەکەین، دابەشیاندەکەین بەسەر ناوچەکاندا و وەک پارتیزان بمێننەوە، هەموو هێزەکەی ترمان لەگەڵ خێزانەکانمان بەرەو سنور و ئەو دیو سنور دەڕۆین. دەربارەی ئێوە ئێمە باش دەتانناسین، کە کەسی شۆڕشگێڕ و تێکۆشەر و دڵسۆزن، بۆیە گرنگ ئەوەیە لەم بارودۆخە دژوار و هەستیارەدا هەرچۆنێک بێت خۆتان بپارێزن، نەفەوتێن و تێدا نەچن، من پێتاندەڵێم ئێوە وەک خزم هەوڵدەن هەرچی دەیکەن پێکەوە بن و لێکدانەبڕێن، ئەگەر خۆتان و خێزانەکانتان دێن بۆ دیوی ئێران، ئەوا من وەک خزم پێتاندەڵێم چیم هەبوو وچیم دا بەخەڵکی تر ئەوا زیاتر بدەم بە ئێوە، بەڵام بەهار ناهێنمە چۆکان و لەوانەیە ماوەیەک نان و ئاو نەبێت، خواردن نەبێت، چادر و شوێنی نیشتەجێ نەبێت ... هتد. ئەگەریش دەچنەوە خوارێ و ناوچەکانی خۆمان باش خۆتان بشارنەوە و هەوڵدەن پارێزراوبن و تێدا نەچن، بەڵام جەختدەکەمەوە لەیەکتری جیامەبنەوە و من ئەم قسە و ئامۆژگارییانە وەک خزم بەئێوە دەڵێم، دڵنیاشم کە ڕژێم لێبوردنێکی گشتی دەردەکات. ئێستاش دەنگۆی دانوستان هەیە، بەڵام ڕژێم بۆ خافڵاندن و دەنگۆ ئەم هەواڵانە بە ناڕاستەوخۆ بڵاودەکاتەوە".

دوای قسەکانی کاک کۆسرەت، ئێمە لێکدابڕاین و پەرتەوازەبووین، مام جاسم گوتی: "من نیەتم وایە لەگەڵ ئەم هێزەی سەرسنور دەڕۆم و پێشمەرگایەتی لە نزیک بنکەیەکی تەندروستی یان نەخۆشخانەیەک

دەکەم، چونکە نەخۆشم". محەممەد گوتی: "من نیەتم وایە پێشمەرگەی پارتیزان بم". حەکیم بە محەممەدی گوت: "منیش لەگەڵ تۆ". هەرچەندە زۆر هەوڵـم لەگەڵ محەمـمەددا کە نـاوی پـارتیزانی نەهێنێت، چـونکە پێیناکرێـت، ڕاسـتە خـۆی پیـاوێکی ئـازا و جەسـور و بـوێرە، بەڵام خێزانـدارە و کۆمەڵێک منداڵی بچـووکی هەیە، بۆیە نـاتوانێ پـارتیزانی بکـات لەم بـارودۆخەدا، وەک پیشــەی هەمیشــەیی وەڵامــی دامەوە و سـوربوو لەسـەر قسـەی خۆی. بەشـێک لەوانـی دیکە چـوون لەدارایـی پارەیان وەرگرت بەنیازی ڕۆیشتن بۆ ئەودیوی سنور، بەڵام تەنیا فەتاح و سـەباح و مـام جاسـم ڕۆیشـتن بـۆ ئەو دیـوی سـنور، چـونکە ئـێمە بڕیارماندا منداڵەکانمان بەرین و ئەوانیش چووبوونەوە شـار، بۆیە ئەم زووە بەو درەنگە ڕانەدەگەیشت.

مـن و گوشـاد بەیەکەوە مـاینەوە، گوشـاد پێیخـۆش بـوو بنێـرین منداڵەکانمان بێن و بڕۆین بۆ ئێران، برادەرێکیش بەڵێنی پێداین ئەگەر بچـین بـۆ ئێـران منـداڵەکانمان بـۆ بـبەن تـاکو سـەر سـنور لە ڕێگـای جاشـەکانەوە، بەڵام مـن ئەوەنـدەی بیرمـدەکردەوە لەگەڵ ئەوەنەبـووم بچـین بـۆ ئێـران، دوای گفتوگـۆیەکی زۆر لەگەڵ گوشـاد، ڕازی بـووم بچین بۆ ئێران، بەڵام من ئەگەرێکم تێخست، نامەمـان نوسـی بۆ مـاڵەوە کەبێن بۆ سماقوڵی گرتک لای ماڵی سەباح حاجی عەبدوڵڵا.

سەباح پیاوێکی زۆر باش و خزمدۆست و نەرم و نیان بوو، زۆر حەزی بە هاوکـاری و یارمەتیـدانی خەڵکـی تـر دەکـرد، دوای ڕاپەڕینـی بەهاری ١٩٩١، لە کورەیەکی تاواندنەوەی فافۆن و سفر کاریـدەکرد، بـۆ پەیـداکردنی بژێـوی خـۆیی و مـاڵ و منـداڵی، کە بە داخەوە کـورەکە تەقیەوە و سوتا و گیانی لەدەستدا.

ئەو نامەیەی بۆ ماڵەوەم نوسیبوو، تیایدا کۆمەڵێک مەرجم دانابوو، کە نوسیبووم منداڵەکان دابەشبکەن و دوانە بچوکەکە، واتە کۆچەر و ڕێژین بهێنن و دوانە گەورەکە، هۆشمەند و ئەڵوەند لای دایکم و باوکم بەجێبهێڵن، بۆیە پێشنیاری ئەو بەرنامەیەشم کردبوو، پێموابوو ئاینده و چارەنوسمان نادیارە و نازانین چیمان بەسەر دێت، بۆیە وامدانابوو منداڵەکان نیوە لای دایکم و باوکم بن، نیوەش لای خۆمان بن، گەر هەرلایەکمان فەوتاین تەنیا دوان لەمنداڵەکان بفەوتێن و دوانەکەی تر پارێزراوبن.

منداڵەکان لەگەڵ باوکم و لەگەڵ خێزانی گوشاد هاتن بۆ سماقوڵی و تەماشادەکەم هەرچواریان هێناوە، لەوێ زۆر گفتوگۆمانکرد خێزانم نەیسەلماند و گوتی: "هەرچواریان نەبەین منیش دەگەڕێمەوە و نایەم"، منیش نەمسەلماند، کە هەرچواریان ببەین، لەڕاستیشدا هەر خۆم حەزم لە ئێران نەبوو، ئەوەم کردە بیانوو بۆ نەچوون بۆ ئێران. باوکم گەڕایەوە بۆ هەولێر و ئێمە و منداڵەکان لە ماڵی سەباح حاجی عەوڵای سماقوڵی گرتک ماینەوە، هۆیەکی تری مانەوەشمان هەر لە سماقوڵی بۆ ئەو چەند ڕۆژە هەر هەواڵی مفه حەیاتەکە (مفاوەزات) بوو.

پێویستە ئاماژەی پێبدەم برادەرانی ح. ش. ع بارەگایان لە ئاوەگرد بوو، ئازوقەیەکی زۆریان هەبوو، لەگەڵ گوشاد چووین و داوامانلێکردن باری گوێدرێژێک ئازوقەمان هێنا لە هەموو جۆرێک. دوای چەند ڕۆژێک دەنگوباسی هێرش و پەلاماری ڕژێم بۆ سەر ناوچەکە بڵاوبوویەوە، بۆیە شەوێک منداڵەکانمان ناردەوە بۆ هەولێر، خۆشمان گەڕاینەوە بۆ ناوچەی خۆمان.

دوای ئەوەی گەڕاینەوە ناوچەی خۆمان هەر ڕۆژە و لەشوێنێک و لەکونە شاخێک خۆمان دەشاردەوە، تاکو گوتیان ڕژێم لێبوردنی دەرکردووە، بەڵام لە ڕاستیدا سەرەتا لێبوردن نەبوو، بەڵکوو نادیمەن بوو، بەڵام دوایی گۆڕابوو بە لێبوردن.

## تەسلیم بونەوە بە ڕژێمی عێراق

وارێکەوت هەموو خزم و برادەرانی تر پێش ئێمە چوونەوە، چەند شەوێک تەنیا من و بەهرام مابووینەوە، ڕۆژێکیان عەیشێی ئامۆزام، کە خێزانی بەهرامە، هات و نامەیەکی محەمەدی بۆ هێنام، کە تێیدا نوسیبوی هەموو خەڵک هاتۆتەوە و هیچ مەترسیەک نیە و ئێوەش وەرنەوە. بۆیە من و بەهرام-یش تەسلیمبووینەوە، پێموایە لە ڕێککەوتی ١٩٨٨/٨/٢٨ بوو. لە تەق تەق دووسێ جەیشی شەعبی لەوانە: کوێخا تەهای مەرزان و کوێخا زراری باغەژنێر و چەند کەسێکی تربوون ئێمەیان بردە کۆیە، لەوێش پێیانڕاگەیاندین پاشنیوەڕۆ ئەوەی فیرارە بچێتە ڕێکخراو (منظمة)، ئەوەشی دواکەوتووە (متخلیفە) بچێتە قوتابخانەی ئولا، بۆیە من ڕۆیشتم بۆ قوتابخانەی ئولا و بەهرام-یش بۆ ڕێکخراو (منظمة).

لە قوتابخانەی ئولا دوای پڕکردنەوەی فۆڕمێک لەسەر زانیاری کەسێتی، نوسراویان بۆکردم بۆ فەرمانگەی سەربازگیری (تجنید)، دامنابوو چەند ڕۆژێک پشوو بدەم ئینجا نوسراوەکە ببەم، بەڵام کەهاتمە دەرەوە یەکسەر هەواڵی گرتن و شوێن بزرکردنی بەهرامیان پێڕاگەیاندم، بۆیە سەیرمکرد دۆخەکە زۆر دژوارە و ئەو خەڵکانەی تەسلیمیش بوونەتەوە زۆر کەمیان وەک من کۆنە پێشمەرگەن،

لەبەرئەوە بڕیارمـدا، تـا زووە بـڕۆم بـۆ فەرمـانگەی سـەربازگیری و ڕەوانەی سـەربازی بکرێم. لێرە شـتێکم لەسـەر بیرتیژی بە بیرهـاتەوە، مامۆسـتا عەلـی حەمەد، کە لە سـاڵانی ١٩٦٨-١٩٦٩ مامۆسـتای وێـنە کێشـانمان بـوو، لە دواناوەنـدی کـۆیە، یەکێـک بـوو لەو مامۆسـتا و فەرمـانبەرانەی کە هێنابوویـانن فۆڕمەکـانی ئێمەیـان پڕدەکـردەوە، کە چوومە بەردەمی، یەکسەر گوتی: "عەلی مەحموود کێ؟" واتە تەنیا ناوی باپیرمی لە بیر چووبوو، پێم سەیر بوو ئەوەندە بیری تیژ بوو، دوای بیست ساڵ ناوی خۆم و باوکمی لە بیرمابوو.

## چوونەوە بۆ سەربازی

ئەوەبوو چومە فەرمانگە و لەگەڵ چواردە کەسی تر بەڕێیانکردین بۆ سەربازگەی هەولێر، لەوێشـەوە یەکسـەر بەڕێیانکردین بۆ ناوەندی مەشـق و ڕاهێنـانی دیـوانیە، کە گەیشـتینە ئەوێ، بە هەزاران کەس لەم سەربازگەیە کۆببۆوە، نە نان هەبوو نە ئاو هەبوو، ژیانێکی زۆر دژوار بـوو، نـزیکەی چـوار ڕۆژێـک لەوێ مـاینەوە و پاشـان بەشـێکمان بەڕێکراین بۆ سـەماوە، هەر بەنـاو سـەرباز بووین، جلکی سـەربازیمان وەرنەگرتبـوو، وەک پێویسـت ئەرک و ڕێنماییەکـانی سـەربازیان پێنەدەکـردین، هەرچەنـدە سـەیری دەوروبەرەکەم دەکـرد، کەسـێکم نەدەدیتەوە لەم سـەربازگەیە وەک مـن پێشـمەرگەی کۆن بووبێت، دڵـم زۆر تەنـگ بـوو، زۆر پەشـیمانبووم لە تەسـلیمبوونەوەکەم، دەمگـوت خـۆزگە ڕێگـای چـوونە ئێـرانم هەڵبژاردبـوایە، ڕۆژانـی پێـنج شـەممە و هەینی، کە دادەبەزیم هیچ خولقی ئەوەم نەبوو بچمە بازاڕ و چایخـانە و پیاسـە و گەڕانـی ناوکۆڵانەکـان، بە پێچەوانەی هەمـوو ئەوانـی تـر، مـن

لەگەڵ محسینی مامم قادر دەچووومە سەر زێی فوڕات دادەنیشتم، ڕۆژێکیان پیاوێک کە بەزازبوو دوکانی لە نزیک زێیەکە بوو، هاتە لامان و دوای چاک و چۆنی، زۆر بەگەرمی فەرمووی لێکردین بۆ دوکانەکەی، چای بۆ بانگکردین و دانیشتین و خۆمان بەیەکترناساند، ناوی ئەبو عومەر بوو خەڵکی بەسرە بوو، لەبەر شەڕی ئێران-عێراق و بۆردومانی بەسرە ماڵەکەی هێنابووە سەماوە، پیاوێکی زۆر باش بوو، زۆر دژی ڕژێم بوو، پێوەی دیاربوو کە هەست و سۆزێکی لە ڕادە بەدەری بۆمان هەبوو، ئیتر بووین بە هاوڕێ و هەموو جارێک کە دادەبەزین یەکسەر دەچووین بۆلای، جگە لەچای، زۆر جار بەزۆر نانیشی بۆ بانگ دەکردین، ئەوکاتە تەلەفۆنی نۆرماڵ هەبوو، لە دوکانەکەی تەلەفۆن هەبوو، بەزۆر هەوڵیدەدا کە تەلەفۆن بۆ ماڵەوە بکەین. ماوەیەک لەم سەربازگەیەی سەماوە ماینەوە بێ ئەوەی هیچ شێوازێکی سەربازیمان پێوە دیاربێت، ژیان و گوزەرانمان زۆر ناخۆش بوو، تاکو ڕۆژێکیان سەدام حسین لێبوردنی گشتی دەرکرد، بۆ بەیانیەکەی کە دابەزین چووین بۆلای ئەبو عومەر یەکسەر لەباوەشی گرتین و چەندجارێک ئەم لاو ئەولای ماچکردین، گوتی: "من لەناخەوە بۆ ئێوە دەسوتام، چونکە بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای سەماوە دراوسێمە و زۆر لێکتر دڵنیاین و بۆی باسکردبووم کە ئێوە هەموتان ئەنفال دەکرێن، منیش زۆر خەمم بوو، و پێمدەگوت دوو کەسیان زۆر هاوڕێمن بۆیە دوێنێ کە لێبوردنە گشتیەکە دەرکرا یەکسەر هاتوو پێیگوتم مژدەم بدێ هاوڕێکانت لەناونابرێن و ئازاد دەبن".

دوای چەند ڕۆژێک گواستراینەوە بۆ سلێمانی و ئینجا لەوێوە بۆ هەولێر و دوای ماندوکردنێکی زۆر و هێنان و بردنمان بەسەلماندنی

نەژادی کوردیمـان (القـومیە الکـوردیە) لە سـەربازی ئازادیـانکردین، کە ئەم کـــاتە وابـــاوبوو پێیانـــدەگوتن ٧٣٦و ٧٣٧، دوو سایدەکەشـــیان پێدەگوترا، چونکە بڕیاری لێبوردنەکەمـان و تسـریحکردنەکەمان ژمـارە ٧٣٦و ٧٣٧ بوو. ڕۆژی تەسریحبوونەکەم لە ١٩٨٨/١١/٢٣ بوو.

## شوفێری تاکسی

دوای ئەوەی کەوتینەوەماڵەوە و من هیچ کار و پیشـەیەکم نەبوو، چـونکە لە پیشـەی فەرمـانبەریم وەرنەگیـرامەوە و هـیچ پیشەیەکیشـم نەدەزانی، هەندێک ئاڵتونی خێزانەکەم هەبوو فرۆشتم تەکسیەکی جۆری لادام پێکڕی، دوای مـاوەیەک لاداکەم فرۆشـت و لەگەڵ هەنـدێک پـارەی وەلی برام، بەڕازیلیەکی مۆدێل ١٩٨٣م کڕی.

هەرچەنـــدە مـــن دان بەوە دادەنـــێم، کە ئەوســـاش و ئێســـتاش شـوفێریەکەم زۆر بـاش نیە، سـەرەڕای ئەوەش کـاری شـوفێری بـۆمن نەدەگونجـــا، کـــابرایەکی کـــۆنە پێشـــمەرگەی تەســـلیمبۆوە و پێشـــتر فەرمـانبەر، ئەوکـات خـاوەنی چوارمنـداڵ و سـەدان کێشـە و گرفـت و داڵغەم هەبوو، زۆرجـاران واڕێکدەکەوت نەفەر دەسـتی بەرزکـردۆتەوە، تـا بـۆی ڕاگـرم، ئاگـام لێـی نەبـووە و تێـپەڕیمە و تەکسـیەکی تـر هەڵیگرتووە. جار هەبوو نەفەر لە دابەزین بوو یان لەسواربوون بوو قاچێکی هەر لەسەر زەوی بوو من دەڕۆیشتم، کابرا هاواریدەکرد قـاچم شکا، بەڕاستی بۆمن پیشـەیەکی زۆر سـەخت و بێ سـوود بـوو، جگە لەمەش چەند وردە دەعمێکیشم کرد.

## گرتنی کوێت و چوونەوە بۆ سەربازی

جارێکی تر دوای گرتنی کوێت بوومەوە بە سەرباز، سوپای عێراق لە ڕێککەوتی ١٩٩٠/٨/٢ چووە ناو کوێت و ئێمەش بانگهێشتکراینەوە بۆ سەربازی، کە سەرەتا بردیانم بۆ موسەیەب، بەهەمان شێوەی جاری پێشوو خەڵکێکی زۆریان لەم شارۆچەکە و سەربازگەیە خزاندبوو، بارودۆخێکی زۆر دژوار بوو، خواردن و خواردنەوە نەبوو، شوێن نەبوو، ئێمە چەند برادەرێک لە ئوتێلێکی زۆر پیس دەخەوتین، بەهەمان شێوەی سەماوە دوکاندارێک ببووە هاوڕێم، بەداخەوە ناوەکەیم لەیاد نەماوە، ڕۆژێکیان بوو بەهەڵلا لە چێشتخانەیەکی نزیک. دوو سێ کورد لەم سەربازانەی خۆمان دیارە زۆر تامەزرۆ و برسی بووینە یەک لەو شیشانەی کە مریشکی پێوەیە و دەسوڕێ بۆ برژاندن، بەشیشە و مریشکەوە ڕفاندبوویان، خاوەن چێشتخانەش کەوتبووە دوایان، ئەو پیاوەی کە من لای دانیشتبووم خاوەن چێشتخانەکەی بانگکرد و گوتی: "نرخەکەی چەندە من دەیدەم وازیان لێبێنە". من زۆر پێی تێکچووم، دیارە بۆم نەدەشاردرایەوە و بەروخسارمەوە دیاربووە، چونکە کورد بوون و ئەم کارە ناشیرنەیان ئەنجامدا، هاوڕێ دوکاندارەکەم دڵی دامەوە و گوتی: "هیچ پێ خەمبار مەبە، هەردوو لایان مافی خۆیانە، هەم خاوەن چێشتخانەو هەمیش سەربازەکان"، منیش گوتم: "چۆن هەردوولا مافیانە؟" گوتی: "کەی سەربازی ئاوایە شوێنی نەبێ، خواردن و خواردنەوەی نەبێ و مووچەیەکی نەبێ، ئەم ڕژێمە بۆگەنە ئەم خەڵکەی لێرە خزاندووە بێ ئەوەی پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکات، ئەوانەش برسی و تامەزرۆن لەبرسان ئەم کارەیان کردووە، کەواتە مافی خۆیانە، خاوەن چێشتخانەکەش ماڵی خۆیەتی و ئەویش مافی خۆیەتی بکەوێتە دوایان، کەواتە تاوانبار ڕژێمە".

دوای ئەوە گواستراینەوە بۆ کۆگاکانی (هبنە) لە بەغدا، خولی ڕاهێنانی کۆگایان پێ ئەنجامداین بۆ ماوەی ٤٥ ڕۆژ، دواتر من و دوو برادەری تر گواستراینەوە بۆ فەسیل مزخراتی فرقەی پەنجا، کە ئەوکاتە بارەگاکەی لە نێوان کەلار و کفری بوو. فەرماندەی فەسیل ملازمی یەکەم سائیبی ناو بوو، مجند بوو خەڵکی پارێزگای ئەنبار بوو، دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی و لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٣ بوو، زۆر ڕوح سوک و خۆش مەشرەب بوو، ڕێزی زۆر دەگرتم، هەمووجار پێیدەگوتم: "ئەگەر کەس دیارنەبوو سڵاوی سەربازیم بۆمەکە"، بارەگای فەسیلەکەمان تەنیا بوو، سێ-چوار کیلۆمەتر لە کەتیبەی هەندەسەوە دوور بوو، هەروەها گوتی: "بۆ بابەتی پاسەوانیش بەئارەزوی خۆتان دەیگرن یان نایگرن". چەند ڕۆژێک بوو پاسەوانیمان نەدەگرت، ڕۆژێکیان بە هاوڕێکانم گوت، کە هەموومان کورد بووین، تەنیا یەک موسڵاویمان لەگەڵدابوو، گوتم: "بۆ سەلامەتی خۆمان پاسەوانی بگرین باشترە".

دوای ماوەیەک گواستراینەوە بۆ زوبێر لە پارێزگای بەسرە، چووینە ناو بارەگایەکی جەیشی شعبی لەگەڵ کەتیبەی هەندەسە بەیەکەوە، فەرماندەی کەتیبە بڕیاریدا هیچ کەسێک لە ناو سەربازگە نەمێنێتەوە و لە دەرەوەی سەربازگە پەناگەی دوو نەفەری بۆخۆمان دروستبکەین، بەتایبەت بۆ شەوان، من و محەمەد تاهیر، کە لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی جەدیدەی لەک بوو و ماڵیان لە گەڕەکی سەیداوەی هەولێر بوو، چووینە لای فەرماندەی فەسیل و پێمانگوت ئێمە بەرپرسین لەکەلوپەلی ئۆتۆمبێل ئەگەر شەوانە فەوج و لیواکان هاتن بۆ کەلوپەل چۆن دەماندۆزنەوە، کە ئێمە لەپەناگادابین، ئەویش چوەلای فەرماندەی کەتیبە و مۆڵەتی بۆ وەرگرتین کە من و محەمەد

تاهیر و وائل ناوێک، کە خەڵکی موسڵ بوو، لە ناو سەربازگە بمێنینەوە، واتە لە یەکێک لە ژوورەکان بخەوین.

## هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەر عێراق و ڕاکردن لە سەربازی

یەکەم شەوی دەستپێکردنی بۆردومانی ئاسمانی لە لایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە لە کاتژمێر ٣ی بەرەبەیانی ١٩٩١/١/١٧ بوو، یەکپارچە ئاسمان و زەوی بوو بە ئاگر، ژووری نوستنەکەمان دەهەژا. محەممەد و وائل هەڵسانەوە گوتیان: "چی بکەین؟" گوتم: "ئەم شەو هیچ ناکرێ و لەشوێنی خۆتان دانیشن، چونکە گەر بچینە دەرەوە هەر ٥٧ملم و دۆشکەی هێزەکانی عێراق لەناومان دەبات، ئەگەر ئەم شەو ڕزگاربووین و نەکوژراین بەیانی ئێمەش لەدەرەوەی سەربازگە پەناگە دروستدەکەین". ئەوەبوو بۆبەیانیەکەی پەناگەیەکمان دروستکرد.

کاتی دەسپێکردنی بۆردومانی ئاسمانی نۆرە مۆڵەتی من بوو مۆڵەت ڕاوەستا، دوای چەند ڕۆژێک کرایەوە، بەڵام سێ ڕۆژ، فەرماندەی فەسیل بانگی کردم و گوتی: "بێجگە لەسێ ڕۆژەکە دوو ڕۆژ مەئموریەتت بۆدادەنێم، کە دەبێتە پێنج ڕۆژ، بەڵام دەچی لەکۆگاکانی ئەبوغریب هەندێک واژۆی وەرگرتنی کەلوپەل هەیە بیانکە"، گوتم: "گەر بۆم نەکەی بە هەشت ڕۆژ ناڕۆم"، زۆرمان گفتوگۆکرد دەیگوت: "اعدامم دەکەن". لەکۆتاییدا سەلماندی و بۆیکردم بە هەشت ڕۆژ، ئینجا گوتم: "گەورەم دەبی دوو نمونەی مۆڵەتی بەتاڵیشم بدەیتێ". پێکەنی و گوتی: "دەگەڕێیەوە بۆ سەربازی یان نا؟" گوتم: "سەیری بارودۆخەکە دەکەم ئەگەر بۆم بگونجێ ناگەڕێمەوە". گوتی: "ئەگەر گەڕایەوە نەختێک هەنگوینی کوردستانم بۆبێنە، براژنێکم نەخۆشە و دەڵێن بە هەنگوین چاکدەبی، ئەگەریش نەگەڕایەوە گەردەنم ئازادبکە".

ئۆتۆموبێلێکی سەربازی جۆری ئۆڕاڵ، کەلوپەلی بۆ هێنابووین و دەگەڕایەوە بۆ بەغدا، لەگەڵی سەرکەوتم و بەرەو بەغدا بەڕێکەوتین، بارودۆخێکی یەکجار ناخۆش بوو، بە درێژایی ڕێگا چەند جارێک فڕۆکە هاتوو بۆردومانی کرد، ڕێڕەوی سەربازانیش هەر لە کوێتەوە تا بەسرە و میسان و کوت و بەغدا لە کۆچڕەو زۆر قەرەباڵغتربوو، جۆرەها ئۆتۆموبێل بە پڕ سەربازەوە بە ڕێگاوەبوون، بە عەرەبانەی تەراکتۆر، بە وڵاغ و عەرەبانە، بە پیادەڕۆ، دیمەنێک بوو زمان ناتوانێت وەسفی بکات، بیرمدەکردەوە ئەم ڕژێمە توندوتیژەی بەعسی دیکتاتۆر، کە خەڵک لە ماڵی خۆی لە ژورەوە نەیدەوێرا باسی بکات، ئەوا ئیمڕۆ بەبۆنەی کرانەوەی سێ ڕۆژ مۆڵەت بۆ ئەم سەربازانەی کە شایستەی مۆڵەتن، کەچی دەهێندە زیاتریش بەبێ مۆڵەت وابەڕێوەن و سەربازگەکانیان جێهێشتووە و هیچ بازگە و بنکەیەکیش لێیاننناپرسێت و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ ناکات و نایانگێڕێتەوە، بیرم لێدەکردەوە و سەرم دەسوڕا ئەمە حکومەتی بەعسی فاشیستە ئەوها سوک بووە!

لە ڕێگا زۆرم هەوڵ لەگەڵ شوفێرەکەدا، کە خێری دەگات هەندێک سەرباز هەڵبگرێ، بەڵام پیاوێکی زۆر تڕوهات بوو، گوتی: "تۆ بەرپرسیاریەتی هەڵدەگری من توشی ڕوداوێک بم لە ڕێگا؟" بۆیە بەقسەی نەکردم.

گەیشتینە بەغدا شەوەزەنگ و تاریکستان بوو، ئەم بەغدایەی کە بەشارێکی جوان و شاری ئاشتی ناسراوە، بۆنی خوێنی لێدەهات. گەیشتینە نەهزە و من دابەزیم، یەکسەر بەغدا کەوتە بەر هێرشی بۆردومانی فڕۆکەی هاوپەیمانان، بەغدا لە شارێکی چۆلی وێران دەچوو، چەند پیرێژنێک لەسەر شۆستەکان جۆرە نانێکیان دروستدەکرد

ڕەش ناشیرین بچوک و دڕ، کە خاوەن مەڕەکان دڵیان نایە بیدەن بە سەگەکانیان.

بە پاسێک چوومە گەراجی عەلاوی، لەوێشەوە سورابووم بۆ ئەبوغرێب، هەرچەندە دەمتوانی نەچم بۆ ئەبوغرێب، چونکە من بڕیارمدابوو کە نەگەڕێمەوە بۆ سەربازی، بەڵام وەک وەفایەک کە بەڵێنم بە ملازم سائیب دابوو بۆیە چووم و واژۆکانم بۆکرد و هەر لەگەڵ گەیشتنم بۆ ناو کۆگاکانی ئەبوغرێب، یەکسەر فڕۆکەی هاوپەیمانان گەیشتنە ناوچەکە و بۆردومانیانکرد، هەرچۆنێک بێت واژۆکانم کرد و گەڕامەوە بۆ بەغدا، کە گەیشتمە گەراجی نەهزە هەرچەندە کەسمان ڕۆژی حەشرمان نەبینیووە، بەڵام بەپێی ئەو وەسفەی دەیکەن و باسدەکرێ لە ڕۆژی حەشر دەچوو، بە هەزاران سەربازی لێ کۆببۆوە و یەک ئۆتۆمبێلیشی لێ نەبوو، منیش زۆر بەغەمباری لە سوچێک دانیشتبووم و بیرمدەکردەوە، بەم شێوەیە مۆڵەتەکەم تەواودەبێت ئۆتۆمبیل نابێت بگەڕێمەوە بۆ هەولێر، لە پڕێکدا گەنجێک هات دوای سڵاوکردن گوتی: "دێی بۆ کەرکوک؟" منیش گوتم: "بەچی؟" گوتی: "بە پاس"، گوتم: "پێم ڕادەبوێری؟!" سوێندی خوارد بەڕاستیمە و ڕابواردن نیە و ناوێرین پاسەکە بێنینە ناو گەراج لەوانەیە بیشکێنن، بەدەست ئاماژەی بۆ ئەو کۆڵانە کرد کە پاسەکەی لێ وەستابوو، چووم و بەئاسودەیی سەرکەوتم، بەم شێوەیە نەفەریان تەواوکرد و ڕۆیشتین بۆ کەرکوک، لەوێشەوە چوومەوە بۆ هەولێر.

مۆڵەتەکە تەواوبوو، هەردوو نمونەی مۆڵەتەکەشم پڕکردەوە ئەوانیش تەواوبوون، پاشان بووم بە سەربازی ڕاکردوو، ئەوەبوو هێرشی وشکانی کرا و پاشان ڕێککەوتنی (صفوان)، کە ١٩٩١/٣/٣

مۆرکرا و شەڕ ڕاوەستا، ڕاپەڕینەکانی باشووری عێراق دەستیانپێکرد و جموجۆڵ لە کوردستانیش پەیدابوو[١].

## ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ی باشووری کوردستان

ڕێککەوتی ٦ی ئازاری ١٩٩١ ح. ش. ع لە شاری هەولێر وەک تاقیکردنەوەیەک بۆ هێز و پێگەی خۆیان گردبونەوەیەکیان لە ناو بازاڕی هەولێر ئەنجامدا و منیش لەماڵەوە دانیشتبووم، محەمەدی ئامۆزام، کە ئەویش سەربازی ڕاکردوو بوو، ماڵی لە ئۆردوگای کەورگۆسک بوو، هاتبووە هەولێر و کە ئەم دەنگوباسەی گردبونەوەیە دەبیستێ بە پرتاوی خۆیکرد بەژورێداو گوتی: هەستە بڕۆین ئەم بنکەی پۆلیسە بگرین، کە بنکەی پۆلیسی پاسەوانی ماڵەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانان و جێبەجێکردن بوو، لەسەر شەقامی شەست مەتری، کە شوێنەکەی ئێستا تاقیگەی میدیایە، منیش گوتم: بەچی بیگرین خۆ چەکمان پێ نیە، گوتی قڵیشاوە حکومەت نەما، هەرچۆنێک بێت ڕازیمکرد کە بچین بۆ لای ماڵی حەمیدی خاڵم ڕەئوف، نزیکیش بوو لە ماڵی هەندێک خزمی تر، کە زۆربەیان پۆلیس و چەکداربوون، گوتم: هەرنەبێ چەکمان لەوێ دەستدەکەوێ، کە گەیشتینە پێش دەرگای ماڵیان پانە و پانی کەندی سەیداوە خەڵک ڕایدەکرد، چەکدارەکانی مامەند قەشقە و هەندێک دەستەی ئەمن تەقەیان لەخەڵک کردبوو، خەڵکەکە شوێنی گردبونەوەکەیان چۆڵکردبوو، بەم شێوەیە گردبونەوەکە بێ ئەنجام کۆتایی هات. ئەوە لە کاتێکدابوو کە ڕۆژی ٥ی ئازاری ١٩٩١ ڕانیە ئازادکرابوو.

---

(١) ڕاپەڕینی ١٩٩١ی شیعەکان لە خوارووی عێراق و باشووری کوردستان لە ئاکامی چەندین هۆکارەوە بوو، بۆ هۆکارەکانی ڕاپەڕینی ١٩٩١ بڕوانە: (هۆشمەند عەلی مەحمود: ڕاپەڕینی شاری هەولێر ساڵی ١٩٩١-توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسیە، چ١، چاپخانەی شهاب-هەولێر، ٢٠٠٩، ل٢٣-٦٦).

ڕادیـۆیەکی جـۆری ناشـناڵی سـێ مەوجمـان هەبـوو، کە لە سـاڵی ١٩٨٠ کڕیبووم، دایکم (خەجیج)، خوالێیخۆش بێت، هەستی کوردایەتی زۆر بەهێزبـوو، بەدرێژایـی شۆڕشـی نـوێ خەریکـی ئەم ڕادیـۆیە و گـوێگرتن لە دەنگی گەلی کوردسـتان بـوو، یەک چرکەش لە گـوێگرتن لەهەواڵەکانی ئەم ڕادیۆیە دوانەدەکەوت. بەتایبەتی لەکاتی دەستپێکردنی ڕاپەرینـــی ١٩٩١. هەمیشـــە دراوســـێکانمان دەهـــاتن یـــان لەگەڵـــی گوێیانـدەگرت یـان لێیـان دەپرسـی دەنـگ و بـاس چـیە و ئەویـش بـۆی باسدەکردن.

دایکم لەگەڵ ئەوەی ژنێکی نەخوێندەواری لادێی بوو، نەخۆش بوو، ڕۆماتیزمی هەمیشەیی هەبوو، بەڵام زۆر بە غیرەت و خاوەن هەڵوێست و هەســتی نەتەوەیــی زۆر بەرز بــوو، کە تەســلیمبوومەوە زۆر پێــی تێکچوو، مردنی خۆم و خۆی لەم تەسلیمبوونەوەیە پێباشتر بوو.

## ئازادکردنی شاری هەولێر

ڕۆژ بەڕۆژ ڕاپەڕیـن تەشـەنەی دەکـرد و شـار و شـارۆچکەی تـر ئــازاد دەکــران. وەک خۆئامــادەکردن بــۆ ڕاپەڕینــی شــاری هەولێــر، دەستەیەکم لەو خزم و دۆستانەی، کە چەکیـان هەبـوو پێکهێنـا، ئەوانەی لە یـادم مـابن: وریـا حەمشـین، مـزەفەر کەریـم، حەمید ڕەئـوف، سـەباح حەمید، ڕەقیب فەتاح، دلێر مشیر، (ئەحمەد وەهاب[١])، کوڕێکی تـر نـاوی

---

(١) شەهید ئەحمەد وەهاب: ئەحمەد عەبدولوەهاب فەتحوڵڵا کاوێس، ساڵی ١٩٦٧ لە گوندی ئیلنجاغی گەورە لەدایکبووە، تاکو پۆلی شەشی سەرەتایی خوێندووە، لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ بەشداریکردووە لە ئازادکردنی شاری هەولێر و کەرکوک، پاشـان چۆتە هێزی تـایبەتی سـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیـران، جێگری فەرماندەی سریە بـووە، لە زۆربەی شـەڕەکانی پاراسـتنی دەسـتکەوتەکانی ڕاپەڕیـن بەشـداریکردووە، لە ٣١ی ئـابی ١٩٩٦ لە دووڕیـانی دارەتوو بە تـۆپی تانکەکـانی ڕژێمـی عێـراق شـەهیدبووە، لە گۆڕسـتانی سـەید مەعـرف لە شــاری هەولێــر بەخــاک ســپێردراوە. ئەم زانیارییــانە لە بەڕێــز (دیــاری عەبـدولوەهاب) وەرگیراوە.

محەممەد بوو لە خزمانی گوندی تاڵەبانی گەورە بوو، کە ڕۆژی ١١ی ئازار بەشداریمانکرد لە ئازادکردنی شاری هەولێر[١].

لە ڕاستیدا، من دوای تەسلیمبوونەوەم، هیچ پەیوەندیەکم بە ڕێکخستنەوە نەمابوو و هیچ پەیوەندیەکم لەگەڵ هیچ بەرپرسێک لە ناوەوە و دەرەوەدا نەبوو، کاتێک بارودۆخەکە بەرەو گۆڕان دەچوو، نیشانەکانی لاوازی ڕژێم و ڕوودانی ڕاپەڕین ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەردەکەوتن، هەندێک خزم و دۆستی نزیک و چەکدار لە پۆلیس، جاش و جەیشی شەعبی، بە حوکمی ئەوەی لەوان بە تەمەنتر بووم و پێشمەرگەی کۆنیش بووم، هاتنە لام و منیش لە مەفرەزەیەک ڕێکمخستن و ڕۆژی ڕاپەڕینی هەولێر بەشداریمانکرد لە گرتنی فرقەی فاروق، کە لە شوێنی دانیشتنی خۆمانەوە نزیکبوو، ئەو ڕۆژە لەگەڵ ئێمە محسین مەلا عەبدوڵلا بریندار بوو، کە خەڵکی گوندی سماقەیە و ماڵی لە هەولێر لە گەڕەکی سەیداوە بوو، دۆست و ناسیاوێکی نزیکین. هەر لە گرتنی فرقەی فاروق، کوڕێکی ڕەسووڵی خاڵ حەمیدی داربەسەری بچووک شەهید بوو، بەڵام لە دەستەکەی ئێمەدا نەبوو.

دوای ئازادکردنی هەولێر، هەر ئەم ڕۆژە لە (مەرکەز شباب) چوومە لای کاک کۆسرەت و پێمگوت کە مەفرەزەیەکم دروستکردووە و بەشداری ڕاپەڕینی هەولێرمان کردووە، دەستخۆشی لێکردم و گوتی: "برۆ بارەگایەک دابنێ". ئەوە بوو لە یەکێک لە خانووەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانان و جێبەجێکردن خانویەکمان گرت و کردمانە

(١) بۆزانیاری زیاتر دەربارەی ڕاپەڕینی شاری هەولێر، بڕوانە: (هۆشمەند عەلی مەحموود: ڕاپەڕینی شاری هەولێر لە ساڵی ١٩٩١دا، سەرچاوەی پێشوو).

بارەگـا، دواتـریش بـۆ هەمـان مەبەسـت، پەیوەنـدیم بە (عەبـدولڕەزاق سێگرتکانی[١])ەوە کرد.

## بەشداری کردن لە ئازادکردنی شاری کەرکوک

دوای ئـازادکرنی شـاری هەولێـر، لە ئـازادکردنی شـاری کەرکـوک بەشداریمانکرد[٢]، ئەوکاتەی بەڕێکەوتین لە هەولێرەوە بەرەو کەرکوک، کە دەسـتەکەی ئـێمە مـن لێپرسـراویان بـووم و هەموشـمان خـزم و ناسیاوی یەکتری بووین، جگە لەوانەی لە بەشداریکردن لە ئازادکردنی هەولێر ناوم هێناون، سێ کەسی تر هاتنە دەستەکەمانەوە، کە یەکێکیان کەریم فەتاح، خەڵکی داربەسەری بچوک بوو، دوانەکەی تر ناسیاوی ئەحمەد وەهاب بوون، یەکێکیان ناوی لوقمان بوو، ناوی ئەوەی تریشم لە یاد نەماوە، هەروەها سەباح حەمید دیاربوو زۆری پێ خۆش نەبوو بێ و ئەو ڕۆژەش هەواڵـی شـەهیدبوونی سـەردار فەتـاح-ی ئـامۆزای هـاتبوو لە شـاری کەربەلا، سـەردار سـەرباز بـوو، پـێش سـەرهەڵدانی

(١) شەهید عەبدولڕەزاق سێگرتکانی: عەبدولڕەزاق محەممەد عومەر مەولود، ساڵی ١٩٤٨ لە گوندی سێگرتکان لەدایکبووە، دەرچووی پەیمانگای زانستە ئیسلامیەکانە، ساڵی ١٩٦٦ پەیوەنـدی بە یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان کـردووە، سـاڵی ١٩٧١ پەیوەنـدی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کردووە، ساڵی ١٩٧٥ بووەتە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە، ساڵی ١٩٧٦ بووەتە لێپرسراوی ڕێکخراوی هەولێری کۆمەڵە، ساڵی ١٩٧٨ لەلایەن ڕژێمی عێراق دەستگیرکراوە، ١٩٧٩ بە لێبوردنی گشتی ئازادکراوە، ساڵی ١٩٨٤ لەسەر داوای سەرکردایەتی کۆمەڵە پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکات و کراوەتە لێپرسراوی ڕێکخراوی دووی کۆمەڵە، لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ ڕۆڵی باڵای هەبـووە، لە ١٩٩١/٣/٢٨ شـەهیدبووە. ئەم زانیارییـانە لە بەڕێـز (کـارۆخ شـەهید زیـاد سێگرتکانی) وەرگیراوە.

(٢) بۆزانیـاری دەربـارەی ڕاپەڕینـی شـاری کەرکـوک، بـڕوانە: (پشـکۆ عەبـدولڕەحمان: ڕاپەڕینی شاری کەرکوک لە ساڵی ١٩٩١، چ١، مەکتەبی ڕووناکبیری ی.ن.ک، ٢٠٠٣).

ڕاپەریــن گەڕابــۆوە ئەرکەکەی لە ســنوری پارێزگــای کەربەلا، لەگەڵ ســەرهەڵدانی ڕاپەریـن چووبـووە پـاڵ جەمـاوەری ڕاپەڕیـوو، کـاتێکیش ڕژێمی عێراق هێرشی بۆ سـەر ئەو پارێزگایە بردبوو لەگەڵ کۆمەڵێکی تر چووبوونە ناومەزاری ئیمام حوسێن و بە هۆی تۆپبارانی ڕژێم بۆ ســەر مەزارگەکە، شــەهیدببوو. بــۆیە ســەباح حەمیــد گــوتی مــن دەگەڕێمەوە، چەک و تـاقمێکی باشیشـی پێبـوو، وەلـی بـرام چەکـی پـێ نەبـوو، بڕیـارنەبوو بـێ و منـیش پێمخۆشـنەبوو بـێ و تێکەڵـی کـاری چەکـداری بێـت، بەڵام کە دیتـی ســەباح دەڵــێ دەگەڕێــمەوە، چەک و تاقمەکەی لێوەرگرت و هات لەگەڵمان.

ئەو ئێــوارەیەی کە چــووینە نــاو شــاری کەرکــوک ڕێکەوتــی ١٩٩١/٣/٢١، ڕۆژێکــی زۆر خــۆش و پڕشــەنگدار بــوو، هەســتم بە خۆشـیەکی گەورە و بەخـتەوەری دەکـرد کە کەرکـوکی قـودس و دڵـی کوردسـتانی داگیرکـراو ئـازاد دەکرێت و هێزەکـانی ڕژێـم و دامودەزگـا داپلۆســێنەرەکانی ڕادەماڵــدرێن، بەتــایبەتی ئەو پێشــوازییە گەرم و نەتەوەییەی دانیشتوانی کەرکوک مرۆڤ ناتوانێت وەسفی بکـات، بەڵام بەداخەوە کەرکـوک تەواو ئـازاد نەبـوو، چـونکە سـەربازگەی باشـوری خۆرئـاوای بەتەواوی نەگیـراو شــەڕی تێـدامابوو کە ئەمریکـا چــرای ســەوزی بــۆ هێزەکـانی ڕژێمــی عێـراق هەڵکـرد و توانیـان ڕاپەڕینــی ناوەڕاســت و خــواروی عێــراق خــامۆش بــکەن و کوشــتارێکی زۆری خەڵکەکەی بکەن و ئینجا بەرە و کەرکوک هاتن، خـاڵێکی تـری قێزەوەن کە هەرگیـز بیـرم نـاچێ ئەم تـالان و شـڕەخۆریە بـوو، کە لە زۆربەی شارەکان ڕوویدا بەتایبەت لە شـاری کەرکوک، بەڕاستی ئەوە خـاڵێکی ڕەش و زامێکە لە جەستەی ڕاپەڕین.

## هەوڵی ئازادکردنی گوێڕ، شەڕی دیبەگە-
## مەخموور و پاشەکشە بۆ هەولێر

ئێمە دوای کەرکوک، چووین بەرەو گوێڕ بۆ ئازادکردنی، بەڵام نەتواندرا ئازاد بکرێ و شاڵاوەکانی ڕژێم بەرەو ناوچەکە هات و هێزەکەی ئێمەش کشاینەوە بۆ ناو دیبەگە، کە چۆڵکرابوو.

لە دیبەگە بووین من سەیری هێزەکەم دەکرد هێزێکی پەرش و بڵاو و فشەڵ و زۆر و بۆر بوو، هیچ ئومێدی شەڕکردنی لێنەدەکرا، ئێوارەکەی عوسمان بانیمارانی گوتی: "من هەندێک کارم هەیە دەچمەوە هەولێر و بەیانی زوو دێمەوە". تێگەیشتم عوسمان پیاوێکی زیرەکە و شارەزای شەڕ و کاروباری سەربازیە، دەیزانی ئەم هێزە شەڕ ناکات. زۆر هەوڵم لەگەڵ محەممەد دا، کە ئێمەش بڵێین دەچینەوە سۆراغێکی ماڵ و منداڵی محەممەد دەکەین، کە چیان بەسەر هاتووە، چونکە لە ئۆردوگای کەورگۆسک بوون و لە لای موسڵ و کەڵەکیشەوە ڕژێم هێرشی هێنابوو، بەیانی زوو دەگەڕێینەوە، کەچی محەممەد نەیسەلماند، بەیانی دەنگی تۆپ دەهات و هەواڵ هات کە هێزەکانی ڕژێم بەرەو دیبەگە دێن، دوو کۆنە ڕەبایەی ڕژێم لە دەرەوەی دیبەگە لەم بەرو ئەوبەری جادەکە هەبوون گوتیان هەریەکەیان دەستەیەک پێشمەرگە بچێتە ناویەوە و باقی پێشمەرگەکانیش لە ناو دیبەگە دابەشببن، دەستەکەی ئێمە چوینە ناو ڕەبایەی پشتی جادەکە، بیکەیسیمان لەلانەبوو، محەممەد، حەکیمی لەگەڵ خۆی برد، گوتی بزانم لە ناو گوند بیکەیسیەک نیە بیهێنم، دەستەیەکیش پێشمەرگە هاتن تۆپێکی سەدو شەشیشیان پێ بوو لەنزیک ئێمە دایاننا، لەو کاتیشدا شەش دەبابە دەرکەوتن کە لەجۆری تازەکان بوون وابزانم پێیاندەگوتن (T٧٢)،

دیاربوو دەیانویست تەوقی دیبەگە بکەن، منیش بە پێشمەرگەکانم گوت: "بۆ بە سەد و شەش لێیان نادەن". تۆپێکیان پێوەنان چەند مەترێک لەپێش خۆیان کەوتەوە، گوتم: هەندێک مەدای بدەنێ بۆی هەڵکێشن، ئەم جارە تەقاندیان نوسا و قەوانەکەی نەداوە، دەستە پێشمەرگەکە تۆپەکەیان بەجێهێشت و ڕایانکرد، سەیرمکرد هەر ئۆتۆمبێلە و لە ناو دیبەگەی پڕ چەکدارە و ڕادەکات، (ئەحمەد سماقە[1]) گوتی: "چی بکەین؟" گوتم: "با ئێمەش بڕۆین". کە گەیشتینە ناو دیبەگەی محەممەد و حەکیم لە لای ئۆتۆمبێلەکەی خۆمان ڕاوەستابوون، یەک کەسی تر نەمابوو، محەممەد گوتی: "ئەوە کەس نەما هەموو ڕایانکرد"، گوتم: "باشە تۆ بۆ ڕاوەستایی و نە ئاگادارتکردینەوە و نەهاتیەوە لامان، با بڕۆین". سواربووین و ڕۆیشتین، گەیشتینە دوڕیانی دیبەگە-مەخموور هەموو لەوێ ڕاوەستابوون، محەممەد زۆری جوێن دا کەس وەڵامی نەداوە، گوتیان بالێرە دابمەزرێین، گوتمان ئێمە لە ناو گوندی ڕامانکرد و شەڕمان نەکرد لەم ڕاستانە چۆن شەڕدەکرێ؟ ڕۆیشتین بۆ زورگ، کۆنە ڕەبایەکی گەورەی لێ بوو پێدەچوو بارەگای فەوج یان سریە بووبێ، چووینە ناویەوە و ئاکۆی عەباس ئاغاش دۆشکەیەکی پێ بوو هاتە ناو ڕەبایەکە، دەبابەیەک لە دیبەگە دەرچوو بەرەو زورگ، محەممەد دوو ئارپیچی پێوەنا نەیگەیشتێ، بەڵام لێی نزیککەوتەوە، پێموایە ئەم دەبابەیە بەهۆی ئەم دوو ئارپیچیەوە کاتژمێرێک وەستاو

(١) شەهید ئەحمەد حەمەدەمین قادر مەحموود، ناسراو بە ئەحمەد سماقەیی، ساڵی ١٩٤٧ لە گوندی سماقە ناحیەی دێگەڵە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، دوا پلەی فەرماندەی تیپ بووە لە لەشکری ئامادەی هەولێر، لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ لە قەرادگە - گوندی سێبیرانی هەولێر شەهیدکراوە. (حەیدەر مەنتک: سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٧٢-٧٣).

پێشڕەوی نەکرد، هەندێک تۆپی هاوێشت یەکیان کەوتە ناو ڕەبایەکە، بەڵام زیانی نەبوو، چونکە ڕەبایەکە گەورەبوو تۆپەکە لەناوەڕاستی داو ئێمەش لەسەر ڕۆخەکانی دابەشببووین، دیسان بۆوە بە ڕاکردن و کەس نەما، تاکو بازگەی نزیک هەولێر هاتین، کە گەیشتینە بازگەکە کۆمەڵە گەنجێکی زۆر کۆبوبوونەوە دەیانەویست بەرەو دیبەگە بڕۆن، یەکێک لەوانەی کە لەبازگەکەبوون پیاوێکی سەر سپی بوو دەیگوت: "زوو بڕۆن بگەنێ لە دیبەگە پێشمەرگەکان شەش دەبابەیان شکاندوە و هێزەکەی ڕژێم لە ڕاکردنە". چوومە بەردەمی گوتم: "قەت شەرم ناکەی من وا لەوێ دێم یەک تەقە نەکراوە و هێزەکانی ڕژێم گەیشتوونەتە سەر زورگ، تۆ لە خۆتەوە ئەم قسانە بۆ دەکەی".

گوتیان بڕۆن نانبخۆن و وەرنەوە، چووینە ماڵەوە و نانمانخوارد و گەڕاینەوە بڕیارياندا هەموو هێزەکە بکرێتە سێ بەش، بەشێک لە دەستە ڕاستەوە بەسەرپەرشتی (فاقە مەخمووری[1]) هێرش بکات بۆ سەر زورگ، بەشی دووەم بەسەرپەرشتی خدر سوارە لە دەستە چەپەوە هێرش بکات و هەموو هێزەکەی تریش لە ناوەڕاستەوە بەرەو زورگ هێرش بکات بەسەرپەرشتی ڕێباز و جەلال ئیلنجاغی. گەیشتینە منارە هێزەکەیان ڕاگرت و پلانەکەیان گۆڕی و گوتیان هێرش ناکەین و لێرە سەنگەری بەرگری دادەمەزرێنین، تێگەیشتم بەیانیش هەمان بارودۆخی

---

(١) شەهید فاروق حسێن عەبدوڵڵا وەلی، ناسراو بە فاقە مەخمووری، ساڵی ١٩٦٢ لە قەزای مەخموور لەدایکبووە، دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵی کەڵەکە، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە کردووە، چەندین پلەی پێشمەرگایەتی بڕیوە و دواپلەی فەرماندەی لیوای تایبەتی ڕۆژهەڵات بووە، لەشەوی ٢٦-١٩٩٥/٣/٢٧ لە کەسنەزان شەهیدبووە. (حەیدەر مەنتک: سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل ٦٠٩-٦١٠).

ئەمرۆ دەبێت و شەڕ ناکرێت و ڕژێم بەیانی زوو دەگاتە ناو هەولێر و دەمزانی بەیانی کۆچڕەو دەستپێدەکات، بۆیە گوتم محەممەد بەخوای من نامێنمەوە و بابڕۆین و ئەوە بوو گەڕاینەوە ناو هەولێر.

## کۆڕەو، بەرگریکردن و پاشەکشە لە هەولێر

شەوی ٣٠-١٩٩١/٣/٣١، من زۆر بەخەمباری چومەوە ماڵەوە و لەلام ڕوون بوو کە بەیانی هەولێر دەگیرێت و دەبێ ڕابکەین، باوکم و دایکم هەردووک نەخۆش بوون، کاتێک بابەتەکەم باسکرد و پێمگوتن: "بەیانی ئێوە لەگەڵ ئێمە دێن یان دەمێننەوە؟" هەرچەندە من دەمزانی هەرچی بڕیارێک بدەم بۆ بردنیان یان مانەوەیان لەژێر ڕەحمەتی هێزەکانی ڕژێم سەخت و دژوارە، ئەوەی سەیربوو باوکم باوەڕی نەدەکرد ئەوەندە بڕوای بەهێز بوو دەیگوت: "ڕاست نیە و ڕژێم وانزیک نەبۆتەوە و هەولێر ناگیرێ"، پێم گوت: "من وا لەوێ دێم چی ڕاست نیە وەڵامم بدەوە و خۆتان ساغبکەنەوە دێن یان نا؟" ئینجا بەدڵ ساردی گوتی: "ئێمە نەخۆشین و چارەنوسمان هەرچیەک بێت دەمێنینەوە".

بەیانی زوو ڕێکەوتی ١٩٩١/٣/٣١ خەڵک بەپێ و بە ئۆتۆمبیل و جۆرەها ئامرازەکانی گواستنەوە بەرەو پیرمام و کۆیە بەڕێکەوتن، ماڵی مامم و محەممەد و سەباحی کوڕی، کە پێشتر لە ئۆردوگای کەورگۆسک بوون، ڕۆژی پێشی هاتبوونە ناو خانویەک لە خانوەکانی ئەندامانی یاسادانان و جێبەجێکردن، کاتێک سەباح هات و گوتی: "بگە محەممەد دانیشتوە و ڕیشی دەتاشێ و دەڵێ هیچ لە گۆڕێ نیە و ناڕۆین". منیش کەچووم وابوو خەریکی ڕیش تاشین بوو، هاوسەرەکەشی ناوسێری دەکرد وەک ئەوەی دونیا شامی شەریف

بێت، گوتم: "ئەوە چیە؟ تۆ هاوسەرگیری دەکەی یان مامم؟" یەکسەر گوتی: "بۆ چی بووە؟" لەوەلامدا گوتم: "وەڵا هیچ! کەس لەشار نەما شار چۆل بووە ڕێگا بەبەر ناکەویٚ تۆش وا بە ئاسودەیی دانیشتوی". ئەم هەڵوێستەی محەمەدم زۆر پیٚ سەیر بوو، چونکە ڕۆژی پێشوو تا ئێوارە بەیەکەوە بووین لە دیبەگە، تاکو سەر زورگ یەک تەقە لەدوژمن نەکراو بە ئارەزوی خۆی پێشڕەوی دەکرد، کە محەمەد واپشت ئەستور بەخۆیی و بە هێزی پێشمەرگە لێی دانیشتووە.

محەمەد گوتی: "نان دەخۆین و دەچینە لای گەڕەکی ٩٢ دادەمەزرێین و شەڕدەکەین"، گوتم: "ئەی ئەو ماڵ و منداڵە؟" گوتی: "با سەباح و حەکیم بە ئۆتۆمۆبێل بیانبەن"، گوتم: "کاک محەمەد حەکیم شوفێرێکی باش نیە و لەم قەرەباڵغیەش ناتوانێت ئۆتۆمۆبێل لێبخوڕێت، بۆیە خۆت و سەباح و وەلی بیانبەنە لای دلۆپە و ئێمەش دەچینە لای ڕێگای کەرکوک دادەمەزرێین، تۆش منداڵەکان لە دلۆپە دانیٚ و وەرەوە لای ئێمە". باش بوو ڕازیبوو، دەمزانی تاکو ئێوارە ناگاتە دلۆپە، ئەوان بە ئۆتۆمۆبێل ڕۆیشتن و ئێمەش بەپیادە بەڕێکەوتین، درێژی ناکەمەوە بۆ بەیانی لەشاری کۆیە یەکمانگرتەوە.

بەیانی بۆ ئێوارەکەی بانگەوازکرا ئەوەی پێشمەرگەیە و کوردی دڵسۆزە و توانای هەیە لە لای بازگەی تۆپزاوا کۆببنەوە دەڕۆین هەولێر دەگرینەوە، دەمزانی بەلاشە و ناگیرێتەوە، چونکە بەبیٚ شەڕ و بە ئاسانی تەسلیممانکرد و گرتنەوەی هەروا ئاسان نیە. هێزەکانی ڕژێم چەکی قورس و پێشکەوتوویان هەبوو، بەتایبەت تانکی (T٧٢)، هەروەها فرۆکە و هێزی ئاسمانی، بەڵام هێزەکانی پێشمەرگەش زۆر و بۆڕ و ڕێکنەخراوبوون، ئامادەنەکرابون بۆ شەڕ، بۆیە بڕیارمدا نەچم، وەلی برام گوتی: "من دەچم لەگەڵ محەمەد"، کە وایگوت چارەم نەما و

گوتم: "بۆخۆم دەچم". وەلی لە ساڵی ١٩٩٠ بڕوانامەی ماستەری لە بواری کیمیا بەدەستهێنابوو، سەرباز بوو لە شاری بەغدا و چەند ڕۆژێک پێش ڕاپەڕین سەربازی بەجێهێشتبوو، وەک پێشتریش ئاماژەم پێیدا، لە ئازادکردنی شاری کەرکوکیش لەگەڵماندا بەشداربوو.

ڕۆیشتین بەرەو هەولێر گوایە لەلای پیرمامیشەوە هێزێک دێت و لەهەردوو لاوە هێرش دەکەین، گەیشتینە ناو کەسنەزان تۆزێک ماینەوە گوتیان هێزەکەی لای پیرمام نەهاتووە و هێرشەکە ناکرێت و دەگەڕێینەوە، شتێکی سەیرم دیت لە ڕێگا لە کاتی چوون بەرەو هەولێر پێش ئەوەی بگەینە بەردەباز نایلۆنێک لەتەنیشت ڕێگاکە بوو وەک ئەوەی شتێکی تێدا شاردرابێتەوە، پێشمەرگەیەک دەستی بۆبرد نایلۆن جوڵاو پێشمەرگەکە کشایەوە و بازێکی دا مەترێک بەرزبوویەوە، کە سەیردەکەین پیاوێکی زۆر پیرە و ئەم نایلۆنەیان لێ پێچاوە و بەجێیانهێشتوە لەگەڵ خۆمان بردمانە ناو خانوەکانی کەسنەزان. هەر لەم کۆچڕەوە شتێکی دیکەی سەیرم بینی کوڕێک پیرێژنێکی پیری خستبووە ناو عارەبانەیەکی دەستی سێ تایە و پاڵی پێوەدەنا لە نێوان هەولێر و کۆیە بینیم و جارێکی تریش لە نێوان کۆیە و ڕانیە بینیمەوە.

دووسێ شەو لە کۆیە ماینەوە لەیادم نەماوە چەند بوو ڕۆژێک گوتیان ڕژێم بەرەو کۆیە دێت، ئەوەی چەکدار و شەڕکەرە بێتە لای بازگەی تۆپزاوا، ڕۆیشتین بۆ ئەوێ و دەنگی تۆپ دەهات و هەلیکۆپتەر لە ئاسمان دەسوڕایەوە و دوای کەمێک لە دەستەکەی ئێمە زیاتر کەس نەما. ناوی کەس ناهێنم بەڵام بەرپرسەکان هەریەکە و بە بیانویەک خۆیان دزیەوە و ڕۆیشتن. هەر وەک لە کاتی پاشەکشەمان لە دیبەگە باسمکرد، ئەم هێزە زۆر و بۆر و پەرش و بڵاو و ڕێکنەخراوە، بەرنامەدان بۆیی و کۆنترۆڵکردنیان کارێکی زەحمەت بوو.

هێزەکانی ڕژێم دەستیان بە پێشڕەوی کرد، تانکەکانی قۆناخ بە قۆناخ دەهاتنە پێش و پێشەخۆیان بۆردوماندەکرد، دوو هەلیکۆپتەریش لە ئاسمانی ناوچەکە دەسوڕانەوە و لەپێش هێزەکەوە بۆردومانی ناوچەکەیان دەکرد، لە لای ئامریە و شوێنی ماڵەکانی دیموکراتی ئێستا لە جێبێکیان داو پێشمەرگەیەک برینداربوو، چەند گولە تۆپێکیش لە بازگەی تۆپزاوا و دەوروبەری درا، دوای ئەوە بەرپرسەکانی پێشمەرگە هەریەکە و بەبیانویەک ڕۆیشتن و نەگەڕانەوە، دوای ئەوانیش ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵیان بوون پەرتەیانکرد و کشانەوە، دەستەکەی ئێمە کە هەموومان خزم بووین، ئەوانەی لە یادم ماون: محەممەد ئیلنجاغی، مامۆستا کاوە ئەنوەر، (خێروڵڵا عەبدوڵڵا[١])، (محەممەد وەهاب[٢])، حەکیم قادر، کۆسرەت زاهیر، سەباح حەمید، حەمید ڕەئوف و من

---

(١) خێروڵڵا عەبدوڵڵا فەتحوڵڵا کاوێس: ساڵی ١٩٦١ لە گوندی ئیلنجاغی گەورە لەدایکبووە، دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵی هەولێرە لە ئاسکی کەڵەک، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کردووە، بەشداری لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ کردوە و دوای ڕاپەڕین لە چەند شوێنێک پێشمەرگە بووە و بەرپرسیاریەتیشی هەبووە، ماوەیەک کارگێڕی کۆمیتەی ڕێکخستنی ی. ن. ک بووە لە تەقتەق، بەڕێوەبەری لقی کشتوکاڵی تەق تەق بووە، دوای نزیکەی سی ساڵ ململانێ لەگەڵ نەخۆشی، لە ٢٠٢٢/٦/١٠ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی کەکۆنی شاری کۆیە نێژراوە.

(٢) شەهید محەممەد وەهاب: محەممەد عەبدولوەهاب فەتحوڵڵا کاوێس، ناسراو بە محەممەد برنۆ، ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی ئیلنجاغی گەورە لەخێزانێکی کوردپەروەر لەدایکبووە، تاکو پۆلی یەکی ناوەندی خوێندووە، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی ی. ن. ک کردووە، ساڵی ١٩٨٢ بۆتە پێشمەرگە لە کەرتی دووی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، بەشداری زۆربەی چالاکیەکانی کەرتەکەی کردووە، دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە چەندین شوێن پێشمەرگە بووە، وەک سکرتاریەتی مام جەلال، سەرتیپ بووە لە بەتالیۆنی تەق تەق، دواتر چۆتە هێزی پاسەوانی کێڵگەی نەوت، لە ١٩٩٦/١٠/١ لە بناری هەیبەت سوڵتان شەهیدبووە و لە گوندی ئیلنجاغی گەورە بە خاک سپێردراوە، کە لە ماوەی مانگێکدا دووەمین شەهیدی خێزانەکەی بووە. ئەم زانیارییانە لە بەڕێز (دیاری عەبدولوەهاب) وەرگیراوە.

مـــابووینەوە، جـــگە لە ئـــێمەش تـــاک و تەرایەک چەکـــدارمابون لە تەپۆلکەکـانی لای بـازگەی تـۆپزاوا لە ســەنگەر دابــووین، محەمــمەد ئیلنجـاغی چەنـد گـولە ئـاربیجیەکی بە تانکەکـانەوە نـاو بـۆ مـاوەیەک سەنگرانەوە و نەهاتنە پێش، لە شوێنی خۆیانەوە تۆپبارانیان دەکردین.

فڕۆکە هەنتەرەکانیش هـاتن و بۆمبارانیـانکرد، دوو سێ چەکداری لێ بـوو ڕۆیشـتن و گوتیـان ئێمە شـەڕی خـۆترێن نـاکەین. تـا کـاتژمێر ١١ی پێشـــنیوەڕۆ لە شـــوێنی خۆمـــان مـــاینەوە، دواتـــر وردە وردە کشاینەوە بۆ نـاو دارەکانی ئیسکان، لەوێش محەمـمەد ئیلنجـاغی چەند گولە ئـاربێجیەکی بە کۆپتەرەکانەوە نـا. جگە لە ئێمە زرێپۆشـێکیش کە مامۆستایەکی کۆیی بەناوی ئەمیر عـومەر لەسـەر بـوو لە نـاو دارەکـانی ئیسکان جارجار تەقەی دەکرد. دوای ئەوە کشاینەوە نـاو قشـڵەی کۆیە، لەوێش محەمـمەد چەند گولە ئـاربێجیەکی بە کۆپتەرەکانەوە نـا، مـن لە ژیـانی پێشـمەرگایەتیدا دووجـار دیومە محەمـمەد ئیلنجـاغی لە ئەنجـامی زۆر تەقانـدنی گـولە ئـاربیجی خـوێن لە دەم وگـوێی هـاتووە، جارێکیـان ئەو ڕۆژەی کــۆیە و جــارێکی تــریش لە شـــەڕی بێتـــواتە. محەمــمەد سوربوو لەسـەر مانەوەمـان لە نـاو قشـڵەی کۆیە و شـەڕ بکەیـن. سـەید نوری سـەید مەجید خـوالێی خۆشـبێ، چەنـد کەسێکی لەگەڵ بـوو گـوتی ئەگەر ئێوە نەڕۆن ئێمەش لەگەڵ ئێوە، بە محەممەدم گوت پلانێکی زۆر سەقەتە مانەوە لە ناو قشڵە و شەڕکردن، چونکە ئەگەر ڕژێم بگـاتە نـاو کۆیە تۆ لە قشڵە چ شـەڕێک دەکەی، چـواردەورت دەگیـرێ و ئەو پەڕی چەنـد کاتژمێرێـک شـــەڕدەکەی، فیشـــەکت پـــێ نـــامینێ و خـــواردن و خـواردنەوەت نـیەو ئەمە دەبێـتە شـەڕێکی خۆکـوژی. بـۆیە ڕۆیشـتین مندالەکانیشمان سەباح و وەلی بردبوویانن و ڕۆیشتبوون.

چووینە ناو بارەگای بەرەی کوردستانی لە کۆیە هەرچی ئەوراق و کاغەزو مەلەف هەیە هەموویان بەجێهێشتبوو، ئاگرمان تێ بەرداو ڕۆیشتین، هیچ هێزێکمان نەدیت نیازی شەڕکردنی هەبێت، لەسەر شاخی هەیبەسوڵتان دەستەیەکی ح. ش. ع ی لێ بوو، دۆشکەیەکیان پێ بوو، گوتمان ئێمەش لەگەڵ ئێوە دەمێنینەوە و ئەگەر بەیانی ڕژێم هێرشی کرد لەم شاخە شەڕدەکەین، گوتیان بە پشتیوانی ئێمە مەوەستن و ئێمە شەڕی خۆمان کردوە و دەڕۆین، گوتمان لە کوێ شەڕتان کردووە؟ گوتیان بە دۆشکە تەقەمان لە هەلیکۆپتەر کردووە، کەچی هێشتا هێزەکەی ڕژێم نەگەیشتبووە ناو کۆیە و کۆپتەرەکانیش لەسەر هەرمۆتە و نێوان کۆیە-هەرمۆتە دەسوڕانەوە، کەچی ئەوان بە دۆشکە شەڕی خۆیان کردبوو!

## بەجێهێشتنی کۆیە و گیرسانەوەمان لە شەقڵاوە

لە کۆیە ڕۆیشتین و شەو لە گوندی قەمتەران چوینە ناو خانویەکی چۆڵ و لەوێ ماینەوە، بەیانی بەرەو ڕانیە کەوتینە ڕێ، لە ڕێگا توشی پیاوێک بووین چەند مەڕو بزنێکی لەپێش بوو گوتمان گیسکێکمان پێ بفرۆشە، پێکەنی و گوتی: "من نازانم چارەنوسی خۆم چی بەسەردێت، پارەم بۆچیە، کامەتان پێ باشە بیبەن". گیسکێکی باشمان برد و لە ڕانیە لە دوکانێکی بەتاڵ لە لای ماڵێک پشومان داو مەنجەڵ و شتمان پەیداکردوو گیسکمان خوارد.

دوای نیوەڕۆ بانگەوازیان کرد بەرەی شەڕ دەکەوێتە هیزۆپ، ئەوەی پێشمەرگەیە و دڵسۆزە و چەکدارە و بەشداری شەڕدەکات بێتە هیزۆپ، یەکسەر محەممەد گوتی: "خۆتان ئامادەکەن دەڕۆین بۆ

هیـزۆپ"، گـوتم: "منـداڵەکانمان لەگەڵ سـەباح و وەلـی بەرەو باسـرمە و خەلیفان ڕۆیشتون پێویستە بچینە ئەولاو بیاندۆزینەوە"، گوتی: "تۆ بـڕۆ بیاندۆزەوە و شـوێنێکیان بۆدابین بکە و وەرەوە هیـزۆپ". بیرمکردەوە ئەم کـارە زۆر سـەخت و دژوارە، نـاوچەکە شـێواوە و خەڵـک هەر ڕادەکات کەس نازانی دوای کاتژمێرێکی تر یان بەیانی چی ڕوودەدات ئێمە بەم جۆرە لێکدابڕێین کارێکی زۆر خراپە و ئایندە دیارنیە و چۆن یەک دەگرینەوە. زۆر باش بوو کوڕێکی خەڵکی لای باسرمە و حەریر پەیدابوو، دیاربوو ئەویش پێشتر لە ئۆردوگای کەورگۆسک بوو بوو، ناسـیاوی محەمـمەد بـوو، ئۆتۆمبێلیشـی پـێ بـوو، هـاتبوە ڕانـیە و دەگەڕایەوە لای خەلیفان و حەریر، محەممەد گوتی: "لەگەڵ ئەم برادەرە بڕۆ"، گوتم: "باشە بۆ هەموومان لەگەڵ ئەم برادەرە نەڕۆین ئۆتۆمبێلی پێ یەو بەپێیان ناڕۆین و منداڵەکان دەدۆزینەوە و جێگیریان دەکەین و دەچینە بەرەی شەڕی لای شەقڵاوە، لای کاک کۆسرەت باشترە". باش بـوو بەنـاوی بەرەی شـەڕ و لای کـاک کۆسـرەت لە لایەک و بـوونی ئۆتۆمبێل و بەپێیان نەڕۆیشتن دوو هۆکاربوون بوونە هۆی ڕازیبونی محەممەد.

هەمووما‌ن لەگەڵ ئەو کوڕە ڕۆیشتین و لەڕێگا پێش ئەوەی بگەینە حاجیاوا دوو کۆمەڵ چەکدار لێک دامەزرابوون تەقەیان لەیەک دەکرد، دابەزیـن و دامەزرایـن و کردمـانە چـاووڕاو دەورمـان گـرتن و چەکمانکردن، محەممەد پێیگوتن بۆ وەرگرتنەوەی چەکەکانتان سبەینێ وەرنە بارەگای بەرەی کوردستانی لە خەلیفان، دیاربوو پەشیمانبوون لە شـەڕەکەیان و شـەرمەزاریان پێـوە دیـاربوو، هەروەهـا هـاتن بـۆ خەلیفانیان لا قورس بوو، منیش پێم گوتن ئەگەر ئێستا لەسەر دەستی

ئێمە پێکبێنەوە و دەست وچاوی یەکتر ماچ بکەن لێرە چەکەکانتان دەدەینەوە، زۆریان پێ خۆش بوو ڕازیبوون و یەکتریان ماچکرد و پێکهاتنەوە و زیاتریش ئەوە کاری تێکردن گوتم شورەیی نیە هەمووومان لە ترسی دوژمن ڕامانکردوە و دوژمن سەری لە دوناوین ئەگەر ڕاست دەکەن ئەوەندە مەرد و ئازان تەقە لەیەکتر مەکەن ئەوە دوژمنی سەرەکیمان وا لە هیزۆپە و هەڕون تەقە لە ئەو بکەن، لەو کاتی سێ هەلیکۆپتەریش لەسەر ناوچەی بیستانە و هیزۆپ دەسوڕانەوە.

چووینە خەلیفان، منداڵەکانمان چووبوونە لای ماڵی بەهرام، کە لە ئۆردوگای باسرمە بوو، هاتبوە ناو کارگەی قیری خەلیفان، نازانم شەوێک یان دوان ماینەوە، بووە هەڵڵاو ڕاکردن، دیسان بەڕێکەوتین لەگەڵ عوسمان بانیمارانی و براکانی و باوکی بووینە یەک کاروان و ڕۆیشتین تاکو گەیشتینە نێوان چۆمان و ناوپردان لەوێ گیرساینەوە. بەڵام ئەم ڕێڕەو و گەیشتنە ئەم شوێنە هەر بەقسە خۆشە، ئەگینا زۆر سەخت و پڕکێشە بوو لەبەر قەرەباڵغی ڕێگا.

پێوستە ئاماژەی پێ بدەم، ئێمە چوار خێزان بووین، واتە: محەممەد و سەباح و بەهرام و من، لەگەڵ هەشت نۆ زگورتی و هیچمان پێ نەبوو، تەنیا بەهرام هەندێک خواردنی وشکەی پێ بوو وەک برنج، ساوار و ئارد و ... هتد، تاکو گەیشتینە ئەم شوێنە هەموومان لەسەر ئەرکی بەهرام ژەمەکانمان بەڕێدەکرد، ئینجا سەرباری ئەوەش نەیدەوێرا خۆی لە منداڵێک تورەبکات، محەممەد و سەباح دەیانگوت لێیگەڕێن دڵی توندە و نانی خوراوە. بۆ مەسەلەی نوێن و پێخەفیش

خۆم و منداڵەکانم و وەلی و کۆسرەتی مامۆستا زاهیریش تەنیا دوو بەتانیمان پێ بوو.

هەر لە ڕێگا بووین، کاک کۆسرەت بروسکەی بۆ محەممەد ئیلنجاغی و عوسمان بانیمارانی کرد، تا لە شەقڵاوە پەیوەندی پێوەبکەن، کە گەیشتینە نێوان ناوپردان و چۆمان وەلی گوتی من لەگەڵ محەممەد دەڕۆم تۆ بەشی خۆت پێشمەرگایەتیت کردوە و نۆرەی منە و خۆت لای منداڵەکان بە، زۆر هەوڵمدا نەیسەلماند و ڕۆیشت. من و سەباح و بەهرام لە لای منداڵەکان ماینەوە، نازانم چەند ڕۆژ ماینەوە دوای شەڕی کۆڕێ ئێمەش گەڕاینەوە خەلیفان و پاشان شەقڵاوە. لەوێ من منداڵەکانم ناردەوە هەولێر، یەکەم بۆ ئەوەی خوێندنیان نەڕوا، دووەم باوکم و دایکم لە هەولێر بوون، خۆم و وەلی لە شەقڵاوە ماینەوە.

## تێهەڵچوونەوە لە پێشمەرگایەتی

لە شەقڵاوە، لە ڕێکخستنەوەی نوێی هێزەکانی ی. ن. ک، تیپێکی پێشمەرگەمان دروستکرد بەناوی تیپی ٨٨ی مرکێ، کە عوسمان بانیمارانی فەرماندەی تیپ، محەممەد ئیلنجاغی جێگری فەرماندەی تیپ، وەلی برام ڕابەری سیاسی تیپ و من و (قادر حاجی عەوڵا[١]) و

(١) شەهید قادر عەوڵا قادر عەوڵا، ناسراو بە قادری حاجی عەوڵا، ساڵی ١٩٦٧ لە گوندی ئیلینجاغی گەورە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٨٥ بووەتە پێشمەرگە لە ڕیزەکانی حیزبی سۆسیالیست (حسک)، پاشان لە ساڵی ١٩٨٦ وازی لە (حسک) هێناوە و چووەتە ڕیزەکانی (ی.ن.ک) لە تیپی (٨٥)ی بەڕانەتی. پێشمەرگەیەکی ئازاو چالاک بووە و بۆیە هەر زوو کراوەتە فەرماندەی مەفرەزە و چەندین پلەی بڕیووە و دوا پلەی فەرماندەی هێز بووە لە فەرماندەیی دوکان- میحوەری سماقولی. لە ڕێکەوتی ١٩٩٧/١١/١٨ لەشەڕی ناوخۆ لە میحوەری سماقولی لەگەڵ دوو برای تری بە ناوەکانی (تاریق عەوڵا قادر) و (ڕەفیق عەوڵا قادر) شەهیدبوون.

حەسەن دۆسە فەرماندەی کەرت بووین، کە خێروڵڵا عەبدوڵڵا جێگری من بوو. بارەگامان دانا و ماوەیەک کەرتەکان بەنۆرە دەچووین لەسەر ئەم شاخەی دیار کۆڕێ، کە لە گوندی حوجرانەوە سەردەکەوی، ئەرکی پاسەوانیمان دەبینی.

دەبووایە لەو ڕۆژەوە لە پارتە سەرەکیەکانی پێکهێنەری (بەرەی کوردستانی[(١)]) بێ هیوا و ئومێد بڕاوبین، چونکە کاتێک لە دوای شەڕی کۆڕێ، کە بارەگامان لە شەقڵاوە بوو، لە وەختی نزیکبوونەوەی وەرزی دروێنەی گەنم و جۆ، لەگەڵ محەمەد ئیلنجاغی چووینە بارەگای بەرەی کوردستانی لە شەقڵاوە، ئەوەی لە یادم مابێت (خورشید شێرە[(٢)]) نوێنەری پارتی و (بەکرە سوور[(٣)]) نوێنەری یەکێتی لەوێ

---

(١) بەرەی کوردستانی: لە ١٩٨٧/٥/٧ پێکهاتووە، ئەندامەکانی بریتی بوون لە (ی.ن.ک)، (پ.د.ک)، (حسک)، (پاسۆک)، (پارتی گەل)، (لقی کوردستانی حشع)، پاشان لەساڵی ١٩٩٠دوو حیزبی تریش هاتنە ناوئەم بەرەیە، کە ئەوانیش (حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) و (جوڵانەوەی دیموکراتی ئاشووری) بوون، لە: (هۆشمەند عەلی مەحموود: ڕاپەڕینی شاری هەولێر، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥) وەرگیراوە.

(٢) خورشید شێرە: خورشید سەلیم شێرە، لە ١٩٣٨/٧/١ لەدایکبووە، لە هۆزی سنجاویە، کادیر و پێشمەرگە و سەرکردەیەکی دیاری (پ.د.ک) بووە، لە ژیاندا ماوە و نیشتەجێی شاری هەولێرە. لە: (پ.ی.د.هۆشمەند عەلی مەحموود: مەحموود حەمەد شێخانی، دەنگێکی ڕەسەنی ون ١٩٢٦-١٩٩٤، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥) وەرگیراوە.

(٣) بەکرە سوور: ناوی تەواوی بەکر ئەحمەد یەعقوب، ساڵی ١٩٥٠ لە گوندی شێخ شێروانی ناوچەی شەمامکی سەر بە ناحیەی قوشتەپە - پارێزگای هەولێر لەدایکبووە، ساڵی ١٩٦٥ بۆ خوێندن چۆتە هەولێر و خوێندنی ئامادەیی کشتوکاڵی تەواوکردووە. ساڵی ١٩٦٨ چۆتە ڕیزەکانی پ. د. ک، لە سەرەتای حەفتاکاندا پەیوەندی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کردووە، ساڵی ١٩٧٤ بۆتە پێشمەرگە، ساڵی ١٩٨٤ بۆتە ئەندامی ڕێکخراوی کۆمەڵە لە هەولێر، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووە و پاشانیش چەندین بەرپرسیاریەتی حیزبی و حکومی هەبووە. ساڵی ٢٠٠٦ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی مێژووی زانکۆی کۆیە بەدەستهێناوە، ساڵی ٢٠٠٨ بڕوانامەی ماستەری لە مێژووی

بــوون، ئــێمە بــۆ پرســیاری چارەنووســی بەرهەمــی گەنــم و جــۆی زەویەکانی گوندەکەمان چووبووین، هەرچەندە من و محەممەد ئەوەندە زەویەمــان نەبــوو جێگــای خەم لێخــواردن بــێ، بەڵام لەبەر خزمــان و خەڵکــی گونــدی چووبــووین، زەویەکــانی ئیلنجــاغ، ئەو کــاتەی گونــد چۆڵکرابــوو، لە لایەن ڕژێــمەوە قەدەغەکــراو بــوو، هەر کەســێک لەو سنورە بگیرابووایە لە سێدارە دەدرا. قاسـم ئاغـای مستەشـار هەمـوو زەویەکانی ئیلنجاغی داچاندبوو، لە وەڵامی پرسیاری ئێمە سەبارەت بە چارەنووســی دەغــڵ و دانــی گونــدەکە، نــوێنەرانی بەرەی کوردســتانی گوتیــان: "دەبــێ لەکــاتی دەســتپێکردنی دروێــنە، نــوێنەری قاســم ئاغــا ئامادەبێت و بەشی ئەو وەربگرێت". ئێمەش گوتمان: "ئەوە مستەشارە، بکوژی پێشمەرگەیە، ئێستاش ڕایکردۆتە لای ڕژێم و لە بەغدایە، جگە لەمەش ئەو و ڕژێــمەکەی لە کۆتــایی هەشــتان خەڵکیــان دەرکــرد و گونــدەکانیان وێرانکــرد، ئێســتا چــۆن دەبــێ بەشــە گەنــم لەو خــاکە وەربگرێت". لە وەڵامدا گوتیان: "بڕیاری سەرکردایەتی سیاسیی باڵای بەرەی کوردستانیە و ڕەتکردنەوەی نیە و دەبێ جێبەجێبکرێت!" هەندێک هەڕەشەمانکرد، بەتایبەتی محەممەد، گوتیان: "هیچ هەڕەشەیەکمان قبوڵ نیە و یەک جوڵەی پێچەوانە بکەن دەتانگرین". ئەوەبوو کاتی دروێنە و هەڵگرتنی بەرهەم، هەتاکو نوێنەری قاسم ئاغا ئامادەنەبوو، دەستنەکرا بە دروێنە، کــاتێکیش دروێــنە دەســتپێکرا بە ئامــادەبوونی نــوێنەرەکەی، زەوی بە زەوی و ماڵ بە ماڵ بەشی قاسم ئاغای وەرگرت!

---

ئەمریکا وەرگرتووە. لە: (ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چاپی چوارەم، ٢٠٢١، ل٣٣١) وەرگیراوە. لە ڕێککەوتی ٢٠٢١/٩/١١ کۆچی دوایی کردووە.

ئەم ماوەیە زۆر بێزاربووم، پێشمەرگایەتی و پێشمەرگەکان هیچ خەسڵەتێکی پێشمەرگە و پێشمەرگایەتیان تێدا نەبوو، هیچ ڕێزو خۆشەویستیەک لە ناو پێشمەرگەکاندا نەبوو، ئەم پێشمەرگایەتیەی کاتی خۆی کردبوومان زۆر جیاواز بوو لەگەڵ ئەوەی دەگوزەرا، لە بارەگا و لە ناو پێشمەرگەکان چەندین دیاردەی قێزەوەن و ناشیرینم بینی، هیچ لێپرسینەوە و سزایەک نەبوو زۆر بە ئاسایی وەردەگیرا، سەرەڕای ئەوانە، کاک کۆسرەتیش بەدوای وەلی دانارد، کە بچێتەوە هەولێرو کاری ڕێکخستن لە زانکۆدا بکات، بۆیە من و وەلی شەقڵاوەمان جێهێشت و گەڕاینەوە هەولێر و من دەستم بە کاسبی کرد.

## جارێکی دیکە کاری ڕێکخستن و بەرپرسیارییەتی لە کەرتی ڕێکخستنی بنەسلاوە

شاخەوان عەباس، لێپرسراوی مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێر، ڕۆژێکیان هاتەماڵەوە و گوتی: "دەبێ بچیت کەرتی ڕێکخستنی بنەسلاوە دروستبکەیت و بارەگای کەرت دابنێی"، سەرەتا ڕازینەبووم و گوتم: "دەستم داوەتە کاسبی و کارەکەم زۆر باشە و وازم لە حیزبایەتی هێناوە"، بەڵام هەم ئەو وازینەهێنا و دیارە خۆشم پێمخۆشبووە، بۆیە بڕیارەکەیم جێبەجێکرد و کەرتی ڕێکخستنی بنەسلاوەم دروستکرد. داوام لە (خاڵە عومەر[1]) کرد وەک ئەندام کەرت

(١) عومەر ئەحمەد ئیسماعیل عەبدوڵڵا، ناسراو بە خاڵە عومەر، ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی تاڵەبانی گەورە لەدایکبووە، پێنجی ئامادەیی لە شاری هەولێر و شەشی لە وڵاتی ئێران تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلول کردووە، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کردووە، ساڵی ١٩٨٣ بۆتە پێشمەرگە لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ سەر بە کۆمیتەی ڕۆژهەڵاتی هەولێر

کارم لەگەڵدا بکات، ئەویش ڕازیبوو، هەروەها دواتر هاوڕێیان جەلال شوشە و جەلال سێکانی وەک ئەندام کەرت هاتنە ناو کەرتەکە.

کەوتینە کارکردن و پەیوەندیمانکرد بە کۆنە ئەندامەکانی کۆمەڵە و دۆست و لایەنگران و هەندێک کۆنە پێشمەرگەی خەڵکی سنورەکە و ئەوانەیماڵیان لە ئۆردوگای بنەسڵاوە بوو، کۆمەڵە کەسێکی باش و ڕێک و پێکمان کۆکردەوە.

شاخەوان عەباس گوتی: خانو بەکرێ بگرە و کەلوپەل و پێداویستی تەواو بکڕە، بەڵام من چووم لەگەڵ سوارە بیستانە قسەم کرد، کە بارەگای لەوێ بوو، دوو ژورم لێ وەرگرت بۆ ئەوەی ئەرکی پاسەوانیمان نەبێت، هەروەها هەندێک کەلوپەلم لە دۆست و برادەران وەرگرت، هەندێکیشم لەکۆنە کڕی، وابزانم هەموی بایی دووهەزار و شتێک دیناری ئەوکات بوو، تاکو من ئەم شتانەم کڕی و بارەگام دانا شاخەوان سەفەری سویدی کرد، چەند جارێک داوام لە مەڵبەند کرد پارەکەم بۆ خەرج بکەنەوە، نەیان دەکرد.

دەستەگەری و تاقمچێتی (تەکەتولات) نەخۆشیەکی کوشندەی ناو حیزبە کوردستانیەکانە، بەتایبەتی ی. ن. ک، زۆر کەس بۆتە قوربانی و سوتەمەنی دەستی ئەم دەردە کوشندەیە، جارهەیە بێ ئەوەی کەسەکە خۆی ئاگاداربێت یان لەدەستە و تاقم دابێت لێدانی کوشندەی بەردەکەوێت، ڕۆژێکیان چوومە مەڵبەند بۆ وەرگرتنەوەی پارەکە،

---

بووە، سەرەتا ئەندامی کەرتی ڕێکخستنی بنەسڵاوە بووە و دواتر بۆتە کارگێڕی کۆمیتە، لە ١٩٩٦/١١/٢٨ لە بەڕێوەبەرایەتی پۆستەو گەیاندنی سلێمانی، بە ناونیشانی پشکێنەر دەستبەکاربووە تاکو خانەنشینبوونی، لە ٢٠٢١/١٢/١٢ کۆچی دوایی کردوە و لە گوندی تاڵەبانی گەورە بە خاک سپێردراوە. ئەم زانیاریانە لە بەڕێز (دژوار عومەر) وەرگیراوە.

(حەسەن کوێستانی[1]) لێپرسراوی مەڵبەند بوو، منی باش نەدەناسی، ئەرسەلان بایز لەوێ بوو سەری لەبن گوێی ناو گوێم لێبوو گوتی: "ئەمە خزمی کابرایە"، تێگەیشتم کابرا مەبەستی کاک کۆسرەتە، ئیتر حەسەن کوێستانی گوتی پارەمان نیە، زۆر بێزاربووم، یەکسەر بەنیازی چوون بۆلای کاک کۆسرەت چوومە دەرەوە، لە نێوان بارەگای مەڵبەند و بەرەی کوردستانی لەسەر شەقامی شەست مەتری شوێنی ئێستای نەخۆشخانەی پار، توشی کاک کۆسرەت بووم، دوای سڵاو و چاک و چۆنی گوتی: "بۆ وا مشەوەشی؟" گوتم: "لەدەست ئێوە"، گوتی: "چۆن؟" منیش ڕووداوەکەم بۆی گێڕایەوە، لەوکاتەدا ئەرسەلان بایز لە مەڵبەند هاتە دەرەوە کاک کۆسرەت گوتی: "ئەرسەلان بۆ ئەم پارەیەی بۆ خەرج ناکەن؟" ئەرسەلان بایز ڕەنگی تێکچوو، هیچ وەڵامی پێ نەبوو، پسوڵەی کڕینەکانم دایە دەست کاک کۆسرەت هیچ سەیری نەکرد یەکسەر لەپشتی پسولەیەکیان نوسی حاکم سەردار سێ هەزاردیناری بۆ خەرج بکەن، ڕۆیشتم لە شەقڵاوە پارەکەم وەرگرت.

ماوەیەک زۆر چالاکانە و دڵسۆزانە لەگەڵ برادەران کاری ڕێکخستنم کرد، کەرتەکە زۆر گەشەیکردبوو زۆر ماندوبووین سەردانی زۆربەی گوندە ئاوەدانەکانی ناوچەکەمان کرد، کۆڕ و کۆبونەوەمان

---

(١) شەهید حەسەن ئەحمەد عەبدوڵڵا ئیبراهیم، ناسراو بە حەسەن کوێستانی، ساڵی ١٩٥٠ لە شارۆچکەی گەلاڵە لەدایکبووە، خوێندنی قۆناخی ئامادەیی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٢ پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندە بەهێزی پێشمەرگەوە کردووە، چەندین پلەی پێشمەرگایەتی و ڕێکخراوەیی بڕیوە و دواپلەی ئەندامی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) و لێپرسراوی مەڵبەندی بادینان بووە، لە کاتێکدا هەوڵی ڕاگرتنی شەڕ و ئاساییکردنەوەی بارودۆخی هەرێمی کوردستانی ئەدا، خۆیی و شەش پێشمەرگەی لە ١٩٩٤/٥/١٧ لە نێوان چۆمان و حاجی ئۆمەران کەوتنە ناو بۆسەیەکەوە و هەموویان شەهیدکران. لە: shorturl.at/mqJLP وەرگیراوە.

بەردەوام بـــوو، بەڵام بارودۆخمـــان خـــراپ بـــوو، لە لایەک ژیـــان و گوزەران زۆر قورس بوو، کەلوپەل و خواردەمەنی نرخی زۆر گران بوو، منیش مانگانە دووسەد دینار یارمەتیم وەردەگرت، بۆیە شەوانەش دەچوومە کۆلێژی ئاداب وەک پاسەوان مانگێ بە سێ سەد دینار.

ژیان زۆر قورس بوو، نرخی پێداویستیەکانی ژیان زۆر گران بوو، مووچەکەی من مانگانە هەر بەشی یەک فەردە ئاردی دەکرد، لە یادمە ئاردمان نەمابوو، یەک دوو ڕۆژ بە کیلۆ ئاردمان کڕی بەشی هیچی نەدەکرد، ئەوکاتە ماڵم لە ئۆردوگای بنەسڵاوە بوو، لەگەڵ حەسەن حسێن دراوسێ بووین، کە کاری تەکسی دەکرد، پێمگوت حاجی عەزیز ئاردی هەیە و فەردەیەک ئاردم بەقەرز بۆ بێنە، ئێوارە هاتەوە و ئاردەکەی هێنابوو، بەڵام پێدەکەنی، پرسیاری هۆکاری پێکەنینەکەم لێی کرد، لە وەڵامدا گوتی: "حاجی عەزیز گوتوویەتی کاکە بە قەرز نایدەم، دوایی پارەکەم ناداتێ، پێمگوت من دەیبەم، کەفالەتی دەکەم ئەگەر پارەکەی نەدا من خۆم دەیدەم". دوای ماوەیەک پارەکەم بۆ برد گوتم: "هەی حاجی من کەنگێن پارەی تۆ یان هی کەسێکی ترم خواردووە، بۆ واتگوتووە"، گوتی: "کوڕە تۆ خزمی و پێشمەرگەیی و گوتم پارەی نابێ و دوایی من چی لێبکەم".

هەر لەسەر نەداری و بێ پارەیی، گندۆرە (کاڵەک) پێ گەیشتبوو، دوو سێ ڕۆژ بوو منداڵەکان داوایان لە دایکیان دەکرد بۆیان بکڕێت، بەڵام پارە نەبوو، ئێوارەیەکیان دوو برادەر، کە بەداخەوە ناوەکانیانم لە یاد نەماوە، یەکیان کاری تەکسی دەکرد، لە هەولێرەوە بۆ کارێکی ڕێکخستن هاتنە لام لە ماڵەوە، وەختێک منداڵ چوونە دەرەوە و هاتنەوە و کەوتنە چرپە چرپ و فسکەفسک لەگەڵ دایکیان، پرسیمان چیە؟ دایکیان گوتی: "دەڵێن سینیەک گندۆرەی شکاو و ئامادەکراو لەسەر

چەمچەی تەکسیەکەیە"، یەکسەر خاوەن تەکسی گوتی: "بڕۆن بیهێنن ئەوە بەنسیبی ئێوە بووە، چونکە دامان نابوو سارد ببێت و بیخۆین، لە پڕ بۆ ئێرە هاتووین و دامان نەگرتووە". ئەوەی سەیر بوو چۆن لەم ڕێگایە لەگەڵ ئەو هەموو کەند و کۆسپ و تاسەیە نەکەوتووە.

پێمخۆشە ئاماژەی پێبدەم، ڕۆژێکیان دایکی برادەرێکمان مردبوو، پرسەکەی لە هەولێر بوو، نە خۆم، نە وەک کەرتی ڕێکخستن ئۆتۆمبێلمان نەبوو، غازی کەرکوکی دووسێ پێشمەرگەشی لەگەڵدا بوو، وتی من دێم و بە ئۆتۆمبیلی من دەچین بۆ پرسەکە، خەریک بوو بەڕێبکەوین، یەکێک هاتوو بە منی گوت کارم پێتە، جیای کردمەوە و گوتی ئێستا شۆڤڵێک بەرەو کانی سەگان ڕۆیشت، دڵنیام بە قاچاغ ئاودیوی دەکەن، ئێمەش بە ئۆتۆمبیلی غازی کەرکوکی کەوتینە دوایان، پێش ئەوەی بگاتە سەر جادەی نێوان هەولێر-کۆیە، گەیشتینە شۆڤڵەکە و ڕامانگرت، یەکێکیان وەک شارەزای ڕێگا لەگەڵدا بوو، بە ناوی فریاد مام نەبی، کە خۆیی و باوکی هەم دۆستم بوون، هەمیش خۆی ئەندامی ڕێکخستن بوو لە سنووری کەرتەکەی ئێمە، بە شوفێری شۆڤڵەکەمان گوت بگەڕێوە بەرەو بنەسڵاوە، شوێنێک کە هەندێک قوڕ بوو، شوفێرەکە بە ئەنقەست شۆڤڵەکەی تێدا گیرکرد، زۆریان هەوڵدا بە پارە ئازادیان بکەین، تەنانەت گوتیان پەنجا هەزار دیناری سویسریتان دەدەینێ، گوتم سێ ئەوەندەش بدەن، مەحاڵە بەرتیل وەربگرین و ئازادتان بکەین، بۆیە گوتم بڕۆن لە هەولێر کرێن بێنن و شۆڤڵەکە دەربهێنن. ڕۆیشتن، زۆریان پێچوو تاکو گەڕانەوە، کە هاتنەوە نامەیەکی ڕێبازیان هێنابوو، تیایدا نوسیبووی کاک عەلی بەڕێز بەپێی عورف و عادەت لەگەڵیان ڕێککەوە! پێمگوتن هیچ ڕێکەوتنێک نیە، دوبارە

نــاردمنەوە بــۆ کــرێن و کرێنەکەیــان هێنــاو شــۆڤڵەکەمان بــرد بــۆ بەڕێـوەبەرایەتی ئاسایشــی هەولێـر، ســەفین مەلا قەرەی بەڕێـوەبەر و عوســمان خۆشــناوی جێگــر، هەردووکیــان لەوێ بــوون، شــۆڤڵەکەم ڕادەســتکردن و پسـولەی وەرگـرتنم لـێ وەرگـرتن، بەڵام پاشــتر هــیچ ئاگــاداری و هەواڵێــک بــۆ ئــێمە نەهــاتەوە، کە بەخشیشــێک یــان سوپاســنامەیەک یــان دەستخۆشــیەکمان لــێ بــکەن، بــۆیە نــازانم چارەنووسی ئەو شۆڤڵە بە کوێ گەیشت.

لەگەڵ ئەو نەبــوونیەش خەڵــک بە هیــواوە دەژیــا و خۆڕاگربــوو، پێمـانوابوو وردە وردە حکـومەتی خۆمـاڵی پایەکـانی حـوکمڕانی قـایم دەکات و قەرەبووی هەمـوو نەبوونی و نەهـامەتی و ئێش و ئازارەکـان دەکـاتەوە، هەر ئەو کـاتە بـوو مامۆسـتایان و فەرمـانبەرانیش دروشـمی (سەری بەرزمان بۆ مووچە نەوی ناکەین) بەرزکردبۆوە، کەچـی ئێسـتا لە ســایەی دەســەڵاتی دزو گەنــدەڵ و مــیللەت و وڵاتفــرۆش، زۆربەی هەرە زۆری گەل داوای گەڕانەوە بـۆ ژێـر دەسـەڵاتی حکـومەتی بەغـدا دەکەن.

لە لایەکی دیکە سەروی خۆمان و کاربەدەستان ئەوەندەی نـامە و قسـەی کـۆنە مستەشـار و جـاش و کوێخـاو ئاغاکانیـان وەردەگـرت و کاریــان پێــدەکرد، نیــو ئەوەنــدە و کەمتــریش پســولەو داواکــاری و پێشــنیارەکانی ئــێمەی کــادیر و ڕێکخســتنەکانیان نەدەخوێنــدەوە و وەرنەدەگرت.

## دامەزران لە ئاسایشی گشتی هەرێم

ڕۆژێکیان کاک کۆسرەت لە سەفەری دەرەوەی وڵات گەڕابوویەوە، لەگەڵ د. وەلی چووینە لای لە بارەگای مەکتەبی سیاسی، دوای چاک و چۆنی و گفتوگۆکردن لێی پرسیم لەگەڵ بنەسڵاوە چۆنی؟ گوتم: "زۆر خراپ"، گوتی: "بۆ؟" گوتم: "ئێمە نانی خەڵکمان زۆر خواردووە و خەڵک زۆر هاوکاری کردوین و درۆمان زۆر لەگەڵ خەڵک کردووە، ئێستاش ئەو خەڵکە دڵسۆز و ماندوە داوای شتمان لێدەکات و دەڵێن ئێستا ئێوە دەسەڵاتدار و حکومەتن کەچی ئێوەی لێپرسراوان گوێ لە کۆنە جاش و کوێخا و ئاغاکان ڕادەگرن و نامەی ئەوان دەخوێننەوە و گوێ لە ڕێکخستن ناگرن". هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو یەکسەر گوتی: "دەچیە گومرگ یان ئاسایش؟" گوتم: "ئارەزوی تۆیە". ئەوەبوو یەکەم پۆستەی ئاسایشی گشتی ناو دەرچوو ٣٢ ئەفسەری مووچە پلە، شانزە بە شانزە، واتە نیوە بە نیوەی یەکێتی و پارتی، لە ملازم تاکو ڕائد، من بە مووچە پلەی نەقیب ناوم دەرچووبوو لە ١/ ٧/ ١٩٩٣ لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی دەستبەکاربووم.

سەرەتا کە کارەکان دابەشکران، حاکم قادر، ئەوکات جێگری بەڕێوەبەری گشتی بوو، منی نەدەناسی، بەجێگری بەڕێوەبەری بەشی ئامێرسازی داندرام، چونکە سیستەمەکە ئەوهابوو ڕائیدێک بەڕێوەبەری بەش و نەقیبێک جێگری بوو، ئەگەر ڕائیدەکە یەکێتی بووایە نەقیبەکە دەبو پارتی بووایە و بە پێچەوانەشەوە.

دوای ماوەیەک، حاکم قادر خۆی ناردی بەشوێنمدا و گوتی: "ئەم برادەرەی جێگری بەشی کارگێڕیە لێی ڕازی نیم و دەتنێرمە شوێنی ئەو". ئیتر ئەوەبوو بوومە جێگری بەڕێوەبەری کارگێڕی و تاکو

هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ، پاشان دوای دەرکرانی پارتی لە هەولێر بووم بە بەڕێوەبەری کارگێڕی ئاسایشی گشتی هەرێم.

دەستبەکاربوونم لەدەزگایەکی گرنگی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو دەزگایەی کە پاراستنی سەروماڵی هاولاتیان و دەزگا و دامەزراوەکانی حکومەت و دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری لە ئەستۆدایە، زۆر پێی دڵخۆشبووم، ئێمەی تینوی ئازادی و حوکمی خۆماڵی وا ئەورۆ کیانێکمان دروستکردوە و دەزگا و پایەکانی حوکمڕانیمان دامەزراندووە، کە ڕوبارێک خوێنی لەپێناودا دراوە.

دوای دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆ لە ساڵی ١٩٩٤، ئێمە تاکە دەزگای هاوبەش بووین، کە لەگەڵ برادەرانی پارتی بەیەکەوە مابووین، لەکاتی جەولەی یەکەمی شەڕدا پێکەوە کارماندەکرد، و لیژنەی ئاساییکردنەوە، کە لەسەرجەم حیزبەکان پێکهاتبوو لە لای ئێمە دەوامیان دەکرد، بەلام هەموو هەوڵەکان بێ سوود بوون بۆ ڕاگرتنی شەڕی ناوخۆ و شەڕیش ڕۆژ بەڕۆژ توندتر و گەرمتر دەبوو. بۆیە ڕۆژێکیان حاکم قادر بە برادەرانی پارتی گوت بە بێ کێشە و بەبێ دەنگ ئێرە بەجێبهێڵن و بڕۆن.

وەک پێشتریش ئاماژەم پێیدا، دوای دەرکردنی برادەرانی پارتی من بوومە بەڕێوەبەری کارگێڕی تا مانگی نیسانی ساڵی ١٩٩٦. لەگەڵ توند بوونی شەڕی ناوخۆ و لێکبوونەوەمان لەگەڵ برادەرانی پارتی، ئەرکی ئێمەش قورستر بوو، جگە لە ئەرکی ناوشار، ڕۆژانە دەبووایە مەفرەزە بنێرین بۆ بەرەی شەڕ، کە لە ئێوارەوە تاکو بەیانی لەوێ بن.

لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆ، ئەرکی دەزگای ئاسایش لە هەردوولا (ی. ن. ک و پ. د. ک)، پاکتاوکردن و سزادان و ڕاوەدونانی

ئەندام و لایەنگر و دۆستی یەکتربوو. هەروەها کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر جموجۆڵی هێزەکانی سەربازی و ئاسایشی و ڕێکخستنەکانی یەکتری بوون. ئەرکی سەرەکی دەزگای ئاسایش، کە بریتیە لە پاراستنی ئاسایشی هاوڵاتیان و خاکی کوردستان و پاراستنیان لە دوژمنانی سەرەکی، لەڕاستیدا پشتگوێ خرابوو.

شەڕی ناوخۆ (برا کوژی)، هەموو جومگەکانی ژیانی خەڵکی کوردستانی گرتبۆوە، یەکێک لەوانە دەرکردنی خێزان و منداڵی یەکتری بوو، هەروەها داگیرکردنی خانوو ماڵەکانیان. ئەمە کارێکی زۆر بێزارکەربوو، بۆنمونە: ماڵی مامەی کارسوڵ، مامی جەمال مورتکە، لە خانویەکی حکومی بوون لە نزیک فەرمانگەکەی ئێمە، دەیانویست دەریان بکەن، چوومە لای حاکم قادر و پێمگوت بەهیچ شێوەیەک نابێ ئەوانە دەربکەن، چونکە ئەو بنەماڵەیە لەوەتەی هەن کوردایەتی و پێشمەرگایەتی دەکەن، ئەوان لەسەرەتای شۆڕشەوە ڕێبازی پارتیان گرتووە و پێیانوایە لەو ڕێگایەوە ئامانجەکانیان بەدیدەهێندرێت، گوناحیان چیە؟ بۆ دەریاندەکەن؟ تاکو من نەڕۆیشتم بۆ خولی ئەفسەرانی ئاسایش لە قەڵاچوالان ١٩٩٦ نەمهێشت دەربکرێن، بەڵام دوای ڕۆیشتنی من دەریانکردبوون.

## بەشداری کردن لە خولی یەکەمی پێگەیاندنی ئەفسەرانی ئاسایش لە قەڵاچوالان

لە ١٢ی نیسانی ١٩٩٦ یەکەم خولی پێگەیاندنی ئەفسەرانی ئاسایش لە قەڵاچوالان کرایەوە و پەیوەندیمان پێوەکرد.

ئەم خولە زۆر بەسود بوو، هەم لەڕووی جەستەییەوە، چونکە مامەڵەی گەنجێکی تەمەن هەژدە ساڵیان لەگەڵ دەکردین لە

جێبەجێکردنی مەشقی سەربازی و جوڵە و وەرزش و ... هتد ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکە ئەم بابەتانەی دەمانخوێند بابەتی زۆر باش و بەسود بوون، هەموو بابەتەکانی کولێژی یاسا و پۆلیس بوون، بەڵام کورتتر و چڕتر.

پێش تەواوبوونی ماوەی خولەکە، کە شەش مانگ بوو، چەند ڕووداوێکی ناخۆش هاتە پێش، لەوانە:

یەکەم: بۆردومانکردنی بارەگاوماڵەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) لە شاری کۆیە لە لایەن ڕژێمی ئێرانەوە بە بەرچاوی یەکێتیەوە، هەرچەندە یەکێتی پێش وەختە هەواڵی بە (حدکا) دابوو بۆیە زیانی گیانیان نەبوو، بەڵام لەڕووی مەعنەویی و بۆ ناو و ناوبانگی یەکێتی زۆر خراپ بوو.

دووەم: ڕۆیشتن و سوڕانەوەی هێزەکانی یەکێتی بەناو خاکی ئێراندا و هێرش بردنیان بۆ سەر بارەگا و هێزەکانی پارتی لەناوچەی سیدەکان و دەروبەری ڕێگای هاملتۆن، ئەم هێرشەی یەکێتی بەم شێوەیە و بەهاوکاری ڕژێمی ئێران و سوڕانەوە و لەپشتەوە لێدانی هێزەکانی پارتی لێدانێکی کوشندە و جەرگ بڕبوو بۆ پارتی، بەڕاستی ئەگەر بەردەوام بوایە و پارتی دەروازەیەکی نەبووایە و بارودۆخەکەی بەبەرژەوەندی خۆی هەڵنەگەڕاندبووایەوە قورگی پارتی گیرابوو و خنکانی مسۆگەر بوو، ئەم سەرکەوتنانە لە ڕاگەیاندنەکانی یەکێتی بەشادیەوە بڵاودەکرانەوە و کاتژمێر بە کاتژمێر ناوچەو شوێنی تر کۆنترۆڵ دەکران.

زۆرجار ڕەنگە بنکەی حیزب و کادیرە ناوەندیەکانی و جەماوەرەکەی باشتر لەسەرکرایەتی بیربکەنەوە و لە هەندێک کرداری

حیزبەکەیـان نـیگەران بـن و پێیـانوابێ ئەم هەڵسـوکەوت و کـردارانە ئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە و زیانی تێدادەکەن. لەکاتی ئەم شاڵاوەی یەکێتـی مـن و چەنـد برادەرێـک زۆر نـیگەران بـووین، کاتێـک ئێـزگەی دەنگی گەلی کوردستان موژدەی کۆنترۆڵکردنی شاخی بەردە بوکی لە لایەن هێزەکانی یەکێتی بڵاودەکردەوە، ئێمە غەمبار دەبووین و بیرمان لە ئایندە دەکردەوە، بۆ دەربڕینی ئەم نیگەرانیە لە ڕۆژی پێچ شـەممە ڕێککەوتـی ٢٩ی ئـابی ١٩٩٦ گەڕایـنەوە هەولێـر، کەوا عـادەت بـوو پێنچشـەممان دەهـاتینەوە هەولێـر و هەینـی ئێـوارەکەی دەگەڕایـنەوە قەڵاچوالان. لەگەڵ سەرکەوتە ڕەش چووینە بارەگای مەکتەبی سیاسی تەنیـا شـاخەوان عەبـاس لەوێ بـوو، لەگەڵـی دانیشـتین و گفتوگـۆی بابەتەکەمـان کـرد و نیگەرانـی خۆمـان دەربـڕی، کە ڕژێمـی ئێـران لە هەمـوو دونیـا قێـزەونە و پەراوێزخـراوە و خۆشەویسـت نـیە، بـۆچی یەکێتـی ئەم هاوکـاریەی لەگەڵ دەکـات، و گوتمـان لەوە ناترسـن پـارتی وەرەقەی باشـتری هەبێت و ڕایبکێشـێت و دەروازەیەک بـدۆزێتەوە ئەم دۆخە هەڵگێڕێتەوە بە قازانجی خۆی؟ شاخەوان گوتی: "لەڕاسـتیدا وەک ئێـوە نـیگەرانم، دەزانـم ئێـوە کـادیری ناوەنـدی و بنچینەیـی و دڵسـۆزی یەکێتین، لە پەرۆشیتانە و مافی خۆتانە، بەڵام ڕاستیتان پێبڵێم تەنیا مـام جەلال خـۆی دەزانێـت خەریکـی چـیە و چـی دەکـات، منـیش وەک ئێـوە نیگەرانم و هیچیش نازانم".

هەرئەوکاتە چووینە مەڵبەند سەعدی پیرە لێپرسراوی مەڵبەند بوو، قسـەمان زۆر لەگەڵ کرد، بەڵام سـەعدی وەک شـاخەوان نەیسـەلماند و دانـی پێـدانەنا و هەر دەیگـوت ئێـوە نـازانن بارودۆخمـان زۆر باشـە و ئەنجامی ئەم شاڵاوەش زۆر باش دەبێت.

پێمـوایە سـەرکردایەتی یەکێتـی پێیـانوابوو ڕژێمـی عێـراق نـاتوانێ هێرشی سـەربازی بۆ سـەر هەولێر ئەنجام بدات، ئەگەر بێت و کاری وابکات، هێزەکانی هاوپەیمانان بەرپەرچی دەدەنەوە و ڕێگری لێدەکەن، بۆیە وا بەئاسودەیی دەیانگوت بارودۆخمـان زۆر بـاش دەبێت، بێ ئاگا لەوەی هاوپەیمانـان، لەسەروشـیانەوە ئەمریکـا چـرای سـەوزیان بـۆ ڕژێمی عێراق هەڵکردووە.

## ڕووداوی ۳۱ی ئابی ۱۹۹٦ و ڕۆژانی دواتر

ئێوارەی هەینی گەڕاینەوە قەڵاچوالان و بەیانی شـەممە ۳۱ی ئـابی ۱۹۹٦، هێزەکـانی پـارتی بە هاوکـاری و هەمـاهەنگی هێزێکـی زەبەلاحـی ڕژێمـی عێـراق و پاڵپشـتی چەنـدین تانـک و تـۆپ و زرێپـۆش و چەکـی قـورس و گـاردی کۆمـاری، پەلامـاری هەولێریانـدا و داگیریـانکرد و زەرەرێکـــی زۆر لە هێزەکـــانی یەکێتـــی درا و پێشـــمەرگەیەکی زۆر شەهیدبوو.

هێـزەکەی یەکێتـی پەرش و بـڵاو بـۆوە و جـگە لەزیـانی گیـانیش، هەرچـی بارەگـا و چەکـی قـورس و کەلـوپەل و کەرەسـتە و ئـامرازی یەکێتـی هەبـوو کەوتە دەسـت پـارتی و ماڵەکـانی ئەنـدام و لایەنگرانـی یەکێتـــی زۆربەی هەرە زۆریـــان تـــاڵانکران و دەســـتیان بەســـەرداگیرا، پێشمەرگە و ئەندامێکی زۆری یەکێتی دەستگیرکران. ئەوە جگە لەوەی یەکێتـــی بۆمـــاوەیەک تەواوی خـــاکی هەرێمـــی کوردســـتانی باشـــوری لەدەستدا و کەوتنە سەر سنور و ناو خاکی ئێران.

ناڵێم ئێمە ئەم چەند برادەرە بە وردی پێشبینی ئەم کارەساتەمان وەک ڕوویدا کردبوو، بەڵام کارەسات و ڕووداوێکی هاوشێوە و نزیک لەوەمان چاوەڕواندەکرد.

لە قەڵاچوالان بووین کە هەولێر داگیرکرا، گوتمان دەڕۆینەوە، و پەندێک هەیە دەڵێ گاڕان بەخڕی ڕۆیی، پیرێژن لە گۆلکە سوری دەپرسیەوە، هەولێر گیرابوو نەماندەزانی ماڵ و منداڵ و کەس وکارمان چیان بەسەرهاتووە. لیوا جەمالی بەڕێوەبەری خولەکەمان دەیگوت: "بڕۆن غائبتان دەدەم".

هاتینەوە کۆیە، من و سەرکەوتە ڕەش و ڕێبوار، د. وەلی براشم کە بەسەردان لە کۆیە بوو، ڕۆژی ١٩٩٦/٩/٤بەیەکەوە ڕۆیشتین بۆ چەمرگە، کاک کۆسرەت و بەشێک لەو هێز و فەرماندانەی لە هەولێر دەرچووبوون لەوێ بوون. بەرنامە داندرا هێرش بکرێت بۆ گرتنەوەی هەولێر، کاک کۆسرەت بانگی دکتۆر وەلی کرد و پێیگوت تۆ دەبی لەگەڵ ڕەتڵی عوسمان بانیمارانی بڕۆی بۆلای ماڵەکانی گەڕەکی زانکۆ، (دکتۆر هیوای ئاسایش[1]) ڕەخنەی گرت و گوتی: "نابێت دکتۆر وەلی بێت، چونکە کاری ئەو نیە و گەلەکەمان کاری گرنگتری بە ئەو و هاوشێوەکانی دەبێ، بۆ بێت و لەکارێکی لابەلا شەهید ببێت".

---

(١) دکتۆر هیوای ئاسایش: کەمال جەوهەر کەریم، ناسراو بە دکتۆر هیوا، لە ١٩٥٩/١٢/٣١ لە هاوینەهەواری سەلاحەدین لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆڕێ و سەلاحەدین و ئامادەیی لە هەولێر تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کردووە، ساڵی ١٩٨٢ پەیمانگای پزیشکی تەواوکردووە، بەشداری کۆنفرانسی سێی کۆمەڵەی کردووە، ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە، ڕابەر سیاسیی بووە لە تیپی (١٩)ی کۆڕەک، لەگەڵ دامەزراندنی ئاسایشی هەرێم بە موچە پلەی نەقیب لە ئاسایشی هەولێر دامەزراوە، بەشداری خولی یەکەمی ئەفسەرانی ئاسایش بووە لە قەڵاچوالان و دوا پلەی مقدمی ئاسایش بووە، لە ڕێککەوتی ١٩٩٦/٩/٥ شەهیدبووە. ئەم زانیارییانە لە بەڕێز (کارزان دکتۆر هیوا) وەرگیراوە.

شـایانی باسـە هێرشـەکە نەکـراو ئـێمەش گەڕاینەوە بۆ کۆیە، بۆ ڕۆژی دواتر بە ڕۆژ هێرشەکەیان ئەنجامدابوو، بەداخەوە دکتۆر هیوای ئاسایش شەهید بوو.

## ئاوارەیی و ماڵ دانان لە قەڵادزێ

لە مـاوەی چەنـد ڕۆژێکـدا، نەک شـار و شـارۆچکە، تەنـانەت گوندێکیشـمان بەدەسـتەوە نەمـا بـۆ ئەنـدامان و لایەنگرانـی یەکێتـی کۆچڕەوێکی سەرتاسەری بوو تاکو سەر سنوری ئێران نەگیرساینەوە، من کەوتمە ناوچەی کێڵێ-ی سنوری شاری سەردەشتی ئێران.

بارودۆخی ئۆردوگای کێڵێ زۆر دژواربوو، خواردن و خواردنەوە نەبـوو، چـادرو پـێخەف نەبـوو، مـن و چەنـد برادەرێـک لە نـاو ئۆتۆمبێلەکەی من دەخەوتین، لەگەڵ سەرکەوتە ڕەش بڕیارماندا بڕۆین بـۆ ئەوروپـا. ئەو نـاردی هەنـدێک پـارەی بـۆ بـێ و منـیش بڕیارمـدا ئۆتۆمبێلەکەم بفرۆشم، لەم کاتەشدا بوو حاکم قادر لە هەولێر دەربازی ببـوو گەیشـتبووە نـاوچەی زەڵـێ و لە ڕادیـۆوە بـانگەوازێکی کـرد کە هەمـوو ئەفسـەران و کارمەنـدانی ئاسـایش پەیوەنـدی پێـوە بکەیـن، هێزەکـانی یەکێتـی ئەوانەی لە دەوروبەری کێڵـێ بـوون لەسـەر سـنور چـاوەڕوانی ئەوەیانـدەکرد لە ڕێگـای پەیوەنـدیەکانەوە قسـە لەگەڵ ئێرانیەکـان کرابـوو بـۆ ئەوەی ڕێگایـان بـدرێ بە چەک و ئۆتۆمبێلەکانیانەوە بە خاکی ئێراندا بچنە نـاوچەی زەڵێ و ناوزەنگ، کە مـام جەلال و زۆربەی ئەنـدامانی مەکتەبـی سیاسـی و سـەرکردایەتی لەوێ بـوون، ئـێمەش لەبەر ئۆتـۆمبێلەکەی مـن و چەکەکانمـان، بڕیارمـاندابوو هەرکاتێک هێزەکـانی یەکێتـی مـۆڵەت دران، لەگەڵ ئەوان بڕۆین و پەیوەندی بە حاکم قادرەوە بکەین.

ڕۆژێکیـــان لەگەڵ ســـەرکەوتە ڕەش ســـەرکەوتین بـــۆ ســـەردانی برادەرانی پێشمەرگە، کە لەدەرەوەی ئۆردوگاکە لە سەنگەردا بوون، کە گەیشتینە لایان قادری حاجی عەوڵا گوتی ژنێک هاتووە بۆلای براکەی ناوی خەزاڵە و خەڵکی گوندی شیواشۆکە، ئەگەر ڕاسپاردە و شتت بۆ ماڵەوە هەیە پێیبڵێ، چووینە لای، دوای چاک و چۆنی لێمپرسی ئیلنجاغیەکانی گەڕەکی باداوە کێ دەناسی؟ گوتی: هەموان دەناسم، گوتم: محەممەدی مام کوێخا وەسمان دەناسی؟ گوتی: بەڵێ، گوتم: بچۆ ماڵیان و پێیبڵێ ئەمن زۆرباش و ساغ و سەلامەتم، منداڵەکانیش تاکو دەحەوێنەوە لە هەولێربن باشترە، چونکە لێرە هیچ نیە، نەخواردن و خواردنەوە، نە چادر و پێخەف و... هتد، بارودۆخەکە زۆر خراپە و با هەوڵبدەن خۆیان حەشاربدەن، ئەگەر زانیان هەر ناحەوێنەوە، هەواڵم بۆ بنێرن خۆم خەمی هاتنیان دەخۆم. خوشکە خەزاڵ چووبوو ڕێک پێچەوانەی قسەکانی من گوتبووی بارودۆخی زۆر باشە و کاک عەلی بەخۆی بەرپرسی ئازوقە و قەمسەڵە و ئەم شتانەیە، گوتوویەتی بەپەلەبێن، خێزانی منیش دەڵێ من هیچ شارەزانیم چۆن بچم؟ دەڵێ من شارەزام پارەم بدەنێ دەتانبەم، بەڵام نابێ منداڵەکان هەموویان بهێنی. ڕێکدەکەون بەهەزار دیناری سویسری بیانهێنێ، خێزانم و سێ منداڵ، دووان لەمنداڵەکانیش بەجێدەهێڵن، وەختێک دەگەنە قەڵادزێ دەردەکەوێ خەزاڵ هیچ شارەزانیە و کەسیش ناناسێت. بەڕێکەوت شوفێرێکی هێڵی ڕانیە-قەڵادزێ، (س)ی ناوبوو یادی بەخێر لەژیاندا نەماوە و گیانی شادبێ، لێیان دەبێت بە فریشتە، ئەگینا هەر لە بازگەی دەربەندی ڕانیە کوڕە گەورەکەم، (هۆشمەند) لە لایەن پارتیەوە دەگیرا، هەرچۆنێک بێت ئەم شوفێرە دەبێت بە ڕزگارکەر و دەیانگەیەنێتە

قەڵادزێ و لەوێــش بە خەڵکێکــی باشــیان دەناســێنێ، کە ئێســتاش پەیوەندیمان هەر ماوە و بووین بەخزم، ئەویش ماڵی عەوڵای حسین ئاغــای گــردمەیتەرە، دوای ئەوەی یەک دوو ڕۆژ لەوێ پشــودەدەن، عومەری کوڕی عەوڵای حسین ئاغا دەیانگەیەنێتە ناحیەی هەڵشۆ و وڵاغ و قاچاغچیان بۆ بەکرێدەگرێ و دوای زەحمەتیەکی زۆر گەیشتنە کێلێ، پاشانیش هەر عومەری مام عەوڵای، دوو منداڵەکەی تریشی لە هەولێرەوە هێنا بۆ کێلێ. بەڕاستی ماڵی عەوڵای حسین ئاغای ماڵێکی زۆر باش و کۆمەڵایەتی و میواندۆستن، لە ئەنجامی ئەو هاوکاری و یارمەتیەیان، بووین بە دۆست و ناسیاوی یەکتر و تا ئێستاش تێکەڵاوی و پەیوەندیەکی توند و تۆڵمان لەگەڵ یەک هەیە.

ئەم ڕۆژەی کە منــداڵەکان گەیشــتن، ئێــوارە بــوو لەبــن چــادر دانیشتبووین، شێخ تاڵیب هاتە بەردەرکی چادرەکە و گوتی عەلی ئیلنجاغی مزگێنیم دێیە منداڵەکانت هاتن! سەرم سوڕما! چونکە من هیچ بەتەمای هاتنیان نەبووم، سەرەتا باوەڕم نەکرد، کە چوومە دەرەوە ڕاست دەرچوو، ئەم شەوەش بڕیار بوو هێزەکانی یەکێتی بەناو خاکی ئێراندا بسوڕێنەوە زەڵێ، من نەمتوانی لەگەڵیان بڕۆم، برادەرانی تریش وەک سەرکەوتە ڕەش و ڕێبوار لەگەڵم مانەوە. چادر و کەلوپەلم بە پارە کڕی و دووسێ ڕۆژ مامەوە، دوای ئەوەی شوێن و پێداویستیم بۆ منداڵەکانم دابینکرد، ئینجا لەگەڵ هەندێک برادەری تر، بە پێ ڕۆیشتین بۆ زەڵێ.

ئەم هەواڵــدانە ناڕاســتە و پــێچەوانەی خەزاڵ خــان، جــگە لەوەی تووشی بە پێیان ڕۆیشتن بۆ زەڵێ و بە جێهێشتنی ئۆتۆمبێلەکەی کردم،

پڕۆژەی ڕۆیشتن بۆ هەندەرانیشی لێ تێکدام، کە زۆر بە جدی بە ئومێدبووین و بەرنامەمان بۆ دانابوو.

لەسەروچاوی هەڵشۆ وڵاغداری لێ بوو بۆ کرێ وەستابوون، زۆربەی برادەران وڵاغیان بەکرێگرت، چونکە لەسەروچاوی هەڵشۆیە، کە بەشاخەکەدا سەردەکەوتی بۆ سەر سنور، بەداخەوە نازانم شاخەکە ناوی چیە، زۆر دورودرێژ و ڕک و ناخۆش بوو، من وڵاغم بەکرێ نەگرت، گوتم ئێمە تازە بووینەوە پێشمەرگە و لە سفرەوە دەستپێدەکەینەوە با خۆم تاقیبکەمەوە، ئەوکات نەخۆش نەبووم لەگەڵ ئەوەی جگەرەشم دەکێشا زۆر باش سەرکەوتم و گەیشتینە زەڵێ.

چەند ڕۆژێک لە زەڵێ ماینەوە، ئەوەبوو هێزەکانی یەکێتی هێرشی پێچەوانەیان دەستپێکرد و تاکو ئەم شوێنانەی ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی دایە کۆنترۆڵکردەوە، کە لە ڕادیۆ گوێم لێ بوو کۆیە ئازادکرا، یەکسەر دڵم لێیدا. ئۆتۆمبێلەکەم لە کێلێ بوو هەندێک خزم و برادەر لەوێ بوون ئێستا هۆشمەند هاندەدەن، کە بڕۆن بۆ کۆیە و پێیدەڵێن ئێستا باوکت لەوێیە، هۆشمەند منداڵ بوو تەمەنی ١٦ساڵ بوو، هەرگیز نەمبینی بوو شوفێری بکات، بۆیە ترسم لێ نیشت بیبەن و لە ڕێگا توشی ڕوداوێک بێت، بۆیە مۆڵەتم لە حاکم قادر وەرگرت و لەگەڵ نادر کەریم لە زەڵێ بەڕێکەوتین بەرەو قەڵادزێ، لە بەختی ئێمە تاکو گەیشتینە قەڵادزێ توشی یەک ئۆتۆمبێل نەبووین، کاتی ڕۆژئاوابوون گەیشتینە قەڵادزێ و سواری ئۆتۆمبێل بووین بەرەو کێلێ، کە گەیشتین پێشبینیەکەم ڕاست دەرچوو، دایکی گوتی پێنچ خولەکە هۆشمەند لە کۆیە هاتۆتەوە.

کێلێ زۆر سارد بوو، بۆیە بڕیارمدا منداڵەکان ببەم بۆ قەڵادزێ، ئەوەی کێشە بوو چادرو کەل و پەلەکان بوو، چونکە یەکەم، هەموویم

بە پارەی خۆم کڕیبوو، دووەم، بچوومایە هەرشوێنێک ئەم شتانەم پێویستبوو بە چادرەکەشەوە، کێشەی دەربازکردنیانم هەبوو لە بازگەی ئێرانیەکان، کە لە ئۆردوگا دەردەچووی بازگەیەکیان دانابوو بۆ پشکنین و کۆنترۆڵکردنی ڕێگاکە، بەڵام لە هەموو ڕۆژگار و سەردەم و شوێنێک بەرتیل و دەم چەورکردن ڕۆڵی هەبووە و هەیە، کوڕێکی گەنجی هەولێری لە کێڵێ بوو وابزانم ناوی جامی بوو، تورکیەکی باشی دەزانی و لەگەڵ ئێرانیەکان دۆستایەتی پەیداکردبوو، ئەم کوڕە بە سەد دینار بەرتیل کێشەکەی بۆ چارەسەرکردم و هاتینە قەڵادزێ و چووینە گوندی گردمەیتەر لای ماڵی کاک عەولای حسێن ئاغا و شوێنێکی کاتیان بۆ دابینکردین.

حاکم قادر ئاگاداری کردینەوە لەگەڵ سەرکەوتە ڕەش بچینە کۆیە و لە بارەگای بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی کۆیە، برادەرانی ئەفسەر و کارمەندانی ئاسایشی گشتی کۆبکەینەوە، چووینە کۆیە و چەند ڕۆژێک لەوێ مامەوە. گەڕامەوە قەڵادزێ بۆ سەردانی ماڵەوە، وەختێک هەواڵیان دایێ کە لە سلێمانی بارەگای بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی داندراوە، کە چوومە سلێمانی سەیردەکەم برادەرێکیان لە شوێنەکەی من بە بەڕێوەبەری کارگێڕی داناوە، لە حاکم قادرم پرسی بۆ؟ گوتی: کاک کۆسرەت دایناوە، گوتم: نەخێر کاک کۆسرەت ناردویەتی ئیشێکی بدەینێ، نەی گوتووە لە شوێنی عەلی دابنێ، لەسەر ئەوە زۆر تووڕەبووم، هەرچەندە حاکم قادر هەوڵی داو گوتی: شوێنێکی باشت دەدەمێ، تووڕەبووم و گوتم: نایەمە سلێمانی و تەنسیبم بکە لە ئاسایشی قەڵادزێ. دوای من سێ چوار برادەری تریش لەوانەی خەڵکی هەولێر و دەوروبەری بوون لە ئاسایشی گشتی یان لە ئاسایشی هەولێر بوون و ماڵیان لە قەڵادزێ بوو خۆیان تەنسیبکرد لە ئاسایشی قەڵادزێ. ئەم

کۆمەڵە هەموومـان بێکـاربووین، چـونکە ئاسایشـی قەڵادزێ ئەفسـەر و کارمەنـدی تەواوی خۆیـان هەبـوو، ئـێمە تەنیـا لە لایـان دادەنیشـتین و سەرەمانگانیش مووچەکەیان بۆ دەهێناین.

کاتێک کارەسـاتی ٣١ی ئـاب ڕوویـدا مانگێکمـان مـابوو خـولەکەی قەڵاچـوالان تەواوبکەیـن، بـۆیە لەومـاوەیەدا چـووین لە نـاو سـلێمانی لە خوێنـــدنگەی شـــۆڕش تەواومـــانکرد و تاقیکردنەوەمـــان ئەنجامـــداو بڕوانـامەی ملازمـی دویـان پـێ بەخشـین بە فەرمـانی سـەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ ئیدارەی سلێمانی بە ژمـارە (٣٣/١) لە ڕێککەوتـی (١٩٩٧/٨/١٩). دوای ئەوە لیژنەیەکیان پێکهێنا بۆ ئەژمـارکردنی خزمەتـی پێشـمەرگایەتی و هەروەهـا ئەم خـزمەتەی پـێش خـولەکە هەمـان بـوو، پلەکەیـان بـۆ هەمـوارکردین مـن بـووم بە ڕائیـد و لەگەڵ یەک سـاڵ پێشخسـتن (قـدم) بە فەرمـانی سـەرۆکایەتی ئەنجـومەنی وەزیـران/ نووسینگەی سەربازی ئیدارەی سلێمانی بە ژمـارە (٢٧/٢) لە ڕێککەوتـی (١٩٩٨/١/١١).

## وەرگرتنی پۆستی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پشدەر

پۆلیسی قەڵادزێ زۆر بێ سـەروبەر و هەتـا بڵێـی لاواز و نادیـار و بێ هێز بوو، نەیاندەتوانی ئەرکی سەرشانیان وەک پۆلیس جێبەجێبکەن، بۆیە برادەرانی بەرپرس داوایان لێکردم بگوازرێمەوە بۆ سـەر میلاکـی پۆلیس وەک بەڕێوەبەری پۆلیسی پشدەر.

مسـتەفا سـەید قـادر وەزیـری نـاوخۆ بـوو لە ئیـدارەی سـلێمانی، نـاردی بە شـوێنمدا و داوایلێکـردم قبـوڵی بـکەم، بـبم بە بەڕێـوەبەری پۆلیسـی پشـدەر، چـونکە قایمقـام و برادەرانـی ئاسـایش و کـۆمیتە و

لێپرسـراوانی قەڵادزێ پاڵاوتوویـانی و داوایـانلێکردوم ئەم ئەرکەت پـێ بسپێرین، داوای یەک هەفتە مۆڵەتم کرد بۆ وەڵامدانەوەی، چوومە لای چەند برادەرێک بۆ پرس و ڕاوێژ، لەوانە: حاکم قادر، کە پارێزگاری سلێمانی بوو، لیوا ئەحمەد موسا، کە بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس بوو، لیـوا فەرەیـدون عەلـی شـەریف، کە بەڕێـوەبەری پۆلیسـی پارێزگـای سلێمانی بوو، بابەتەکەم لەگەڵ باسکردن، هەرسێکیان زۆریان پێ باش بوو، داوایان لێکردم قبوڵی بکەم و ئەوانیش هاوکار و پشتیوانم دەبن. منیش چەند داواکاریەکم خستە ڕوو، بەتایبەت بۆ لیوا ئەحمەد و لیوا فەرەیـدون، گـوتم: مـن پـۆلیس نەبـویمە و ئەرکـی پۆلیسـیم نەبینیـووە، ئەگەر کەم و کـوڕی و هەڵەیەکـم هەبـوو لـێم مەکەن بە هەڵـڵا و لێـی بکـۆڵنەوە، ئەگەر لە نەزانـین و بـێ ئاگـایی بـوو لێمببـورن، و ئەگەر لە پێناو ئیمتیاز و بەرژەوەندی کەسیم بوو لێم قبوڵ مەکەن و توندترین سـزام بدەن، هەروەهـا گـوتم: پشـدەر نـاوچەیەکی عەشـایەریە و دەبێ دەستێکم یاسابێ و دەستەکەی ترم عورفی عەشایەری بێ، یاسای ڕەها سـەرکەوتوونابێ، ئینجـا دەبێ بەڕاسـتی ئێوە هاوکـار و پشـتیوانم بـن، بەڵێنیان دا پێشنیارەکەم قبوڵ بکەن و بەتەواوی پشتیوانیم بکەن.

دوای هەفـتەکە، وەڵامـی مسـتەفا سـەید قـادرم دایەوە بە ئیجـابی و گواسـترامەوە سـەر میلاکـی پـۆلیس بە فەرمـانی وەزاری وەزارەتـی ناوخۆ-ئیدارەی سلێمانی ژمارە (١١٨٦٣/١) لە ڕێککەوتی ١٩٩٩/٧/٦، و فەرمـانی بەڕێـوەبەرایەتی ئاسایشـی گشـتی- ئیـدارەی سـلێمانی ژمـارە (٤٤٩٩) لە ڕێککەوتـی ١٩٩٩/٧/٧، بـۆیە لە ڕێککەوتـی ٨ی تەممـوزی ١٩٩٩ وەک بەڕێوەبەری پۆلیسی پشدەر دەستبەکاربووم.

ئەوکاتەی کە دەستبەکاربووم، ماوەی چەند ڕۆژێک دۆست و برادەر و خەڵکی ناوچەکە، لەسەرجەم چین و توێژەکان بەمەبەستی پیرۆزباییکردن دەهاتنە سەردانم، یەکێک لەوان کەسایەتی دیاری پشدەر و فەرماندەی دێرینی ی. ن. ک محەممەد وەتمان بوو، دوای پیرۆزبایی و دەربڕینی خۆشحاڵی، گوتی: یەکەمین جارە بێمە فەرمانگەی پۆلیس و لای بەڕێوەبەرەکەی، بۆیە هاتووم پیرۆزبایی گەرمت لێ بکەم و ئامادەی هەموو هاوکاری و پشتیوانیەکتم. ئەوە بۆ من جێگای سەربەرزی و سەربڵندی بوو، بەڕاستیش محەممەد وەتمان بەڵێنەکەی خۆی بردەسەر.

ئەوکاتەی کە لە خولی پێگەیاندنی ئەفسەرانی ئاسایش بووم لە قەڵاچوالان، عمید مەحموود تاهر صادق یەکێک بوو لە مامۆستایانی خولەکەو بابەتەکانی: (علم النفس الجنائی) و (طبع الاصابع)ی پێدەگوتین، ئەفسەرێکی کۆن بوو، لە زۆر شوێنی عێراق ئەرکی بینیبوو، هەروەها لە زۆربەی بەش و فەرمانگەکانی سەر بە پۆلیس کاریکردبوو، خۆشی پیاوێکی زیرەک و وریا و گورج و گۆڵ و قسەڕەوان بوو، زۆر ڕوداوی بۆ دەگێڕاینەوە، من هەرگیز پێشبینیم نەدەکرد ڕوداوی کۆمەڵایەتی لەم جۆرە نەک هەر لە ناو کۆمەڵگەی کوردستانی و عێراقی، بەڵکو لە ناو هیچ کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی ڕوبدات، بەڕاستی پێموابوو پیاوێکی زیرەکە و وەک چیرۆک و ڕۆمان ڕێکیاندەخات. زۆرجار برادەران دەیانگوت ڕات چیە لەسەر ئەم قسانەی عمید مەحموود؟ بەپێکەنینەوە دەمگوت لەبنەڕەت خەڵکی کۆیە و لە سلێمانی دەژی و پۆلیسی لە زاخۆوە تاکو بەسرا کردوە و ئیتر خۆتان لێکی بدەنەوە. کاتێک لە پۆلیسی پشدەر دەستبەکاربووم برادەرێک بەناوی (ع.خ)، کە خەڵکی

گوندی (ب.)یە و بۆ پیرۆزبایی هاتەلام، گوتی: یەک ئامۆژگاری برایانەت بکەم؟ گوتم: فەرموو، گوتی: دەبی زۆر وریابی و بەقسەی هیچ کەسێکیش باوەڕنەکەی، تەنیا دوای لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی خۆت بڕیاربدە، ئەگەر من هاتم سکالایەکم هەبوو یان قسەیەکم بۆکردی بەڕاستی وەرمەگرە، تەنیا دوای بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی خۆت نەبێت، هەروەها گوتی: نمونەیەکت بۆ دەگێڕمەوە، کە لە گوندەکەی خۆمان پیاوێک هات لەم بنکەی پۆلیسە سکالای لەسەر پیاوێکی دراوسێی خۆی تۆمارکرد و گوتبووی ئامێری تەلەفزیۆنی لێ دزیوم، دوو کەسیش لە خەڵکی گوندی هاتن شاهێدیان بۆ سکالاکار داو گوتیان تەلەفزیۆنەکەمان لەسەر شانی سکالا لێکراو بینیووە. گوتی منیش باش دەمزانی ئەم سکالایە درۆیە و وانیە، گوتی پاش بەندکردنی بەناو تۆمەتبار و چەند ڕۆژێک بێنە و بەردە ڕێککەوتن و کێشەکەیان چارەسەرکراو بەندکراوەکە ئازادکرا، لە یەکێک لە شاهیدەکانم پرسی فلانە کەس من باش دەزانم سکالاکار درۆی دەکرد و بەندکراو بێ تاوانە، ئەم شاهێدیەت چۆندا؟ گوتی لە وەڵامدا گوتی وەڵاهی لەبەرخاتری کاک "ع.س" بوو، چونکە تەکلیفی لێکردبووم!

هەرکاتێک لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پشدەر ڕووبەڕوی کێشە و ڕووداوەکان دەبوومەوە، بۆم دەرکەوت عمید مەحموود و (ع.خ) زۆر ڕاستیانکرد، ئەم کۆمەڵگایە هەمووشتێکی باش و خراپی لێ دەوەشێتەوە. مرۆڤ ئەگەر ویژدانی نەبوو، ڕەچاوی بنەماکانی مرۆڤایەتی نەکرد لە دڕندە دڕندەترە. ڕوداو و کێشەی وام دەهاتە بەردەم بێزم لێدەکردەوە، زۆربەیان لەبەرکێشەی کۆمەڵایەتی ناتوانم باسیان بکەم، تەنیا هاوشێوەی نمونەکەی (ع.خ) یەک ڕوداو دەگێڕمەوە.

ڕۆژێک کوڕێکی گەنجی خەڵکی هەڵشۆ هاتەلام بەناوی نەجمەدین، لە تەوقی سەری هەتا نوکی پێی لە ناو قوڕ و قوڕاو بوو، گوتم: ئەوە چیە؟ گوتی: ئەحمەدی مامم زۆری لێداوم، بەزەوی داداوم، لە ناو قوڕو قوڕاو ئەوهای لێکردوم! گوتم: "سکاڵا نامەیەک بۆ دادوەر بنوسە". سکاڵا نامەکەی نوسی و خەریکی وەرگرتنی گفتاری (افادە) بوون، ئەحمەدی مامی پەیدابوو یەک ئامێز نەمامەداری ساوای قرچ و بڕکراوی پێ بوو، گوتم: ئەمە چیە؟ گوتی: نەجمەدینی برازام ئەو هەموو نەمامەی لێ شکاندوم، منیش گوتم: بێ ویژدان لەسەر ئەم نەمامانەیە ئەوەندەت لێداوە و هیچ جەستەی نەماوە و لە قوڕ و قوڕاوت هەڵێناوە؟! سوێندی خوارد کە دەستی پێینەکەوتووە، سەیرم پێی هات! گوتم: بڕۆ سکاڵا بنوسە، ئەویش سکاڵای بەرامبەری نوسی و هەردوکیان گیران، بۆ بەیانی ڕیش سپیانی هەڵشۆ هاتن و پێکیانهێنان و دادوەر ئازادی کردن، نجم الدینم گێڕایەوە و پێمگوت: "ئێستا پێکهاتن و کێشەکە کۆتایی پێهات، وەرە ڕاستم پێبڵێ بابەتەکە چی بوو؟ بۆ وا لە قوڕ و قوڕاو هەڵکێشرابووی؟ لەکاتێکدا مامت سوێند دەخوا کە دەستی پێت نەکەوتووە!" گوتی: "ئەگەر ڕاستیت پێبڵێم بەندم ناکەیەوە؟" گوتم نەخێر و بەڵێنم پێداو گوتی: "من نەمامەکانم شکاندبوو بۆیە خۆم بەدەستی خۆم وام لەخۆمکرد، تاکو وای نیشانبدەم کە مامم زۆری لێداوم و لە قوڕو قوڕاوی هەڵکێشاوم، بۆئەوەی بڵێم لەسەر نەمامەکان وایلێکردوم و بەرامبەر بەو کردار و تاوانەی خۆم ئەویش تاوانبار بکەم!"

لەسەر بابەتی پشتیوانیکردنم لە لایەن برادەرانی لێپرسراوانی سەرووی خۆم و ڕەچاوکردنی لایەنی عەشایەری ناوچەکە، یەک نمونە

باس دەکەم، مانگێک دەبوو دەستبەکارببووم، وەک لە پێشەوە ئاماژەم پێدا بارودۆخی پۆلیس زۆر خراپ بوو، ڕۆژ تا ئێوارە خەریکی ڕێکخستنی ئیش و کارەکان و کۆبونەوەکردن بووم لەگەڵ کارمەندان، بۆئەوەی ڕێکیانبخەم و هانیان بدەم ئەرکەکانی خۆیان وەک پێویست جێبەجێبکەن و گەشە بکەن و بتوانن لە ئاست بەجێهێنانی ئەم ئەرکە پیرۆزە بن، کە بریتییە لە پاراستنی سەرو ماڵی هاوڵاتیان و چاودێریکردنی جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنماییەکان و دابینکردنی ئارامی و ئاسایشی شار، بۆ ئەم مەبەستە پاش نیوەڕۆیانیش دەوامم دەکرد، لە هەموو پشدەر تەنیا یەک ئەفسەرم لەگەڵ بوو، کە ئەفسەری بنکەی پۆلیسی قەلادزێ بوو، ئەویش نەک هەر هاوکار نەبوو، بەڵکو هەوڵی تێکدانی کارەکانی دەدا و دەیویست شتی پێچەوانەی یاسا لەسەر من بگری و بەرزی بکاتەوە، چونکە خەڵکی ناوچەکە بوو، پێیوابوو ئەم بەڕێوەبەریە مافی ئەوە و لێم زەوتکردووە، پلەکەشی مقدم بوو شەش مانگ لەپێش من بوو، بەڵام نە بەرپرسان، نەخەڵکی ناوچەکە لێی ڕازی نەبوون! چەند جارێک پێشتر کرابووە بەڕێوەبەر و ساڵێک دەوامی نەکردبوو کەتنێک یاخود سەرپێچیەکی کردبوو لایان دابوو.

پێش ئەوەی من دەستبەکاربم، کوڕێکی خەڵکی گوندی شێنێ بەناوی شۆڕش، بە گولە قاچی پیاوێکی شکاندبوو، تەڵعەت کاوانی کە بەڕێوەبەری پۆلیس بوو، شۆڕشی بۆ ناگیرا، لەبەرئەوەی کە مەفرەزەیان ڕەوانە دەکرد بۆ گرتنی، دەپەڕیەوە سنوری گوندی گۆڕەشێر و ئەوێش خاکی ئێران بوو. بۆیە تەڵعەت کاوانی هەماهەنگیەکی لەگەڵ هیوا دۆشکە کردبوو، کە بەرپرسی بەندیخانەی یەکێتی بوو لە زەڵێ، ڕۆژێک شۆڕش لە ناو بارەگای حیزبی

سۆسیالیست دەگرن، لەسەر ئەم بابەتە محەممەدی حاجی مەحموود لە لای مام جەلال گلەیی کردبوو، کە گوایە حەرەمی بارەگای ئەویان شکاندووە. بەم جۆرە شۆڕش بەندکرابوو لە گرتن و گواستنەوەی سلێمانی، ئەوکاتە قەڵادزێ دادگای لێ نەبوو، ئیش و کارەکان لەڕێگای دادگای ڕانیەوە بەڕێوەدەچوو، ڕۆژێکیان دادوەری لێکۆڵینەوەی دادگای ڕانیە داوای شۆڕشی کردبوو بۆ وەرگرتنی پاشکۆی وتەی، منیش ناردم لە سلێمانی هێنایانەوە، کە سەیرمکرد شۆڕش جەستەیەکی وای هەیە ڕەنگە ئەگەر ڕابکات تانجی نەیگاتێ، هەروەها ژووری بەندکردنەکەی ئێمەش زۆر خراپ بوو قوڕبو سەری داربوو، دەرگاکەی تەنەکە بوو، و دڵنیابووم کە شۆڕش هەوڵی ڕاکردن دەدات هەر هەڵێکی بۆ ڕێکبکەوێت، هەرچەندە بانگمکرد و پێمگوت لام وایە دادوەر دەیەوێ ئازادت بکات بۆیە داوایکردووی، بەڵام دەمزانی پۆلیس دەمشڕن و تێیدەگەیەنن کە وانیە، ئەم ڕۆژە هەر زوو نانی نیوەڕۆم خوارد و گەڕامەوە فەرمانگە، وەختی ئێوارە کۆمیسەرێک ئێشکگربوو بەناوی مستەفا ڕەش، پیاوێکی بەتەمەن بوو تەمەنی خانەنشینی نزیک ببۆوە، بانگمکرد و پێمگوت: "مستەفا من دەنێرم ڕایەخ و پێخەفم بۆ بێت و ئەم شەو ناچمەوە"، بەسەر سوڕمانەوە گوتی: "گەورەم بۆ؟" گوتم: "لەبەرئەوەی شۆڕش ڕادەکات، بۆئەوەی خۆم لێرەبم پاسەوانی بکەم". گوتی: "گەورەم حەیفە و بۆمن شورەییە ئەم قسەیە دەکەی، من سی ساڵە پۆلیسم چۆن شتی وادەبێت، بڕۆوە و هیچ خەمت نەبێت". گوتم: "مستەفا ئەگەر بەڵێنم نەدەیتێ زۆر وریا نەبی ناڕۆمەوە"، گوتی: "بڕۆ بێخەم بەو ئەوە ئەرکی منە".

بەرەو ماڵەوە ڕۆیشتم دوو پۆلیسم لەگەڵ بوو، بارەگای ئاسایشی قەڵادزێ لە نێوان ماڵی ئێمە و بنکەی پۆلیس بوو، بەکر بایز لێپرسراوی ئاسایش بوو لە حەوشەکە پیاسەیدەکرد، سڵاوم لێیکرد و گوتی: لادە، گوتم: زۆر درەنگە، گوتی: دەلادە دووسێ قسە دەکەین، منیش لامداو لەحەوشەکە پیاسەماندەکرد، لە ئاڕاستەی بنکەی پۆلیس بوو بەتەقە، گوتم: کاک بەکر شۆڕش ڕایکرد، گوتی: چۆن دەزانی؟ گوتم: بەسەری تۆ دڵنیام، تەلەفۆنی نۆڕماڵ هەبوو، تەلەفۆنم بۆ پۆلیس کرد. کوڕێک ناوی مەلا بوو لە هۆزی مامەش بوو خزمی بەکر بایز بوو شەڕی کردبوو گیرابوو، دووسێ بەندکراوی تری ئاسایییمان هەبوو، واتە ماددەکانیان سوک بوو، مەلا وەلامی تەلەفۆنەکەی دامەوە و گوتی: شۆڕش ڕایکرد و تفەنگێکیشی برد، پۆلیسەکان کەوتوونەتە دوایی و منیش بەندکراوەکانی ترم لەژور کردووە و خۆم بەدیاریانەوە پاسەوانم!!! لەگەڵ بەکر بایز و چەند کارمەندێکی ئاسایش و دوو پۆلیسەکەی خۆم ڕۆیشتین، تاکو دەرەوەی قەڵادزێ، تاریک داهاتوو شوێنەکەش دەم چۆم و بێشەڵان بوو، بۆیە گەڕان هیچ سودێکی نەبوو گەڕاینەوە، بۆم دەرکەوت هەردوای ڕۆیشتنی من بەندکراوەکان خواردن و خواردنەوەیان بۆ هاتووە، مستەفا ڕەش هەموو بەندکراوەکانی دەرهێناوە و لە ناو چیمەنەکەی حەوشە دانیشتوون، جگە لە مستەفا، سێ پۆلیسی پاسەوان و یەک سەرۆکی پاسەوانان، هەر هەموویان لەگەڵ بەندکراوەکان بەیەکەوە دانیشتوون و دەستیان کردووە بە خواردن و خواردنەوە! چوار تفەنگیش لەپاڵ دیواری حەوشەکە، کە زۆر بەرز نەبوو، بەڕیز دانراون، ئیتر وەک گوتم شۆڕش

ڕابکا تانجی نایگرێ، خۆی تێدەکات و تفەنگێک دەبات و بەسەردیواری وەک پڵنگ بازدەدات و دەڕوات.

کاتێک تاریک داهات دەگەڕاینەوە بەرەو ناوشار، مستەفا لەپێش من و بەکر بایز دەڕۆیشت، بەکر بایز ڕووی لە من کردو گوتی: "بەخوا پیاوێکی بەتەحەمولی". گوتم: "بۆ؟" گوتی: "بۆ مستەفای نادەیە بەر شەقان؟!!!" گوتم: "کاک بەکر، یەکەم بەتەمەنە و سەری سپیە، دووەم یاسایی نیە بۆ لێی بدەم؟ نوسراوی لەسەردەکەم و هەموویان دەگیرێن هەر پێنج پۆلیسەکە، لیژنەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر پێکدەهێندرێ و سزای یاسایی خۆیان وەردەگرن، ئیتر من بۆ لێی بدەم؟". کاتێک گەیشتمە ماڵەوە، بەکر بایز تەلەفۆنی کرد و گوتی: "مستەفا خزمی شەهید مامۆستا مەهدیە و چاوێکت لێبیێ"، گوتم بەسەرچاو و زۆر پێکەنیم!.

بیرم کردەوە یاساییانە مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتە بکەم، پۆلیسەکان دەگیرێن و حوکمدەدرێن و شۆڕشیش دەڕوا و ڕەنگە بچێتە ئێران یان بچێتە ناو هێزی پێشمەرگە و ئەوساش ناگیرێت، ڕوداوەکەشم زۆر پێ ناخۆش بوو، لەناخەوە ئازاری دەدام، چونکە تازە دەستبەکاربووم، نوێ بووم لە ئەرکەکەم، بۆیە بڕیارمدا کارێکی نایاسایی و عەشایەری بکەم بۆئەوەی کێشەکە چارەسەر بکەم. هەڵسام مەفرەزەم نارد برایەکی شۆڕشیان هێنا و بەندمکرد و پێمگوت تاکو شۆڕش نەگەڕێتەوە تۆ بەندی، هەروەها ناردم بەدوای ڕیش سپیەکانی هۆزی جوامێری، کە مستەفا سەر بەم هۆزە بوو، پێمگوتن مستەفا بەرپرسە لە ڕاکردنی شۆڕش، ئەگەر کارێک نەکەن و پاڵەپەستۆیەک نەخەنە سەر خزمەکانی شۆڕش بۆئەوەی بیهێننەوە، ئەوا مستەفا حوکم دەبێت. من بیست وچوار کاتژمێر مۆڵەتتان پێدەدەم و بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی

پارێزگای سلێمانی لەکێشەکە ئاگادار ناکەمەوە. بەیانی کاتژمێری نۆ سەلیمی حەمەئاغا، کە ئەوکاتە فەرماندەی فەرماندەیی پشدەر بوو، لەگەڵ باپیری حاجی خدر ئاغا، کە ئەندامی فەرماندەیی بوو هاتن بۆلام، گوتیان ئەگەر پێنچ خولەک دەرگاکە داخەی کەس نەیەتە ژوورێ هەندێک قسەدەکەین، دەرگام داخست و گوتم فەرموون، گوتیان ئەگەر ئێستا شۆڕش بێتەوە بابەتی ڕاکردن و چەک بردنەکەی لەسەر دەکەی بە مەلەف؟ گوتم ئەگەر پێش دەوام تەواوبوون بێتەوە نەخێر، واتە پێش کاتژمێری دوو، بەڵام بکەوێتە دوای کاتژمێری دوو بەڵێ کێشەکەی لەسەر دەکەین بە مەلەف، گوتیان بەڵێن بێ؟ گوتم بەڵێن بێ. دوای کاتژمێرێک شۆڕشیان بەخۆو بەچەکەوە هێنایەوە، دوو ڕۆژی پێچوو نەقیب ئیدریس لە بەشی یاسایی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی بوو، تەلەفۆنی بۆکردم و دوای چاک و چۆنی گوتی: "گەورەم ئەوە چیت کردووە؟" گوتم: "چی بووە؟" گوتی: "بەندکراو ڕایکردوە و چەکی بردوە و تۆش بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانیت ئاگادارنەکردۆتەوە"، گوتم: "چۆن دەزانی؟" گوتی: "ڕاپۆرتەک نوسراوە و دراوەتە بەڕێوەبەر و ئەویش بۆ بەشی یاسایی نوسیووە، کە لیژنە پێکبهێنین"، گوتم: "سوپاس دەستخۆش". یەکسەر تەلەفۆنم بۆ لیوا فەرەیدون کردو دوای چاک و چۆنی گوتم: "گەورەم پەیمان و بەڵێنمان چی بوو؟ بۆناییبەیتە سەر؟" گوتی: "چی بووە؟" بابەتەکەم بۆ باسکرد و پێمگوت: "ئەم ڕێوشوێنە نایاساییە عەشایەریەی من باشترە؟ یان ڕێ وشوێنی یاسایی؟" گوتی: "وەڵا ئەوەی تۆ"، گوتم: "ئەدی خێرە لیژنەم لەسەر پێکدێنی؟" گوتی: "خوات لەگەڵ و حسابکە هیچ نەبووە"، گوتم: "گەورەم هەرئەوەندەنا"، گوتی: "ئەی چۆن؟" گوتم: "یان من، یان ئەو برادەرەی ئەفسەری بنکە، چونکە ناکرێ ئێمە واسیخوڕی لەسەر یەک

بکەین، من فێری ئەم جۆرە ئیشکردنە نیم، یان من بگوازنەوە و ئەو بکەن بە بەڕێوەبەر، یان بەپێچەوانەوە، چونکە دەزانم ئەو ڕاپۆرتەکەی نوسیووەو ئەمەش دواجاری نابێت!!!" گوتی: "تێگەیشتم". بۆیە یەکسەر بروسکەیەک هات کە ئەفسەرەکە بچێتە سلێمانی، ئەوە بوو ناردیانەوە ماڵەوە. هەروەها دوای چارەگە سعاتێک نەقیب ئیدریس تەلەفۆنی کردەوە و گوتی: "بەڕێوەبەر داوای ڕاپۆرتەکەی کرد و لەبەرچاوی من دڕاندی".

ڕۆژێکیان ئۆتۆمبێلی فەرمانگە، کە لە جۆری نیسان پەترۆڵ بوو، پاتریەکەی بێ هێز ببوو، زۆرجار بەیانیان بەساردی هەڵی نەدەکرد، ئەو سەردەمە پاتری ماوەیەک بەساردی نەیدەگێڕا پێش ئەوەی تەواو بسوتێ، کەچی ئێستا بێ ئاگادارکردنەوە و لەناکاو دەسوتێ، لەوکاتیشدا بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی نەسریەی مانگانەی هەمووی لێبڕیبووین، هەرچی پێویستمان بووایە دەبووایە بە نوسراو داوا لەوان بکەین، بەیانیەکی زوو بوو لەگەڵ دوو پۆلیسی تر لەبەردەمی ماڵی خۆمان ئۆتۆمبێلەکەمان پاڵ پێوەدەنا تا بەئیشی بخەین، دوو ژن لەفڕنی نانی دەهاتنەوە، گوێم لێ بوو یەکێکیان گوتی: "کاکم پارەکە دەدزی و بەکۆڵێک ئەستێرەوە ئۆتۆمبیل پاڵدەدات و پاتری بۆ ناکڕێت"، گوتم خوشکم ڕاوەستن، ڕاوەستان و ڕەنگیان تێکچوو، گوتم: "تێکمەچوون تەنیا ئەوەندە دەڵێم: یەکەم، ئەم پۆلیسانە شاهیدن، دووەم چ بەسوێند چ بەتەڵاق باوەڕدەکەن یەک دینار نەسریەم نیە، چی دەدزم؟!". بۆمەدەرکەوت گەندەڵی و دزی و بێ یاسایی سەرجەم دامودەزگاکان و جومگەکانی حوکمڕانی لەم هەرێمە گرتۆتەوە، وایلێهاتووە پیس و پاک لەم وڵاتە تێکەڵ بووە و متمانە نەماوەو خەڵک لە هەموو کەس بەگومانە. هەر سەبارەت بەم پاتریە، ڕۆژێکیان دەچووم

بۆ سلێمانی لەڕێگا کەتاوت وەستا، چوومە بەشی ئامێرسازی و داوای کەتاوتم کرد، گوتیان دەبێ نوسراوبکەی، منیش گوتم ئەوە مانگێکە بۆ پاتری نوسراوم کردوە تا ئێستا نەتانکڕیووە، ئێ خۆ بێ کەتاوت ئۆتۆمبێل ئیش ناکات، هەرچەندە برادەرێکی دەوڵەمەند چەند ڕۆژێک بوو پاتریەکی بۆ کڕیبووین! یەکسەر چوومە لای لیوا فەرەیدون، چەند ئەفسەرێکی لەلادانیشتبوو، دوای سڵاو و چاک و چۆنی، گوتی: "دانیشە و مقدم عەلی لەگەڵ پشدەر چۆنی؟" گوتم: "گەورەم بمزانیبووایە خۆم تووشی ئەو گەوادیە نەدەکرد!" گوتی: "کامە گەوادی!" گوتم: "ئەم پۆلیسیە!" گوتی: "بۆ پۆلیسی گەوادیە؟" گوتم: "گەورەم مانگێک زیاترە پاتری ئۆتۆمبیلەکەمان سوتاوە و نوسراوم کردووە، تاکو ئێستا دابیننەکراوە، ئەمڕۆش لە ڕێگا کەتاوتمان وەستاوە، کەچی دەڵێن دەبێ نوسراو بکەی، ئەدی گەوادی چۆنە؟!" یەکسەر بانگی عمید نورەدینی بەڕێوەبەری ژمێریاری کرد و گوتی: "(٣٠٠٠) هەزار دیناری بۆ بێنە"، عمید نورەدین زۆر ویستی ئەم لاو ئەولا بکا بۆئەوەی پارەکە نەدا، گوتی: "بێ هیچ بیانویەک بۆی بێنە، ئینجا سێ هەزاردینارەکەی دامێ".

نزیکەی شەش ساڵ لەم پۆستە و ئەرکی بەڕێوەبەری پۆلیسی پشدەر مامەوە، زۆر ماندووبووم تاکو وامکرد خەڵک بزانی پۆلیس لە قەڵادزێ هەیەو ئەوانیش ڕۆڵی خۆیان ببینن و ئەرکەکانیان ڕاپەڕێنن، ئەگەر بەرپرسانی ئەو کاتی قەڵادزێ و کارمەندانی پۆلیسی ئەوکاتی بە ویژدانەوە حوکمبدەن، ئەم ڕاستیە باش دەزانن، ئەو کاتەی من بوومە بەڕێوەبەر، تەنیا بنکەی پۆلیسی قەڵادزێ و سەنگەسەر هەبوون، لەماوەی ئەو شەش ساڵە بنکەکانی: ژاراوە، هەڵشۆ، هێرۆ و شارەوانی- یشمان کردەوە.

## چەند ڕووداو و بەسەرهاتێک لە بەریوەبەرایەتی پۆلیسی پشدەر

هەر لەو ماوەیەی کە بەڕێوەبەری پۆلیسی پشدەر بووم، زۆرجاران بە هۆی ئەو ڕوداو و کێشانەی دەهاتنە پێشەوە عمید مەحموودم دەکەوتەوە یاد. هەندێک ڕووداو هاتەپێش لەبەر کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی، وەک گوتم ناکرێت هەمویان باس بکەم، بەڵام هەندێکیان بۆنمونە بەکورتی باس دەکەم، کە ئەمانەن:

***یەکەم:*** (س)ی شوفێر، کە چاکەشی بەسەرمەوە هەبوو، گلەیی و سکاڵای زۆر لێدەکرا لەسەر ئەوەی کاری خراپ دەکات، چەند جارێک بانگمدەکرد و ئاگادارمدەکردەوە، کە واز لەم کارە خراپە بێنێت، ئەگینا دەتدەم بەدادگا و حوکم دەبیت. هەموو جارێک بەڵێنی دەدا و کەچی گلەیی و سکاڵا لەسەری بەردەوام بوو، هەتاکو ئەوەی ڕۆژێکیان خێزانی خۆی هاتە لام و پشتڕاستی کارە خراپەکانی کردەوە و ئەویش لێی بەگلەیی بوو. ئەو کارانەی (س) دەیکرد، نەک لەگەڵ سروشتی عەشایەری پشدەر نەدەهاتەوە، بەڵکو زۆر نامرۆڤانە بوون، بۆیە چەند جارێک بانگمدەکرد و هەندێک جار هەڕەشە و هەندێک جاریش بە ئامۆژگاری بەڕێمدەکرد.

***دووەم:*** ڕۆژێکیان پیاوێکی خەڵکی گوندی (ب)ی ڕۆژهەڵات هاتە لام و سکاڵای لەدژی کوڕێکی خەڵکی گوندی (ه)ی سنوری پشدەر تۆمارکرد، کە سکی کچەکەی پڕکردوە و دانیشی پێدانانێت، سکاڵاکەمان دایە دادوەر و تاوانبار گیرا، تاوانبار خێزانداربوو، خێزانەکەشی کچی مامی تاوان لێکراو بوو. دەستکرا بەلێکۆڵینەوە و تاوان لێکراو بەرەو ڕوی تاوانبار دەبۆوە و کەچی تاوانبار هەر ئینکاری دەکرد. ڕۆژێکیان بانگمکرد و پێمگوت سبەینێ نوسراوتان بۆ دەکەین بۆ پشکنینی (دی

ئێن ئەی) ئەوکاتە ئاشکرا دەبێت کەتۆی یان نا. یەکسەر دانی پێدانا کە ئەو کارەکەی کردووە. دادوەرمان ئاگادارکردەوە و ئەویش بڕیاریدا کچەکەی لێ مارەبکات و ئازادی بکات، ڕۆژی دوایی باوکی کچەکە هاتە لام و بابەتەکەم تێگەیاند، گوتی: "ئەدی مافی من؟!" گوتم: "مافی تۆ چیە؟ کچەکەت بەسەر بڵندی شودەکات"، یەکسەر گوتی: "خۆ سەرم زۆر بڵندە!". پێشتر کچەکە دەیگوت دەست و پێی بەستاوم و بەزۆر ئەوکارەی لەگەڵ کردووم، کە باوکی گوتی سەرم زۆر بڵندە، گوتم: "بە کچەکەت باوەڕمەکە ئەوکارە بەزۆرکرابێت و بەڵکو خۆی پێی خۆش بووە"، گوتی: "نانا خۆی بۆی فش کردۆتەوە!"

***سێیەم:*** ژنێکی خەڵکی گوندی (ک) لەڕێگەی برادەرێکەوە هاتەلام، منداڵێکی بچوکی پێ بوو، دیاربوو کە حەملیشی هەبوو، گوتی: من مێردی یەکەمم مردوە، منداڵم لێی نەبووە، دوای مردنی ئەو، (م)ی برای مێردەکەم شەوێک هاتە لام و لەگەڵم جووت بوو! ئەو منداڵە بچوکەم بەرهەمی ئەو شەوەیە، دوای ئەوەش بەفەرمی مارەی کردووم، ئێستا منداڵێکم لەسک دایە، کەچی ماوەیەکە پشتگوێی خستووم و سەرجێیم ناکات و خەرجیم ناداتێ. (م) پێش ئەوەی براژنی مارە بکاتەوە ژن و منداڵی تری هەبووە. منیش ناردم بەدوایدا و پێمگوت: بۆ ئەو ژنەت پشتگوێ خستووە و پارە و خەرجی نادەیتێ و سەرجێی ناکەیی و... هتد؟ یەکسەر گوتی: زماندارە، واتە زمان درێژە، گوتم: بۆ ئەوکاتەی تازە براکەت مردبوو شەو چوویە لایی و لەگەڵی جووتبووی زمان دارنەبوو؟ ڕەنگی تێکچوو، گوتی: چۆن ئەوەت زانیوە؟ گوتم: من بۆچی بەڕێوەبەری پۆلیسم؟ دەبێ هەموو شت بزانم، گوتی: تەنیا ئەوەم لێ ئاشکرامەکە و با خەڵک نەزانێ، چی دەڵێی وادەکەم، گوتم: بەڵێننامەیەک

بنووسە، کە ئەو ژنە و خێزانەکەی ترت وەک یەک سەیردەکەیی و هیچ جیاوازیان ناکەی لە هەموو ڕویەکەوە و هیچ گلەییەکی لێت نەبێت، گوتی: بەسەر چاو و بەڵێن نامەکەی پڕکردەوە.

**چوارەم:** دەستەگەری هەموو جومگەو دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم و حیزبەکانی کوردستانی گرتۆتەوە، بەتایبەت ی.ن.ک، قایمقامی قەلادزێ گۆڕدرا و مامۆستا عەلی حمدبەگ بوو بە قایمقام. هەستم دەکرد من بەپێڕ و دەستەی قایمقامی پێشوو دەزانێت، چونکە ئەوان خۆیان لە دوو دەستەی جیاوازدابوون. ڕۆژێکیان بەیانی زوو چومە لایی و گوتم مامۆستا دە خولەک باکەس نەیەتە ژورێ و ئیشی تایبەتم پێتە. پێمگوت تۆ من بە تاقمی قایمقامی پێشوو دەزانی، بەڵام باش بزانە من پێڕ و دەستەی کەس نیم، ئەگەر ئەوەم بکردایە ئێستا پلە و پایەم زۆر بەرز دەبوو، ئەگەر ئەوەش بکەم هی تۆ و هی قایمقامی پێشوو ناکەم، بەڵکو دەبم بەپێڕی خەڵکی زۆر دەسەلاتدار، تاکو کاری زۆر باشم بۆ بکەن. مامۆستا عەلی سەرەتا ڕەتیکردەوە، بەڵام دوای گفتوگۆ دانی پێدانا و بڕیاریدا کەچیتر وابیرنەکاتەوە. منیش پێمگوت: ئەگەر وەک قایمقام و بەڕێوەبەری پۆلیس پێت خۆشە کاردەکەین و ئەگەرنا من داوای گواستنەوە دەکەم. دوای ئەو ڕۆژە تاکو گواسترامەوە بێ کێشە بووین و نێوانمان زۆر خۆش بوو، ئێستاشی لەگەڵدابێ پەیوەندیمان زۆر باشە و نێوانمان خۆشە.

**پێنجەم:** هەمیشە ئەندامانی حیزبی و کادیرەکانی حیزب هەوڵدەدەن دەست وەربدەن لە کاروباری حکومەت، بەم جۆرەش کێشە بۆ کارمەندانی حکومەت دروستدەبێت. کۆمیتەی ڕێکخستنی قەلادزێی ی.ن.ک، چۆن سەرەتا بەڵێنیان پێدام هاوکار و پشتیوانم بن و دەست لە

كارەكانم وەرنەدەن، كە لەڕاستیشدا بەڵێنەكەیان جێبەجێكرد و زۆركەم دەستیان دەخستە ناو ئیش و كارەكانم. ڕۆژێكیان من لە سلێمانی بووم، كە گەڕامەوە و گەیشتمەوە ناو بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس، سەیرمكرد ئەفسەران و كارمەندان زۆر مات و مەلولن، پرسیم چی بووە؟ گوتیان: قایمقام مەفرەزەی پۆلیسی ناو بازاڕی هەموو بەندكردووە، ئەوكات قەڵادزێ پۆلیسی هاتوچۆی نەبوو، پۆلیسی ڕێكاریشی نەبوو، بۆیە مەفرەزەیەكی پۆلیس هەموو ئەركەكانی جێبەجێدەكرد، زۆر ماندووبوون، بەتایبەت لێپرسراوی مەفرەزەكە خالیدە ڕەش بوو، زۆر چالاك و گوێڕایەڵ بوو، بۆیە خالیدم بانگكرد و پرسیاری كێشەكەم لێیكرد، گوتی: سمایل دۆڵەگۆمی، كە ئەندامی كۆمیتەی ڕێكخستنی قەڵادزێ بوو، پسوڵەیەكی داوەتە كابرایەكی عەرەبانچی بۆئەوەی لە شوێنێكی ناجۆر عەرەبانەكەی ڕابگرێت، منیش نەمهێشتووە، بۆیە سمایل هات و زۆری جوێن پێدام، منیش پێمگوتووە ئەگەر ئەندامی كۆمیتە نەبوایەی دەمزانی چیملێدەكردی، بۆیە لای قایمقام سكاڵای كردوە و ئەویش هەموومانی بەندكرد. یەكسەر چوومە لای قایمقام و پێمگوت بەچی تاوانێك ئەو پۆلیسانەت بەندكردوە؟ من بەڕێوەبەری پۆلیسم یان ئەندام كۆمیتەیەك؟ ئەندام كۆمیتە بەچی مافێك فەرماندەكات بەڕاوەستانی عارەبانە لە شوێنێك، كە سەرپێچیە و شوێنی ڕاوەستان نیە؟ جگە لەوەش لێپرسراوی مەفرەزەی پۆلیس مامەڵەیەكی زۆر دروستیكردووە و ڕێزی پلە حیزبیەكەی گرتووە، بۆیە ئێستا بروسكە دەكەم بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی و بۆیان ڕوون دەكەمەوە و هەموو ئەركەكانی پۆلیسیش ڕادەگرم! گوتی: باشە پۆلیسەكان ئازاد بكە. گوتم: نەخێر هەر ئەوەندەنا بەڵكو دەبی

لێپرســراوی کــۆمیتەو ئەنــدام کــۆمیتەی نــاوبراو بێــنە ئێــرە و داوای لێبوردن لە پۆلیسەکان بکەن، تەلەفۆنی بۆکردن و هەردوکیان هـاتن و داوای لێبوردنیان کردو پۆلیسەکانیش ئازادکران.

***شەشـەم:*** (أ.س)، کە خەڵکی (هـ) یە، چاوێکی نـاتەواوبوو، نـازانم چـۆن مۆڵەتی شـوفێریان پێـدابوو، ئێوارەیەکیـان تەلەفـۆنی بـۆ کـردم، کە لە ڕێگـــای گەڕانەوەی بـــۆ قەڵادزێ لە دەروازەی شــــار بەئۆتۆمبێـــل لە پیاوێکی داوە و بارودۆخی خراپە و بردوویەتی بۆ نەخۆشخانە، منیش پێمگوت بڕۆ بۆ بنکەی پۆلیس و پێیاندەڵێم بەندت بکەن و دادوەریشـی لـــێ ئاگـــاداردەکەمە، لەلایەن نەخۆشخانەشـــەوە ئاگـــادارکرامەوە، کە بریندارەکە بارودۆخی خراپە و بەڕێیدەکەن بۆ نەخۆشخانەی سلێمانی، زۆری پێ نەچوو کۆمەڵێک لە خزم و کەسی بریندارەکە هـاتنە ماڵەوە، کە خەڵکی گوندی (أ.ش) بوون، گوتیـان هەر دەبێ (أ.س) ئـازاد بکەی، زۆرمـان گفتوگۆکرد و نەیانسـەلماند، منیش تەلەفۆنم بۆ دادوەرکرد و گــوتی بیانــدەوە، بــۆ ڕۆژی دوایــی بریندــارەکە گیــانی لەدەســتدا و تەرمەکەیان هێنایەوە بۆ قەڵادزێ، منیش (أ.س)م ئاگادارکردەوە بێتەوە بنکەی پۆلیس، هاتەوە و بەندمانکرد و دادوەریشم ئاگادارکردەوە، دوای نیوەڕۆکەی چوومە پرسەی مردوەکە و خزمەکانی گوتیان دەبێ (أ.س) ئـازادبکەی، گوتم نـابێ و دادوەریش ئاگاداره و نـاتوانم ئـازادی بکەم، بەڵام وازیاننەهێنـا و تەلەفـۆنم بـۆ دادوەرکـرد و گـوتی بیانـدەوە، تـاکو پرسـەکە تەواودەبێ، ئێمەش ئازادمـانکرد. دوای تەواوبـوونی پرسـەکە، دیســـان کەس و کـــاری مـــردووەکە هـــاتنەوە لام و گوتیـــان دەبـــێ ڕێگەیەکمـان بـۆدابنێی، کە (أ.س) نەگیرێـت، زۆرم هەوڵـدا لەگەڵیـان کە ئەوە کاری من نیە و خۆتان پارێزەر بگرن، بەڵام وازیان لێ نەهێنام، بە

ناچاری گوتم یەک ڕێگاتان پێدەڵێم، بەڵام لای کەس نابێ باسی بکەن و دەبێت نهێنی بێت، بەڵێنیاندا کە باسی من نەکەن. گوتم دەبێ تۆمەتبار لەوتەکانیدا بڵێت من لەو کابرایەم نەداوە، بەڵکو من کە بینیم ئەو لەسەر شەقام کەوتبوو هەڵمگرتۆتەوە و بردومە بۆ نەخۆشخانە و نازانم کێ لێیداوە، بەهەمان شێوە کەسوکاری مردوەکەش بڵێن نازانین کێ لێی داوە و داواشمان لەسەر کەس نییە، بەم شێوەیە تۆمەتبار نەگیراو مەلەفەکەش داخرا.

***حەوتەم:*** ساڵی ١٩٩٢ ڕوداوێک ڕویدابوو پیاوێک کوژرابوو، کەسێک بە هۆیەوە فەرمانی گرتنی هەبوو، بەڵام بە هۆی بارودۆخی سیاسیەوە ڕایکردبوو بۆ هەولێر، ئەم مەلەفە لە بنکەی پۆلیسی قەڵادزێ بوو، چەند ساڵێک بوو مابۆوە، بنەماڵەی تۆمەتبار و بنەماڵەی کوژراو پێکهاتبوون و سوڵحیان کردبوو. هاتنە لای من لەماڵەوە و گوتیان ئێمە پێکهاتووین و دەمانەوێت کەسی تۆمەتبار نەگیرێت، منیش پێمگوتن بابەتەکە کوشتنە و مافی گشتی تێدایە، بۆیە هەردەبێ بگیرێ و حوکم بدرێ، کەچی نەیانسەلماند و گوتیان دەبێ ڕێگەیەکمان پیشانبدەی تا نەگیرێ، منیش پێمگوتن دەبێ کەسوکاری کوژراوەکە بڵێن کە ئێمە هەڵەبووین ناوی ئەو کەسەمان بە تۆمەتبار داوە و کوژراوەکە بە هۆی تەقەی خۆشیەوە بووە و کەس نازانێ بکوژ کێیە، تۆمەتباریش بڵێ هەرگیز تەقەم نەکردووە، بەم شێوەیە مەلەفەکە داخرا.

***هەشتەم:*** هەر لەکاری پۆلیسی، ڕۆژێکیان دادوەر سامان فەتاح، کە خەڵکی کۆیە و دادوەری دادگای قەڵادزێ بوو، تەلەفۆنی بۆکردم و گوتی وەرەلام، کە چووم ژن و پیاوێکی گەنج و منداڵێکی تازە لەدایکبووشیان پێ بوو، کاک سامان گوتی: ئەو پیاوە باوکی ناوی

شەخسە بووە و کۆچی دوایی کردووە و دەڵێ منداڵەکەم ناو لێدەنێم شەخسە، من پێمگوتووە با ناوێکی کوردی خۆشی لێبنێ، ئەی تۆ دەڵێی چی؟ منیش گوتم: شەخسەیەکتان هەیە بەسە و ناوێکی کوردی لێ بنێ، هەرچەندی هەوڵماندا نەیسەلماند و هەر ناوی نا شەخسە!

***نۆیەم:*** ڕۆژێکی تر بەهەمان شێوە دادوەر سامان فەتاح تەلەفۆنی کرد و چوومە لای، ژن و پیاوێکی لابوو، گوتی: ئەو پیاوە هاتووە تا گرێبەستی هاوسەرگیری بکات، کە چەند ساڵێکیشە هاوسەرگیری کردووە و بەڵام ماڵی لە گوندییە و ژنەکەی خۆی نەهێناوە و بەتەکلیف ژنی خزمێکی هێناوە! بۆیە بڕیارمداوە بەندیان بکەم. منیش پۆلیسم ناردوو بەندیانکردن، پاشان بە تەکلیفی قایمقام دادوەر ئازادیکردن.

***دەیەم:*** ساڵێکی خانووم دروستکردبوو، خەریکی خاوێنکردنەوەی بووین، چایەشمان لێ نابوو، مام فارسی کوێخا حەسەنی بانەمورد، ڕەحمەتی خوای لێبێت، کە ئەویش ماڵی لە قەڵادزێ بوو، هاتەلامان و دوای چاک و چۆنی، لێمپرسی هاوکاری کوڕت لەگەڵ خوێندن چۆنە؟ لە وەڵامدا گوتی: "پێمگوتووە پیاودەبی دەخوێنی باشە، ئەگەر نەخوێنی و خوێڕی بی، دەڵێم کاک عەلی بیکە بە پۆلیس!!!". لە هەموو وڵاتان دەزگای پۆلیس، دەزگایەکی گرنگ و بایەخدارە و حکومەت کەسانی ڕۆشنبیر و شایستە و خاوەن بڕوانامە دەکات بە پۆلیس، کەچی لە وڵاتی ئێمە بەو چاوە سەیری پۆلیس دەکەن!

***یازدەیەم:*** پیاوێکی خەڵکی گوندی (ب.ۆ)، دوو ژنی هەبوو، دیارە شەویکیان بە هۆی جەڵتەوە لە لای یەک لەژنەکانی دەمری، لەکاتی جەڵتەکە سەری بەکانتۆری نوێنان کەوتبوو ناوچەوانی بریندارببوو، خوشکێکی قەیرەی هەبوو، لەگەڵ براژنەکەی تری ڕێککەوتبوو

سـکاڵایان دژی ئەو بـراژنەی تۆمـاردەکرد، کە پیـاوەکەی لامردبـوو. هەرچەند ڕاپۆرتی پزیشکی ڕوونیکردبۆوە کە بەجەڵتە کۆچی دوایی کردووە، بەڵام ئەوان هەموو ساڵێک سکاڵایان نوێدەکردەوە!!

ئەم بەسەرهاتانە وەک نمـونە مشـتێک بـوون لەخەروارێـک، کە چەنـدین کێشـەی تـر ڕوویـداوە، ئەگەر زوو لەگەڵ دادوەر قسـەم نەکردبـووایە و تەکلیفم لێی نەکردبـووایە بـۆ داخسـتنی دۆسـیەکانیان، لەوانەبـوو کێشـەی کـۆمەڵایەتی گەورەی لێبکەوتـایەتەوە، بـۆیە لێـرەدا بەپێویستی نازانم باسیان بکەم و کۆتایی بەو باسانە دێنم.

ئەرکـی پۆلیسـی و بەڕێـوەبردنی لە وڵاتـی ئـێمە و لە بـارودۆخی حکومەتی هەرێم و بە تـایبەت لە نـاوچەیەکی وەک پشدەر زۆر قورس بـوو، خەڵـک کەمتـر پابەنـدی یاسـا و ڕێنمـایی و ئـادابی گشـتی دەبـوو، هەروەهـا خەڵـک دادوەر و دادگـای نەدەناسـی، لەبەرئەوەی پـۆلیس لەبەرەی ڕوبەڕوبوونەوە دایە، خەڵک هەموو شتەکان دەخاتە ئەستۆی پۆلیس، من زۆرجار، کە کەسایەتیەکی بەرپرس یان عەشـایەری و دیـار بۆ کارێـک یـان کێشـەیەک، یـان ئـازادکردنی بەندکراوێک دەهـاتە لام، کە دەمگوت بڕیـاری دادوەرە و مـن نـاتوانم دەستکاری بکەم، پێکەنینـی بە قسەکەم دەهات و باوەڕی نەدەکرد.

